# نووسینی سەناریۆ بۆ فیلم

شێل سوندستتێد



وەرگێڕان و ئامادەکردن

تەیفور

### ١- بەرلە دەستپێکردنی نووسین!

کاتی دەوێ
کار لەسەر ئایدیا
نووسینێکی سادە
لەسەرنووسین یان لەتەکبوون
پیوەر
دەورەی کۆکردنەوە
گێڕانەوەی زار بە زار
نووسین بە بێ پلان
دەفتەری یادداشت
کۆکردنەوەی وێنە و موزیک
هەموو شتێک بنووسەوە!
پشکنین
بژار کردنی کۆکراوەکان

### ٢- چۆن و لە کوێیەوە دەست پێدەکەێ؟

هەر فیلمێک زبانی خۆی دەوێ.
گەڵاڵەی ناوەرۆک و گەڵاڵەی گێڕانەوە.
چ کەرەسەیەک بۆ گێڕانەوەی فیلم لە بەردەست دایە؟
"کێ دەیباتەوە" - چیرۆک و "سەفەر"
"کێ دەیباتەوە"- چیرۆک
"سەفەر"
چاوهەتەری گشتی، نیومەتر مەودا، وێنەی نزیک
وێنەی سەرەکی
سەناریۆیەکی باش

### ٣- لە هەڵبەستنی چیرۆکەوە بۆ سەناریۆ

چەند ئامرازی کار
هەڵبەستنی چیرۆک
(pich) کورتکراوەی چیرۆک
(synopsis) پێشنووس.
باشی و خراپی پێشنووس چییە؟
کورتە پێشنووس
گوتنی (pich) کورتکراوە
(Treatment) داڕشتن
سیستەمی کارت.
تەکنیکی سەناریۆ
چەند ئامۆژگارییەک بۆ رەوتی نووسین و ئەگەری نووسین بە کامپیوتێر.

٤- دراماتۆلۆژی
ئەم زانیارییە لە سروشتمان دایە
مێژووی دراماتۆلۆژی کلاسیک
مێلۆدراما
هێنریک ئیبسن
نووسینی سەناریۆ
باش یانێ چی؟ هیوام بە چییە؟

٥- دراماتۆلۆژی "کێ دەیباتەوە- چیرۆک"
نەهەنگ
پێشەکی:
پێشەکی درامایی:
پێشەکی جێگیرکەر:
پێشەکی نهێنیدار:
پێشەکی تلەڤزیۆنی:
پێناسەکردن و قووڵبوونەوە
پرێمیس : (Premis) گریمان/پەیام
پلاندانان
کێشەی سەرەکی و کێشەی لاوەکی
یەکەم خاڵی وەرچەرخان
بەرەپێشچوون و کۆسپەکان
لۆژیکی دراما
بەشی دووهەم، درێژترین بەش.
"کێ دەیباتەوە" - چیرۆک بەرەو کۆیایی دەڕوا
خاڵی کۆتایی
داکشانی کۆتایی
پاشکۆی دراماتۆلۆژی "کێ دەیباتەوە"-چیرۆک
چەند پرسیار

٦- سەفەر
رێگای سەفەر
فیلمی مێژوویی.
ساختمانی چەند شێوەیی،
فیلمی چەند بەش Episod film
فیلمی رێگا Road movis
چیرۆکی شاعێرانە.
یاری خەون و چیرۆکە پێکەوە گرێدراوەکان.
مەودای مێژوویی
چەند ووشەی کۆتایی سەبارەت بە "سەفەر"

داوەکانی دیکە کامانەن؟

٧- کاراکتێر
چەند ووشەی سەرەکی
چۆن کاراکتێرێکی دڵخواز پێک دێ.
ناسینی کاراکتێرەکانت.
پێناسەکردنی خۆ لەگەڵ کاراکتێردا
مەڵبەندێکی نائاشنا
بە ئورکێست کردن
کاراکتێری سەرەکی:
کاراکتێری بەرەوپێشبەر
کاراکتێرەکانی دیکە
قاڵبی پیویست
یارپاڵەوان
کاراکتێری سێبەر
نەیار
نزیکترین پەیوەندی
چاودێر
پێنج خولەک پشوو
جەماوەر
چەند ووشەی کۆتایی لەسەر کاراکتێر

٨- وتووێژ (Dialog)
کورتە مێژوویەک
کارکردی وتووێژ چییە؟
چ شتێک لە وتووێژی فیلمدا تایبەتییە؟
یەکەم گوتە (Replik)
کاردکردیی زانیاریدان
چەند جۆر وتووێژ هەیە؟
چ پەیامگەلێکی جیاواز دەتوانێ لە وتووێژدا هەبێ؟
١. پەیامی راستەوخۆ.
٢- وتووێژی ناڕاستەوخۆی ئاماژەیی.
٣- پەیامی شاراوە.
٤- پەیامی ئامادە نەکراو
٥- پەیامێک کە تەنیا تایبەت بە هێندێک لە لاراکتێرەکانە.
سێ جۆر بێدەنگی
چەند یاسای بنچینەیی بۆ وتووێژ
خەڵک چۆن قسە دەکا؟
کورتەیەک سەبارەت بە ئێفێکتی دەنگ و موزیک.

٩- لە ئەدەبییاتەوە بۆ فیلم
جیاوازی نێوان ئەدەبییات و فیلم.
چ جیاوازییەک بڕیاردەرە؟
چەنێکت ئازادی پیویستە؟ چەنێکت هەیە؟
ئەو ئازادییە هەتا کوێیە؟
چۆن کار لەسەر رۆمانێک دەکرێ؟
سەرئەنجام: چەند ڕێگا نیشاندان.

## دوو ووشەی پێویست

زۆربەی ئەو فیلمانە (چ دراما و چ دێکومێنت) کە وڵاتی ئێمە و بەگشتی وڵاتانی ئەم ناوچەدا ساز دەکرێن، لەگەڵ پێشوازی رەخنەگران و خەڵکدا بەرەوڕوو نابن. فرۆشی فیلم پێوەری چاک و خراپی فیلم نییە. پەیوەندی بە چۆنیەتی بڵاوکردنەوە و پروپاگەندەوە هەیە. بەشداری لە فستیواڵەکانیشدا هەر بەم شێوە. بە دەگمەن لە گۆڤارە سینەماییەکانی دەرەوەی وڵاتی فیلمەکەدا رەخنە و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو فیلمانە دەکرێ کە شانسیان پەیدا کردووە لە سنووری خۆیان بچنە دەرەوە.

زوڵمە ئەگەر بڵێین فیلمسازەکان هەوڵیان بۆ نەداوە، هەروەها کە ساکارییە ئەگەر بڵێین ئەو فیلمانە لە تێگەیشتنی مرۆڤی ئەوڕۆیی پێشرەوترن. بە کورتی هەڵەیان تێیدایە. لە هەموو بوارەکاندا کەم کورییان هەیە کە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ دەستکورتی و بەشێکیشی بۆ نەزانین.

بە بڕوای من کەم و کوڕی هەرە گەورە لە سەناریۆی فیلمەکاندایە. کێشە لە شێوەی گێڕانەوە و داڕشتنندایە. ئاکتەرەکان، کەم یان زۆر، هەوڵی خۆیان داوە، بەڵام کاراکتێرەکە جێ نەکەوتووە و نامۆ دەمێنێتەوە. وتووێژەکان لە قاڵبدراو و کلیشەیین. بەشەکان بە دروستی تێک نەخراونەتەوە و وردەکارییەکان لاوازن. هەموو ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ سەناریۆی فیلمەکە و کاری دەرهێنەر کە لە زۆربەی هەرە زۆری فیلمەکاندا هەر یەک کەس ئەم دوو ئەرکەی بە ئەستۆ بووە.

هیوام ئەوەیە کە ئەم کتێبە یارمەتییەک بێ بۆ ئەو کەسانە کە دەیانەوێ گەشە بکەن و کارەکەیان بەرەوپێش بەرن.

ئەو هێزە لاوە کە هاتووەتە مەیدانەوە و بەر لەوە کە دەست پێ بکا، دەیەوێ ژێربینای زانستییەکەی داڕێژێ، پێویستی بە دەیان نووسراوەی لەم شێوەیە. هیوادارم بە دەستییان بگا!

من هەوڵم داوە سەرەڕای وەرگێڕان، شێوە گێڕانەوەکە بۆ خوێنەری کورد ئاسان بکەمەوە. لەم بووارەدا پشتم بە ئەزموونی چل ساڵ کاری خۆم لە سینەما و تلەڤزیۆندا بەستووە. دەهـ ساڵ مامۆستایی لەم بووارەدا تا رادەیەک فێری کردووم کە تازەکارەکان هەڵەکانیان لە کوێیە و چ شتێک زیاتر بەکەڵکیان دێ.

ئەم کتێبە، سەرچاوەیەکی دەرسی زانکۆەکانی فیلمە و یەکێک لە سەناریۆنووس و دەرهێنەرە هەرە بە ئەزموونەکانی سوید نووسیویەتەوە و پێم وا نییە هیچ کات بیری لەوە کردبێتەوە کە رۆژێک لە رۆژان ئەم کتێبە دەگاتە کوردستان و وەردەگێردرێتەوە سەر زبانی کوردی.

سەرئەنجام: سفارشی "شێل سوندستێد" نووسەری کتێبەکە ئەوەیە کە ئەگەر مامۆستایەک کەڵک لەم کتێبە وەردەگرێ، لە نموونە هێنانەوە و نیشاندانی فیلمدا ئاستی شاگردەکان رەچاو بکا و لە کولتووری جیاواز کەڵک وەرگرێ. بەڵام نەک "بیانەوێ بۆرجی "پیزا" بە خوارکردنەوەی کامێرا راست بکەنەوە".

تەیفور پاییزی ٢٠٠٨

# نووسینی سەناریۆ بۆ فیلم

## ١- بەرلە دەستپێکردنی نووسین!

**کاتی دەوێ**

جاری وا هەیە دەمەوێ بەسەر شاگردەکانی سەناریۆنووسی بەشی فیلمدا داخوڕێم و بڵێم: جارێک دراما لە پێ کەن! چوونکە دەتووانێ هەر لە سەرەتاوە ببێتە هۆی کوشتنی چیرۆکێکی باش. ئەوە کە لە ڕەوتی کاردا دەقەومێ، سەختە بکرێ لێک بدریتەوە. زۆر شت کاتییە و عەقڵانی نییە. گرینگ ئەوەیە ئەو دیتنە خاوێن و رسکێنەرە هەتا دەکرێ زیاتر ڕاگیرێ. ئەو سەرشێتییە هاندەرە کاتییە ڕاگیرێ. سەناریۆ نووسین وەکوو ڕەوتێکی پێگەییشتنی ئارام ببینە!

ئەوە کە لە لاپەڕەی یەکەمەوە، بەو هیوایە بی کە لاپەڕەکانی دیکە بۆ خۆیان دێن، خەیاڵی خاوەو بە هاسانی لە داوی قەوارە و دراماتۆلۆژیدا گیر دەکەی. زۆر جار نووسەری وا دەبینم کە یەک لەسێی سەناریۆکەی نووسیوە، هەتا ئێرە هەموو شتێک باش ڕویشتووە، لەناکاو هەموو شتێک ڕادەوەستێ و چیرۆکەکەی ناچێتە پێشێ. دووپاتکردنەوەکان زیاتر و زیاتر دەبن. ئەمە یانێ هەڵەیەکی بنەڕەتی لە چیرۆکەکەدا هەیە، یان بەشی فیلمێک ناکا، یان نووسەر هەموو ئیمکانە پێویستەکانی لەبەرچاو نەگرتووە. پەلەی کردووە کە هەرچی زووتر بە ئامانج بگا.

هەر فیلمێک، چ درێژ، چ کورت، پێویستی بە گەلێک ماددەی دەوڵەمەند هەیە. نووسینی سەناریۆی فیلمی درێژ وەکوو نووسینی ڕۆمانە. لانی کەم بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و کەرەسەی ڕەنگاوڕەنگ، وەکوو یەک کاتیان پێویستە.

**کار لەسەر ئایدیا**

کاری نووسینی سەناریۆ لە ئایدیا و قۆناخی کۆکردنەوەوە دەست پێ دەکا، کە زۆرجار خۆشترین بەشی رەوتەکەیە. دووایە نووسەر دەبێ ئازادی تەواوی هەبێ و لێبگەڕێ گوڵەکان بۆ خۆیان بڕوێن. لەم قۆناخەدا کارت بە دابی سەناریۆ نووسین نەبێ. لەم کاتەدا سنووردانان و ئەمە دەبێ و ئەوە نابێ، چڕترین دوژمنن. بۆیە لە دەستپێکدا دەبێ کاتی پێویستی بۆ تەرخان بکەی. کار لەسەر ئایدا، هەلێکی مەترسی دارە، چوونکە لە راستیدا بە مانای ئەوە نییە کە بە هەر بەهانەیەک بووە، ئایدیای ئایدیاکان بدۆزیتەوە. زۆر کەس کۆسپییان دێتە رێ، چوونکە لە ئایدایەکی نایاب دەگەڕن. بە خۆیان دەڵێن دەبێ شتێک هەبێ کە تائێستا کە باسی نەکردبێ. هەر لەوێوە قەوارە و گرێ وگۆڵی دراما و خاڵی گەڕانەوە و... خۆی دەنوێنێ و نووسەر بە خۆی بەوانەوە دەخلافێنێ. کەچی چیرۆکەکە پێشتر گیانی تەسلیم کردووە و مردووە.

راوکردنی ئایدیای تاقانە و نوێ بەگریمان، ئەرکێکی نامومکینە. پێش هەموو شتێک لەبەر ئەوە کە ئێمە هەموومان لە زیندانی دەورانی هاوچەرخماندایین. زۆر جار بۆ خۆم تێ گەییشتووم کە ئەو بابەتەی من خەریکم دەینووسمەوە لانی کەم دە کەسی دیکەش بیری یان لێی کردووەتەوە. دووهەم لەبەر ئەوە کە دژوارە ئایدایەکی فیلم لەناکاو و بە خێرایی پەیدا بکرێ. رۆژنامەکانی شەو زۆر خێراترن. ئەو فیلمە کە دەیەوێ بابەتەکانی ئەوڕۆ باس بکا چەند ساڵ دوواتر دەبیندرێ. سێهەم هەموو چیرۆکێک، ئەگەر توێکڵە دەرەکییەکەی لابەرین، دەبینین کۆنە. هەتا مرۆڤ هەبووە و دەبێ ئەو درامایە سەری لێی دەدا.

پێویستی ئێمە بە گێڕانەوە، چەند هەزار ساڵەیە. زۆر بەر لە نووسینی تەورات، مرۆڤ ویستوویەتی خۆی و ژیانە هاوکاتەکەی بگێڕێتەوە. بە پێ تیۆرییەک سی و شەش بابەتە چیرۆکی بنچینەیی هەیە کە ئێمە هەموو چیرۆکەکانمان لەسەر ئەوانە بنیات دەکەینەوە. ئەوە "گۆتە" فەیلەسووفی ئاڵمانی بوو کە لە وتووێژێکی لەگەڵ "کارلۆ گۆزی"ی شانۆکاردا ئەو ژمارەی خستە روو. دووایە "جۆرج پۆلتی" نووسەر و لێکۆڵەرەوە بوو کە بەپێی تیۆرییەکەی گۆتە گوتی: هەموو دەستنووسە مۆدێرنەکان، هەموو شێوە گێڕانەوە و خونچاندێک، لە یەکێک لەو سیوشەش بابەتە بنچینەییە پێک هاتوون.

دەستووری بناغەیی ئەوەیە کە هەر هەلومەرجێکی درامایی پێکدادانی دژ بە یەکە جۆربەجۆرەکان پێک دێ. لە حەڤدە جۆری یەکەمدا دوو هێز پێویستە کە بەرەوڕووی یەکتر ببنەوە. لە سەرەتادا، یەکێکیان بە سەر ئەویتردا زاڵە. لێرە دوو هێز زیاتر پێویست نییە. لە ژمارەی هەژدە بەو لاوە (بە بۆچوونی پۆلتی) هێزێکی سێهەم دێتە مەیدانەوە کە لە بەرەوپێشچوونی رووداوەکاندا دەوری هەیە.

ئەو سی و شەش بابەتە بنەڕەتییە بریتین لە:

١- دۆعا و یارمەتی

٢- رزگاری

٣- تاوان و تۆڵە

٤- تۆڵەی خوێن

٥- بەدوواداچوون

٦- گەڕانەوە بۆ زێد.

٧- قوربانی، بە نەخۆشی یان هەڵکەوت.

٨- شۆڕش

٩- بوێری و ئەمانەتداری

١٠- چەپاوکردن

١١- مەتەڵ

١٢- گەییشتن بە ئامانج

١٣- کینەی بنەماڵەیی

١٤- ئێرەیی لە نێو بنەماڵەدا

١٥- کوشتنی هاوسەر

١٦- نەخۆشی دەروونی (شێتی)

١٧- هەڵەی چارەنووس ساز.

١٨- تاوانکردنی نائاگایانە لە ئەویندارپدا

١٩- مردنی خزمی نەناسراو

٢٠- خۆبەختکردن بۆ ئایدیا

٢١- خۆبەختکردن بۆ کەسێکی نزیک

٢٢- قوربانی هەستێکی توند

٢٣- بەناچار قوربانیکردنی خۆشەویستێک

٢٤- بەرانبەرکێ دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات

٢٥- جیابوونەوەی ژن و مێرد

٢٦- ئەوینی قەدەغەکراو

٢٧- بێ ئابڕوویی لە ئەوینی شاراوەدا

٢٨- کۆسپی ئەوینداری

٢٩- ئەوینداری لەگەڵ دوژمن

٣٠- لەخۆباییبوون

٣١- کێشە لەگەڵ خودا

٣٢- ئێرەیی نابەجێ

٣٣- هەڵە (خراپ لێکدانەوە)

٣٤- پەشیمانی

٣٥- دۆزینەوەی ونبوویەک

٣٦- دۆڕانی دڵداری

پۆلتی دەڵێ: لە پشت ئەم بابەتە بناغەییانەوە زۆر شێوە و بێچمی جۆراوجۆر هەیە. ئەو لە کتێبەکەیدا (سی و شەش هەلومەرجی درامایی) لە هەزار درامای جیاواز نموونەی هێناوەتەوە کە قسەکەی بسەلمێنێ. ئێوە دەتووانن کتێبەکەی بخوێننەوە خۆتان بزانن وایە یان نە.

لە هەموو شارستانییەتێک و لە هەموو کاتێکدا، ئەڤین سەرچاوەی پێکهێنانی دراماییە.
کاتێک هەستی خۆشەویستی لە نێوان دوو مرۆڤدا دەنوێندرێ، خەڵک بێدەنگ و گوێگر دەبێ و دەیناسێتەوە.

"فدریکۆ گارسیا لۆرکا" شاعێری سپانیایی لە دراماکانیدا باسی هەژاری، هیوا، تۆڵەی خوێن و زەخت کردن لە ژنان دەکا. بەڵام ئەو لە ڕێگای ئێرۆتیزمەوە بۆی دەچێ. یان بڵێین لە نەبوونی ئێرۆتیزمدا. ئەو پێی وابوو کە خۆشەویستی ئێرۆتیکییە کە خەڵک زۆرتر دەیانەوێ و لەم بووارەوە هەموو شتێکی باس دەکرد، لە ئازاردانەوە هەتا خەونەکان.

رەنگە بکرێ بڵێین کە پێستەکە دەتووانێ هەر شتێک بێ ئەگەر ناوەخنەکە ئەو هێزە هاندەرە بنەڕەتییانەی مرۆڤ بێ. گرینگ نییە ئەگەر کۆمێدی، دراما یان ئاکشن بێ. لە هەموو چیرۆکێکدا دەکرێ ئەو کێشە هەتاهەتاییانەی مرۆڤ باس بکرێ. لە کولانەی نووسیندا دانیشتن و "دۆزینەوەی" ئایدیایەک ئاسان نییە. بۆیە هەوڵ بدە هەتا دەکرێ دەورانی هاوچەرخی خۆت، یان ئەو رابردووە کە ئەو هەلومەرجە دەگرێتەوە و دەتەوێ لەسەری بنووسی، بەباشی بناسی.

بیری بنچینەیی دەبێ هەلومەرجێکی دیار و روون بێ. بۆ نموونە: لە ژمارەیەکی کۆنی رۆژنامەی "هێراڵدۆ"ی سپانیدا، باسی بووکێک کرابوو کە لە رۆژی زەماوەندا رفێندراوە. لە هەلومەرجێکی ئاوا دیار و تایبەتیدا دەتووانی وەکوو نووسەر یەک ریز پرسیار بکەی کە چیرۆکەکەی لێی بڕوێ.

**پرسیاری وەک:**

- چ رووی داوە، پێش ئەوە کە بووکەکە بڕفێندرێ؟
- چ کەسانێک لە زەماوەندەکەدا بوون؟
- زاوا کێ بووە؟
- ج کەسانێک رفاندوویانە؟
- رەنگە بە دڵخوازی خۆی لەگەڵیان چووە، ئەگەر وا بێ، بۆ؟
- دووایە چ روو دەدا؟
- هتد...هتد...

بە بیانووی "بووکی رفێندراو"ەوە، دەکرێ دنیایەک پڕ لە مرۆڤ، رووداو و کێشەی سەرەکی ژیان بخولقێنی. ئەو کارە کە گارسیا لۆرکا لە شانۆی "زەماوەندی خوێنین"دا کردوویەتی.

وەکوو گوترا گەڕان بە دووی شتێکی زۆر نایابدا قازانجی نییە. نووسەر دەبێ دنیا بە چاوێکی نوێیەوە ببینێ. بە چاوی خۆی، روانگەی تایبەت بە خۆی. هەر چیرۆکێک بۆ خۆی گەورەترینە. هەر نووسەرێک دەبێ لە خۆیەوە دەست پێ بکا. سەناریۆ نووسینیش هەر وایە.

**نووسینێکی سادە:**

تۆ وەکوو سەناریۆنووس دەبێ لەگەڵ خۆت راستگۆ بی. من بە دووی "هەرە زۆر"دا گەڕاوم. جار وایە تلەفوونم بۆ کتێبفرۆشەکان کردووە و پرسیومە: ئاخۆ کتێبی تازەی باش چاپ کراوە؟ دانیشتووم، درامای وەکوو تۆڕی جاڵجاڵۆکەم تەنیوەتەوە. کۆمیدیای سەیرم نووسیوە و... بەڵام سەرلێشێواوی بەوە تەواو بووە کە پرۆژەکەم لەدەست چووە و بێکاری ترساندومی. ئەم شێوە زۆرجار دەبێتە هۆی شکستهێنان.

**لەسەرنووسین یان لەتەکبوون**

چۆن دەتوانی ئەو مەترسییە کەم بکەیەوە کە نەبی بە قەوارەداڕێژ، بەڵکوو ببی بە نووسەری راستەقینەی سەناریۆ؟

راوکردنی ئایدیا یانێ هەر لە سەرەتاوە دەتەوێ لەسەر شتێک بنووسی، نەک بۆی بنووسی. رۆژنامە نووس زۆرجار لەسەر رووداوێک دەنووسن. بەڵام وەکوو سەناریۆنووس دەبێ لەگەڵ کەسەکاندا بی. فیلمی پاڵەوانی و شاعێرانە تا رادەیەک هەڵاواردەن و دوواتر باسییان دەکەم.

لەسەر شتێک نووسین شێوەیەکە بۆ "خۆ لە دوورەوە راگرتن". ئەگەر لەسەر درامایەک بنووسین ئەوە تەنیا تەواشاکەرێکین لە دەرەوە، لە جێگای ئەمن راوەستاوین و تەواشای لێقەومانێک دەکەین. هەرچەند رووداوەکە گەورەش بێ، دراما دروست ناکا. ئەتۆ وەکوو نووسەری سەناریۆ دەبێ لەتەکیا بی. لەو دروشکەدا کە ئەسپەکان هەڵیان گرتووە، یان لە پاپۆڕی "تایتانیک"دا کە خەریکە دەخنکێ و دەبێ بە خێرایی رێگای مەرگ و ژیان هەڵبژێری. بە واتایەکیتر تۆ دەچیتە پێستی کەسەکە و لەگەڵ دراماکەدا بەراستی دەبێ بەشدار بی!

ئایا خۆ لە جێگای کەسەکە دانان و هەست بە ڕووداوەکە کردن وەکوو خۆت بەسەرت هاتبێ ئاسانە؟ هەم ئەرێ هەم نە. هێندێک بە گومانەوە وەڵام دەدەنەوە کە پەیوەندی بە کاتەوە هەیە. ئەگەر زۆر نزیک بییەوە، دەبێتە کەسایەتی خۆت. ئەمە ڕاستە، ئەو کەسە کە زۆر لێی قووڵ بێتەوە ناتووانێ لە دەرەوە ببینێ و ژیرانە لێکی بداتەوە. بەڵام ڕاست ئەمە دەتووانێ خاڵی بەهێز بێ. ئەگەر زۆر نزیک بین و لەو کاتەدا لەگەڵ بین، مەترسییەکەی ئەوەیە کە دیسانیش ببینە قەوارە دارێژ. ئەتۆ وەکوو نووسەر ڕەنگە نەوێری هەموو ڕێگاکە ببڕی، دایخەی و ڕاستی بکەیەوە بۆ ئەوە کە بەرگری لەخۆت و ئەوانی دیکە بکەی.

زۆر لە تازەکاران سەبارەت بە دەورانی منداڵی خۆیان دەنووسن. دەکرێ بەنرخ بێ، چوونکە دژوارە بزانین منداڵیمان کەی تەواو دەبێ. ئێمە هەموو ساڵەکانی تەمەن لەگەڵ خۆمان دەگێڕین و بە چاوی منداڵیمانەوە دەتووانین دنیا بە چاوکراوییەوە ببینین.

یەکەم شت کە بۆ تلەڤزیۆنم نووسی، چیرۆکێک بوو کە بنەماکەی منداڵی خۆم بوو. نیوی "ئەو مرۆڤە تازە" بوو (١٩٧٨). بە مانا بیرەوەری خۆم بوو. زۆربەیان ڕووداوی پڕ هەست بوون. یەک دوویەکیان کێرد لێدانی تێیدا بوو. هەموویان ئاوەها ڕەش نەبوون، دیمەنی خۆشیشی تێیدا بوو، وەک ئەو دیمەنە کە من و بابم سواری دووچەرخە لە سەربەرەوخوارییەکدا بە خێرایی لێمان دەخوڕی و پێچەکانمان تێ دەپەڕاند. وێنەیەک کە گەلێک ساڵە پێمە.

زۆر لەنووسەر و ئەدەبییەکان ئەم پەیوەندییەیان لەتەک منداڵییاندا هەیە. ڕووداوی تاقانە و تاکە کەسییانە کە دەرکەیان لەسەر داخراوە و دوواتر دەفرێن و دێنە پێشەوە. هەستێکی ڕاستەقینەیان لەگەڵە، بە ئازادی وەری گێڕەوە و پێیدا هەڵبلێ.

نموونەیەکی زۆر ڕوون: لە "ئەو مرۆڤە تازە"دا بابێکی سەرخۆش و کوڕەکەی شلکێنە دروست دەکەن. دیمەنەکە بەرە بەرە خێرا دەبیتەوە هەتا هەلومەرجەکە وای لێ دێ کە مەترسی بەتەواوی تێکچوون هەیە. ڕاست وەکوو چەرخسوارییەکە لە پێچە سەربەرەوژێرەکاندا.

دیمەنی چەرخسوارییەکەم لە فیلمی "درەخت" دا(١٩٨٨) هێناوە. خێرایی چرکە بە چرکە زیاد دەکا و وێنەش لەتەکیا دەڕوا.

ئەتۆ دەبێ ئازادی بدەی بە خۆت. جار وایە دوورگرتنیش پێویستە. دەتووانی لە منداڵییەکانتەوە ئایدیا بهێنی و دووایە بیانکەی ب. بەم ئەوڕۆیی. شێوە چیرۆکەکەت وەها



جێکەوتوو دەبێ کە چاوەڕوان
دەکرا. دەشکرێ لە لایەکی
دیکەوە وەری بگری و هەر بەو
شێوە پەرداختی بکەی. هەموو
شتێک، لە چیرۆکی قەوم و
خوێشەوە بگرە هەتا وتووێژێک
لەگەڵ نەناسێک لە
ئۆتۆبووسدا. "دزین" و چێکردنەوە و کردنە هی خۆ و دانانی لە چۆنیەتییەکی دیکەدا. ئەمانە ئەو کارانەن کە هەموو نووسەر و هونەرمەندان کردوویانە. هێندێک نووسەری زیرەک هەن کە گوتە هەڵدەگرنەوە و ئەتۆ لە شانۆ یان فیلمی داهاتوویاندا دەی بیسییەوە. رەنگە پێتان بێ ئەخلاقی بێ، بەڵام نووسەری سەناریۆ، شانۆکار و.. ئیزن بەخۆی دەدا راستەقینەکان بەکار بێنێ.

هونەر ئەوە نییە بیرۆکەی باشت هەبێ، هونەر ئەوەیە بتوانی بی رسکێنییەوە، بێچمی پێی بدەی و بیکەی بە چیرۆکێکی تاقانە. ئەگەر ناکرێ ئەو بیرۆکە "دزراوە"ی ئۆتوبووس بگۆڕدرێ و بکرێ بە شتێکی سەربەخۆ، باشتر وایە هەڵیگری بۆ کاتی خۆی، یان بیدەی بە کەسێکی دیکە بیکا بە شتێکی باشتر.

هێندێ جار بیرێکی بنەوان ئەوەندە بەهێز دەبێ کە بەرایی چیرۆکەکە دادەگرێ و هەموو دەوروبەرەکە لەخۆیدا دەخنکێنێ. بۆ نموونە: ئەگەر بتەوێ باسی چەند کەس بکەی کە دیانەوێ دژی خراپە خەبات بکەن، هەلومەرجەکە وایان لێ دەکا کە خۆیان زۆر دڕ بن. رەنگە بۆ خۆیان ببن بە زۆر خراپەکە. بنەمای ئایدیاکەی تۆ ئەوەیە کە خراپە، خراپەی لێی دەکەوێتەوە. رەنگە بینەر هەر لە سەرەتاوە تێی بگا، بەڵام ئەتۆ پێت وایە پەیامەکەت گرینگە و بۆیە هەر دووپاتی دەکەیەوە. ئایدیاکە باشە، بەڵام تۆ ئەوەندە هێڵی ئەستوور بە بنی دا دەکێشی کە لای بینەر بایەخی نامێنێ. هەر لەکاتی نووسینەوەدا دەبێ ئاگات لێی بێ، پێیدا بچییەوە و رەنگە بیرۆکەکەش بکوژی. لانی کەم هەتا دەتوانی کزی بکە. ئەوەی کە دەبێتە هۆی سواربوونی ئایدیا بەسەر چیرۆکدا، ئەوەیە کە تۆ لەسەر مرۆڤ دەنووسی

لەباتی ئەوە کە لەگەڵیان بی. نزیک نەبوون وادەکا کە چیرۆک و کەسایەتییەکان چووک و سواو ببنەوە. سەرنجڕاکێش بۆ بینەر ئەوەیە کە تۆ تێکەڵ بی لەگەڵ ئەو کەسانە کە لە "تایتانیک"دا بە دووی دۆزینەوەی ڕێگای دەرچووندا بگەڕی و بینەر نەزانێ کام ڕێگا دەبێ باشتر بێ. بۆ پەیداکردنی ئەم شێوە، سەناریۆنووس دەبێ هەموو کاتێک لەگەڵ خەڵکەکەدا بێ.

یەک بیرۆکە ڕاگرە! بەسە بۆ ئەو بینا سەرنجڕاکێشە چەند تۆییە. کەسایەتییەکان وەکوو بینەرەکان دەبێ چەند پەتیان هەبێ کە خۆیانی پێوە بگرن. کێشەی دەرەکی وەکوو دەروونی پێکەوە بینا بکرێن و دژواری ساز بکەن. ئەم گرێیەکۆڵە دەبێ سەناریۆنووس دروستی بکا. یانێ ئەو وەکوو جاڵجاڵۆکە لە بەرزترین خاڵی ئەم تۆڕە دایە. هەموو کاتێک لە ناوەڕاستی چیرۆکەکەدا.

ئەتۆ دەتووانی وا بیر بکەیەوە کە ئەمانە هەموو ئامرازن، بەڵام ئەمن زۆر سەناریۆم دیتووە کە کەسایەتییەکە وەکوو کەرەسەیەکی راهێنان بووە بۆ پەیامێکی زۆر گرینگ. زۆرجار پرسیارێکی گەورەی کۆمەڵایەتی لە فیلمێکدا دەبێتە شتێکی سادە و بێ بایەخ.

ئەتۆ ناتووانی سەناریۆیەکی بەڕاستی باش بنووسی ئەگەر تەنیا راهێنان یان بازرگانیت لەبەرچاو بێ. هەرچەند ئەمانە هۆی سەرەکی سەناریۆنووسینەکەت بن.

**پیوەر**

بۆ نووسەر ئاشکرایە کە دەیەوێ باسی چ بکا. بەڵام لە گرینگیپێدان لە نێوان شتەکاندا دوودڵە؟ پرسیارێکی گەورە کە وەڵامێکی سووک و ئاسانی دەوێ.

بۆ دەستپێکردن ئاماژەیەک بە "جان هۆستۆن" دەرهێنەری فیلم بکەم. ئەو دەڵێ: چیرۆکی باش بۆ فیلم ئەوەیە کە ئایدیا ناوەندییەکە، لە هەموو دیمەنەکاندا، لە ووتار و وێنەدا، کەسەکان و... دا، وەکوو پێوەر کار بکا. لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی بۆچوونە بنچینەییەکە هەموو چیرۆکەکە داپۆشێ. رەنگە نە بە ڕاشکاوی، رەنگە دەستنیشان نەکراو، بەڵام هەست پێ دەکرێ.

زۆرجار لەخۆم دەپرسم من وەکوو سەناریۆنووس، چ پرسیارێکی سەرەکیم لە دڵ دایە کە لەگەڵ خۆمی دەگێڕم؟ کاتێک لە دووی نووسەرێک دەکەوم، لە کتێبێکەوە بۆ کتێبێکی دیکە، دەوتووانم تێ بگەم، یان خاڵ دەستنیشان بکەم کە نووسەر بابەتەکەی لە کوێیەوە هێناوە. هەست و حەز و دیمەنەکانی منداڵی کەم نین.

زامی دەروونە کە نووسەر جار بە دوای جاردا پێویستە سەری لێی بداتەوە. لە پۆلەکانی مندا هەموو جارێک بەشداران دەبێ پێوەری خۆیان بنووسن. رەنگە هێندێ کەس پێی تووڕە بن، بەڵام ئەم ورووژاندنە پێویستە.

ئەمن داوا لە بەشدارانی خولەکە دەکەم چەند دێڕ لەسەر کێشەیەکی بنچینەیی ژیانی خۆیان بنووسن. کێشەیەک کە بەرەنگاری دەبنەوە و رەنگە هەموو کاتێک ئەم بەرەنگارییە بەردەوام بووە. ئەمە شتێکی وەها نییە کە پێشانی کەسی بدەن. بە پێچەوانەوە دەتووانن ئەو نووسراوە بشارنەوە یان فڕێ دەن، بەڵام رەنگە رۆژێک لە گیروگرفتی چیرۆکێکدا بەبیرتان بێتەوە و بەکاری بهێنن. بۆ لێکۆڵینەوەی دەروونی نییە کە من ئەو چەند دێڕەیان پێ دەنووسم.

گرینگە کە سەناریۆنووسێک خۆی لە نووسەرەکانی دیکە جوێ نەکاتەوە. گرینگە کە سەناریۆنووس خۆی وەکوو نووسەرێکی تەواو ببینێ. راستییەکەی ئەوەیە هێندێ کەس نایانەوێ بڵێن پێوەرەکەیان چییە؟ ئاگا یان بێ ئاگا دیانەوێ بیشارنەوە، یان تەنیا بۆ خۆیانی راگرن. پێویست نییە مرۆڤ لەو زامانەی دەروون ئاگادار بێ هەتا ببێتە نووسەر. لە کارەکانی خۆمدا، دەبینم هەموو کاتێک بابەتی باب و کوڕ دووپات دەبێتەوە. چ کاری دێکومێنت بکەم یان چیرۆک. تەنانەت کاتێک کاری دراماتۆلۆژیم دەکرد ئەم بابەتە بە شێوەیەک خۆی نیشان دەدا. هەموو کاتێک لەژێر رووپەڕەکەدا هەیە. رەنگە کاتی بێ، بەڵام من گومانم هەیە. (ئەمە ئەو پێوەرەیە کە باسی دەکەم)

ئەگەر بۆچوونە بناغەییەکە دابڕاو بمێنێتەوە، گریمانی ئەوە هەیە کە سەناریوەکە بڕی ئەو رێگا درێژە نەکا کە دەبێ بڕوا. زۆرکەس بیری لێی دەکەنەوە و خۆ ماندوو دەکەن و پێش تۆمارکردن دەستی تێی وەردەدەنەوە، بەڵام گرینگ ئەوەیە تۆ وەکوو سەناریۆنووس لە دەروونی خۆتدا بزانی چ شتێک بیرۆکەی سەرەکی هەموو چیرۆکەکەیە. دەنا زۆر بە هاسانی

چیرۆکەکەت دەبێتە قوربانی ماشینی سەناریۆنووسی، کە لەوێ سەناریۆکە دووجارە و سێجارە دەنووسریتەوە و ئاخری شێوازە بنچینەییەکەی لەنێو دەچێ.

لێکدانەوەی ئەوە کە لە رەوتی کاردا چ دەقەومێ، دژوارە. هۆکانی گەشەکردنی ئایدیایەک ، هەر لە کارکردەکانەوە بگرە هەتا هەستەکان و پەیوەندییە دەروونییەکان، دەتووانن زۆر بن. زۆر جاریش لەناکاو دەقەومێ.

فیلمسازێکی بەرهەمهێنەری نۆروێژی بۆی گێڕامەوە کە لاوانی تاوانباری ژێر هەژدە ساڵ لە ١٩١٦دا لە دوورگەیەک رادەگیران. ئاژاوەیەک لەوێ ساز دەبێ و سەربازەکانی هێزی دەریایی کە پاسەوانی ئەوێیان بە ئەستۆ بووە، زۆر بە توندی لە خوێنی دەگەوزێنن. رووداوەکە بێدەنگی لێی کرابووە.

ئەو فیلمسازە پێشتر چەند کاری پێم پێشنیار کردبوو کە من پێیان رازی نەبووم، بەڵام ئەم جارە زۆر بە خێرایی سەرنجی راکێشام. بۆ؟ هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، یەکێک لە خوێشەکانم بۆی گێڕامەوە کە لە ١٩٣٠دا لە زیندانێکی لەو شێوەدا بووە و ئەمە چ کارێکی کردوەتە سەر ژیانی. هەروەها لەسەر منیش کە خوێشی بووم. ئەمە بوو بە ئاور خۆشکەر. شتێک بوو کە دەکرا چیرۆک بێ بۆ فیلمێکی گەورە. کە ورووژانی سەرتایی دامرکا، من زانیم ئەوە تەنیا رۆژنەیەکی چکۆلە بوو، ئیمکانێک، بەڵام زۆری ماوە هەتا من بەڕاستی لێی بکۆڵمەوە و بزانم کە لە ژێر ئەم رووپەڕەدا چ هەیە و چۆن و بە چ شێوەیەک دەکرێ بێ گێڕمەوە؟ بیرۆکەیەک تەنیا بیرۆکەیەکە، کاری نووسین دوواتر دەست پێ دەکا.

زۆرکەس دەتووانێ ئایدا بخولقێنێ. گرینگ ئەوەیە چۆن پەرداخت دەکرێ. ئایدیای فیلم بڕیاردەر نییە، بەڵکوو چۆن تەواشای دەکرێ، بڕیاردەری کارەکەیە. پێویست نییە ئایدیا زۆر گەورە بێ، بە پێچەوانەوە روانگەیەکی بچووک دەتووانێ چیرۆکێکی گەورە بڕسکێنێ. زۆرجار بابەتێکی سادە پڕە لە ژیان، بە وێنە و دەنگ و کەسەکانیشەوە، فیلمێکی گەورەترە و لە چوارچێوەی خۆی دەردەچێ. وەکوو شێعرێک، یان بەیتێک کە لە تاکەتاکەی ووشەکانیدا بیر دەورووژێنێ. بۆ پێکهێنانی ئەم ورووژاندنە چ لە چووک و چ لە گەورەدا شتێک پێویستە کە من نێوی دەنێم دەورەی درێژخایەنی کۆکردنەوە.

## دەورەی کۆکردنەوە

لە دەورەی کۆکردنەوەدا گرینگە کە خۆسانسووری نەکەی. بەخێڵیکردن لە کاتی رسکاندنی بەرهەمێکی هۆنەریدا وەکوو وێران کردنە. پێویستە بە ئازادی بفرِی، بەرز و نزم. هەتا دەتووانی لە خۆماتکردن پارێز بکە. هەرچی هەیە کۆی کەوە! لە باشەوە هەتا خراپ. نابێ زۆر زوو چاک و خراپی هەڵسەنگێنی. هەوڵ مەدە قەوارەی بۆ دروست بکەی. رەنگە هێشتا زووە کێشە سەرەکییەکە دەستنیشان بکەی. لە ماوەی ئەم کارە ئازادەدا دەتووانی دیمەنی نوێ و لایەنە جۆربەجۆرەکان بنوێنێ و رێگای تازە بۆ چیرۆکەکە دەرکەوێ. لەگەڵ هەموو ئەمانە دەبێ نووسراوێکی سادە "گەوجانە" و ناخۆشەویست بەخێو بکەی. ئەمانە هەموویان لە ئاخرەوە دەگۆڕدرێن، رەنگە بیچمی بناخەیی چیرۆکەکەش بن. هێشتا دیار نییە.

لە هاوکاری لەگەڵ نووسەرێکی دیکەدا یان دەرهێنەرێک گرینگ ئەوەیە پێداگرتن لە نێواندا نەبێ. ئەتۆ لە هێنانەگۆڕی هەموو شتێکدا سەربەست بی. لە سواوترین شتی رۆژانەوە هەتا پێشنیاری شێتانە. خۆ لە دەقدراو بوون و قەڵافەتی هۆنەرمەندانە بۆ یەکتر گرتن بپارێزن! چوونکە ئەمە یانێ کوشتنی هەموو رسکاندنێک.

هێشتا زۆری ماوە کە یاساکانی درامایی دابندرێ. هەموویان لا دە مەگەر ئەوانەی کە زۆر پێویستن. تەنانەت نایەوێ هەڵگۆڕ و داگۆڕ بە تێکستەکان بکەی. قووڵی بکەیەوە، یان تێکیان بکەیەوە. ئەم کارە چەند حەفتە و مانگی دەوێ هەتا هەلومەرجەکان بهۆنیتەوە کە فیلمێکی چەند دیمانە و وێنە دەوڵەمەندت هەبێ. لەم رەوتەدا چەندین شێوە بۆ کارکردن هەیە. کاتی دەوێ هەتا شێوەی تایبەتی خۆت بدۆزییەوە. ئەمن لەم ساڵانەدا هەوڵی چەند شێوەم داوە، جار وابووە چاوم لە شێوەی سەناریۆنووس و دەرهێنەی دیکە کردووە.

## گێڕانەوەی زار بە زار

لە دەورەیەکدا بەتاقیم کردەوە کە چیرۆکەکەم بۆ دۆستان بگێڕمەوە. لە گێڕانەوەکەدا زۆر شتی تازەم بۆ دەرکەوتووە. ئەو بەشانەی کە بیسەری ماندوو کردووە دەرم هێناوە و جۆرێکی دیکەم هۆناوەتەوە. بەم شێوە چیرۆکەکە بە هێواشی بەڵام بە متمانەوە گەشەی کردووە.

ئەم شیوە هێندێ مەترسی تێیدایە، یەکەم لەدەستدانی چیرۆکەکەیە. رەنگە هێشتا کاتی گێڕانەوەی نەهاتبێ. دووەم هەوڵدەدەین بە شانۆگەری و تەڕزمانی سەرنجی بۆ راکێشێن و خۆمان فریو دەدەین. چیرۆکەکە دەتووانێ باشتر لەوە بێ کە هەیە. سێهەم بۆ ئەوانیتر خۆش نەبێ کە بەشداری لەم رەوتەدا بکەن و بێوازییەکەیان ئێمەش سارد بکاتەوە.

**نووسین بە بێ پلان**

شێوەیەکی دیکە ئەوەیە کە بنووسی بە بێ ئەوە پلانت بۆ داڕشتبێ زۆر باش دەچێتە پێشەوە ئەگەر دوو کەس پێکەوە سەناریۆکە بنووسنەوە. پێش هاتووە من چەند حەفتە چوومەتە سووچێکەوە و لە کەوێڵێکدا ماومەتەوە بۆ دۆزینەوەی دەرکەکانی چیرۆکێک. بەتاقیم کردووەتەوە چۆن تاکە دیمەنێک دەتووانێ بەرین بێتەوە و ژیانی زیاتری تێیدا بێ. هەروەها لەباتی کاراکتێرەکان دەور بگێڕم هەتا تایبەتییەکانیان بدۆزمەوە. لە هەلومەرجی چیرۆکەکەیان دانێم و بزانم چ دەقەومێ.

ئەم شێوە کارە دەتووانێ زۆر خۆش بێ و ژیان بدا بە کاراکتێرەکان و چیرۆکەکە. هەر نەبێ ئەتۆی سەناریۆنووس کۆڵێک ئایدیا لای خۆت خزن دەکەی بۆ ئەو کاتە کە دەتەوێ دانیشی و سەناریۆکەت بنووسی. مەترسی ئەم شێوە ئەوەیە کە بایەخی زۆر بە شتە وردیلە خۆش و زرق و برقدارەکان بدەی و سەرەداوی چیرۆکەکە نەدۆزیتەوە. گۆشتی زۆر و ئێسکی کەم. ئەوە مرۆخانەی پشتەکەیە کە دەبێ هەیکەلی چیرۆکەکە راگرێ، بەو مەرجە مرۆڤ خۆی لە وردەکارییەکاندا وون نەکا، ئەم شێوە بۆ گەییشتن بە سەناریۆیەکی زیندوو و بەهێز رێگایەکی باشە.

**دەفتەری یادداشت**

بۆ هەموو نووسەرێک، دەوروبەر سەرچاوەیە. دەورەیەک دەگەڕام و دەفتەر یان دەنگ وەرگرێکم پێ بوو. هەرشتێک کە چووکترین پەیوەندی بەکارەکەمەوە هەبا، دەمنووسییەوە یان تۆمارم دەکرد. زۆر بوون ئەو شتانە کە توانیم بەگیریان بێنم. لە گوتەیەکەوە هەتا رووداوی بچووک لە شەقامدا. شنە بایەک لە نێو دارەکاندا. هەر شتێک کە دەجووڵایەوە،

دەبووە جووڵەیەک لە چیرۆکەکەی مندا. هەستێکی زۆر قووڵە کە پێت وابێ دنیا بۆ تۆی سەناریۆنووس چێ کراوە و دەبێ بەتاڵی کەی. دیارە دەبێتە ماتریاڵێکی زۆر و ڕێکوپێک کردنیان کارێکی زۆری دەوێ.

**کۆکردنەوەی وێنە و موزیک**

هێندێ سەناریۆنووس وێنە کۆ دەکەنەوە. بۆ نموونە بە کتێبە هونەرییەکاندا دەگەڕن. کە مودێلێک بۆ کاراکتێرەکان و وێنەکانی چیرۆکەکەیان بدۆزنەوە. هێندێک موزیک کۆ دەکەنەوە بۆ دەرهێنانی ریتمی کردووەکان. وێنە و موزیک بۆ دەرهێنەر یان دێکۆرساز لە پێشەوەچووندا یارمەتییەکی باشە. وتووێژی نێوان سەناریۆنووس و دەرهێنەر دەتووانێ قازانجی ئەوەی هەبێ کە کام ماتریاڵی کۆکراوە زیاتر بەکار دێ.
من هەموو کاتێک ئەو بەشەم داناوە بۆ دەرهێنەر و هونەرمەندانی دیکەی فیلمەکە و نەم ویستووە بە نیشاندانی وێنە و موزیک ئازادی هەڵبژاردنیان لێ بستێنم. هەڵبژاردەی ئەوان دەتووانێ باشتر لەوەی من بێ. ڕەنگە ڕێزگرتنێکی بێ کەڵک بێ. ئەتۆ دەتووانی لەگەڵ هاوکارەکانتدا بەتاقی بکەیەوە.

**هەموو شتێک بنووسەوە!**

ئەگەر لە ڕەوتی کارەکەدا لە شوێنێک قفڵ دەبی و کارەکە نابزوێ، کە پێش دێ، ڕێگای وەڕێخستنەوەی هەیە. من قەڵەم و کاغەز هەڵدەگرم و هەرچی بە مێشکمدا دێ دەینووسمەوە. بە بێ سانسوور و بە بێ وچان. نیو کاتژمێر کاری چڕ دووایە دەبینم بۆ دیمەنێک یان کاراکتێرێک ماددەی خاوم هەیە. دوواتر زۆربەی نووسراوەکە دەچێتە زبڵدانییەوە، بەڵام هێندێکی هەر بەکار دێ. هەر نەبێ قفڵەکە کراوەتەوە و فانتەزی بەخەبەر هاتووەتەوە.

**پشکنین**

بەشێک لە دەورەی کۆکردنەوە دەبێ بۆ پشکنین تەرخان بکرێ. ئەمە بەشێکی دڵڕفێنی کارەکەیە، بەڵام دەشتووانێ بە لاڕێدا بچێ. بۆ نموونە: سەفەرێک بۆ سەردەمی وایکینگەکان

زۆر خۆش دەبێ، یان شەڕی نێوخۆی سپانیا، یان بۆ شاری سەنت پترزبورکی کۆن. بەڵام دەبێ ئاگات لێی بێ لە نێو ئەو هەموو بەڵگە و سەرچاوەدا ون نەبی کە نەتوانی رێگای گەڕانەوە بۆ مەبەستی سەرەکی چیرۆکەکەت بدۆزیتەوە.

بۆ نووسینی هەر چیرۆکێک هێندێ بەڵگە پێویستە. بەڵام دەبی هاوسەنگییەکە راگری. نموونەیەک: بۆ ئەوە کە بتووانی دەرمانگایەک نیشان بدەی، دەرمانگایەکی ئێمێرجێنسی (بە پەلە)، رەنگە باسی مردن لە چیرۆکەکەدا بێ. دەبێ هێندێ شتی لێی بزانی و چەند رۆژێک لەوێ سەرنج بدەی. دیارە تەنانەت ئەگەر بە مانگیش لەوێ بی، فێری ئەوە نابی کە دەرمانگایەک چۆن هەڵدەسوورێ، هێشتا زانیارییەکەت تەواو نییە. ئەوەی تۆ دەستت دەکەوێ هەوای کارەکەیە و ناسینی تاکەکەسەکان و وێنە و هەلومەرجەکانە.

سەناریۆنووسی وا هەیە کە کۆڵێک کتێب سەبارەت بە مردن کۆ دەکاتەوە کە لە هەموو لایەکەوە سەرنجی ئەو دیاردەیە بدا. ئەمەش رێگایەکی پڕ بەرهەمە، ئەگەر مرۆڤ لە نێو بابەتە زانستییەکەدا نوقم نەبێ.



پشکنین دەتووانێ لە زانستی رووتەوە دەست پێ بکا. سەبارەت بە کات، سروشتی ژینگە، دیاردە یان کاراکتێر، هەتا پرسیارە فەیلەسووفییەکانی ژیان.

هەموو کاتێک دەکرێ بەڵگە لە کتێبە بەڵگەنامەکان دەربێنێ، کێشەی ئەم جۆرە بەڵگە رووتانە ئەوەیە کە زۆر کڕ و بێدەنگن و هیچ دنیای کەسایەتییان پێوە نییە. باشتر ئەوەیە لە مامۆستا یان رێنوێنی موزە یان کتێبخانەکە بپرسی. چوونکە ئەوان حەزیان لەو بابەتەیە و بە درێژی باست بۆ دەکەن. لێرەدا بەڵگە و زانیارییەکان لەگەڵ بۆچوونی خۆیان و هێندێ وایە و وانییەدا تێکەڵ دەبێتەوە. ئەم جۆرە

وتووێژە دەکرێ لەگەڵ مەلا، دوکتوری نەفسی، ڕۆژنامەنووسی بەئازموون و.. بکرێ. ئەمانە نرخی زێڕی دەبێ.

پشکنین گرینگە بەڵام دەبێ ئاگادار بین کە خۆمان نەکەین بە خبرەی ئەو بابەتە. دەبێ سنوورەکان دیار بن. کە زۆرمان لێی زانی، ناوێرین هەنگاوێک هەڵگرین، چوونکە دەترسین لەگەڵ ڕاستییەکان نەگونجێ. یەکەم دەبێ بزانین ڕاستەقینەکە چۆن دیمەنێکی هەیە. دووهەم دەتووانین بەکاری بێنین و بیگۆڕین بۆ شێعر و درما، یان نە.

ئەمن سەرنایۆنووسی وام دیوە کە نوقم بووە لە زانستەکەدا و نەیوێراوە یەک هەنگاو هەڵێنێتەوە. ئەتۆ نازانی تا چ ڕادەیەک خۆت گرێداوە بە بەڵگەکانەوە. بۆ بموونە: ئەتۆ لە ڕووی بەڵگەکان ناتووانی بزانی لە پشت دەرکە داخراوەکاندا چ گوتراوە، یان کەسەکان چ بیرێکیان کردووەتەوە. بۆیە تۆ وەکوو سەناریۆنووس دەبێ بێلایەنی خۆت ڕاگری و بە دەستی ئاواڵەوە کار بکەی.

ئەمن سەبارەت بە هونەرمەند و شاعێرێک وەکوو گارسیا لۆرکا پشکنینم کردووە. خۆم هێندێ شتم زانیوە، بەڵام لەکاتی کۆکردنەوەدا ژیاننامە و نامەکانی و چاوپێکەوتنەکان و تێکستەکان و کارەکانیم خوێندووەتەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانە نەمتووانی شتی زۆر سەبارەت بە ژیانی دەروونی ببینمەوە. ئەو شتەی کە من پێی گەییشتبووم ڕەنگە خۆی بە دەگمەن هەستی پێی کردبێ. دیارە دەکرێ هەستی جۆربەجۆر هەبێ، یانێ تەنیا یەک بۆچوون نییە، بەڵکوو چەندین بۆچوون دروست دەبێ. ئەتۆ وەکوو سەناریۆنووس لە ئاکامی ئەو پشکنینەدا بۆچوون و ڕوانگەی خۆت سەبارەت بە دیاردە و ڕووداوەکان پەیدا دەکەی. ڕاستییەکە دەتووانێ هەر ئەوەی تۆ بێ. ڕاستی هەرە تەواو هەر دەست نادا.

پشکنین گرینگە، بەڵام ئەوە بزانە کە ناکرێ کەسێک یان ڕووداوێک بە تەواوی تێبگەی. پشکنینی سادە ئەوەیە بزانین بۆ نموونە: ئامرازێک چۆن کار دەکا. ئەم جۆرە لە پشکنین دەکرێ هەموو لایەنە و تەواو بێ. هەموو کاتێک لە نێو بینەراندا کەسێک هەیە کە بزانێ ئەو کەرەسە تایبەتییە کە تۆ نیشانت داوە چۆن دەبێ کاری پێی بکری. بۆیە دەبێ زۆر وورد دیاری بکرێ، بەڵام ئەم جۆرە پشکنینە پیویست نییە لە قۆناخی کۆکردنەوەدا لە دووی

بکەوین و کاتی زۆری بۆ دابنین، چوونکە دیار نییە دووایە بەکاری دێنین یان نە. لە دووایییشدا بەدەستهێنانی هاسانە.
ئەم هەموو بەڵگە و ماددەی خاوە کە کۆ کراونەتەوە، دەبێ بنووسرێنەوە و کاریان لەسەر بکرێ و بژار بکرێن. چۆن دەکرێ خۆ لەوە بپارێزین کە بەر لە کاتی خۆی، دارشتنی ساختمانی چیرۆک دەست پێ بکەین؟

## بژار کردنی کۆکراوەکان

ئەمن بۆخۆم بابەتەکان لە ژێر سەردێڕی جیاجیادا دەنووسم، بەڵام نەک زۆر بە ووردی. بۆ نموونە دەمەوێ لەسەر ئەو دوورگەی بنووسم کە کوڕە لاوەکانی تێیدا راگیرابوون. من هێشتا نازانم ئایا یەکێک لە لاوەکان دەکەمە چاوساقی خۆم یان یەکێک لە چاودێرەکان کە تازە دامەزراوە؟ بۆیە سەردێڕەکەم بەرفراوان دەگرم و دەنووسم " چوونە ناو دوورگە". "کار و ژیانی رۆژانە". "هەوڵی ئاژاوە نانەوە". "دۆستایەتی و سەرکردە و ژێردەست".
"خۆشەویستی"، و هتد... ئەم سەردێڕانە دادەنێم بۆ ئەوە کە من پێم وایە ئەم چیرۆکە دەبێ ئەو شتانەی تێیدا بێ. دووایە لەژێر سەردێڕەکاندا تێکستەکەم بە بێ هەڵبژاردن دەنووسم. نامەوێ هیچ قەوارە درامایییەک لێرە دەستنیشان بکەم و چیرۆکەکە قفڵ بکەم، بەر لەوە کە هەموو ئیمکانەکانم ئازموون کردبێ. بەم شێوە خۆم لە سانسوورکردنیش پاراستووە.
دەتووانێ ببێتە چەند سەد لاپەڕە نووسینەوە، کە باسی هەلومەرجی تایبەتی، دیالۆگ "وتووێژ"ی کورت و درێژ وهتد... تێیدا بێ. بۆ سەناریۆیەکی سەد لاپەڕەیی یان زنجیرەیەکی تلەڤزیۆنی، ژێربینایەکی بەرین پێویستە!
هەر بەم شێوە کار دەکەم کاتێک بمەوێ سەناریۆ لە رۆمانێک دەربێنم. دوواتر دیمەوە سەر ئەم باسە.
هیوا ئەوەیە کە لە دەورەی کۆکردنەوەدا ئایدیایەک گەشەی کردبێ و بووبێتە چەند لایەنە. وەکوو سەناریۆنووس دەبێ ریگا بەوە بدەی کە رەنگە ئایدیا سەرەکییەکەت لە دەورەی کۆکردنەوەدا بگۆڕدرێ و چیرۆکەکەت بە شوێنێکی دیکەدا بڕوا. ئەمە دەرسێکە فێری دەبی، نابێ بیر لە شکستهێنان و بێ هیوابوون بکەیەوە.

@@@@

## ٢- چۆن و لە کوێیەوە دەست پێدەکەیٚ؟

**هەر فیلمێک زبانی خۆی دەویٚ.**

پاش بوونی ئایدیای سەرەکی و تێپەڕاندنی دەورەی درێژخایەنی کۆکردنەوە، قۆناخی دووهەم دەست پیٚ دەکا. لێەدا ئەو شتە کە دەتەویٚ بیگێڕییەوە و چۆنیەتی قەوارەگرتنی چیرۆکەکەت، دەستنیشان دەکەی. رەنگە ئەم چیرۆکە شیاوی فیلم نەبیٚ. رەنگە بۆ شانۆ باش بیٚ، یان بۆ شانۆی رادیۆیی، گوتارێک بیٚ یان زنجیرەیەک وێنەی کێشراو، یان نووسراوێکی رۆژنامەیی. ئەگەر وابوو، چیرۆکەکەت شتێک نییە کە کاتی لەسەر دانێی.

ئێمە وای دادەنێین کە چیرۆکەکەت لە داهاتوودا فیلمێکە و ئێستا دەبیٚ زیاتر لەسەر ناوەرۆکەکەی بڕیار بدەی و چوارچێوەی قەوارەکەی دیاری بکەی. یەکەم پرسیار: چ شێوە فیلمێک بۆ چیرۆکەکەت هەڵدەبژێری؟ هەرچی زیاتر لە کاری سەناریۆکەدا بچیتە پێشەوە، دەبیٚ زیاتر بیر لە پێکەوەگونجانی فۆرم (بێچم) و ناوەرۆک بکەیتەوە. گەڕان بە دووی فۆرمدا زۆرجار دەتووانیٚ پڕ دەردیسەر بیٚ و بە هاسانی ببێتە هۆی راوەستانی کارەکە. ئەو دیوارەی هەڵبژێرە کە بزمارخۆری باشە. زیاتر خەمی ناوەرۆکت هەبیٚ لە ئەلفەوە هەتا ییٚ. لەبیر خۆت بەرەوە کە هەر فیلمێک دەبیٚ زبانی تایبەتی خۆی هەبیٚ.

**گەڵاڵەی ناوەرۆک و گەڵاڵەی گێڕانەوە.**

فیلم بە پێچەوانەی شانۆ، تەنیا مرۆڤ نییە کە دەورەکان دەگێڕن و پەیوەندییەکان دروست دەکەن. سەرشانۆیەکی بەتاڵ لە ماوەیەکی کەمدا بینەر بێتاقەت دەکا. هۆنەری فیلم ئیمکانی شێوەگێڕانەوەی جۆربەجۆری هەیە. هەموو ئیمکانەکان لە رووناکی و دەنگەوە بگرە

هەتا سنۆگرافی (جوانکاری دێکۆر) و موزیک و دانس لە هەموو چەشنێک، تەنانەت ئەندازەی گەورە و بچووکی شاشە وهتد... فیلم بەڕاستی دەتووانێ کۆی هەموو هونەرەکان بێ.
راستەقینەکان یاخۆ هەلومەرجی شاعێرانەی راستەقینە چۆنن؟ ئایا لە هونەری فیلمدا ئەمانە جێگایان هەیە؟ هەموو شتێک بە شێوەی گێڕانەوەی تۆەوە بەستراوەتەوە. جارێک مۆنتۆرێک بێتاقەت چاوەڕوانی مونتاژکردنی فیلمێک بوو کە دەگوترا هەلومەرجەکە وەها بەهێز بووە کە لەکاتی تۆمارکردندا هەموو گروپەکە گریاون، بەڵام لەکاتی مونتاژدا ئەو هەستە نەمابوو. شوێنی کامێرا هەڵە بوو و ئەو هەستەی پێوە دیار نەبوو. ناوەرۆک و فۆرم هەموو کاتێک دەبێ پێکەوە بگونجێن. ئەگەر ناوەرۆک بەهێز نەبێ گرینگ نییە لەکام شوێنەوە وێنە دەگری. لە هەموو کەرەسەیەکی باشکردن کەڵک وەردەگری بۆ ئەوە کە لە ئاخرەوە فیلمەکەت چ لەباری ناوەرۆک و چ لەباری بێچمەوە باش بێ.
بۆ سادەکردنەوەی باسی ناوەرۆک و فۆرم پێیان دەڵێین و گەڵاڵەی ناوەرۆک لەباری چۆنییەوەو گەڵاڵەی گێڕانەوە لە باری چەندییەوە. بە واتایەکی دیکە، لەو شوێنە کە باسی راستەقینەکان و هەستەکان دەکەین، ئەوە گەڵاڵەی ناوەرۆکە. لەوێیە کە دەبێ دیاری بکەین کە فیلمەکە باسی چ دەکا. لە گەڵاڵەی گێڕانەوەدا دیاری دەکەین کە ئەو بابەتە چۆن بۆ بینەران دەگێڕدرێتەوە. لە هەموو شێوەیەک کەڵک وەردەگرین کە چیرۆکەکە بە رێگای راستدا بڕوا.
رەنگە تێگەییشتن و دۆزینەوەی گەڵاڵەی گێڕانەوە دژوار بێ. بۆ نموونە: ئەگەر بمەوێ چیرۆکێکی تایبەتی بۆ منداڵەکانم بگێڕمەوە، دەتووانم لە چەند جۆری جیاواز کەڵک وەرگرم. راست هەر هەمان چیرۆکە، بەڵام دەتووانم بە پچە بیڵێم یان هاوار بکەم، لەناکاو بێدەنگی بخەمە نێو قسەکانمەوە، یاخۆ دراما تێکەڵ بکەم. یان گاڵتەی تێکەڵ بکەم. هەر ئەو چیرۆکەیە بەڵام بە شێوەگێڕانەوەی جیاواز.

**چ کەرەسەیەک بۆ گێڕانەوەی فیلم لە بەردەست دایە؟**

بەکورتی: تەرکیبی وێنە، ئەندازەی وێنە، شوێنی کامێرا، جووڵانەوەی کامێرا، رووناکی، دێکۆر، جلوبەرگ، ئێفێکتی دەنگ، موزیک و مونتاژ. بە یارمەتی ئەمانە فیلمەکە فۆرم

دەگرێ. ئەتۆ وەکوو نووسەری سەناریۆ پێویستیت بە زانینی قووڵی ئەمانە نییە. تەنانەت ئازمونی بەکردەوەی فیلمیش پێویست نییە. بەڵام ئەگەر هەبێ کارەکە هاسان دەکاتەوە. ئەزمونێک کە دەتووانێ زۆر شتی لێی فێر بی، ئەوەیە کە لەکاتی مونتاژی فیلمێکدا لەگەڵ بی. لەوێیە کە ناتەواوییەکان دەردەکەون و لەوێیە کە دەبێ رێگا چارە ببیندرێتەوە و فۆرمی کۆتایی دەربهێندرێ.

ئێستا دەست پێ دەکەی بە نووسینی سەناریۆکەت. لە نێوان گەلاڵەی ناوەرۆک و گەلاڵەی گێڕانەوەدا سەر و خوار دەکەی. هەر کە بڕینێک، (کات-کلیپ) پێویست بوو، ئەوە خەریکی پێشنیازی چۆنیەتی گێڕانەوە دەکەی، یاخۆ بڕینەکە دەنووسی. ئەو دیمەنە چۆن لە وێنەدا دەردەکەوێ، ئەوە خەریک گەلاڵەی گێڕانەوەی.

گەلاڵەی گێڕانەوە لە ئایدیاوە سەرچاوە دەگرێ، هەر وێنەیەک، دەنگێک یان کەرەسەکانی دیکەی گێڕانەوە، هەڵبژاردنێکی هونەرین لەلایەن کەسێکەوە. کامێرا بۆ خۆی ناتووانێ بڕیار بدا. کەسێک یان کەسانێک بڕیار دەدەن هەر شتێک چۆن ببیندرێ و بە گشتی چۆن دەربهێندرێ.

لە یەک شێوەدا گەلاڵەی گێڕانەوە و گەلاڵەی ناوەرۆک دەتووانن کاریان بە یەکتر نەبێ. بۆ نموونە: ئاکتەرەکان لە گەلاڵەی ناوەرۆکدان و ناتووانن کار بکەنە سەر گەلاڵەی گێڕانەوە. قەت روو نادا کە ئاکتەرێک لەپڕ باداتەوە و بڵێ: ئێستا نابێ کامێرا من تۆمار بکا. هەڵاواردەش رەنگە هەبێ.

وودی ئالێن دەرهێنەری ئەمریکی یەکێک لەوانەیە کە جارجار ئەو کایەی دەکا و لەم گەلاڵەوە باز دەداتە ئەوی دیکە.

گەلاڵەی گێڕانەوە زۆرجار نیشاندەری ناوەرۆکی چیرۆکەکەیە. جووڵانەوەیەکی کامێرا، یان جۆری تایبەتی رووناکی دەوتووانێ رووداوێک بەهێز بکا یان کێشەیەکی دەروونی پیشان بدا. بۆ نموونە: دوو کەس کە تازە بوونەتە خۆشەویستی یەکتر بابەتی دیمەنەکەتە. شێوەیەکی سادە ئەوەیە کە کامێرا ئەو دوو کەسە شەرمێونە لە کاتی پیاسەدا بەجێ بهێڵێ و دەوروبەرە جوانەکە نیشان بدا و دیسان بگەڕێتەوە لای ئەوان کە لە شوێنێکی تر لە سەر پردێک باڵیان لە نێو باڵی یەکتر کردووە و دەڕۆن. لێرە جووڵانەوەی کامێرا تەنانەت گەلاڵەی

گێڕانەوەش تێدەپەڕێنێ، وێنەکان سەفەری خۆیان دەکەن و لەهەمان کاتدا بەرەوپێشچوونی خۆشەویستییەکەش پێشان دەدەن.

ئەتۆ وەکوو سەناریۆنووس دەبێ هەموو کاتێک ئاگاداری ئەم جۆرە داڕشتنە لە فۆرمدا بیت. دەشتووانی بۆ دەوڵەمەندکردنی فیلمەکە ئاماژە بە هێندێ دەنگ و زبانی وێنە بکەی.

نموونە: لە فیلمێکی فەرانسەییدا ئاکتەری یەکەم کە تازە عاشقی هاوکارەکەی بووە، کاتێک لەکاردا پێکەوە نیشان دەدرێن موزیکێک دەبیسترێ، رۆژێک کە لە ماڵ دەبێ ئەو موزیکە لێیدەدرێ (نەک وەکوو موزیکی فیلم) کامێرا هەوڵ بوونی ئاکتەرەکە نیشان دەدا، ئێمە موزیکەکە دەناسینەوە و ئەو دەپرسێ ئەو موزیکە لە کوێەوە دێ. دەردەکەوێ کە مەشقی موزیکی کوڕەکەیەتی. ئەم شێوە تێهەڵکێشانە کە هەستی ئێمە و ئاکتەرەکان پێکەوە گرێ دەدا، گەڵاڵەی ناوەرۆک و گەڵاڵەی گێڕانەوە پێکەوە گرێ دەدن.

ئەتۆ بە ئامرازی گێڕانەوە تەنانەت بڕیار دەدەی کە بینەر چ ببینێ و چ تێبگا. بۆ نموونە: بە نیشاندانی وێنەیەکی نزیک لە ئاکتەرەکە هەموو شتەکانی تر لا دەدەی و تەنیا کارتێکەری رووداوەکە لە روومەتی ئەودا نیشان دەدەی.

ئەمە جیاوازییەکی گەورەی فیلم و شانۆیە.

"دوگما ٩٥" یەکێک لەو گروپانەیە کە تەنیا گەڵاڵەی گێڕانەوە لەبەرچاو دەگرێ. ئەمانە گروپێکی دانمارکین کە "لارس وان تیریە" بەرێوەی دەبا. لە هەر دووک فیلمەکانیدا (جێژن ١٩٩٨) و (شێتەکان ١٩٩٨) دراماکە لە گەڵاڵەی گێڕانەوەدا فۆرم دەگرێ. بیرۆکەی دراما ٩٥ ئەوەیە کە هەتا دەتووانن بەرهەمهێنانەکە سادە بکەنەوە. هێزی کاراکتێرەکان ئازاد بکەن بۆ یەکگرتوویی و قووڵبوونەوە لە دیمەن و شێوەی گێڕانەوەی وێنەیی.

من لێرەدا پرینسیپەکانی دوگما ٩٥ بۆ فیلم چێکردن دەگێڕمەوە و لێی دەگەرێم با بۆ خۆیان باسی خۆیان بکەن.

١- تۆمارکردن دەبێ لە جێگای رووداوەکەدا بکرێ (نەک لە ستۆدیۆ). رازاندنەوەی دیمەن و شتی زیادی نابێ بەکار بهێنرێ.

٢- دەنگ و وێنە نابێ بە جیا تۆمار بکرێ. (موزیک بەکار نابردرێ مەگەر بۆخۆی لە دەوروبەرەکەدا هەبێ).

٣- تۆمارکردن دەبێ بەکامێرای سەردەست بکرێ (بێ سێپایە) جووڵانەوەی کامێرا و وێنەی راگیراو (فیکس) دەکرێ هەبێ بەو مەرجە کە هەر بەو کامێرای سەردەستە بکرێ.

٤- فیلمەکە دەبێ رەنگی بێ. دانانی رووناکی پەسند ناکرێ.

٥- بەکارهێنانی لێنزی زیادی و فیلتەر قەدەغەیە.

٦- رووداوی لاوەکی و رواڵەتی نابێ لە فیلمەکەدا هەبێ. (کوشتن و چەک و.. نابێ بەکار ببرێ).

٧- جێگا و کاتی نائاشنا و بێگانە (لەگەڵ چیرۆکەکەدا) قەدەغەیە. بەو مانایە کە فیلمەکە هەر ئێستا و لێرە تۆمار دەکرێ. (یەکگرتوویی زەمان و مەکان)

٨- بابەتی تایبەت (بۆ نموونە: شێوە فیلمی پۆلیسی، کۆمێدی، ترسناک...) پەسند ناکرێ.

٩- فۆرمی فیلمەکە دەبێ ٣٥ میلی ئاکادیمی بێ. (٣لە ٤، )

١٠- نێوی دەرهێنەر نابێ لەپێش یا لە پاشی فیلمەکەدا دووپات بکرێتەوە.

هەرچۆنێک بێ، فیلم کەرەسەیەکە بۆ بەکارهێنان بە پێ داوخوازی تۆ. دەتووانی وەها بەکاری بێنی کە بینەر رووداوەکە زۆر زیاتر لە راستییەکە وەربگرێ. بە هۆی گێڕانەوەی بەهێز و سەرنجراکێشەوە خەڵک هان بدەی کە پارەی بیتاقەی سینەما بدەن.

چ شتێک بۆ تۆی سەناریۆ نووس گرینگترینە؟ ئایا گەڵاڵەی گێڕانەوە و گەڵاڵەی ناوەرۆک وەک یەک گرینگن؟ بە بێ بیرکردنەوە وەڵامەکەی "ئەرێ"یە، بەڵام ناکرێ بە ئاسانی وەڵامێکی روون بۆ ئەم پرسیارە بدرێتەوە. دیارە نووسەری سەناریۆ دەبێ بزانێ چیرۆک گێڕانەوەکەی لە چ ئاستێکدایە. ئاخۆ راستەخۆ باس دەکا یان لە بوواری کات و شوێندا پێچ و قەمچی تێیدەخا؟ هەرچی زیاتر شێوەی تایبەتیت هەبێ، زیاتر پێویستیت بە زانیاری سەبارەت بە تەکنیکی گێڕانەوە هەیە کە بزانی چ دەبێ بەکار بەری و چ بەکار نەبەی.

بەگشتی، سەناریۆنووس دەبێ بیر لە فۆرمەکە بکاتەوە، بەڵام وردەکارییەکان چۆن دەبن پرسیارێکی بەرفراوانترە.

یەکەم بزانین کە بۆ نووسینی سەناریۆ داب و شێوەی جۆربەجۆر هەیە. دووهەم دەرهێنەرەکان زۆر حەزیان لەوە نییە کە گەڵاڵەی گێڕانەوە زۆر شتی دیاری کردبێ. ئەوان بە ئەرکی خۆیان و وێنەگر دەزانن کە شێوەی گێڕانەوە داڕێژن. ئەمە شتێکی تاکەکەسییە و لە ئاخرەوە ئەوە دەرهێنەرە کە ئاخر قەوارە گرتنی فیلمەکەی بە ئەستۆیە. ئەگەر تۆ خۆت دەرهێنەری فیلمەکەی یان لەگەڵ دەرهێنەرەکە زۆر لە نزیکەوە کار دەکەی، ئەوە گیر و گرفتت نییە. ئەتۆ دەزانی دەرهێنەرەکە زیاتر چ شێوە کارێک بەکار دێنێ و رێگا دەستی زیاتر لە چ بووارێکدایە. کەوابوو بەشێک لە کاری گەڵاڵەی گێڕانەوەی تۆ پەیوەندی بە ئەو کەسەوە هەیە کە کاری لەگەڵ دەکەی. گرینگتر لە هەمووان ئەوەیە کە تۆ بزانی چ شێوەیەکی سەرەکی و گشتی بۆ کارەکەت هەڵدەبژێری.

## "کێ دەیباتەوە" - چیرۆک و "سەفەر"

بۆ دیاریکردنی جۆر (gener)ی فیلم (فیلمی منداڵان، لاوان، کمێدی، پۆلیسی...) رێگای جۆراوجۆر هەیە. هەروەک چۆن بۆ کێشانی تابلۆیەک بڕیار دەدەی بە ئاورەنگ بی کێشی یان بە قەڵەم رەش، لە فیلمیشدا دەکرێ دیاری بکەی کام جۆر هەڵدەبژێری، بەڵام لە راستیدا ئەمە دەری ناخا کە چ شێوە گێڕانەوەیەک بکار دەبەی. بۆ نموونە: کۆمێدی یان فیلمی منداڵان پێویستییان بە شێوەی درامای کلاسیک نییە. رێگای دیکەی دیاریکردنی جۆر ئەوەیە دیاری بکەی دراما بێ، شاعێرانە بێ، یان هەستیارانە بێ. من پێم وایە ئەمەش دابەشکردنێکی زۆر روون نییە.

بۆ دابەشکردنی جۆری فیلمەکە دەکرێ بیکەین بە دوو بەشی سەرەکییەوە. "کێ دەیباتەوە"- چیرۆک و "سەفەر".

لە نووسراوەیەکی "ژان کلود کاریە" شانۆنووس و سەناریۆنووسی فەرانسەویدا، ئەم ووشانەم بەرچاو کەوت. ژێربینای بیرەکەی ئەوەیە کە دوو جۆر چیرۆک هەیە: "کێ سەردەکەوێ"-

چیرۆک و "سەفەر". ئەمە زۆر روونکەرەوە بوو. من ئەو ئازادییەم وەرگرت کە ئەم بیرە بەرەوپێش بەرم و لەگەڵ چیرۆکی فیلم رێکی بخەم.

### "کێ دەیباتەوە"- چیرۆک

ئەم جۆرە گێڕانەوەی فیلمە لە سەر کێشە و دژ بە کێشە، دەستدرێژی، دژ بە دەستدرێژی، بنیاد دەکرێ. لە کایەی شەترەنج دەچێ کە لەوێ دوو هێزی سەرەکی دژ بەیەک راوەستاون و کێشەیەک بە ئامانجێکی دیاریکراوەوە لە نێوانیاندایە و پلە بە پلە دەچنە پێش هەتا بەرەو چارەسەرێکی درامایی دەڕوا کە لەوێ گرێیەکە دەکرێتەوە. پرسیارەکەش ئەوەیە کە کێ دەیباتەوە و کێ دەیدۆڕێنێ. کێ سەردەکەوێ- چیرۆک بە گرێیەکی دیاریکەر دەست پێدەکا و بە کردنەوەی ئەو گرێیە تەواو دەبێ. ئەم کێشەیە کە چیرۆکەکە دەباتە پێشێ و بە بێ ئەو کێشە چیرۆکەکە لێک بڵاو دەبێتەوە و بوونی نییە.
تەنانەت زۆر لە فیلمەکانی ئەم دواییانەش بەم شێوە داڕێژراون. لەم شێوە چیرۆکەدا گەرچی هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی رووداوەکان پلە بە پلە بە دووی یەکدا دێن، بەڵام دەکرێ چیرۆکەکەت لە ئاخرەوە دەست پێ بکەی و پلە پلە چۆنیەتی هەڵکشان و قووڵبوونەوە و کۆتایی پێهاتن نیشان بدەی. ئێمە خەڵکی رۆژئاوا لەگەڵ ئەم جۆرە چیرۆک گێڕانەوەدا راهاتووین. هەزاران ساڵە لە ماڵ و مەکتەبدا چیرۆکەکانمان بە رۆژژمێری رووداوەکان گوتراوەتەوە. سەدان فیلم هەر بەم رێچکەدا رۆیشتوون، هەڵواردەش هەیە. زۆر فیلم شێوەکاری تێکەڵیان بۆ بیناکەیان هەڵبژاردووە.

### "سەفەر"

ئەو قەوارە و ساختمانە کە باسمان کرد، ساختمانێکی کلاسیکە. دژوارە بتوانین جێگرێکی بۆ بدۆزینەوە. دیارە هەموو کاتێک لەو قاڵب و چوارچێوە نەختێک چووەتە دەرێ بە تایبەت لە نێگارکێشی و موزیک و شێعر و تیاتردا. ئەمانە بە سەدان ساڵ کاریان لەسەر کراوە، بەڵام لە فیلمدا کە هونەرێکی کەم تەمەنە هێشتا کاتی زۆری بۆ تاقیکردنەوەکان ماوە. لە شێوە ساختمانی "سەفەر" دا لازم نییە کێشە هەبێ. چیرۆکەکە پێویستی بەوە نییە کە بەرەو

تەقینەوەی کێشەیەک بڕوا، یان ئامانجێکی دیارکراوی لە کۆتاییدا هەبێ. "سەفەر" دەتوانێ کۆتایی نەبێ و پێویستی بە هەڵکشانی درامایی نییە. گەرچی دەتوانێ بە ناخداچوون و جووڵانەوەی بەرەوپێشی هەبێ.

سەفەری جۆربەجۆر هەیە، وەکوو فیلمی پاڵەوانی، فیلمی جادەیی، ئێپیزۆد فیلم (فیلمی بەش بەش) و دەیان شێوازی دیکە وەکوو شاعێرانە، زنجیرەیی و...

لە شێوەی سەفەردا دەکرێ یەک بابەت نەبێ کە هەموویان پێکەوە گرێ بدا. لۆژیک و هەڵکشانی پلێکانی نەبێ. دیمەن بە دوای دیمەندا لازم نییە لێک گرێ بدرێن و پێکەوە شتێک پێک بێنن. کەوابوو ئەگەر گەلاڵەی ناوەرۆک بابەتەکان پێکەوە گرێ نادا، دەبێ گەلاڵەی گێڕانەوە لێکیان بهاڵێنێ. لە سەفەر دا چیرۆکبێژەکە دەتوانێ ئاشکرا بێ. بینەر هەستی پێی بکا، بەڵام سەربەخۆیی و ناوبەین راگرتنەکەش رەچاو بکرێ. لەم شێوە، ئینگمار بێرگمەن، ئەمیر کۆستاریکا، ئاندرەیی تارکۆفسکی، پیتر واتکین و ژان لوک گۆدار کەڵکیان وەرگرتووە.

دەکرێ بینەر کەم یان زۆر بزانێ کە کەسێک خەریکە بۆی دەگێڕێتەوە، بەڵام لە شێوەی "کێ سەردەکەوێ"-چیرۆکدا، چیرۆکبێژەکە بە تەواوی شاراوە دەبێ و وا دیارە کە ئەوەی کە لەسەر شاشە دەقەومێ هەر ئێستا روو دەدا. کەس نابێ خۆی لە نێوان هەست ونەستی بینەر باوێ و رەوتی زەینی لێک بپچڕێ.

لە شێوەی "کێ سەردەکەوێ"دا ئەوە گەلاڵەی ناوەرۆکە بڕیار لەسەر چۆنیەتی گەلاڵەی گێڕانەوە دەدات، چ بە گشتی و چ لە وردەکارییەکاندا. لەوێ چەرخینی دراماکە بڕیار دەدا لە کوێ وێنەی نزیک هەبێ و لە کوێ دوور بکەوییەوە. مەبەست ئەوەیە کە نابێ بە دواداچوونی چیرۆکەکە ناوبڕی تێ کەوێ.

شێوەی سەفەر بە دەگمەن پێشوازی لێی دەکرێ. من پێم وایە بۆیە زیاتر دژایەتی لەگەڵ دەکرێ کە چوارچێوە کلاسیکییەکە دەشکێنێ. چ بە شێوەی رەخنە، چ لە بەر نەزانین. تۆ وەکوو نووسەری سەناریۆ دەبێ بۆ خۆت روونی بکەیەوە کە چ شێوەیەک هەڵدەبژێری و بابەتەکەت بۆ کام شێوە شیاوە. دەنا ئەگەر شێوەی هەڵە، یان تێکەڵ بەکار بەری لە بەرەوپێشچوونی سەناریۆکەتدا تووشی لێکدانەوەی هەڵە دەبێ.

ڕەنگە پێت وابێ شێوەیەکی جیاوازی "سەفەر" بەکار دەبەی بەڵام لە ڕەوتی کاردا شێوەی سێ کوچکەی کلاسێک دادەڕێژی.
هیچ ئامانجێکی خۆبەخۆ لەم یا لەو شێوەدا نییە. پێت وانەبێ ئەگەر شێوەیەکی جیاواز هەڵبژێری کارەکەت "جوانتر" دەبێ. بەڵکوو هەر چیرۆکێک دەبێ بێچمی تایبەتی و شیاوی خۆی وەرگرێ. دوواتر دێمەوە سەر ئەم باسە.

**چاوهەتەری گشتی، نیومەتر مەودا، وێنەی نزیک**

بە چ شێوەیەکی دیکە دەتووانی چیرۆکەکەت ڕێک بخەی؟ ئایا هەوڵ دەدەی ئەو شتەی کە بۆی دەچی بەدەستی بێنی؟ ئەو شتەی کە یارمەتیت دەدا ئاستی گێڕانەوەکەت دیاری بکەی ئەمانەن!

چۆنیەتی پەیوەندییەکان، چەندی مەودای نێوان نووسەر و کاراکتێرەکان و چیرۆکەکە. هەوڵ بدە دیاری بکەی کە چیرۆکەکەت لە کوێیەوە دەست پێدەکەی! یا خۆ بە ئاگاییەوە نێوانەکە کەم و زیاد دەکەی؟

"سەلما لاگرلۆف" نووسەری گەورەی سویدی دەڵێ: ئێمە دەبێ هەڵبژێرین لە کوێیەوە دەست پێدەکەین. لە پێشدا لە دوورەوە مرۆڤەکە تەواشا بکەین. دنیاکەی بسووڕێنین و لە هەموو لایەکەوە چاوی لێی بکەین، هەمووی لە چاوهەتەرێکدا. دووایە لە نزیکەوە، لە نیومەترییەوە لە دووی کەوین. ئەمە دەبێتە چیرۆکێکی دیکە. سێهەم بچینە ناخییەوە. ئەمە دژوارترینە، کەمتر ئاسوودەیە. بۆیە هیچکات نابێ مرڤێکی نیوەکارە چێ بکەین. دەبێ گوێ بە دڵیەوە بنێین و ریتمی ترپەی دڵی بنووسینەوە. بچووکترین جووڵەی سەروچاوی ببینین و بەتەواوی بیهێنینە وێنەی نزیک.

یانێ سێ شێوە هەیە. چاوهەتەری گشتی، نیومەتر نزیک، یان وێنەی نزیک. ئەم سێ شێوە دەکرێ لە هەر دوو جۆرە گێڕانەوەکاندا "کێ سەردەکەوێ و سەفەر" بەکار بهێنرێ.

چاوهەتەری گشتی بەو مانایە نییە کە ئەتۆ تەنیا لە دوورەوە دەیبینی، بەڵکوو بەو مانایە کە چۆن دەست پێدەکەی و لێی نزیک دەبییەوە. ئەتۆ دەتەوێ کام وێنە، دوور، نیوە، یان نزیک، هەڵبژێری؟ چاوهەتەری گشتی یانێ پێویست نییە لە پێشدا یەکێک لە کەسایەتییەکان

بکەیە ئامانج و لە دووی کەوی. لە باتی ئەوە شەو و رۆژێک بە نێو شارێکدا بگەڕێ بۆ دەستنیشان کردنی کات و جێگا. بێگومان بە دانانی کەسەکانەوە، بەڵام نە بە فراوانی. چوونەپێشەوە بە گشتییە نەک لە بەسەرهاتی تاکە کەسێکدا. یەکێک لە دەرهێنەرە بەناوبانگەکانی ئەم شێوە کارە فدریکۆ فلینی ئیتالیاییە.

رەنگە دەبێ گێڕانەوەکەت هێندێک لەگەڵ کەسەکان و چیرۆکەکەدا مەودای هەبێ. هەڵبژاردنی نیومەتر مەودا، یانێ تۆ نەختێک لە دەرەوە بە شوێنی کەسایەتییەکانتدا دەڕۆی. پێویستیت بە باوەڕێکی تەواو بە چیرۆکەکە نییە. پێویستیت بە وێنەیەکی دەرونی تاکە سەرکییەکە نییە. هەم کەسەکە و هەم چیرۆکەکە بە تەواوی ریالیستی نین. تاکەکان و چیرۆکەکە لە دنیایەکی راستەقینەدا تەسویر دەکەی. کایە دەکەن، گاڵتەچین، یان پڕن لە خۆشەویستی، ئەمانە لە هەلومەرجەکەدا نیشان دەدەی. پلە و ڕادەی جیاواز بۆ هەڵکشانی چیرۆک هەیە. هەر لە جۆری کارتۆنەوە هەتا کۆمێدی سووک بە کەسایەتییەکی ناقۆڵاوە. ئەتۆ دەتووانی کاراکتێری تاکەکان دابنێی. شۆخ بن، ناوچاوگرژ بن یان ئەڤیندار بن. سەلما لاگرلۆف دەڵێ: دژوارترین شێوە ئەوەیە بچیتە ناخی کەسەکەوە. یانێ لە نزیکەوە بیبینی، بەڵام هەڵکشانی چیرۆکەکە کەمتر دژوارە. لە فیلمدا خۆ لادان لەوە کە کەسێک چ بیر دەکاتەوە هەم بوێری دەوێ هەم زیرەکییەکی زۆر.

گومانی زۆر لەسەر ئەو شتانە هەیە کە سروشتی نین. زۆر کەس سەناریۆ بە چاویلکەی "ناتورالیستی" (سروشت گرایی)یەوە دەخوێننەوە. جێگای داخ دەبێ ئەگەر شتەکان بەگوێرەیەک نەبن کە دەبووا ببا. ئەگەر درامایەک کە دەبووا بە شێوەیەکی دەروونی قووڵ نووسرابا، ببێتە کۆمێدییەکی سووک، دیارە هەڵەیەکی گەورەیە. لە شانۆ و ئەدەبیاتدا ئەم کارە کراوە، بەڵام فیلم هێشتا هۆنەرێکی لاوە و ئەوەندە نەچووەتە پێشەوە.

کاتێک لە فۆرمی هەڵکشان بەرەو لووتکە کەڵک وەردەگری، دەبێ لۆژیکی دەروونی ئەو هەڵکشانە نیشان بدەی و تۆ وەکوو نووسەر دەبێ بزانی بەرەو کوێ دەچی. راستییەقینەکان لە فیلمدا زیاتر خۆیان نیشان دەدەن هەتا لە شانۆ و شانۆی رادیۆییدا. لەوێ ئاکتەرێک دەتووانێ بڵێ من کەسێکی پێنجساڵەم و لە ئۆکراین دەژیم. بینەر لێی قبوڵ دەکا، بەڵام لە فیلمدا دژوارە ئەم جۆرە کایە بە کات و جێگا بکرێ.

فیلم لەگەڵ ژینگەی کەسایەتییەکان پەیوەندی هەیە و دەبێ هەست پێ بکرێ. لە فۆرمی هەڵکشاندا دەبێ هاوسەنگییەک لە نێوان دژ و لەگەڵ و سروشتدا، هەبێ.

دەرهێنەرێکی نۆروێژی لە فیلمەکانیدا توانیویەتی بە باشی لەم شێوە کەڵک وەرگرێ. ئەو لە فیلمێکیدا توانیویەتی بێکاری مۆدێرن تەسویر بکا بە بێ ئەوە بکەوێتە داوی ریالیسمی هەرزان. چیرۆکێکی سادە و راستەوخۆی هەیە. پیاو و ژنێک کە هەردوویان کارەکەیان لە دەست داوە پەیوەندی پێکەوە پەیدا دەکەن. هەردووک دابڕاو و شەکەتن، بەڵام وەکوو هەر مرۆڤێکی دیکە پڕن لە خۆشەویستی. تراژێدی تێکەڵ بە کۆمێدی دەبێ. زۆر جار لە تەسویرێکی دووردا، لە جێگایەکی ریالیستیدا تێکەڵ دەبنەوە. راستییەکە ئەو بێکارییە بێ بەزەییانەیە، بەڵام ئەو بە یارمەتی دەوروبەر، بایەخ دەدا بە دیمەنی تایبەتی کەسایەتییەکان و ژیانیان وەبەر دێنێتەوە.



بۆ ئەوە کە مرۆڤێک بە ناتەواوی نیشان نەدەین، دەبێ بچینە نزیکەوە، بچینە نێو دەروونی سروشتییەوە. بۆ ئەوە کە بینەر خۆی لە کەسایەتییەکاندا ببینێتەوە، ئەوەندە لێی نزیک بینەوە کە بینەر بچووکترین جووڵەی سەروچاوی ببینێ. هەر وەها کە دەنگ و رەنگ و بێدەنگی هەست پێ دەکا. ئەم شێوە نزیکبوونەوە دەتوانێ هەم لە شێوە گێڕانەوەی "کێ سەردەکەوێ"دا بەکار ببرێ هەم لە شێوەی "سەفەر"دا. بێرگمەن دەرهێنەری بەناوبانگی سویدی لەم شێوە کەڵکی وەرگرتووە.

دیارە هەموو کاتێک دەکرێ ئەم سێ شێوە پێکەوە تێکەڵ بکرێن. تەنیا ئەوەندەیە کە تۆ دەبێ ئاگادار بی و بزانی چۆن و لە کوێ ئەو کارە دەکەی. ئەگەر هەڵە بکەی کێشەت بۆ ساز دەبێ. ئەگەر تۆ بە نزیکبوونەوە و تەسویری دەروونی لە کەسایەتییەکە دەست پێ بکەی و دووایە لێی دوور بییەوە یان بیکەی بە گاڵتە، ئەوە بینەر پێی وادەبێ کە زۆر دەستکردە.

دەبێ هونەرمەندانە و ئاگایانە بکرێ و بهێنرێتەوە جێگای خۆی کە بینەر بتوانێ لەگەڵی بڕوا و لێی جوێ نەبێتەوە. زۆر خەستی نەکەی و تام و خوێ زۆریشی نەدەیێ.
کەوابوو لە کاتی دارشتنی ژێربینای چیرۆکەکەتدا هاوکات لەگەڵ ئەوە کە دیاری دەکەی چ شێوە گێڕانەوەیەک هەڵدەبژێری دیاریش بکە لە کوێیەوە دەست پێ دەکەی.

**وێنەی سەرەکی**

پەیداکردنی هاوسەنگی لە نێوان بێچم و ناوەرۆکدا ئاسان نییە. شێوەیەکی گونجاو ئەوەیە کە بۆ هاوسەنگ کردنی بێجم و ناوەرۆک وێنەیەکی سەرەکی لە چیرۆکەکەدا ببیندرێتەوە. دەکرێ هەلومەرجێکی ناوەندی، دیمەنێک یان تەک وێنەیەک بێ کە گرنگی هەبێ بۆ ئەو شتەی کە دەتەوێ بیگێڕییەوە. لە نزیکەوە تەواشای ئەو وێنە بکە. ئەوەندە کە دەکرێ لێکی بدەوە. هەتا هەموو وردەکارییەکان دەنووسییەوە. لە رووناکییەوە بگرە هەتا دەنگ و رەنگ و دێکۆر و وتووێژ و خۆدەرخستنی کەسەکان و تەنانەت گۆشە نیگای کامێرا. لە وێنەی سەرەکیدا زۆر پرسیار دەردەکەوێ و وەڵام دەدرێتەوە کە دەتووانێ پرسیاری هەموو فیلمەکە بێ. هەر وەها ریتم و هەوای فیلمەکەی تێیدا دەردەکەوێ. لە وێنەی سەرەکیدا ئەو ئیمکانە دروست دەبێ کە بزانی چیرۆکەکە لە چ جۆرە فیلمێکدا خۆی دەبینێتەوە.



لە یەکێک لە چیرۆکەکانمدا کە کراوە بە زنجیرە، زۆر بیرم دەکردەوە وێنەی سەرەکی چ بێ؟ ئاخری دیمەنی خۆ کوشتنی کەسە سەرەکییەکەم نووسییەوە کە زوو پەشییمان دەبێتەوە. لەگەڵ دیمەنێک کە لەنێو کۆمەڵێک خەڵکدا دایکی دانیشتووە و شانازی بە ئەم دەکا. ئەو دوو دیمەنە بوونە ناوەندی رێنوێنی بیست حەڵقە زنجیرە.

جاری وایە وێنەی سەرەکی ئەوەندە روون و ئاشکرا و باشە کە ناکرێ لە فیلمەکەدا بەکار ببرێ، بەڵام نووسینەوەکەی رێنوێنیکەرە بۆ زنجیرەیەک لە ئایدیا سەبارەت بە رووناکی و دەنگ و قەوارە و هتد...

**سەناریۆیەکی باش:**

*سەناریۆیەکی باش شتێکی نائاساییە.*

*سەناریۆیەکی باش دەستبەجێ دەناسرێتەوە.*

*سەناریۆیەکی باش پێشنووسێکی روونی هەیە. دەتووانێ لە سەر هەر بابەتێک نووسرابێ، ئەوەی کە ئایدیایەکی باشی هەیە بەو مانا نییە کە سەناریۆیەکی باشە. هەموو شتێک پەیوەندی بە چۆنیەتی گێڕانەوەوە هەیە.*

*سەناریۆیەکی باش هەر لە دەستپێکەوە سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ و هەتا ئاخر لەگەڵ خۆی دەبا.*

*سەناریۆیەکی باش روون کردنەوەی تەواو و وتاری پڕ مانای هەیە. بە هەرشێوەیەک دەکرێ نووسرابێ، تەنانەت بە شێوەی چیرۆک، بەڵام نابێ هیچ شتێکی سەبارەت بە کاری کامێرا تێیدابێ.*

*سەناریۆیەکی باش بە دەگمەن وتاری دەروونی قووڵی تێیدایە، ئەو جۆرەی کە زۆربەی سەناریۆ نووسەکان ئارەزووی دەکەن.ماندووت دەکا چوونکە زۆر جار دەگاتە شتی وا قووڵ کە دەتەوێ بڵێی بریا کەسایەتییەک وای گوتبا، بەڵام کاتێک دەبێتە فیلم تەنیا چوونە پێشەوەی چیرۆکەکەیە کە حسابی بۆ دەکرێ.*

*بەکورتی سەناریۆیەکی باش چیرۆکێکی باش گوتراوەیە. دنیای چیرۆک روونە. یەک یا دوو کەسی زۆر دیاریکراوی هەیە لەگەڵ یەک دوو کێشەی زۆر ئاشکرا. کەسەکانی دیکە و کێشەکانیان تەنیا ئاوێنەی کێشە و کەسە سەرەکییەکەن و یارمەتی ئەوان دەدەن. هەر دیمەنێک پرسیارێک دەکا و زۆر جار وەڵامێک و هەموو کاتێک دەبێ بەرەوپێش بڕوا.*

*چۆن سەناریۆیەکی باش دەنووسرێتەوە، من نازانم. بێ گومان بە ژمارەی نووسەرەکان شێوەی جۆربەجۆر هەیە، بەڵام ئەوە دەناسمەوە کە کاتێک دەست پێ دەکەی، نازانی لە کوێ کۆتایی*

*پێ دێ. ئەوەش دەناسمەوە کە سەناریۆیەکی باش بە یەکجار نووسراوەتەوە، بێ ئەوە کە دووبارەنووس بکرێتەوە. زۆر جار.*

**"لیزا ئۆهلین" دەرهێنەر**

@@@@

## ٣- لە هەڵبەستنی چیرۆکەوە بۆ سەناریۆ

### چەند ئامرازی کار

ڕەنگە هەموو سەناریۆ نووسێک پێویستی بەم ئامرازانەی کە باسی دەکەم هەبێ.

هێندێ کەس باهۆش و پشکێنەرن، لەگەڵ ڕێز بۆ ئەوانە، کەسانێک هەن کە ناتووانن بنووسن مەگەر گەلاڵەیەکی ڕێنوێنیکەریان، لەبەردەستدا بێ. هەرچۆنێک بتەوێ کار بکەی دەبێ ئاگادار بی کە ڕاگرتنی هێڵی سەرەکی لە سەناریۆدا دژوارترە لە ڕۆمان. سەناریۆ گەلاڵەیەکە بۆ کارێکی هۆنەری. یانێ زمانێکی وشکی هەیە کە ناکرێ زمان بکەیە پاڵپشتی کارەکەت. فیلم کارێکی هۆنەری بەکۆمەڵە. زۆر لاین هەیە کە دەبێ بیری لێی بکەیەوە. زۆرجار چاودێری کردنی هەموو لایەنەکانی کارەکە لەبیر دەکرێ. لە لایەکی دیکەوە هێندێ ڕوانگەی تەکنیکی هەیە کە ناکرێ بەردەوام ڕابگیرێ. پێویست نییە فیلمەکە بە شێوەی باوی ڕۆژ بێ.

هەرچۆنێک بێ، لەم بەشەدا چەند ئامرازێکی کار دەگوترێتەوە کە یارمەتیت دەدا چیرۆکەکەت ڕێک و پێک داڕێژی، چاودێری هەمەلایەنە بکەی و بەردەوامی ڕاگری.

## هەڵبەستنی چیرۆک

یەکێ بوو، یەکێ نەو... ڕۆژێ لە ڕۆژان..... بەم سادەییە چیرۆکەکان دەستیان پێدەکرد. ئەتۆش دەبێ هەر بەم سادەیی و ئاشکراییە ژێرخانی چیرۆکەکەت دارێژی. چ کاتێک لە ڕەوتی نووسینەکەدا هێڵە سەرەکییەکە، کە وەکوو مرۆخانەی پشتە دەنووسییەوە؟ ئەتۆ هەتا ئێستا بیری زۆر زیندووت بۆ هاتووە. بەشێکی زۆر لە کۆکردنەوەکانت بە ئەنجام گەیاندووە. فۆرمی زمانی چیرۆکەکەت دەست پێ کردووە و ئێستا دەبێ پەلە بکەیی و ژێربینای چیرۆکەکەت دارێژی. ژێربینایەک کە دەبێ بینایەکی گەورەتری لەسەر بکرێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئیتر ناگۆڕدرێ. هیچ کەس ناتووانێ هونەر و ئەڤین قفڵ بکا. ئەتۆ ناتووانی بە دەستی کەلەبچە کراو چیرۆکێکی زیندوو چێ بکەی. ئەمەش بەو مانا نییە کە لە سەر زەوینێکی لەرزۆک ژێربیناکەت دابنێی. هەموو کاتێک هەتا کۆتایی ڕەوتی کارەکە، تاقیکردنەوەکان بەردەوام دەبن. کەم و کورییەکان لە کاتی نووسیندا دەرناکەون بەڵکوو لە کاتی تۆمارکردندا خۆیان نیشان دەدەن. ئەوکات هەم داخی گرانە و هەم پارەیەکی زۆری تێدەچێ.

کاتێک جیرۆک هەڵدەبەستی، دەبێ بۆ خۆت ڕوون کەیەوە کە ئایدیای ناوەندیت چییە؟ دیاری بکە چ شتێک لە ڕادەی یەکەم و دووەمدا گرینگە و چ شتێک زۆر گرینگ نییە.

بەسە کە کورتەیەک لە نیو لاپەڕەدا بنووسیتەوە و کاتەکەشی لە ڕابردوودا بێ.

نموونە: " ڕۆژێک لە ڕۆژان پیاو و ژنێک هەبوون کە شەوێک لە داوێنی کێوێکدا مابوونەوە. بە پەلەبوون داڵدەیەک پەیدا بکەن چوونکە ژنەکە ژان دەیگرت. هاتن هەتا گەوڕێکیان دیتەوە. منداڵەکە لە ئاخوڕێکی چکۆلەدا هاتە دنیا. زۆر کەس چاوەڕوانی بە دنیاهاتنی ئەم منداڵە بوون، بەڵام نەک ئەوانەی کە دەسەڵاتداری وڵات بوون...هتد [ئەمە چیرۆکی بەدنیاهاتنی مەسیحە]

ئێستا ئەتۆ دەتەوێ دووبارە بیگێڕییەوە. هەنگاوێک بکشیەوە و بە گشتی لە مەودایەکی زیاترەوە سەیری بکە. ئەوکات ڕوونتر هەلومەرجەکە و بەرەوپێشچوونی چیرۆکەکە دەبینی. بزانە کەم کوڕیی هەیە یان باشە. نووسینی چیرۆک بە شێوەی کۆن دەتووانێ کەم و کووڕیی زۆر بێ، بەڵام ڕەنگە لە شێوەی گێڕانەوەدا گیر بکەی. نووسینەوەی چیرۆک بەم شێوە تەنیا

بۆ کارئاسانی و روونکردنەوەی ئەو ڕێگایە کە دەبێ پێیدا بڕۆی. هەڵبەستنی جیرۆک کە (pich)یشی پێی دەگوترێ ئامرازی یارمەتیدەرە کە هەموو کەس پێویستی پێی نییە. بەڵام ژمارەیەک لە ئێمە پێویستیمان بەو جیرۆکەیە بۆ ئەوە کە بتوانین بەو پێیە سەناریۆ یان زنجیرەکەمان بنووسینەوە.

### (pich) کورتکراوەی چیرۆک

گەڵاڵەیەکی هەرە کورتکراوەی چیرۆکەکەیە لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی. ئەمە ئامرازێکی کارە و پیویست نییە هیچ کات نیشانی کەسێکی دیکەی بدەی.
بۆ شێوە چیرۆکی "کێ دەیابتەوە" ئەم کورتکراوە ئەوەندە دەبێ کە ئاماژە بە سێ کوچکەی چیرۆکەکە بکا. چۆن دەست پێدەکا، جۆن گەشە دەکا و لە ئاکامدا چۆن سەری تورەکەکە دەبەسترێ و کۆتایی پێدی.
" منداڵێک بە نێوی مەسیح لە باب و دایکێکی هەژار لە گەوڕێکدا دێتە دنیاوە. کەسانێک پێیان وایە کە ئەو منداڵە رزگارکەری مرۆڤە. دەسەڵاتدارانی وڵات لەم پەیامە دەترسن و ئەمر دەکرێ هەموو منداڵە تازە بە دنیاهاتووەکان بکوژرێن. بەڵام باب و دایکەکە هەڵدێن. منداڵ گەورە دەبێ و دەبیتە بەرەنگارکەر و هێندێ کار دەکا. بۆ نموونە شتی رازاوە و بێ بایەخی نێو کەلیسایەک فرێ دەدات. کردەوەی باشی هەیە و خەڵک لێی کۆ دەبنەوە و لە دووی دەکەون. ئەمە لە کاتێکدایە کە وڵات بە هۆی هێزی بێگانەوە داگیر کراوە. هەم قەشەکانی نێوخۆی وڵات و هەم داگیرکەران ئەو وەکوو مەترسییەک کە ئاژاوە دەنێتەوە دەبینن. هەواڵەکانی پارێزگاری لێی دەکەن. بەڵام شەوێک یەکێک لەوان بە نێوی یەهودا خەیانەتی پێدەکا و مەسیح دەگیرێ و لە خاچ دەدرێ. سەرەڕای مردنی بیرەکەی زیندوو دەمێنێ و پەرە دەستێنێ."
کورتکراوەکە دەبێ چەند دێڕ زیاتر نەبێ- ناکرێ بڵێین چەند بەڵام هەتا دەکرێ کورت و کەم. ئەمە بۆ ئەوەیە کە هێڵی سەرەکی چیرۆکەکە ببینی، بە بێ ئەوە کە بجیتە نێو وردەکارییەکانەوە یان ووشەی رازاوە بەکار بهێنی.

کورتکراوەی چیرۆک نابێ رەمزی تێدا نووسرابێ. ئامانج و ئەخلاقی تێیدا نانووسرێ. جار وایە زۆر ئاسانە بنووسین مەبستمان چییە، بەڵام کورتکراوە تەنیا رووی دەرەکی چیرۆکە و خاڵە ئاشکراکان دەگرێتەوە. چوونکە زۆر جار خۆمان فریو دەدەین و لە راستیدا چیرۆکمان نییە بینووسینەوە و بە پێیدا هەڵگوتن پڕی دەکەینەوە. ووشەی رازاوە دەتووانێ زۆر شت بشارێتەوە. بۆ نموونە خۆکوژی لاوێک بۆ ئەوە کە بەسەر هەستە شەیتانییەکانیدا سەرکەوێ، بابەتێکی سەرنجراکێشە. بەڵام ئەگەر هەر ئەوەندە بێ روون نییە و هێشتا ئیمکانی جۆربەجۆری تێیدایە.

ئەتۆ لە کورتکراوەدا بۆ خۆتی روون دەکەیەوە کە ئایا چیرۆکێکت هەیە یان نە. یاخۆ ئەوەندە پێچ و گرێ تێیدایە کە ناکرێ لە چەند دێڕدا سادەی بکەیەوە.

لە شێوەی "کێ دەیباتەوە"دا دەبێ بڵێم دەکرێ سادە بکرێتەوە. ئەوە کێشە سەرکییەکەیە کە بنەمای کورتکراوەکە پێک دێنێ. یان لانی کەم بۆ خۆتی دەستنیشان بکەی کە چ شتێک ناوەخنی دراماکەتە. گرینگ راگرتنی بەردەوامی ئەو شتەیە کە لە سەرەتای چیرۆکەکەدا دەگێڕدرێتەوە.

هێندێ چیرۆک زۆر بەربڵاون و چەندین و چەند رێگا و شوێنێ جۆراوجۆریان تێیدایە. ئەوە کاری تۆیە کە یەیکیان بکەیە هێڵی درامایی و بە دوویدا بڕۆی. تەنانەت لە شێوەی "سەفەر"یشدا باشترە کورتکراوە چیرۆکمان هەبێ. لەوێ دەبێ هۆی سەرەکی نیشان بدرێ. وەکوو بازنەی یەک بەدووی یەکدا کە لە هاویشتنی بەردێک لە ئاودا پێکدێ. زۆر جار دەکرێ ئەو خاڵەی بەردەکەی تێکەوتووە پیشان بدرێ. ئەو خاڵە کە گێڕانەوەی فیلمەکە بە دەوریدا بازنە دەدا.

کورتکراوەیە کە ناچارت دەکا چیرۆکەکە بۆخۆت ئاشکرا بێ. چ شێوەی "سەفەر" دابنێی چ "کێ دەیباتەوە".

**(synopsis) پێشنووس.**

کۆکراوەیەکی کورت سەبارەت بە ناوەرۆک – هەرچی کورتتر، باشتر.

کورتکراوەیەکی فیلمەکە. شتێک لە نێوان چیرۆک و سەناریۆدا. بەڵام زۆر لە (pich) زیاتر. لە پێشنووسدا دەتووانی گەڵاڵەی ناوەرۆک باس بکەی (کێشەی سەرەکی و کێشە لاوەکییەکان). گەڵاڵەی گێڕانەوە و کەسەکان. لێرە تەنانەت جێگا بۆ هێندێک باسی دەروونی کەسەکان و روونکردنەوە لەسەر ناوەرۆک هەیە. لە پێشنووسدا پێویست نییە دیمەنەکان یان چۆنیەتی ریزکردنیان بنووسرێ. ئەو شتێکە کە دوواتر لە (treatment) داڕشتندا دەتووانی بیکەی. نووسینی گوتەکان و دێکۆر و وێنەش پێویست نییە. دەکرێ بە وشیارییەوە یەکێک لە دیمەنەکان لەگەڵ گوتار بنووسرێتەوە بۆ هەبوونی نموونەیەک هەتا خوێنەر چۆنیەتی کارەکە تێ بگا. پێشنووس دەبێ تێکپەستاو بێ. بۆ فیلمێکی ئاسایی ۹۰ خولەک پێنج هەتا حەوت لاپەڕە بەسە.

**باشی و خراپی پێشنووس چییە؟**

پێشنووس بۆ فرۆش بە شەریکەی فیلم یان پەسندکردنی لەلایەن دەزگایەکەوە بەکار دێ. دیارە ئەو کەسە کە پارە دەدا لە لایەکەوە دەبێ بزانێ فیلمەکە چۆنە و لە لایەکەوە کاتی بۆ خوێندنەوەی هەموو سەناریوەکە نییە و بگرە بشی خوێنێتەوە سەری لێ دەرنەکا. زۆر جار پێشنووسەکە زۆر پەلەی تێدا دەکرێ. یانێ پێش ئەوەی رەوتی کۆکردنەوە تەواو بووبێ یان بێچمی چیرۆکەکە بەتەواوی لە لای نووسەرەوە روون بووبێتەوە، پێشنووسەکە دەنووسێتەوە. بۆیە پێشنووسەکەی وشک و بێ گیان دەبێ. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە زیاتر وەڵامی پرسە ئابوورییەکانی تێدایە هەتا هۆنەرییەکان. من بۆ خۆم پێشنووسم نووسیوەتەوە کە زمانی رازاوە بووە، بەڵام بیرەکەی تەواو نەبووە. تەنیا باش هەڵم پێچا بوو و پارەشم بۆ وەرگرت کە دوواتر سەناریۆکەی بنووسمەوە. دیارە ئەمە زۆر دژوارە و رەنگە دوواتر نەکرێ بەباشی ناوەرۆکەکە دەربهێنرێ. ئەو دەم تەنیا ئەوانیترمان فریو نەداوە بەڵکوو کلاومان لەسەر خۆشمان ناوە. من خۆم بەسەرم هاتووە، کە دانیشتووم دەست لە ژێر چەنە و بیرم کردووەتەوە ناکرێ ئەم پێشنووسە گەشەی پێ بدرێ. تەنیا قاڵبێکی جوانە و هیچ ژیانێکی راستەقینەی تێیدا نییە.

زۆر لە سەناریۆنووسان لە پێشدا سەناریۆیەکی ڕەشنووس دەنووسنەوە و لەودووا پێشنووسەکە دەنووسنەوە.

بۆ نووسینی پێشنووسێک کە لەوێ نە درۆ لە گەڵ خۆت بکەی و نە لەگەڵ ئەوانیتر چەند مانگ کار و بیرکردنەوەی دەوێ. نووسینی پێشنووسێکی دروست بە مانای ئەوەیە کە تۆ نیوەی کارەکەت کردووە و ژێربینای چیرۆکەکەت داڕشتووە. دوواتر بەردەوامی کارەکە ئاسان دەبێ.

لێرە وەکوو نموونە یەکەم لاپەڕەی پێشنووسێکی حەوت لاپەڕەیی دەنووسینەوە.

"کاتی و میکاییل تازە منداڵیان بووە و لە زاینگە دان. ماریا دەبینن کە لە قەرەباڵغی جێژنی لوسیا کەڵک وەردەگرێ لە دەست پۆلیس هەڵدێ چوونکە پەنابەری قاچاخە. دوواتر کاتی و مامانەکە ئینگرید، تێدەگەن کە ماریا منداڵە تازە بەدنیاهاتووەکەی لە نیو بێشکەکەیدا شاردووەتەوە و بەجێ هێشتووە. کاتی بە یارمەتی ئینگرید منداڵەکەی ماریا لەگەڵ



منداڵەکەی خۆی بە قاچاخ لە زاینگە دەباتە دەرێ. ئینگرید لە لایەن پۆلیسەوە دەکەوێتە ژێر پرسیار بە تۆمەتی ئەوە کە پارەی وەرگرتووە بۆ یارمەتیدان بە خەڵکی قاچاخ.

ئێستا کاتی و میکاییل بە دوو منداڵەوە کە یەکیان قاچاخە دەبێ ژیانی ڕۆژانە بەسەر بەرن. کارەکان و پێشەوەچوونی تراژێدی-کۆمێدی هەلومەرجەکە دژوار دەکا. ئەوان پێوەندی بە ئێنگریدەوە دەکەن، بەڵام ئەو لەژێر چاوەدێری پۆلیسدایە و ناتووانێ منداڵەکە بباتە لای خۆی. ئەو پێناسەیەکی مزەوەری بۆ منداڵەکە دروست کردووە کە لەوێ کاتی دایکی منداڵەکەیە. بەڵام کاتی و میکاییل نایانەوێ منداڵەکە هەتا کاتێکی نادیار ڕاگرن. چوونکە ئینگرید دەزانێ دایکی منداڵەکە لە کوێ خۆی شاردوەتەوە، ئەوان داوای لێدەکەن کە

پەیوەندی پێوە بکا. ئینگرید بە نابەدڵی و خۆپارێزییەکی زۆرەوە میکاییل دەباتە شوێنی ماریا کە لەگەڵ خەڵکێکی دیکەدا لە ژێرخانی کەلیسایەک خۆیان حەشار داوە.
پێکەوە پلان دادەنێن کە چۆن منداڵەکە بدەنەوە دایکی. لە ناکاو پۆلیس دەڕژێتە نێو ژێرخانەکە. قەشە لاوەکەی کەلیسا بەرەنگاری دەکا. لە بگرە و بەردەدا ، ماریا و ئینگرید و میکاییل و دوو لاوی بێ باب و دایک دەڕۆن لە نێو کەلیساکەدا خۆیان دەشارنەوە و لەوێوە دەبینن کە چۆن خەڵکەکەی دیکە سوار دەکەن و دەیانبەن."

### کورتە پێشنووس

نەبوونی کات لەعنەتی دەورانی ئێمەیە. بۆیە دەبێ پێشنووسی کورتیش هەبێ. بۆ خوێندنەوە لە لایەن بەرهەمهێنەرەوە یان ئاکتەرەکانەوە کە دوواتر هەموو پێشنووسەکە بخوێننەوە. کورتە پێشنووس نابێ لە لاپەڕەیەک زیاتر بێ.
بۆ نموونە ئەو چیرۆکەی سەرەوە لە کورتە پێشنووسدا بەم شێوەی خوارەوە دەبێ:
کاتی ومیکاییل دەڕۆنە زاینگە کە منداڵەکەیان لەوێ بێتە دنیا. ئەوان دەیانەوێ ژیانێکی ئارام و لەسەرەخۆیان لە ماڵێ هەبێ. لە زاینگە کاتی و ژنێکی پەنابەری قاچاخ بەناوی ماریا لەژوورێک دەبن. کاتی یارمەتی ماریا دەدا لە باری زمانەوە. لەناکاو پۆلیس دێتە نێو زاینگە کە ماریا ببا. هۆکەی دیار نییە. کاتی ووشەی تروریست و قاچاخ دەبیسێ. ماریا بڕیارێکی زۆر خەیرا دەدا و لە پەنجەرەی قاتی سێهەمەوە دەردەپەڕێ و بە نێو پۆلیسەکاندا خۆی دەرباز دەکا. ئەو منداڵەکەی لە زاینگە لەژێر بەتانییەکدا شاردووتەوە. لێرە کاتی بڕیار دەدا کە منداڵەکەی ماریا بە قاچاخی بەرێتە دەرێ. لەم کارەدا یارمەتی لە ئینگرید (مامانی زاینگەکە) وەردەگرێ. لە دەرێ میکاییل رازی دەکا کە ماریا و بابی منداڵەکە بدۆزێتەوە. لەگەڵ ئینگرید و ئێریک کە سەربازی پێشووی (FN)بووە، لە باب و دایکی منداڵەکە دەگەڕێن. لە گەڕانەکەدا میکاییل و کاتی لێک دادەبڕێن و بەناچار دەکەونە نێو بەشی ناشناس و پڕ تەنگ و چەڵەمەی سویدەوە. زۆر دوور لەو خەونەی کە چەند رۆژ پێشتر سەبارەت بە ژیانێکی نێو ماڵی ئاسوودە هەیانبوو.

## گوتنی (pich) کورتکراوە

هۆی ئەمەش هەر کەمی کاتە. ئەتۆ وەکوو نووسەری سەناریۆ دەبێ بتوانی چیرۆکەکەت لە پێنج خولەکدا بۆ بەرهەمهێنەر یان کەسانی دیکە بە شێوەیەک باس بکەی کە هەم تێی بگەن هەم پێیان باش بێ. یان لانی کەم قبوڵ بکەن کە سەناریۆکەت بخوێننەوە. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هۆنەری گێڕانەوەی تۆ. سەرەڕای ئەوەی کە پێم وایە نەدەبووا ئەم گێڕانەوە پێویست بێ، جاروبار باشییەکی هەیە. بە تایبەت ئەو کاتەی کە دەبێ لە نووسینی سەناریۆدا هاوکاری بکرێ. ئەمە دەبێتە هۆی بەرگریکردن لە زۆر دمەقاڵە و لێک تێنەگەیشتنی دوواتر. تەنیا ئەو مەترسییە هەیە کە ووشەکان و هەست نواندن بیکاتە شتێکی تاکەکەسی و لە راستییەکەی دوور بخاتەوە.

ئەگەر دەتەوێ کورتەیەک بۆ کەسێک بگێڕییەوە چەند شت لەبیر مەکە:

یەکەم، بۆ چ کەسێکی دەگێڕییەوە و مەبەستت لەو گێڕانەوە چییە؟ ئایا بەرهەمهێنەر یان نوێنەری ئەوە و دەتەوێ پێی بفرۆشی؟ لێرەدا دەبێ کورت و بە زمانی وێنە فیلمەکەت باس بکەی. بە بێ فێڵ و تەڵەکە هەلومەرجی نێو فیلمەکە و رەنگە چەند دیمەنێک گرینگ لە فیلمەکە بگێڕییەوە. دەتووانی یەک یان دوو نموونە گوتاریش بۆ خۆش کردنی گێڕانەوەکەت بخەیە پاڵی، بەڵام لە هەموو گرینگتر، کاراکتێرەکان بە شێوەیەکی زیندو و سەرنجڕاکێش بنوێنە. هەوڵ بدە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی فیلمەکە باس بکەی. دەتووانی لە چەند تایتڵی روون یارمەتی وەرگری. دەستنیشان بکە چ ئامادەییەکت هەیە و تایبەتی و جیاوازی تۆ و پرۆژەکەت لە چ دایە. لە ئاخرەوە لە بیرت نەچێ نێوی فیلمەکەش بڵێی.

بە چ جۆرێک دەتووانی بۆ دیدارێکی دیاریکەر لەگەڵ دەرهێنەردا خۆت ئامادە بکەی؟ دەبێ بۆ خۆت روون بێ کە بۆ ئەم چیرۆکەت هەڵبژاردووە. بۆ تەنیا ئەتۆی کە شیاوی بۆ لێکدانەوەی چارەنووسی کەسایەتییەکان. هەروەها لە لای خۆتەوە وەڵامی هێندێ پرسیار بدەوە. پرسیاری وەکوو: ئەو فیلمە بۆ چ کەسانێک دەبێ و ئەوان پاش دیتنی ئەو فیلمە چ هەستێکیان دەبێ؟

لە کۆتاییدا دەتووانی تەمرین بکەی. کورتە گوتنەکەت بۆ چەند دۆست بگێڕەوە، کەسانێک کە بە رەخنەوە گوێت لێ بگرن و گوتەی جوان و رازاوە فریویان نەدا.

## (Treatment) داڕشتن

نووسینی ئەو شتە کە پێی دەڵێن (Treatment) و [پێی بڵێن داڕشتن] کارێکی زۆر دیاریکەرە. ئامانجی ئاسان کردنەوەی نووسینی سەناریوەکەیە. دژوارە دابنیشی و لەسەرەوە بۆ خوارێ سەناریۆی فیلمەکەت بنووسی. بە هاسانی روانگە گشتییەکە لەبیر دەکەی و لە وردەکارییەکاندا گیر دەکەی. لە داڕشتندا دەبێ بە روانگەیەکی گشتییەوە ئەو شتانەی کە لە دەورەی کۆکردنەوەدا کۆت کردوونەتەوە، ریزیان بکەی و رێکیان بخەی. ئەوانەشیان کە لەگەڵ چیرۆکەکەتدا جۆر نین لایان بەی. لەم بەشە لە کارەکەتدا رووداوەکان و کەسەکان پێکەوە گرێ دەدرێن.

لە داڕشتندا مادده خاوەکانت رێک دەخەی و نەخشەی ساختمانەکەت دەکێشی. لە دیمەنەوە بۆ دیمەن، لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی چیرۆکی فیلمەکەت ساز دەکەی. لە راستیدا کورتە کۆپییەک لە سەناریۆەکەت دەنووسییەوە.

لە داڕشتندا پێویست نییە گوتەکان یان وردە دیمەنە جیاجیاکان بنووسرێ. ئەتۆ دەتووانی لێکی بدەیەوە کە لەباری دەروونییەوە بۆچی کاراکتێرەکان ئەو کارانە دەکەن. دوواتر لە سەناریۆی کۆتاییدا بە کردەوە ئەو هەستە دەروونییانە دەنوێنن. داڕشتن بە کاتی ئێستا دەنووسرێ، چوونکە فیلم هەمیشە لەکاتی ئێستادا روو دەدا. تەنانەت ئەگەر رووداوەکە لە رابردوودا بێ. بینەر دەبێ هەست بکا کە ئێستا لە پێش چاوی ئەو روو دەدا. هێندی دەرهێنەر لەسەر ئەمە زۆر پێ دادەگرن کە بینەر بە تەواوی هەستی ئەوەی هەبێ کە لەنێو دیمەنەکەدایە. نووسینی داڕشتن بە کاتی ئێستا ئاسانکارییە بۆ نووسینی سەناریوەکەش. چوونکە ئەویش دەبێ لە کاتی ئێستادا بێ. هەروەها لە رەوتی کاردا دەبێتە هۆی ئەوە کە لەگەڵ کاراکتێرەکانت بچیتە نێو رووداوەکەوە.

شێوەی چۆربەجۆر بۆ نووسینی داڕشتن هەیە. من بۆ خۆم مادده خاوەکان کە لە نێو کامپوتێرەکەمدایە دێنمە پێشێ. لەبەرێکەوە ئەوانەی کە زۆر هەلومەرج و دیمەنی ئاشکرایان هەیە ریزیان دەکەم، پێکیانەوە گرێ دەدەم و ئایدیای تازە دروست دەکەم و دیمەنێکی نوێ دەنووسمەوە. یا خۆ قووڵتر بە دیمەنە کۆنەکاندا دەچمەوە. ئەوکات

ووشەیەکی زۆر روون دەکەمە تایتڵ بۆ ئەو دیمەنە کە زوو بیناسمەوە و بزانم چی تێدایە. ئەمە تەنیا بۆ ئەوەیە کە لە روانینێکی گشتیدا کەوانی درامایی چیرۆکەکەم ببینم و نەچمە نێو وردەکارییەوە. هەر دیمەنێک لە بەشی خۆی دادەنێم. بەشەکانی وەکوو سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی. بەم شێوە بژاریان دەکەم هەتا بزانم هەر دیمەنێک بۆ کام بەش دەبێ. دیارە کورتە چیرۆک و پێشنووسەکەشم لەبەردەستدایە. جار وایە دیمەنێک لە جێ خۆی نییە، گۆڕانی ئاسانە و ڕێگا ئاواڵەیە.

دیمەنەکان چۆن دەبێ لەهەر بەشێکدا لەپاڵ یەکتر دانرێن هێشتا بڕیارم نەداوە. ئەمە دەبێ بە شێنەیی بکرێ. دیمەنێک یەکێکی دیکە بەهێز دەکا یان لە نێوی دەبا و بوونی زیادی دەبێ و هتد...

**سیستەمی کارت.**

بێگومان لە رەوتی ئەم کارەدا کە هەتا ئێرە هاتووە بیرم لە ساختمان کردووەتەوە، بەڵام ئێستا دەبێ بزانم ئەم نەخشە بەکار دێ یان نە؟ دەست پیدەکەم دیمەنی جیا جیا لە پاڵ یەکدا دانێم و بزانم ئاکامیان چ دەبێ. شێوەیەک کە من پێم وایە لەم بووارەدا باشە ئەوەیە کە کارتی بچوک بەکار ببرێ. بۆ هەر دیمەنێک کارتێکی بچوک دەنووسین کە تایتڵی سەرەکی پێوەیە. دووایە هەموویان لەپاڵ یەک دادەنێین. لەودووا جێگۆڕکێیان پێ دەکەین. دەتووانین هەموو ئایدیاکان بەتاقی بکەینەوە. بۆ نموونە کردنەوەی سەرەتا بە شێوەیەکی دیکە جگە لەوە کە بیرمان لێی کردبووەوە. ئەوجار کارکردی هەر دیمەنێک تاقی بکەینەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەڕاج<br>کۆبوونەوەی<br>خەڵک لە<br>مەیدان | کەژاڵ لە<br>قەتاردا<br>وێنەی زستان<br>لە دەرەوە | وتووێژی<br>جیرانان<br>یەک لەگەڵ<br>ئەوە..<br>ئەوە پیانوە | مەیدانی<br>تەڕەبار<br>چێشتخانەی<br>هۆتێل |

نووسینی داڕشتن کاری سەناریۆنووس ئاسان دەکاتەوە، بەڵام بەو مانا نییە کە بێ ئەملا و ئەولا دەبێ هەبێ. مەبەست دیتنی راستەقینەیی چیرۆکەکەیە. کە لەکاتی نووسینی سەناریۆکەدا خۆت نەخەیە گۆمێک کە نەتووانی بییەوە دەرێ. کاتێک دیمەنە جیاجیاکان

دەنووسییەوە ئاسان نییە کە ریتم و روانگەی گشتی رابگری. ئەتۆ دەبێ بە تەواوی لە نێو تاکە دیمەنەکەدا بی، بە هەموو وردەکارییەکانییەوە. هەر لەو کاتەشدا هێڵی سەرەکی چیرۆکەکەت لەبەرچاو بێ. هێندی کەس بە بێ کارت کار دەکەن، بەڵام زۆربەیان کاتێک دەگەنە کۆتایی تووشی کێشە دەبن.

چۆنیەتی بێجمی داڕشتن پەیوەندی لەگەڵ ئامانجەکەمان هەیە. ئەو سەناریوەمان بۆ چ مەبەستێک دەوێ. سفارشی تلەڤزیۆنێکە یاخۆ بەرهەمهێنەرێک. بۆ ئەوان داڕشتن هەرزانترە کە کاری لەسەر بکەن هەتا سەناریۆیەکی تەواو.

تەنانەت بۆ نووسەری سەناریۆ باشترە کە سفارشی داڕشتن وەربگرێ، بەر لەوە کە سەناریوەکە دەست پێ بکا. کە هەم گرانە و هەم کاتی زۆری دەوێ. هەروەها تۆ دەتووانی بزانی ئایا ماددە خاوەکەت بەکار دێ. ئایا هاوکاری لەگەڵ بەرهەمهێنەرەکە سەر دەگرێ یان نە؟ باشتر ئەوەیە هەرچی زووتر یەکدی بەتاقی بکەنەوە. زۆر جار مرۆڤ پێی وایە لە وتووێژدا رێک کەوتووە، بەڵام دوواتر تێدەگا کە وا نەبووە.

جارێک بەرهەمهێنەرێک بە منی گوت "دەبێ ریتمێکی زۆر توندی هەبێ" من لاو بووم و بێ ئەزموون نەم وێرا بپرسم مەبەستی چییە. لە رەوتی نووسینی سەناریوەکەدا هەر لە خۆمم دەپرسی "مەبەستی لە ریتمی توند چ بوو؟" لە کاتی وا دا هەبوونی داڕشتنێک ئەو کێشە چارەسەر دەکا. نەک ئەو هەموو کارە بۆ نووسینی سەناریۆ بکەی و لە ئاخریشەوە نەبێتە فیلم.

وەکوو سەناریۆنووس یان بەرهەمهێنەر ئەگەر دارشتنت بە دەستەوە بێ دەتووانی سەرنجی کەسانی دیکەش بۆ بەشداربوون لە پرۆژەکەدا رابکێشی.

بۆ ئەوە کە بتووانی بیفرۆشی، دەبێ بە شێوەیەک نووسرابێ کە خوێندنەوەی خۆش بێ. دیمەنەکان رێکوپێک لە دووی یەکتر کەوتبێتن و...

**تەکنیکی سەناریۆ**

بەرلەوە کە سەناریوەکەت بنووسی دەبێ بزانی سەناریۆ لەباری تەکنیکییەوە چۆن دەنووسرێ.

دەستەیەک دەڵێن نابێ بە شیوەی ئەدەبی بنووسرێتەوە. دەستەیەکی دیکە دەڵێن بۆ نموونە سەناریۆیەکی بێرگمەن تەنیا سەناریۆی فیلم نییە، بەڵکوو بەرهەمێکی ئەدەبیشە. سەرەڕای ئەو هەموو راستییانە، هیچ قاعیدەیەک نییە کە نەکرێ بشکێندرێ. دوو شێوەی سەناریۆ نووسین هەیە:

شێوەی ئەمریکی: ئێستا ئەم شێوە بۆ فیلم و تلەڤیزیۆن زۆر باوە. کە لە یەک لاپەڕە و لەیەک ئەستوندا چۆنیەتی دیمەنەکە و دەنگ و گوتەکان دەنووسرێتەوە.

شێوەی دیکە ئەوەیە کە لاپەڕەکە دەکرێتە دوو ئەستون. لە لایەک چۆنیەتی دیمەن و دەوروبەر دەنووسرێتەوە. وەکوو دێکوپاژ- لە لاکەی دیکە گوتەکان دەنووسرێن.

بۆ هەر دوو شێوە سەردێر دەبێ لە ناوەندی سەرەوەی لاپەڕەکەدا بنووسرێ. دەبێ رێکەوت نووسرابێ و دیاری بکرێ کە سەناریۆی تەواوە یان رەش نووسە یان دارِشتنە. ئەوەش گرینگە کە بێچمەکەی جوان بێ.

هەر دیمەنێک سەردێڕی خۆی هەیە. یەکەم ژمارەی دیمەنەکەیە، کە لە "١"ەوە دەست پێدەکا و بۆ هەر دیمەن ژمارەیەک زیاد دەکا. ئەم ژمارەدانانە کاری دووایی ئاسان دەکاتەوە. زۆر جار ژمارەکان بە رێککەوتن لەگەڵ دەرهێنەر دادەنرێ. رەنگە بە پێ رەوتی تۆمارکردنەکە دانرێ، گرینگ ئەوەیە کە لە هەموو کۆپییەکاندا ژمارەکان یەک بن، دەنا دووایە سەرقاڵی دروست دەبێ.

دووای ژمارە جێگای روودانی دیمەنەکە دەنووسرێ. دەرێ، ژووری (INT. EXT). ئەگەر لە وێنەکەدا هەم دەرێ هەیە هەم ژووری، وەکوو ئەوە کە کەسێک لە پشت پەنجەرەوە تەواشای دەرێ دەکا و دەرەوەش دیارە، دەنووسرێ دەرێ/ژووری.

کات دەبێ دەستنیشان بکرێ. رۆژ، شەو، بەیانی. ئەگەر کات لە دیمەنەکەدا دەگۆڕدرێ، پێویست نییە بنووسرێ، لە تێکستەکەدا ئاماژەی پێی دەکرێ.

شوێنی رووداوەکەش دەبێ لە سەردێڕی دیمەندا بنووسرێ. بۆ نموونە "شەقامی بازار" یان "ماڵی حەمەد". سەرەڕای ئەوە کە لە سەردێڕدا ئەم شتانە دەنووسرێن، باشتر وایە لە تێکستەکەشدا ئاماژەی پێی بکرێتەوە چوونکە زۆر کەس بە سەر سەردێرەکاندا باز دەدا و نایخوێنێتەوە.

تێکستی سەناریۆ تێکەڵە لە باسی چۆنیەتی دیمەنەکە، گوتەکان، دەنگ و هێندێ جاریش موزیک.

چۆنیەتی دیمەنەکە بەم شێوەی خوارەوە و هەر بەم تەرتیبە دەنووسرێتەوە.

١. دەورەبەری دیمەنەکە چۆنە، چ کاتێکە و چ هەلومەرجێکە.

٢. چ کەسانێکی تێدان. ئەگەر نێوی ئاکتەرێک بۆ یەکەم جار دەنووسرێ دەبێ بە پیتی دروشت بێ.

٣. کورتەیەک لە چۆنیەتی هەلومەرجەکە و رووداوەکە. دوواتر لە دیمەنەکانی دیکەدا ئەم تێکستە کەم دەبێتەوە چوونکە تەنیا بەردەوامییەکە دەنووسرێ.

هەر دیمەنێک لە لاپەڕەیەکی جیاوازدا دەنووسرێ. هەڵاواردەیەک هەیە. ئەو سەناریوەی کە بۆ فرۆش دەنووسرێتەوە، دیمەنەکان بەدووی یەکدا دەنووسرێ کە هەم جێگا کەم بگرێ و هەم بۆ بەردوامی لە خوێندنەوەدا ئاسانتر بێ. بەڵام سەناریۆی کار دەبێ هەر دیمەن لە لاپەڕەیەکدا بێ.

وتووێژ (دیالۆگ) و نێوی کەسەکان کە ئەو گوتەی دەڵێن دەبێ لە شێوەی ئەمریکی دا لە ناوەڕاست بنووسرێ و نێوەکەش بە پیتی دروشت بێ. لە شێوەی دوو ئەستونیدا نێوەکە بە پیتی دروشت لە ناوەڕاستی ئەو ئەستوونەی کە بۆ گوتە تەرخان کراوە دەنووسرێ و لە ژێریدا وتارەکە دەبێ. گرینگ ئەوەیە کە گوتارەکە لە تێکستەکە جوێ بکرێتەوە.

ئەگەر شێوەی تایبەتی بۆ گوتنەکە هەیە وەکوو (بەپچە یان بەقەڵسی) لە شاندەستی نیوەکەدا دەنووسرێ.

من وەکوو زۆربەی سەناریۆ نووسەکانی دیکە هەوڵ دەدەم کاتی (فیلمەکە) هەر لاپەڕەیەک لە خولەکێک زیاتر نەبێ. هەر بەو شێوە کە باسم کرد چۆنیەتی دیمەن، دەنگ و گوتە دەنووسمەوە و بەم شێوە ریتمی فیلمەکە دێتە دەستم.

نموونەیەک:

**دەرەوە - باخچە - شەو**

ئاورێک کراوەتەوە. **ئێریک** و **لایف** چەند کورسییە شکاوی کۆن لە ئاورەکە داوێن. لایف رازیە کاتێک تەواشای بڵێسەی ئاورەکە دەکا. لە دەوروبەریاندا سەندوقە کۆن دانراوە کە شتی

خۆربەجۆریان تێیدایە وەکوو جلە کۆنەکانی بابیانی تێدایە، کڵاوێک لە سەرەوەی جلەکانەوەیە.

لایف:

*چ باشە ئەم خرت و پرتە کۆنە بێ بایەخانە لەکۆڵ دەبیتەوە. دەڵێم ئەگەر رووکاری خانوەکە رەنگ دەکەینەوە، پێت وا نییە سەربانەکەش تازە بکەینەوە برام!*

ئێریک بووکە ورچێکی پەڕۆیین لە یەکێک لە سندووقەکان دەردێنێ.

لایف:

*فرێ دە. ها برام چ دەڵێی؟*

ئێریک بووکەورچەکە فرێ دەداتە نێو ئاورەکەوە. لایف سەندووقەکە دەپشکنێ. شتە کۆنی مندالانە فرێ دەداتە نیو ئاورەکەوە.

ئێریک:

*من بیر دەکەمەوە... ئاخۆ **ئێلیرت** و **توماس** و ئەوان بە چی دەژین؟*

لایف:

*ئیلیرت دەڕوا بۆ خولی لەحیم کاری و تۆماس لە بەر پشتی بە نەخۆش نووسراوە.*

لایف قەتارێکی دارینی چکۆلە لە سندووقەکە دەردێنێ.

لایف (بەردەوامە)

*چاو لێکە ئەمە تۆ لە کاردەستیدا دروستت کرد بۆ **مالی**. وەبیرت دێ؟*

لایف قەتارەکە لەبەرچاو ئیریک رادەگرێ. ئیریک وەری دەگرێ.

لایف:

*بیر کەوە ئەگەر بابم دیبا کە لێرە وەستاوین و ئەم شتانە دەسووتێنین، شێت دەبوو. قەت نەماندەتووانی لکەدارێک لە ئەنبارەکە دەربێنین، کەچی هەتا مێچ پڕ بوو لە دار. لە بیرتە چی دەگوت؟*

ئیریک سەر با دەدا. هەر دوکیان چاو لە یەکتر دەکەن و پێکەوە دەڵێن:

ئیریک/ لایف

*" ئەوە بەکار دێ، ئەگەر رۆژێک بەراستی سەرد بێ"*



ئەتۆ وەکوو سەناریۆنووس
بەرهەمی ئەدەبی
نانووسییەوە، بەڵکوو
تێکستەکەت لە وێنە و
جووڵانەوە و گوتە... پێک دێ.
تێکستی سەناریۆ دەتووانێ
وشک و هەناسەبڕاو بێ،
بەڵام گەڵایەکی باش بۆ فیلم
بێ. سەناریۆ دەستووری کارە بۆ هەمووان. دەرهێنەر، بەرهەمهێنەر، وێنەگر، دێکۆرساز، ماکیاژ و زۆر کەسی دیکە لە رووی سەناریوەکە کاری تایبەتی خۆیان دەبیننەوە.
سەناریۆ هەتا دەکرێ دەبێ روون بێ تەنانەت ئەگەر شتی ئەدەبی قووڵیشی تێیدا بێ.
زۆر کەس لە یەکەم سەناریۆیاندا ئاماژە بە هەست و بیری کەسەکان دەکەن. ئەمە بە تەواوی خۆ فریودانە. بیری کەسەکە دەبێ لە کردەوەیدا نیشان بدرێ. هەستەکان دەبێ لە رەنگ و رووناکی و باقی ئامرازەکانی دیمەندا نیشان بدرێ.

کاتێک باسی خانوویەک دەکەی پێویست نییە زۆری لەسەر بڕۆی. کاتیك دەنووسی خانوویەکی ئاسایی، یان ماڵە کارمەندێک یان ژووری پۆلیس، ئەوە بۆ خۆیان دیارن چییان تێدایە. مەگەر شتێکی تایبەتی لە وێنەکەدا هەبێ کە پەیوەندی بە هەست و کردەوەی ئاکتەرەکەوە هەبێ. یان بمانەوێ بە شێوەیەکی نائاسایی بێ. ئەگەر خۆت لە باتی کاراکتێرەکە یان لەگەڵی بڕۆیە جێگای رووداوەکە زۆر شتت بۆ زیندوو دەبێتەوە و جار واشە شتی زۆر چاوەڕوان نەکراوت بۆ دێ.

بۆ ئەوە کە بزانی کە یەک لاپەڕە بەشی خولەکێک دەکا یان نە، دەتووانی خۆت یان ئاکتەرەکە دەورەکە بگێڕن و گوتەکان بە دەنگی بەرز بڵێنەوە و کاتەکە ئەندازە بکەن. دیارە رێک ئەوە نییە کە دوواتر دەبێ و رەنگە کەم و زیاد بکا، بەڵام ریتم و کاتی فیلمەکەت بۆ دەردەکەوێ.

نووسینی شتە تەکنیکییەکان زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوە کە سەناریوەکە پڕ بێ لە شوێنی کامێرا و جووڵانەوە، تەرکیبی وێنە و زووم و شتی وا. من بە دەگمەن شتی لەم چەشنە دەنووسم، مەگەر لە دیمەنێکدا پێم وابێ بۆ نموونە بەس دەبێ وێنەی نزیک بێ تا زەردەخەنەی لێوی ئاکتەرەکە دیار بێ، چوونکە پەیوەندی بە کەسایەتی کاراکتێرەکەوە هەیە. ئەو دەم دەینووسم. هەتا دەرهێنەر و وێنەگر ئەو وێنە پێک بێنن.

نموونە:

**دیمەنی ٩. ژووری. رۆژێکی زستان. ماڵێ. رابردوو**

پەنجەی منداڵێک بەسەر کلیلەکانی پیانۆیەکدا دەگەڕێ. یەک بە یەک لێیان دەدا و لە دەنگی دروست دەگەڕێ.

دەستی ژنێک دێ و پەنجە گرژکراوەکانی منداڵەکە دەگرێ و لەسەر کلیلە دروستەکان دادەنێ.

*"یەک بە دووی یەکدا، چاو بتروکێنە ئەستێرە چکۆلە"*

*پام، پام...پام*

پەنجەی ئارۆن لە نیوان دوو دەنگدا

ئارۆن (دەنگ لە دەرەوە)

*پەنجەکانت نایانەوێ.*

ئارۆن و سولویک لە پێش پیانۆ دانیشتوون. رۆژی ماڵ خاوێنکردنەوەی پێش جێژنە. کەرەسەی خاوێنکردنەوە لە نیو ژوورەکەدایە. سیدنێر و ئێوا خەریک رازانەوەی داری کریسمەسن. لە نێو ماڵەکەدا کارتۆنی هەڵپچڕاو بڵاوکراوەتەوە. ئەستێرەیەک دراوە لە پشت پەنجەرەکە.

سولویک:

*چاو بتروکێنە ئەستێرە چکۆلە. ئەتۆ لە کوێی... ببیسە دەستەکانت چ دەتووانن. لەگەڵم بڵێیەوە.*

ئارۆن (بە دەنگێکی گڕەوە)

*وەکوو ئەڵماسێک دەدرۆشێی، کاتێک تاو ئاوا دەبێ. راست ئەو کاتە دێ و بێدەکەنێ..."*

سولویک:

*ئێوا، سیندرا بزانن بابە چ دەزانێ؟*

وردەووالّە فرۆش (نزیک، دەنگ لە دەرەوە. بەبێ ڕێزبییەوە)

*لا چۆکورە، ڕێگاکەت گرتووە.*

......

ئەمە نموونەیەکە لە دیمەنێکی کورت کە نیشان دەدا ئەتۆ چۆن بە نووسین دەتووانی نزیک و دووری کامێرا دیاری بکەی. کاتێک باسی پەنجەکان دەکا نزیکە و کاتێک باسی نێو مالّەکە و دوو کەس لە تەنیشتی پیانۆدا دەکا، دیارە دوورە. هەروەها باسی چۆنیەتی دەوروبەر و کات کراوە، بەڵام یەک ووشە باسی تەکنیک نەکراوە. کەچی دەنگ، موزیک و رووناکی و... خۆبەخۆ دیارن.

جار وایە ناچاری باسی تەکنیک بکەی. بۆ نموونە کاتێک کاراکتێرێک دەلّێ "خۆشم دەوێی" بەڵام مەبەستی بە پێچەوانەیە. رەنگە لە دوو کەوانەدا بنووسی (رقم لێتە)

ئەگەر تۆ بتەوێ هەموو شتە تەکنیکییەکان بنووسی، سەناریوەکەت دەبێتە چەند سەد لاپەڕە. رەنگە خراپ نەبێ بەڵام بەشێکی هەرە زۆری ئەو شتانەن کە جێگایان لە سەناریۆدا نییە.

سەناریۆ گەڵاڵەیەکی گرنگی رەش و سپییە. دانانی رەنگ و تام و چێژ کاری دەرهێنەر و وێنەگر و بەرپرسی دەنگ و زۆر کەسی دیکەیە.

**چەند ئامۆژگارییەک بۆ رەوتی نووسین و ئەگەری نووسین بە کامپیوتێر.**

لە رەوتی نووسیندا باش ئەوەیە کە بەرنامەی کورت خایەن و بەرنامەی گشتی بۆخۆت دیاری بکەی. بۆ نموونە: وا دادەنێی کە رۆژێک ٣ لاپەڕە بنووسییەوە و یەکەم کۆپی سەناریوەکەت دەبێ رۆژی ٦ی مانگی ٤ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ تەواو بێ. ئەم جۆرە پلان دانانە زۆر باشە کە نەتووانی خۆت فریو بدەی. جار وایە من کات لە دەست دەدەم، بەڵام نەک زیاتر لە یەک دوو حەفتە. سێ لاپەڕە لە رۆژدا یانێ سەناریۆیەک بە سی یان چل رۆژ تەواو دەبێ. دەکرێ شەو و رۆژ کاری لەسەر بکەی و کاتەکە کەم بکەیەوە.

جاری وایە لە ڕەوتی نووسیندا دەگەییە قۆناخێکی دژوار لە چیرۆکەکە. ئاسانە کە ئایدیاکە بگۆڕی، بەڵام ئەمە دەبێتە هۆی سەرلێشوان. ڕاوەستە بە دیاریەوە و ڕێگا چارە بۆ دژوارییەکە ببینەوە.

کاتێک یەکەم ڕەشنووست تەواو بوو، بیدە بە کەسانێک کە پێت وایە ڕاستییەکەت پێ دەڵێن، بی خوێننەوە. ئەمە ئاسان نییە. یەکەم لەبەر ئەوە خەڵک دەیەوێ مێهرەبان بێ. دووهەم بە بەراورد لەگەڵ نووسراوەی ئەدەبی دا زۆر کەم کەس دەتووانێ سەناریۆ خوێن بێ. ئەوانەش کە کاریان سەناریۆ خوێندنە زۆر سەر قاڵن. هەرچۆنێک بێ هیوادارم تۆ کەس یان کەسانێک بدۆزینەوە کە پشویان درێژ بێ و بە چاوی ڕەخنەوە سەناریوەکەت بخوێننەوە. کاتێک ڕەخنەکان دەبیسی بە باشی گوێ بدە و وەڵام مەدەوە. بە خێرایی بڕیار مەدە، بەتایبەت هەر لەو شوێنە کە باسەکە دەکرێ. بچۆ ماڵێ و بیری لێی بکەوە. کاتی بۆ تەرخان بکە. ڕەنگە بە هاسانی لەبیر کەی کە ویستووتە لە سەناریوەکەتدا چ بڵێی. ڕەخنە ڕەنگە جێگای تێ بینی بێ، بەڵام دەستی لەسەر شتە لاوازەکان دانەنابێ.

ئەو کاتەی من مونتاژی فیلمم دەکرد. بەرهەمهێنەری تلەڤزیۆن هات فیلمێکی دامێ و گوتی ئەو دیمەنە زۆر خراپە، بزانە دەکرێ مونتاژی بکەیەوە؟ من دیتم دیمەنەکە کێشەی نییە. بیرم کردەوە بگەڕێمەوە چاو لە دیمەنەکانی پێشوو بکەم. دیتم ئەوان نارێکییان تێیدایە. ئەوانم ڕێک و پێک کرد.



دوواتر کە بەرهەمهێنەرەکە تەواشای کرد گوتی زۆر باش بووە. کەچی من دەستم لەو دیمەنەی ئەو گوتبووی نەدابوو. پێم نەگوت کێشەکە چ بوو، بەڵام خۆم شتێک فێر بووم. گوێ بدە بە ڕەخنە، بەڵام هەموو کاتێک بە گوێیان مەکە.

نووسینی بە کامپیوتێر لایەنی باشی هەیە. دەتووانی بە بێ کێشە ئایدیای تازە بەتاقی بکەیەوە. دەتووانی جێگۆڕکێ بە تێکستەکەت بکەی. کار بە چەند دێکومێنت ئاسانترە. بۆ نموونە سەرنجی سەناریۆیەکی کۆنتر بدەی. نووسین بە ئازادی و بە خێرایی دەکرێ. دەتووانی یارمەتی لە بەرنامەی نووسینەکە وەرگری بۆ دۆزینەوەی هەڵە و ووشە. بەڵام ئەو مەترسییەش هەیە کە بەردەوامی دیمەنەکان و ریتمی گشتی و ژیانی کەسەکان تێکەڵ ببن و روانگە گشتییەکە ون ببێ.

کاتێک بە کامپیوتێر دەنووسین سەناریوەکە دەتووانێ زۆر درێژ بێتەوە و هەستی پێ نەکەین. بۆیە هەموو کاتێک چاپی بکە و لەسەر کاغەز بیخوێنەوە. هێندێ بەرنامە هەیە سەناریۆی پێ دەنووسن، تەنانەت چۆنی نووسینەوەی رووداو و هەڵس و کەوتی کاراکتێرەکانت بۆ دەڵێ، بەڵام من ئەمە بە باش نازانم و پێشنیاری ناکەم.

گرینگە کە تۆ بە چ فۆرمێک دەنووسی، بەڵام کاتێک ساختمانی چیرۆکەکەت خەریکە دەردەکەوێ زانستی دوو هەزاساڵەی دراماتۆلۆژی بەکارت دێ.

@@@@

## ٤- دراماتۆلۆژی

**ئەم زانیارییە لە سروشتمان دایە**

نووسینی سەرکەوتوو بۆ فیلم، دەبێ بە هێز بێ. جەم و جۆر بێ و ژیانی درامایی تێیدا بێ. فیلم سەرەڕای هەر شتێک پێویستی بە کردەوە هەیە.

بێ هیچ درێژدادڕی و هیچ خاڵێکی مردوو. هەر دیمەنێک دەبێ - ئەگەر فیلمەکە دەیەوێ باش بێ- یەک هەنگاو چیرۆکەکە بەرەوپێش بەرێ.

دراماتۆلۆژی بەر لە هەرشتێک باسی ساختمانە. چۆن دیمەنەکان دەبێ بنوێنرێ. چۆن دەست پێدەکا و چۆن تەواو دەبێ. چۆن بەشەکان بە باشترین شێوە یەک دەگرنەوە و لەگەڵ ویستی هۆنەرمەندەکە هاوڕا دەبن. بەڵام چێکەرەکە چ جۆر پەیوەندییەکی لەگەڵ بینەردا دەوێ. درامای فیلم بڕیار دەدا ئەو پەیوەندییە لەگەڵ بینەران چۆن بێ. ئەمە ئەو شتەیە کە من دەمەوێ باسی بکەم.

لە سازکردنی فۆرم (بێچم)ی ساختماندا سەفەری دەرەکی و دەروونی کاراکتێرەکان هەیە. بە یارمەتی ئەمە گەلاڵەی ناوەرۆک و گەلاڵەی گێڕانەوە لێک گرێ دەدرێن و هەیکەلێکی تەواو دروست دەکەن کە ئەو مانایەی کە دەمانەوێ بگێڕنەوە.

لەم بەشەدا من هەم باسی دراماتۆلۆژی کلاسیک دەکەم کە بۆ شێوەی "کێ دیباتەوە- چیرۆک" باشە و هەم شێوەی جۆراوجۆری "سەفەر" چ لە شێوەی پاڵەوانیدا و چ لە شێوەی شاعێرانەدا.

هیچکام لەم شێوە جیاوازانە نە باشترن و نە خراپتر بەڵکوو پەیوەندییان بەو چیرۆکەوە هەیە کە دەمانەوێ بیگێڕینەوە. زۆر فیلمیش هەیە کە شێوەی تێکەڵاویان هەیە و لە هەردووک شێوە کەڵک وەردەگرن.

گوتراوە کە دراماتۆلۆژی دوو لە سەدی کاری سەناریۆیە. من ناتووانم بە ژمارە کارەکە دیاری بکەم، بەڵام دەزانم ناکرێ سەناریۆیەکی زیندوو و باش لە رووی کتێبی یاساکانی دراما بنووسرێ. لە لایەکی ترەوە، تەنانەت ئەگەر دوو لەسەدیش بێ دەبێ بیزانی.

ئێمە هەموومان هەر لە منداڵییەوە زانیاری درامای کلاسیکمان بە خۆڕایی وەرگرتووە. هەر لەو کاتەوە کە یەکەم چیرۆکیان بۆ گوتوینەتەوە. بەشی شاعێرانەی ئەو چیرۆکانە

لە خەونەکانمداندا دێتەوە، زانیارییەکە بووەتە سروشتی. تەنیا دەبێ فێر بین کە بەکاری بەرین.

زۆر جار لە خۆم دەپرسم ئەگەر دراماتۆلۆژی دوو لەسەدە، ئەی ئەو ۹۸لە سەدەکەی دیکە چییە؟

زانیاریم لەسەر تەکنیکی فیلم و گێڕانەوە خراپ نییە و بە ئەزموون دەزانم کە گرژیی و بەرقداچوونە کە دەبێتە هۆی نووسینەوە و دووبارەنووسینەوەی سەناریۆیەک. بەڵام بۆ ئەوە کە پشوت بەش بکا، دەبێ بۆ خۆت گێڕانەوەت پێ خۆش بێ. وەکوو لە پێشدا گوتم دەبێ بوێری خۆت سانسور نەکەی و لە ئاخریشەوە توانایی لێکدانەوەی بێ بەزییانەت هەبێ. ئەم شتانە دەکرێ فێر بین و تەمرینی لەسەر بکەین.

دراماتۆلۆژی کەم یان زۆر بەشێکی زۆر روون لە رەوتی نووسینی سەناریۆیە. بەشی هەرە زۆری زانست و روانگەی گشتییە. هەر بۆیە لەم دواییانەدا بێچمی جۆراوجۆری دراماتۆلۆژی پێک هاتووە. بە کورتی زانست دەکرێ فێر بی، کێشە ئەوەیە کە زانستی دراماتۆلۆژی بەئاسانی دەبێ بە یاسای ئیشک و زانستی یەک لایەنە کە دەرکەی دۆزینەوەی ریگا جارەی دیکەت لێ دادەخا.

هەموو یاسا و رێسایەک کە ئێمەی مرۆڤ دایدەنین دەتوانێ سنوور بۆ تواناییەکان دابنێ. سەرەڕای ئەمە، دەبێ تۆ وەکوو نووسەری سەناریۆ زانستت لەسەر ئامراز و روانگەکان هەبێ. ئەگەر وەستای باشی ئامرازێک بین بەو مانا نییە کە توانایی خولقاندن و زیرەکی خۆمان لەدەست دەدەین. ئەمە مەترسییەک نییە کە زۆری پێوە خەریک بین.

**مێژووی دراماتۆلۆژی کلاسیک**

ئەم زانستە نێوی چییە؟ کلاسیک، ئانگلوساکسۆنی، سوننەتی یان ئەمریکی؟ دیارە ئەم زانستە لە دەورەی ئەنتیک (یۆنانی کەونارا)وە فۆرمی گرتووە. بۆیە لەوە دا شک هەیە کە ببێ بە ئەمریکی. هەر لە پێش زایینەوە ئەرەستو (پ ز ۳۲۳-۳۸٤) ساختمانی سێ قۆناخی دارشتووە. سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی. سەرەتا ئەوەیە کە بەناچار بەدووی شتێکدا نەهاتووە. بەڵام دوایە یەکی بە دوودا دێ. کۆتاییش ئەوەیە کە بە ناچار یان بە هەڵکەوت بە دووی یەکی دیکەدا هاتووە و هیچی بە دوودا نایێ. ناوەڕاستیش دیارە بە

دووی شتێکدا هاتووە و یەیکی بە دووەوە هەیە. یانێ قەوارەیەکی تەواو ئەوەیە کە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێ.

هەر لە دەورەی ئەرەستوەوە ئەوە سەپێندرا کە دراما یانێ شێوەی گێڕانەوە و بەشەکانی دەبێ لێکتر بهۆنرێنەوە. وەکوو دوو چەرخ دەندە کە بەناچار یەیکیان ئەوی دیکە دەسووڕێنێ و پێکەوە جووڵانەوەیەکی تەواو پێک دێنن. بەشەکان نەکرێ لێک جوێ بکرێنەوە یان لابرێن. دەنا هەموو ساختمانەکە درووخێ. بۆیە ئەو شتە کە لە تەواوەتی و لە جووڵانەوەدا ئەرکی نییە، نابێ بێتە نێو گێڕانەوەکە. بە باوەڕی ئەرەستو تەرکیبی بەرەوپێشبردنی گێڕانەوە لە هەموو گرینگترە، یانێ تراژێدی وێنەی مرۆڤ نییە بەڵکوو وێنەی کردەوەکانییە. بە بێ ئەمە دراما پێک نایێ.

ئەرەستو شەش خاڵی بۆ ناوەرۆکی تراژێدی ئانتیک داناوە و بەم شێوە ریزی کردوون: چۆنیەتی گیڕانەوە، کاراکتێر، بیرۆکەی ناوەرۆک، زمانی پاراو، موزیک و ئەکسێسوار(دێکۆر و شتەکانی سەرشانۆ). ئەو خاڵانەی کە بە هێندێ گۆڕان لە فۆرمدا دەکرێ زۆر باش بۆ هۆنەری فیلم بکار ببردرێ. ئەرەستو کاراکتێری لە پلەی دووەم داناوە. بێ گومان ئەوە چۆنیەتی گێڕانەیە کە هەموو بارەکەی لە سەرشانە. بەڵام ئەورۆ دەبینین کە سێ خاڵی یەکەم هاوسەنگ دەژمێردرێن. گەرچی دژوارە ئەو هاوسەنگییە راگیردرێ، بە پێچەوانەوە فیلمی زۆر هەیە کە تەنیا فرت و فێڵی تێدایە.

ئەرەستو درامای بە خاوێنکەرەوە نێوزەد کردووە. رەنگە مەبەستی ئەوە بووە کە بینەر دوای دیتنی شانوەکە بە دڵێکی خاوێنەوە دەڕواتەوە ماڵێ و وەڵامی پرسیارەکانی وەرگرتووە.

هەر لە ئانتیکەوە هەتا ئێستا، لەسەر نووسراوەکانی ئەرەستو لێکدانەوەی جۆربەجۆر هەیە. مەیلی دانانی شتی بە تەواوی نەگۆڕ فراوان بووە، ووتووێژ لەسەر دراماش هەر بەردەوام بووە. وەکوو زۆر پرینسیپی جێکەوتوو، وەکوو هێندێ یاسا. بۆ نموونە: کاتی چیرۆکی درامایەک نابێ لە ٢٤کاتژمێر تێ پەڕێ یان دەبێ رووداوەکە تەنیا لە یەک جێگا بقەومێ، گەرچی ئەرەستو تەنیا باسی پێکهێنەرانی گێڕانەوە دەکا.

### مێلۆدراما

چ شتێکە کە زیاتر ژێربینای فیلم دروست دەکا؟ جگە لە دراماتۆلۆژی کلاسیک مێلۆدرمای شانۆش کارتێکەری هەبووە.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا ژمارەیەکی هەرە زۆر شانۆی سەرگەرمی پێکهات. لە فەرانسەوە دەستی پێکرد. ئەمریکا و ئیتالیا و بڕێکیش لە ئینگلیس، کە بوون بە شانۆی خەڵکی. شانۆیەکی پڕ لە هەست بە گێڕانەوەی درمابییەوە. گوتارەکان تەنیا بۆ ئەوە بوون کە چیرۆکەکە بەرنە پێشەوە. لەم شانوەدا هەستی زۆر قووڵ نیشان دەدرا کە دەبوو بە هۆی: گرژی دەروونی، ئەڤین، شێتی، خانەگومانی، خۆکوژی و هتد... سەرەڕای ئەم ناوەرۆکە پڕ بوو لە ئێفێکتی سەیر کە بۆ جەماوەری زۆر و هەمە جۆرە ساز کرابوو. هەموو کاتێک پاڵەوانی چیرۆکەکە لە لایەن هێزە خراپەکانەوە گەمارۆ دەدرا و سەرئەنجام بە باشی دەبیردەوە.

بیرۆکەی ناوەرۆکی دراماکە لە روانگەی ئەخلاقی بورژواییەوە سەرچاوەی دەگرت. هەموو کاتێک شەڕ لە نێوان باشەکە و خراپەکەدا بوو (خەیر و شەڕ) یانێ پاڵەوانە خەیرخوازەکە و فێڵبازەکە بەرەڕووی یەکتر دەبوونەوە. بیانووی شەڕەکەشیان لە ژیانی رۆژانەوە دەستی پێ دەکرد، کە بۆ خەڵکی ئاسایی ئاشنا بێ. بەرە بەرە دەبووە شەڕی چاک و خراپ. لە بەرەوپێشچوونی چیرۆکەکەدا لە پڕ خاڵی گۆڕان دەهاتە گۆڕێ. کەسێک شتێکی لە قاو دەدا یان هەستێک پەیدا دەبوو و چیرۆکەکە بە رەوتێکی دیکەدا دەڕۆیشت. بەشی دووەمی دراماکە زۆر جار دەبوو بە کۆمێدی. موزیک دەبووا زۆر هەست بزوێن بێ. هەروەها ئێفێکتی دەنگەکان دەبوا یارمەتی ئەم هەستانە بدەن. تا ئەو رادەیە کە بینەر شاهێدی ئاگر گرتنی مەیدانی شەڕ دەبوو. یان هێرشی سوورپێستەکان و لەم جۆرە بابەتانە. لە سەدەی نۆزدەدا مێلۆدرام زۆربەی سەرشانوەکانی گرتبووەوە. لە ئەمریکا مێلۆدرام بوو بە بازرگانییەکی گەورە. چوونکە هەموو ئەو پەنابەرانە کە زمانیان نەدەزانی لە زمانی ئەو شانۆیە تێدەگەییشتن.

لەو کاتەدا بوو کە فیلم لەدایک بوو و چوونکە بێدەنگ بوو، پێویستی بە هەست نواندنی گێڕانەوە و ئێفێکتی زۆر بوو کە بتوانێ بینەر رازی بکا. مێلۆدرام کەوتە مەیدانی ئەم کارخانە تازەوە و شانۆ بوو بە جێگای بورژوا شیک و خۆش پۆشەکان.

**هێنریک ئیبسن**

لە باکووری ئەوروپا یەکەم کەس کە درامای کلاسیکی زیندوو کردەوە "هێنریک ئیبسن" بوو. ئەو لە باتی پاڵەوانەکان و خوداکانی کەونارا باسی بورژواکانی لە ژیانی رۆژانەدا دەکرد. ئیبسن هێشتاش لە باری ساختمان سازییەوە لە ریزی یەکەمدایە. زۆربەی دراماکانی لە باری دراماتۆلۆژییەوە لە لووتکە دان. هێندێکیان پڕ گرێ و پێچیدەن و هێندێکیان سادەترن. بەڵام ناکرێ یەک بەرد لە ساختمانەکەی لابەی و هەمووی نەروخێ. "هەموو شتێک بسڕەوە جگە لەوانەی کە بێ ئەملا و ئەولا پێویستن". ئەمە ئەو تێزەیە کە ئیبسن زیندووی کردەوە. لە دراماکانیدا بەرەپێشچوونێکی زۆر بەهێز هەیە کە لەوێ پێش هەر شتێک جووڵانەوەی دەروونی کاراکتێرەکانە کە کێش دروست دەکەن.
پیلان لە دراماکانی ئیبسن دا هەیە، بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کاراکتێر و ناوەرۆکی تەکنیکیدا هاوتایە. ئیبسن مرۆڤێکی ئەخلاقگرا بوو. زۆر جار ئامانجێکی دیاریکراوی روونی لە چیرۆکەکەیدا هەبوو. لە کاتی خۆیدا رەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی گرینگ بو. تەنانەت لە کاتی ئێمەشدا زۆربەی شانوەکانی وەکوو رێ نیشاندەر و فێرکەر دەژمێردرێ. هێنریک ئیبسن دەیتووانی هاوسەنگی لە نێوان پیلانێکی زیندوو و دەرونگرادا پێک بێنێ و لەگەڵ سەرنجدانێکی کۆمەڵایەتی بەهێزدا گرێ بدات. سنووری شانوەکانی لە نێوان چۆنیەتی گێڕانەوە، کات و شوێندا بوو، بەڵام ئەو هەڵخڕێنەری دەورانی خۆی بوو.
سەرەڕای ئەوە کە ئیبسن بە رادەیەکی هەرە زۆر ئاگای لە ساختمان سازی بووە، کەچی هەر شانۆیەکی تایبەتی خۆی هەیە. چاکسازی کۆمەڵ ئاوێنەی کارەکانی بوو. ئەمە لە کارە دواییەکانیدا زیاتر و زیاتر دەبیندرێن. زۆر جار دراماتۆلۆگەکان نازانن چ لە نووسراوەکەدا دەقەومێ و کەچی هەر باشیشە.
درامای کەونارا و مێلۆدرام و درامای بورژوایی کاریان کردوەتە سەر ساختمانی "کێ سەردەکەوێ – چیرۆک".

**نووسینی سەناریۆ**

جۆرێک خۆڕاگری دەوێ. یەکەم دەبێ بتوانی بنووسی و بنووسییەوە. دووایە تاقەتت هەبێ ئاکامەکەی لەسەر شاشەی سینەما یان تلەڤزیۆن ببینی.
سەرەڕای ئەوە کە ٢٠ ساڵ سەناریۆم نووسیوە و دەرسم داوە، بەشێوەیەکی نائاسایی دژوارە لە فرمولێک دابنێم کە سەناریۆی باش چییە. باسی چی دەکەین کاتێک باسی

چۆنیەتی دەکەین؟ چ چاوەڕوانییەکم لە خۆم هەیە کاتێک سەناریۆیەک دەخوێنمەوە؟ کورسیی بازدانەکەم لەکوێ دادەنێم کاتیك دەنووسم؟ بەرز، بەڵێ، بەڵام بەرز مانای چییە؟

ئێمە هەموومان ئامانجەکەمان بەرز دەگرین، بەڵام لەکاتی دیتنی فیلمەکەدا شەرم دەمانگرێ. کێ ئەم ووتارە قۆڕەی نووسیوە، بۆ هیندە زۆرە، چیرۆکەکە بۆ ئەوەندە سەیر و بێ عەقڵانە داڕێژراوە؟ ناکرێ هەموو جارێک تاوانەکە بخەینە ئەستۆی دەرهێنەر.

کاتێک دادەنیشم سەناریۆیەکی تازە بنووسم، هیوا لە تەنیشتم دادەنیشێ. هیوادارم ئەم جارە پێویست نەبێ شەرم بکەم، یان بەرگری لە خۆم بکەم، یان پێویست بێ شی بکەمەوە. بەڵکوو چیرۆکەکە بێ کون و کەلەبەر بێ و بە ئاسانی تێی بگەن و... هەموو هیواکانی تر. کاتێک هێز و تاقەت کەم دێنێ و سبەی کاتم تەواوە، تەنیا هیوا ڕام دەگرێ کە دانیشمەوە.

**باش یانێ چی؟ هیوام بە چییە؟**

بەوە کە: ئایدای سەرەکیەکە و بابەتەکە هۆنرابێتەوە و لە سەناریوەکەدا ڕەنگی دابێتەوە و لە فیلمە تەواو بووەکەدا ببیندرێ. هەر ووردەکارییەک، هەر دیمەنێک، هەر خاڵی گۆڕانێک، کار و رابردووی هەر کاراکتێرێک، ئایا دەتووانێ بگەڕێتەوە بۆ بابەتی فیلمەکە؟ تاکسی شۆفێری "پۆڵ شرایدێر" باسی تەنیایی دەکا و یەک کەسیش لە فیلمەکەدا نییە کە تەنیا نەبێ. بەجێ هێشتووە یان بە جێیان هێشتووە. هەر کام بە شێوەی خۆیان. لە فیلمەکەدا تەنیایی گشتی نییە بەڵکوو کەسانی دیاری کراو لەگەڵ تەنیایی خۆیاندان. ئەمە یەکێک لە ئەو چەندین شتە ماندووکەر و لە هەمان کاتدا ڕاستەقینەی کارەکەی ئێمەیە. هەر شتێک هەرچەند ناوچەیی و تاکەکەست بێ، هەر بەو ئەندازەش گەورە و گشتییە.

فیلمێک دەبێ رێگایەکی تەواو ببڕێ بۆ ئەوە کە بتووانێ پەیوەندی پێک بێنێ و دەبێ لە باتی یەک چەند لایەنە بێ.

ئێمە هەموو هەست بە ناهۆمێدی دەکەین کاتێک کە فیلمێک دەبینین دەسپێکی باشی هەیە بەڵام هەر بەو باشییە ناڕواتە پێشێ، یا خۆ کاراکتێری باشی هەیە بەڵام گێڕانەوەکەی ناخۆش و یەک لایەنەیە.

چیرۆک دەبێ قاڵبی تێک پەستراو و باش هۆنراوە وەکوو قوماشی هەورێشمی هەبێ. هەزار وردەکاری، هەزار. من پێم وایە مانای "ئاسانی بگرە" لە ئاخرەوە ئەمەیە: کە هەموو فیلمەکە وەکوو بابەتەکەیەتی، کە هەموو بینەرەکان سەرەڕای جیاوازییان لە بنەڕەتدا یەک شت تێگەییشتوون.

ئەو سەناریوە کە من دووایی شەرمم بە خۆدا نایتەوە ئەوەیە کە ساختمانەکەی بێ یارمەتی ووردە گوتەی درامایی ساز کرابێ. هیچ نێوان دیمەنی بۆ گرێدان تێیدا نەبێ. هەتا دەکرێ دیمەنی جێگرکردنی کەم بێ. دیمەنەکان بە پێ پێویست و بە هۆوە بە دووی یەکدا بڕۆن. ئەگەر بیرەکە روون بێ، تەنانەت ئەگەر لە کات و شوێندا باز بدا، بینەر بە بێ دژواری بە دووی چیرۆکەکەدا دەڕوا.

هێزی هەڵسووڕانی سەناریۆ تەنیا چۆنیەتی گێڕانەوە یان گوتاری نێو دیمەنەکان نییە. هێزی درامایی لە پردی نێوان دیمەنەکانیشدایە. هەر کات من سەناریویەک دەخوێنمەوە



کە لەوێ نووسەرەکە بە خەتی درشت وێنەیەکی لە نێوان دوو دیمەن داناوە، دەزانم ئەوە نەکردەکارێکە کە بەرنامەیەکی سەناریۆنووسی لە دووکانێکی کامیۆتێر فرۆشیدا کڕیوە و بەوە نووسیویەتەوە. ئەو لەباتی ئەم بەرنامە دەبووا کۆی بەرهەمەکانی شکسپیری کڕیبا.

*"کلود سیمون" وەرگری خەڵاتی نۆبێل جارێک سەبارەت بە "سێزان" گوتی: "سێزان" سێو و هەرمێ نەکێشاوەتەوە بەڵکوو هەوای نێوان ئەوانەی کێشاوەتەوە. پێم وایە ئەمە گوتەیەکی باشە بۆ سەناریۆش. ئێمە دەبێ زۆر بە ئاگادارییەوە ووشەکان بنووسینەوە. ووشەکان میوەکانی تابلوەکەی سێزانن کە بینەر لە فیلمەکەدا دەبێ بیبینێ، "هەوا" کە یانێ بیرۆکەکە. ئەوە ناکرێ ببیندرێ ئەگەر سێو و هەرمێ یەکە باش هەڵنەبژێردرابن و لە شوێنی خۆیان دانەنرابن. ئەوەی ئێمە دەینووسین ووشە نییە، گەرچی وا دەبیندرێ، ئێمە وێنەی زیندوو دەنووسینەوە. بۆیە هەرکەس کە دەزانێ بنووسێ، ناتووانێ سەناریۆنووس بێ.*

*لە دانانی ووشەدا دەبێ ئاگادار بین بزانین چۆن ووشە دەبێ بە وێنە. بۆ نموونە ئەگەر نووسیمان "لیزا جووانە" ئەوە پەیوەندی بە روانگەوە هەیە. چۆن دەکرێ ئەوە تۆمار بکرێ. جووانی لای هەر کەسێک بە جۆرێکە.*

*"باش" یانێ چی؟*

*سەناریۆیەکی باش ئەوەیە کە بە ئاسانی دەخوێندرێتەوە. زمانەکەی پاراوە، ووتووێژەکان پڕمانان و لە کاراکتێرێکەوە بۆ ئەوی دیکە جیاوازی هەیە. هیچ مەتەڵی بۆ هەڵهێنان تێیدا نییە. سەناریۆ دەبێ بکرێ دەربهێنرێ و دەورەکان بگێڕدرێ.*

*سەناریۆیەکی باش باسی ئەو شتانە دەکا کە خۆی بەباشی تێیدا شارەزایە. دیمەنەکانی سەناریۆی باش لە فیلمەکانی دیکە وەرنەگیراوە بەڵکوو دیمەن و گوتەی وای تێیدایە کە لەبیر ناچێتەوە. "ئەمە دوو زەوینی لێکجودای یەک یاری نییە، بەڵکوو دوو یاریی جیاوازە."*

*هەر کەس سەبارەت بەو بابەتە کە دەینووسێ، چاوەڕوانی تایبەت بە خۆی هەیە. هەروەها بەرهەمهێنەر و بینەریش بە تەمای شتی خۆیانن. چۆن دەکرێ شێوەیەکی تازە بۆ بابەتێکی وەکوو "تاوان و سزا" ببینینەوە؟ ئەم پرسیارە هەڵەیە. ئەوە تەنیا بابەتەکەیە، فیلمەکە دەبێ چیرۆکی خۆی هەبێ هەتا ئەو مانا بخاتە مێشکی بینەرەوە. وەکوو سێو و هەرمێ و هەواکە.*

"ئۆرڤە ئێدسترۆم، سەناریۆ نووس و دراماتۆلۆگی فینلەندی"

@@@@

## ٥- دراماتۆلۆژی "کێ دەیباتەوە- چیرۆک"


### نەهەنگ

ئەو رەوشتی یارییە کە دەیڵێم، بینەر دەیزانێ. نەک بزانن ساختمانی "کێ دەیباتەوە" چۆن دروست دەبێ، بەڵام زۆریان دیتووە و بیستووە، بۆیە دەیناسنەوە. جۆرێک ئاسایش لای بینەر پێک دێنێ. زۆرجار بینەران دەزانن فیلمێک چۆن کۆتایی پێدێ- ئاخری

دڵدارەکان دەگەن بە یەکتر و پاڵەوانەکە هەرچۆنێک بێ نامرێ، بەڵام دادەنیشن و تەواشای دەکەن بۆ ئەوە کە بزانن چۆن و بە چ شێوەیەک ئەو شتانە روو دەدا.
کاتێک بینەران فیلم دەبینن چاوەڕێ دەکەن ئەوەی لە سەرەتادا نیشان دراوە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی فیلمەکەدا زیاتر گرینگ بێ. لە سەرەتادا کە سێک بە کیسە ئەڵماسێکەوە هەڵدێ و خۆی وون دەکا، دەزانن کە لە شوێنێک لە چیرۆکەکەدا ئەڵماسەکان پەیدای دەبێتەوە. زۆر دژوارە ئەم یاسایە لەبەر چاو نەگیرێ. نامومکین نییە، بەڵام دەبێ بە ئاگاییەکی تەواوەوە بکرێ نەک بە هەڵە.
لە "کێ دەیباتەوە"دا قەڵافەتی دراماتۆلۆژییەکەیە کە هەموو شتێک پێکەوە گرێ دەدا. ئامرازی دراماتۆلۆژی بۆ ئەوەیە کە لە کردەوەکاندا بەرەوپێشچوونی چیرۆکەکە ساز ببێ. لە شێوەی پاکتاوی "کێ دەیباتەوە"دا گەلاڵەی ناوەرۆک بۆ خۆی گەلاڵەی گێڕانەوە رێک دەخا. یانێ دارشتنەکە قورساییەکە هەڵدەگرێ. چۆن دەبێ بڕواتە پێش، دیمەن بە دووی دیمەندا هەتا کۆتایی کێش زۆرتر ببێ. یانێ بەردەوامییەکی زنجیرەیی لە نێوان هۆکار و کارتێکەریدا. هەنگاو بە هەنگاو بۆ پێشەوە. وەکوو یاری شەترەنج کە لە پێشدا هەموو سوارەکان لە جێ خۆیان دادەندرێن و ئەوکات یارییەکە دەست پێدەکا و دنیایەکی چکۆلە ساز دەبێ کە لەوێ داوخوازی لە بەرانبەر داوخوازیدا وەستاوە. بەم شێوە یارییەکە دەست پێدەکا و پلە بە پلە سەردەکەوێ. بەکورتی، دژبەیەکەکان و کێشەکان روون دەبنەوە و هەرچی دەڕواتە پێشێ توندتر و پەستاوتر دەبن هەتا دەگەنە لووتکەی کرانەوە و خاڵی وەرچەرخانی گەورە کە مەیدانێکی تازە لە یارییەکەدا دروست دەکەن و کەسەکان ئەزمون دەکرێن. یارییەکە بەردەوام دەبێ هەتا یەکێک سەردەکەوێ.
راستییەکەی ئەوەیە ئەم شێوە کێشەیە لە بەشە بنچینەییەکانیدا زۆر ناکڵۆکار نییە، بەڵام سەرەڕای سادەیی دەکرێ پێچ و قەمچی تێ بخرێ و چیرۆکێکی دەوڵەمەند لە باری گۆڕانکارییەوە بنووسرێتەوە. بۆ دابەزاندن و شیکردنەوەی ئەو مودێلە باوەی "کێ دەیباتەوە" شێوەی جۆراوجۆر هەیە. یەکەم دابەشکردنە بە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی. یانێ ساختمانێکی سێ بەشی بەو شێوە کە ئەرەستو باسی کردووە. هەر بەشێک ئەرکێکی تایبەتی هەیە. لە بەشی یەکەمدا هەلومەرجەکە پێناسە دەکرێ. لە بەشی دووهەمدا کێشەکە قووڵ دەبێتەوە و پلەپلە گەشە دەکا. لە بەشی سێهەمدا گرێی کێشەکە دەکرێتەوە.

مۆدێلی دیکە کە "ئۆلا ئۆڵسۆن" هێناویە، دەکرێ نێوی بنێین شێوەی سەش پلێکانی. ئەم شەش پلەیە بریتییە لە پێشەکی، پێناسەکردن، قووڵ بوونەوە، توندبوونی پلێکانی کێشەکە، بڕانەوەی کێشە و تەواوکردن.

من دەمەوێ ئەو دوو مۆدێلە تێکەڵ بکەم. بەڵام بەرلەوە کە بچمە نێو وردەکارییەکان فۆرمێک نیشان دەدەم کە نێوم ناوە نەهەنگ.




وەک لە وێنەکەدا هاتووە، بەشی یەکەم پێشەکی بە شێوەیەک بۆ بەخەبەرهێنانی بینەرانە و دوایە دەخرێتە نێو بەشی یەکەمەوە. کە پێناسەکردن و قووڵبوونەوە لە

دەوروبەر و کاراکتێرەکان و کێشەکەیە. کێشەیەکی ناوەندی خۆی دەنوێنێ و دەگاتە خاڵی وەرچەرخانی یەکەم و بەشی دووهەم دەست پێ دەکا. لێرەدا پلیکانەکانی بەرەوپێشچوونی کێشەکە وەکوو ناوەخنی سەرەکی دەردەکەوێ. کاراکتێرەکان و بابەتەکە بۆ پێشەوە دەڕۆن هەتا دەگەنە خاڵی وەرچەرخانی ۲ و بەشی سێهەم دەست پێ دەکا. ئەم بەشە دەگاتە قووڵایی دراماکەوە و کێشەکە چارەسەر دەکرێ و بە ئارامی کۆتایی پێ دێ.

**پێشەکی:**

بینەران ئامادە و چاوەڕوانن، کاتێک فیلم دەست پێ دەکا. زۆر جار پڕن لە داواکاری، چوونکە بۆ بیتاقە پارەیان داوە و کاتیان تەرخان کردووە. سەناریۆنووس دەبێ ئەم چاوەڕوانییەی لەبەر چاو بێ. ئەتۆ دەبێ بتوانی بینەرکان کۆ بکەیەوە و رێککەوتنێکیان لەگەڵ بکەی. ئەتۆ مادە خاوێکی زۆرت لەبەردەست دایە. کۆڵێک دیمەن، تا رادەیەک ریزکراو. ئێستا دەبێ ئەو دیمەنە بدۆزییەوە کە شیاوی سەرەتای فیلمەکەیە. ئەو زبانە دروستە بدۆزێتەوە کە هەلومەرجەکە نیشان دەدا و ئەو کات و ساتە نیشان بدەی کە تەنیا لەم چیرۆکەدایە کە تۆ دەتەوێ بیگێڕییەوە. نابێ زوو دەست پێ بکا. خراپتریش ئەوەیە درەنگ دەست پێ بکا. بینەر دەتووانێ نەختێک راوەستێ کە وەڵامی چاوەڕوانییەکەی بدرێتەوە، بەڵام نایەوێ شتێک بدۆڕێنێ.

بۆ ئەوە کە بزانی جۆن دەست پێ بکەی، دەبێ بیر بکەیەوە چ دەستپێکێک شیاوی چیرۆکەکەی تۆیە. مرۆڤ بە شێوەی خۆبەخۆ، پێی وایە سەرەتا دەبێ دراماییی بێ، بەڵام دەتووانێ چاوەڕوانییەکی هەڵە لە بینەردا پێک بێنێ. رەنگە فیلمەکەی تۆ نەخشاندنێکی زۆر ئارامی پێویستە، یان رەنگە دەبێ پرسێک دروست بکا.

**پێشەکی دراماییی:**

یەکێک لەو فیلمانە کە زۆر لایەنگری هەبوو، مێلودرامای "رووتاندنەوەی قەتار" (۱۹۰۳) بوو کە بە دیمەنێکی زۆر دراماییی کۆتایی پێ دێ. لە بروشووری فرۆشتنی فیلمەکەدا نووسرا بوو، "دەکرێ ئاخر وێنەکەی نیشان نەدرێ". لە ئاخر وێنەدا یەکێک لە دزەکان دەمانچەکەی بەرەوڕووی (کامێرا) بینەرەکان دەگرێ و پلی پێدا دێنێ. بیر کەنەوە ئەگەر

ئەم وێنە لەباتی کۆتایی وێنەی یەکەمی پێشەکییەکە بوایە! فیلمەکە سەرەتایەکی درامایی دەبوو کە بینەرەکان هەتا ئاخر رەپ و رەق دادەنیشتن.

پێشەکی درامایی دەتووانێ کەم تا زۆر بەهێز بێ. نابێ زۆر بەرز بیگری، ئەگەر پێشەکی لە خاڵی کرانەوەی کێشەکە بەرزتر بێ، لە کۆتاییدا دژوارییەکی گەورەت بۆ دروست دەبێ. ئەمن سەناریۆی وام خوێندووەتەوە کە نووسەر هەموو هێزەکەی داناوە بۆ پێشەکی و دووایە هەر سەر بەرەو ژێر دەڕوا. راستە کە تۆ دەبێ سەرنجی بینەر رابکێشی، بەڵام دەبێ تەنیا تام کردنێک بێ لەو شتەی کە دووایی روو دەدا و کەوانەکە نابێ زۆر بکێشرێ.

لە پێشەکی فیلمی "ون دەتا" (١٩٩٤) فەرماندە هامیلتۆن گرووپێک سەباز رێنوێنی دەکا کە بێدەنگ دەوری دوژمن بدەن. ئەمە بەشێکی درامایی توندە و بینەر رادەکێشێ، دوواتر تێدەگەین کە مانۆڕ بووە و هامیلتۆن خۆی بۆ پشووی یەکساڵە دەڕوا.

لە پێشەکی دراماییدا دەبێ خاڵی کۆکەرەوە بدۆزینەوە. ئەو چاوتروکانە کە بە شێوەیەک باسی هەموو فیلمەکەی تێیدایە. جار وایە پێشەکییەکی باش کورت کراوەی هەموو چیرۆکەکەیە، بەڵام بەو مانا نییە کە لە سەرەتادا هەموو شتێک ئاشکرا بکرێ، بەڵکوو کاتێک بینەر سالۆنەکە بەجێ دێڵێ پەیوەندییەک لە نێوان سەرەتا و کۆتاییدا دەبینێتەوە.

لە پێشەکیدا کێشەی سەرەکی پێناسە دەکرێ. ئەو کێشەیە کە هەتا کۆتایی لەگەڵ دەبێ. بیری ناوەرۆک (ئەگەر هەیە) دەبێ بناسرێ و هەتا کۆتایی هەبێ. لێرە بینەر چاوی بە کاراکتێری سەرەکی فیلمەکە دەکەوێ. یان لانی کەم دەیبیسێ کە باسی دەکەن. هەر لێرەوە بینەر خۆی لەگەڵ یەکێک لە کەسەکان بەراورد دەکا و لە دووی دەکەوێ.

پێشەکی درامایی زۆر جار کێشەیەکی روون، کردەوەیی و پڕ وێنەیە کە کۆکراوەیەکی کێشەی سەرەکی، دەوروبر،کەسە سەرەکییەکە و بیری ناوەرۆک پێناسە دەکا.

لە پێشەکی فیلمێکدا کە بۆ تلەڤزیۆنم نووسیوە، کوڕێکی سێزدە ساڵان بە ماتۆرسیکلێتی چکۆلە لە دووی باوکی کەوتووە. باوکی مەستە و لە رێگا سەر برەوژێرەکەدا توند لێدەخورێ. پێچ بە دووای پێچدا خێراییەکە زیاد دەبێ. کوڕەکە دەگری و دەبۆڵێنێ. باوکەکە لە بوتڵەکەی دەستی دەخواتەوە. لە پڕ کوڕە دەست دەداتە میلەیەکی ئاسن. راوەکە مەترسیدارتر دەبێ هەتا دەگاتە باوکی و لێی دەدا، بڵام نەک لە کەللەی باوکی،

بەڵکوو لە شووشە ئارەقەکە. ئەم دیمەنە بێگومان هەموو چیرۆکەکەی لە خۆی پەستاوە. دیارە باقی فیلمەکەش هەر بەم شێوە بەهێزە. رەنگە سەرەتاکە زۆر ئاشکرا بێ بەڵام من وام نەدیتووە.

فیلمێکی دیکە هەر لەم بابەتە بە نێوی "پادرا پادرۆنە"(١٩٧٨) کە بابەتەکەی کێشەی کوڕێکە بە دژی دنیای گەورەسالان. لە پێشەکیدا کوڕەکە "پادرا" لە کلاس دەرس دانیشتووە، دەرکە دەکرێتەوە، بابی دێتە ژووری و بانگی دەکا کە بڕوا مەڕەکان بلەوەڕێنێ. ژنە مامۆستاکە بەرەنگاری دەکا و لەگەڵ بابەکە دەبێتە دمەقاڵەیان. کوڕ بە نێو کورسییەکاندا هەڵدێ و کاتێک رێگای دەرچوونی نامێنێ، میز بەخۆدا دەکا. ئاخری باوک دەیگرێ و دەیباتە دەرێ. کە دەرکە پیەوە دەدرێ شاگردەکانی دیکە لاسایی باوکەکە دەکەنەوە و پێی دەکەنن. باوکە دەرکە دەکاتەوە و هەڕەشەیان لێدەکا کە جارێکی دیکە نۆبەی ئەوانیش دەگا. لەم کاتەدا ئێمە بیرکردنەوەی دوو کوڕ دەبیسین کە چۆن دەیانەوێ دژایەتی لەگەڵ ئەم دنیای گەورەسالانەدا بکەن و داهاتوو دابین بکەن. دەرکە پێوە دەدرێتەوە.

لەم پێشەکییەدا، کەسایەتی کاراکتێرەکان، کێشە لەگەڵ باوک، بەرەنگاری بەکۆمەڵ، خەونەکان، کێشەی نێوان باوک و ژنە لاوە مامۆستاکە، کۆن بە دژی نوێ، ئەوەی کە دەمرێ و ئەوی کە دەژێتەوە، پەست کردن و سەرهەڵدان، هەموو ئەمانە هەیە. کێشە سەرەکییەکە لەگەڵ تایبەتی تاکەکەسدا و لەگەڵ کێشەی کۆمەڵایەتیدا تێکەڵ بووەتەوە. کوڕەکە دەستبەجێ لە هەلومەرجێکی زۆر نزم دادەنرێ، ئەمە سەرەتایەکی زۆر کارتێکەرە. چوونکە هاودەردی لای بینەر پێک دێنێ. لایەنی باشی کاراکتێری لاواز ئەوەیە کە هەستانەوە و خۆ دەرهێنان لەو هەلومەرجە دەبێتە خەباتێکی درێژخایەن. "پادرا پادرۆن" خەڵاتی زێڕینی پاڵمەی پێبدرا بۆ ئەوە کە شۆڕشی کوڕەکە وا دەکا کە لە ئاخرەوە ببێتە پروفسۆری زمانەوانی.


لە پێشەکی دراماییدا زۆرجار بۆمبێک لە ژیانی دڵخوازی کاراکتێرەکەدا دەتەقێتەوە. تلەفون زەنگ لێدەدا و منداڵەکەی رفێندراوە، یان سەیارە لە رێگا دەچێتە دەرێ و هاوسەرە خۆشەویستەکە دەمرێ. یان کەسەکە لەبانگێکدا ئەسیری دزی قەلسی ناشی دەبێت. یان وەکوو ئەو چیرۆکەی باسم کرد "هەڵاتن بۆ ژیان" لە ناکاو ژن و مێردێک منداڵێکی پەنابەریان تووش دەبێ.

ئەم ڕێژە دەتوانێ هەتا بڵێی درێژ بکرێتەوە. شتی هاوبەش ئەوەیە کە ڕووداوێک ژیانی کەسە سەرەکییەکە تێک دەدا و دەیکاتە جەهەنەم. چ درامایەکی قورس بێ یان کۆمێدیەکی سووک. شێواندنی دامەزراوی و هارمۆنی هەلومەرجەکە ماتۆری خستنە ڕێ بۆ بەرەوپێشجوونی چیرۆکەکەیە.

ئەم شێوە پێشەکییە تەنیا بۆ فیلمی ئاکشن نییە بەڵکوو تەنانەت لە درامای دەروونیشدا بەکار دەبرێ. لە فیلمی منداڵان و کۆمێدیشدا لەڵکی لێی وەردەگیرێ. لە فیلمێکی دراما کۆمێدیدا، سەرەتادا بەوە دەست پێ دەکا کە دەرهێنەری ئۆپێرا دەڵێ من نەفرەتم لە ئۆپێرایە چوونکە ناهێڵێ بێدەنگی و ڕووتبوونەوە هەبێ. ئەمە وەکوو بۆمبێکە بە دژی دابی ئۆپێرا. کۆمێدییەکە دەست پێ دەکا.

## پێشەکی جێگیرکەر:

لەم شێوە پێشەکییەدا پێویستیت بە کەرەسەی بەهێز و کاریگەر نییە. دەکرێ ژیانی کاراکتێرەکە زۆر بە نەرمی جێ بکەوێ. دیارە بەر لە هەرکەس کاراکتێری سەرەکی. ئەم جۆرە پێشەکییە زۆر جار بە وێنەی بڵاو دەست پێدەکا و دووایە بەرە بەرە دەچێتە نێو ئەو بەشە بچووکە کە بابەتی چیرۆکەکەی تێیدایە.



نموونەیەکی ئاسایی ئەوەیە کە کامێرا بە نەرمی بە سەر شاردا دەگەڕێ. ڕیتم و خەڵک پێناسە دەکا و دووایە کەسە سەرەکییەکە لە نێو جەماوەرەکەدا دەبینێتەوە. بۆ نموونە فیلمی "مانهاتان"(١٩٧٩)ی "وودی ئالێن" لەم شێوە کەڵکی وەرگرتووە. کاتێک مانهاتان [بەشێک لە شاری نیویۆرک] نیشان دەدرێ، دەنگی نووسەرێک دەبیسترێ کە هەوڵ دەدا ناوێک بۆ مانهاتان بدۆزێتەوە وەکوو جێگایەکی بێ کولتوور یان شاری خەونەکان؟ کامێرا دەگەڕێ هەتا کاراکتێرەکە لە بارێکی ئەو ناوچەدا دەبینێتەوە کە لەگەڵ کچە لاوە تازە دۆستەکەیدایە.

زۆربەی ئەم جۆرە پێشەکییانە بە دەنگی گێڕانەوە دەست پێدەکا. یان کاراکتێرە سەرەکییەکەیە یان کەسێکی دیکە، یان کەسێکی نەناسراو. ئەو هەلومەرجەکە باس دەکا و وێنەکانیش زانیاری زیاتر دەدەن. ئەم شێوە دەتوانێ زۆر بە خێرایی چیرۆکێکی زۆر پیچیدە جێگیر بکا. ئەم جۆر پێشەکییە پێویستی بە خێرابوون نییە و بە ئارامی دەخرێتە نیو بەشی دیکەوە کە پێناسەکردن و قووڵ بوونەوەیە. ئەم جۆرە پێشەکییە بە مانای ئەوە نییە کە فیلمەکە کێشی کەم دەبێ. تەنیا ئەوەندەیە کە نەختێک درەنگتر چاوەڕوانییەکە وەڵام دەدرێتەوە.

**پێشەکی نهێنیدار:**

لەم پێشەکییەدا فتێڵە باروتییەکە ئاور دەدرێ بەڵام فتێڵەکە زۆر درێژە. جاروبار فشەفشێکی کز دەبیسترێ و پرشە ئاورێک دەبیندرێ. ئەم جۆرە پێشەکییە دەتوانێ بە شێوەیەکی زۆر جوان بێ. کێشەکان تەنیا گومانیان لێی دەکرێ. سەرەڕای ئەوەش دەتوانێ بتەقێتەوە. لە زۆربەیاندا ئەوە وێنەکانن کە بەرەوپێشچوونەکە پێک دێنن. یاخۆ شێوە رووناکییەکەیان یان چۆنی ئێفێکتی دەنگە کە هەستەکە بەهێز دەکا. ئەم پێشەکییە دەتوانێ ناروون بێ. پێویست ناکا بینەر بزانێ بەڕاستی چ دەقەومێ یان کەسی سەرەکی کێیە. گرینگ سەربزێوی بینەر بەخەبەر دێنێ. هەروەها نادڵنیایی و نا هاوسەنگی بۆ دروست دەکا. هەر شتێک ، لە هەر لایەکەوە دەتوانێ روو بدا.

بۆ نموونە لە سێ ئەڵقە فیلمی "درۆ وەکوو ئاو" (١٩٨٥)ی "هانس ئالفردسۆن"دا دەبیندرێ کە کەسێک بە نێو دەشتێکی پڕ لە بەفردا هەڵدێ. هاوکات لەگەڵ دەنگی پێی، هەناسەدانێکی پڕ لە ترس دەبیسترێ و موزیکێکی دراماییش هاودەنگی دەکا. هەناسەدانەکە زیاتر هەوڵ دەبێ و لەناکاو دەبێتە پرخەی پیاوێک. دوای ئەمە هێندێ دیمەنی خانەگومان بوونی (دڵپیسی لە خێزان) جێگیرکەر دێ و دەزانین درامای خانەگومانییە گەرجی زۆر دراماییش نییە. ئەو هەناسەدانە چاوەڕوانی لای بینەر دروست دەکا.

پێشەکی نهێنیدار بۆ زنجیرە و فیلمی کۆمێدی شیاوە. بینەر پێویستی نییە هەموو جارێک پێستی مەوز ببینێ کە پێ بکەنێ.

یەکێک لەو فیلمە کورتانە کە باسی ژیانی رۆژانە دەکا و پێشەکی نهێنیداری هەیە. فیلمی "هیچ کەس وەکوو تۆ" (١٩٩٤)ی "لیزا ئۆلێنزە". فیلمەکە باسی پیاوەێکی پیر دەکا کە ژنەکەی مردووە. ئێستا ئەو نە تەنیا لەگەڵ بیرەوەرییەکانی ژنەکەی دەژی بەڵکوو لەگەڵ تەخت و نوێنی دەورانی نەخۆشینی ژنەکەدا دەژی کە لە ماڵەکەیدا ماوەتەوە. لەکاتی نووسینی سەناریوەکەدا ئێمە باسمان دەکرد کە چۆن بکەین ئەمانە هەست پێ بکرێ. ئاخری وامان دانا کە دەستپێکەکە ژیانی ئاسایی رۆژانە بێ، بەڵام هەتا دەکرێ پڕ نهێنی بێ. پیاوەکە لە نێو خانووەکەیدا راوێچکە دەکا و لەگەڵ ژنەکەی دەدوێ. بە شێوەیەکی پڕ هەست باسی خۆی و یەکەم چاوپێکەوتنی خۆسەویستی لە کاتی لاوەتیدا دەکا. ژوورەکان کپ و نیوە تاریک و نەختێک تێک پرژاون. گومان دەکرێ ژنەکەی لەوێیە (لە راستیدا تەنیا کلاوقژێکە). لە دەرەوە دەنگی قیژە و هەرای لاوانی مەست دەبیسترێ. پیاوەکە لە درزی کرکرەی پەنجەرەکەوە سەیری دەرێ دەکا. ئەمە کرانەوەیەکی تایبەتی درامایی نییە. ئێوارەیەکی تا رادەیەک ئاساییە، بەڵام لە هەمان کاتدا شتێک لە جێ خۆیدا نییە.

ئەم نموونە نیشان دەدا کە پێشەکی نهێنیدار تەنیا بۆ زنجیرە و فیلمی ترسێنەر نییە.

**پێشەکی تلەڤزیۆنی:**

دەگوترێ کە پێشەکی بۆ تلەڤزیۆن دەبێ زۆر خێرا بێ کە زوو سەرنجی بینەر راکێشێ هەتا کاناڵەکە نەگۆڕێ. من گومانم لەمەدا هەیە. لانی کەم لە زنجیرە ئاسایی و زنجیرە پۆلیسییەکاندا. ئەمانە بینەری جیاوازیان هەیە. جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان سالۆنی گەورە و تاریکی سینەما بەو دەنگە ساف و رووناکی زۆرەوە هەتا ئەو شاشە چکۆلەی تلەڤزیۆن کە بینەر دادەنیشێ کێک و چای خۆی دەخوا. رەنگە ئەمە زیاتر خەڵک رابکێشێ. سەرەڕای ئەوە دەمەوێ باوەڕم هەبێ کە بینەر تاقەتی هەیە. هێشتاش فیلمێک بۆ بینەری تلەڤزیۆن فیلمە و تەنیا بەرنامەیەکی گشتی نییە.

**پێناسەکردن و قووڵبوونەوە**

بەشی یەکەم دەستی پێی کردووە.

بۆ گێڕانەوەی هەر چیرۆکێک پێویستە کە هەلومەرجە بنچینەییەکە پێناسە بکرێ، بەڵام نەک زۆر. تەنیا ئەوەندە کە بینەر تامی بکا و بزانێ چ باسە. کاتێک من چیرۆک بۆ منداڵان دەگێڕمەوە، ئەوان بەرلە هەمووشتێک دەیانەوێ بزانن جێگاکە کوێیە، باسی چ کەسانێک دکەین، پەیوەندی نێوان کاراکتێرەکان چۆنە. ئەگەر یەکێک لە کاراکتێرەکان زیاتر سەرنجیان رابکێشێ، دیانەوێ زیاتر لە بارەیەوە بزانن.

هەر وەها دەیانەوێ بزانن کێشەکە چییە و کاراکتێە سەرەکییەکە چۆن بەرەنگاری دەبێتەوە. ئەگەر کێشەکە دوور بخرێتەوە و درێژ بکرێتەوە ئەوان لێی ماندوو دەبن. جگەمانە بەرزی و نزمی هەوای چیرۆکەکە باس دەکەم. چەند نەرم یان توند بێ، لە نزیکەوە بێ، نەختێک دوور بکەوێتەوە یان هەرە دوور بێ یاخۆ تێکەڵاوێک لە هەمووان بێ. راست و رووت شتەکان بکوترێ یان بە ئەدەبەوە. لە دەرەوە (ئۆبژێکتیڤ) باسی کاراکتێرەکان بکرێ، یان لە دەروون و روانگەی ئەوەوە.(سوبژێکتیڤ) بەم جۆرە گەلێک رێککەوتن لەم پێناسەکردنەدا لەگەڵ بینەر دەکەم.

بینەری تۆ زۆر وریایە. وای دادەنێ کە هەرچی لە بەشی پێناسەکردندایە ئەوە تۆ دایدەچنی و رێککەوتنی لەگەڵ دەکەی و دوواتر بەکاری دەهێنی. یانێ تۆ لە سەرەتادا قەولّی زۆر بە بینەرەکەت دەدەی. بینەر چاوەڕوانە هەر شتێک لەم بەشەدا دەگوترێ و پیشان دەدرێ، دوواتر بە شێنەیی باسی بکرێتەوە.

کاتێک فیلمێک دەبینین ئاسانە بڵێین چ ساختمانێکی باشی هەیە، بەڵام کاتێک دەینووسی بەو ئاسانییە نییە. لە پێشدا هەموو شتێک رێک دەخەی، بەڵام کە گەییشتییە ناوەندی کارەکە نازانی چییان لێی بکەی. خۆت ماندوو دەکەی و بە ئاکام ناگەیی. لە خۆت دەپرسی چ کێشەیەک، کاراکتێرێک، هەلومەرجێک و... لە سەرەتادا دەبێ پێناسە بکەی. دیارە هیچ چوارچێوەیەکی ستاندارد (لە پێشدا دیاریکراو) نییە، ئەگەریش هەبووا، هەروا کە پێشتر گوتم، تەنیا دەست و پێت دەبەستێ و شتێکی وشک و رەق ساز دەبێ.

**پرێمیس : (Premis) گریمان/پەیام**

بە تیوری پرێمیس ئەو شتەیە کە بڕیار دەدا چ شتێک لە فیلمەکەدا هەبێ. ئەمە بناغە و هاندەرە بۆ بەرەوپێشچوونی جووڵانەوەکە. هەر شتێک لە فیلمکەدا روو بدا لە لایەن پرێمیسەوە پشتیوانی دەکرێ. یانێ هەموو دیمەنێک رێبەری دەکا. تاکە کەس، کاراکتێر، گوتە و هتد... بە پێ ئەم تیورییە تۆ دەتووانی لە رووی پرێمیس هەموو ئەو شتانەی کە ریشەیی نین وەلایان بنێی.

ئەمە دەبێ وەکوو پلانێک بێ کە بە پێی ئەوە دەتووانی تەواویەتەکە ببینی. لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی. بۆ ئەوە کە هێڵە گرینگەکان ببینی، نابێ پلانەکە زۆر وردەکاری و هەڵکەوتنی تێیدا بێ. پرێمیس دەبێ نووسەر رێنوێنی بکا کە بڕیار بدا چ دەبێ باس بکرێ. مادده خاوەکەی کۆ بکاتەوە و سەرنج بخاتە سەر خاڵی ناوەندی.

**کەوابوو پرێمیس چییە؟**

کورتە فرموولێکە لەسەر بیری ناوەرۆک، بیری ناوەندی چیرۆکەکە، ئەو بۆچوونەی کە دەبێ لە ژێر پێستی رووداوەکاندا هەبێ. پێویست نییە راستییەکی گشتی بێ، دەتووانێ تەنیا بۆچوونی تۆ بێ.

فرموولەکە بەم شێوەیە: X دەبێتە هۆی Y. بۆ نموونە تاوان دەبێتە هۆی سزا. نەبوونی یاسای رێکوپێک، دەبێتە هۆی بشێوەی کۆمەڵایەتی. یەکەم گریمانە و دووەم ئاکامەکەیەتی. فیلمەکە هەر لە سەرتاوە هەتا کۆتایی دەیەوێ ئەم بیرۆکە بسەلمێنێ. بە هۆی رووداوەکانەوە بەڵگەی بۆ کۆ دەکاتەوە.

ئەمە وەکوو دروشمێکی کاریگەر چیرۆکی فیلمەکە برەوپێش دەبا. نابێ بە شێوەیەک بێ کە بێ کردەوە بمێنێتەوە. بۆ نموونە: "نابەرانبەری نیوان ژن و پیاو باش نییە" ئەمە ناگاتە هیچ ئاکامێک. ئەگەر بمانەوێ هەر ئەم بیرۆکە کاریگەر بێ، دەبێ بەم جۆرە بێ. " نابەرانبەری مافی ژن دەبێتە هۆی تێکچوونی ژیانی هاوسەری" بۆچوونێکی روون کە فیلمەکە دەبێ بیسەلمێنێ.

یەکەم نیشاندەری پرێمیس کێشەی سەرەکی فیلمەکەیە و لە گێڕانەوەی فیلمدا ئەو شتەی کە پێی دەگوترێ پرێمیس کەسایەتی و گەشەکردنی کاراکتێرەکە بە ئەستۆ دەگرێ. کێشەی سەرەکی هەر لە سەرەتاوە و لە پێناسەکردندا دەست پێدەکا، یانێ پرێمیسەکەش هەر لەوێوە دەست پێدەکا و هەتا ئاخر لەگەڵی دەڕوا.

دوو جۆر پرێمیس هەیە، یەکێک ئەوەیە کە لەسەر بنەمای رووکاری درامایی فیلمەکە دادەنرێ. ئەمە زیاتر بۆ زنجیرە و فیلمی ئاکشن بەکار دێ. نموونە: "تاوان، سزا دەدرێتەوە". "زەختی درێژخایەن لەسەر خەڵک دەبێتە هۆی راپەڕین".
جۆری دووهەم ئەوەیە کە لەسەر بنەمای کەسایەتی کاراکتێر دادەندرێ. ئەمە زۆرتر لە فیلمی درامای دەروونی و پەیوەندی نێوان مرۆڤاندا بەکار دێ. نموونە: "کەسێک کە نەیەوێ راستییەکان ببینێ، ژیانی ناهەموار دەبێ".

**دەکرێ چەند پەیام هەبێ، یان لە رەوتی فیلمەکەدا پەیام بگۆڕدرێ؟**

لە شێوە ساختمانی "کێ دەیباتەوە"دا بێگومان زۆر دژوارە کە چەند پەیام هەبێ. بینەر پێی وا دەبێ کە فیلمەکە سەرلێشێواوە، نازانێ چی دەوێ. پرینسیپ ئەوەیە کە یەکدانە بێ، بەڵام ئەگەر زیاتر بێ لە باری قەوارە و داڕشتنەوە تێکچوون ساز دەبێ. بێگومان گۆڕانی پرێمیس لە ناوەڕاستی چیرۆکدا، لای بینەر دەبێتە هۆی سەرەگێژە. ئەگەر بمانەوێ بگۆڕدرێ دەبێ هەموو ئەوانەی پێش گۆڕانی پرێمیس گوتوومانە هەڵسەنگێندرێتەوە، بەڵام دیسان بینەر فیلمەکە بە سەرلێشێواو دەزانێ.
بە تیوری دەکرێ بگۆڕدرێ. دەکرێ هەر لە سەرەتاوە چەند پرێمیس پێکەوە بن. رەنگە لە فیلمێکی شێوە کلاسیکی "کێ دەیباتەوە"دا نەکرێ، بەڵام ئەوڕۆ ئێمە زۆر فیلم دەبینین کە رەوشتە باوەکانیان لە بەرچاو نەگرتووە. لە رێگای زنجیرە تلەڤزیۆنییەکانەوە راهاتووین کە رووداوێک لە چەند روانگەوە ببینین. لە کێشەیەکدا لە دووی چەند کاراکتێر بکەوین، بەڵام هیچیان بە ئاکام نەگەن. ئەو کارتێکەرییە لەسەر ساختمانی فیلمیش هەیە. جگە لەوە، ئێمە لە دەورانێکدا دەژین کە زۆر دژوارە راستییەکان بدۆزینەوە. ئایا راستە کە تاوان دەگاتە سزا؟ تاوان چییە؟ چ تاوانێک سزا دەدرێ و چی سزا نادرێ؟ کێ بڕیار دەدا چ شتێک تاوان بێ؟ لیستەی ئەم پرسیارانە دەکرێ زۆر درێژ بێ. ئیتر دنیا ئەوەندە بە راشکاوی ئەخلاقی نییە. بێگومان ئەگەر باش لێی ورد بینەوە، زۆر دژوارە بۆچوونێک بدۆزینەوە کە بێ ئەم لاو ئەولا تەواو بێ.
ئەگەر سەناریۆنووس بتوانێ پەیامێکی روون رێک بخا، نابێ لە فیلمەکەدا بە ووشە بگوترێتەوە. دراما، یان کۆمێدی، بە بێ جیاوازی. دەبێ فیلمەکە بەڵگەیەک بێ بۆ ئەو بۆچوونە. ئەگەر روون بوو ئەوە بینەرهەستی پێی دەکا، دەنا هیچ شتێک نامێنێ کە

بینەر بۆ خۆی بیدۆزێتەوە و پێی وا دەبێ کە فریوی خواردووە و دەڵێ: جگە لەوە هیچی تێیدا نەبوو. بینەر دەبێ بە گریمان بۆی بچێ. گرینگە کە بینەر بۆخۆی وێنە، رووداو، کاراکتێر و هتد... مانا بکاتەوە. ئەگەر وابێ دووای فیلمەکە هەست دەکا کە لەگەڵ هونەرێک ژیاوە و هەر نەبێ بێلایەن نابێ و پاش فیلمەکە وتووێژ پێک دێ. باس لەسەر ناوەرۆک و روانگە و مانای فیلمەکە دێتە پێشەوە. ئەم جۆرە درامای کراوە بە تیوری دژی پەیام دانانە کە لەوێ فیلمەکە دەبێتە بەڵگە بۆ روانگەیەکی تایبەتی. پەیام تەنیا دەبێ بەسەر فیلمەکەدا بکشێ نە زیاتر، بەڵام رەنگە بۆ سەناریۆنووس ئاسان نەبێ کە هاوسەنگی بدۆزێتەوە. بەڵگە هێنانەوەکە قورس دەبێ. دەکرێ زۆر گرینگی بدرێ بە (تێز-گریمان)ەکە و زیاتر ببێ بە دەرسدان و زۆر روون بێ. بۆ نموونە: بینەر هەر لە سەرتاوە دەزانێ کە ماددە سەرخۆشکەرەکان مەترسیدارن و دەبێتە هۆی کردەوەی نابەجێ. دووایە لە درێژەی فیلمەکەدا تەنیا رووداوە کە بە دووی رووداودا دێ و هیچ هێزی دراماییان نییە.

هەر وەک پێشتر گوتم، من رەخنەم لەسەر پەیام هەیە. بەڵام سروشتییە کە تۆ وەکوو سەناریۆنووس دەبێ بزانی فیلمەکەت سەبارەت بە چییە. ئەتۆ دەتەوێ چ بە خەڵک بڵێی؟ لە چیرۆکەکەتدا چ شتێک سەرەکییە و چی لاوەکییە؟ هێندێک لەو باوەڕە دان کە پەیام دەبێ لە پرۆسەی فیلمەکەدا بەکار ببرێ، بەڵام نابێ لە کات و جێگای هەڵەدا بەکار ببرێ. ئەگەر زۆر روون بێ زیانی لە یارمەتیدانەکەی زیاتر دەبێ. بۆ نموونە کاتێک سەناریوە خاوەکە نووسرا ئەودەم پەیام لە کار بکرێ. رەنگە ئەمە راست بێ، بەڵام من گومانم هەیە.

یەکەم مەترسی پەیام ئەوەیە کە سنوور دارییەکەی لە ئازادییەکە زیاتر بێ. زۆر جار بیر دەکەمەوە دانانی پەیام زیاتر پەیوەندی بە ساختمانی ئاکادێمیکەوە هەیە. بێ گومان تۆ دەبێ سنوور بۆ ماددە خاوەکانت دابنێی و بناغەیەک بۆ چیرۆکەکەت بدۆزییەوە. هەروا کە لە سەرەتای پرۆسەی نووسینەکەتدا پێویست بوو، بەڵام گریمان و پەیام دانان زۆر تەواوکەر و کۆکەرەوەیە. لە X دەبێتە هۆی Y دا تەنیا سەرەتا و کۆتایی دیارە. هیچ شتێک سەبارەت بە رەوتی کارەکە بە دەستەوە نادا. بۆ من پەیام دانان لە کاتی نووسیندا بەکار نایێ، بەڵکوو لە وردەکارییەکاندایە کە کار دەکا. بۆ من و زۆربەی نووسەرانی دیکە رێگاکە گرینگترە لەو شوێنەی کە دەتەوێ پێی بگەی. رەنگە ئەمە

جیاوازی نێوان بیری ئەوروپی و ئەمریکی بێت؟ فیلمە ئەمریکییەکان زیاتر بۆ گەییشتن بە ئامانج ڕێک خراون، بەڵام فیلمی ئەوروپی زۆرتر پشکێنەرە و ئەوەندە بە خاترجەمییەوە ئامانجەکە دەستنیشان ناکا. ئەمە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووەکەیان. گەرچی لێرەش ئەو شێوە فیلمە بەرهەم هاتووە. ئاخۆ دەکرێ پرێمیس وا گەشە بکا کە ئەوەندە ڕەق و داکوتراو نەبێ؟ لە باتی ئەوە لە هۆکارەکاندا قووڵ بێتەوە؟ بۆ نموونە کاتێک دەڵێین "زەختی درێژخایەن، دەبێتە هۆی ڕاپەڕین" لە سەر بەشی یەکەم زۆرتر کار بکەین. پرێمیسی پێشکەوتووش هەیە کە بە سیستەمی ریازی پڕە لە پیلی بەم لا و بەولادا کێشراو بۆ ئەوە کە ووردەکارییەکان دیاری بکا. مەترسی ئەم جۆرە ئەوەیە کە سەناریوەکە زیاتر شێواو بێ و تێگەییشتنی دژوار بێ. لەباری ساختمانیشەوە خواروخێچ و پێچاوپێچ دەرکەوێ. دیارە دەکرێ بە ئامار و دیاگرامیش نیشان بدرێ. کێشە ئەوەیە لەو فیلمانەدا کە بەم شێوە چێ کراون پەیامەکە زۆر تاکە کەسییە. دژوارە پەیامێکی ئۆبژێکتیڤ بدۆزیتەوە کە لە لێکدانەوەی کۆتاییدا پەیامی ڕاستەقینەی فیلمەکە بێ.

لە شانۆدا دەکرێ پەیامی جۆربەجۆر بۆ یەک شانۆ هەبێ. دەرهێنەر دایناوە، "نابەرانبەری ژن دەبێتە هۆی تێکچوونی هاوسەریەتی" بینەر دەتووانێ، بۆخۆی پەیامەکە بەم جۆرە بگۆڕێ: "زەخت کردن لە ژن هەرچەند بە نەرمیش بێ، دەبێتە هۆی کەم ژماردنی ژن" یان "بێ بایەخ کردنی ژن، دەبێتە هۆی تێکدانی تەرکیبی کۆمەڵ" ئەمانە دەتووانێ هەر وەک ئەو پەیامەی دەرهێنەر دایناوە ڕاست بن. ڕەنگە دەرهێنەر قورسایی لەسەر چەند پرسیار دابنێ. بینەر بە پێ بۆچوونی خۆی وەڵامی بۆ دەدۆزێتەوە. شانوەکانی "هێنریک ئیبسن" سەرەڕای ئەوە کە زۆر تێکستەکەیان روونە، بەڵام چەند ڕەهەندن. دەرهێنەری شانوەکەی دەتووانێ وردە دەستکارییەکی بکا و چوارچێوەی ئەو پرێمیسەی کە "ئیبسن" دایناوە نەختێک بشکنێ. بۆ نموونە: وای لێی بێ:"تێکچوونی هاوسەرایەتی لە بەر نابەرانبەری ژن و پیاوە".

وەکوو کەسی بڕیاردەر ئاخۆ دەکرێ پەیامی دروست ببینیتەوە و گەشەی پێی بدەی و زیاتر روونی بکەیەوە؟ دەمەوێ لێرە نموونەیەک باس بکەم کە خۆم کارم لەسەر کردووە. ئەمە کلیلی قفڵەکە نییە، تەنیا نموونەیەکە. ئایدیاکەی لە بیرێکی "مارتین لۆتێرکینگ" گیراوە کە دەڵێ: "مرۆڤە خراپەکان نین کە مەترسیدارترینن، بەڵکوو مەترسیدارترین ئەو مرۆڤە چاکانەن کە بە دژی خراپە هیچ ناکەن" وەکوو ئاوێنەی ئەم بیرە چیرۆکی

دوورگەیەکی داخراوتان بۆ دەگێڕمەوە کە کوڕانی کەم تەمەنیان بۆ چاکسازی تێیدا زیندانی کردووە. من لەگەڵ یەکێک لە کوڕەکان دەچمە نێو ئەو دنیا پڕ ئازارەوە. لەوێ کوڕەکان دەستدرێژییان پێ دەکرێ و سەرشۆڕیان دەکەن. ڕۆژێک کاراکتێری ناوەندی دووهەم دێتە نێو چیرۆکەکەوە. ئەو مامۆستایەکی ئینساندۆستە کە نایەوێ شتەکان وەکوو خۆی ببینێ، گەرچی زۆر ئاشکراش بێ. ئەمە دەبێتە هۆی کارەسات.

نامەوێ هەموو چیرۆکەکە باس بکەم، بەڵام لەم ڕێگاوە دەمەوێ پرێمیس ێکی باش ببینمەوە. روونە کە "زەختی درێژخایەن دەبێتە هۆی ڕاپەڕین" بەش ناکا. هەروەها پریمیس ی گرێدراو بە کاراکتێرەوە وەکوو "ناڕازی بوونی کەسێک دەبێتە هۆی سەرکەشی" زۆر روونکەرەوە نییە. دەکرێ تێکەڵێک لەو دووانە پەیدا بکەین. هەوڵێک دەدەم.

"مامۆستایەکی ئینساندۆست نایەوێ باوەڕ بکا کە کوڕە منداڵەکان دەستدرێژییان پێ دەکرێ و ئەمە دەبێتە هۆی ئاژاوەیەک کە بە توندی سەرکوت دەکرێ" ئێستا پرێمیس ەکەم نەختێک بەرەوپێش بردووە، بەڵام هێشتا کاراکتێرەکەی دیکەی تێیدا نییە و پەیوەندی نێوان کوڕەکە و مامۆستاکە دیار نییە. هۆی سەرەکی ئاژاوەکەشی تێیدا نییە و دیاریش نییە دووای ڕاپەڕینەکە چییان بەسەر دێ. بە کورتی زۆر باش جی نەکەوتووە. کاراکتێرەکانیش بە روونی لێک جوێ نەکراونەتەوە. ئێستا هەوڵ دەدەم پرێمیس ەکە زیاتر شی بکەمەوە.

"کوڕێکی دووازدە ساڵە لە لایەن زڕبابییەوە دەنێردرێتە تالیمی ئیجباری. هاوکات مامۆستایەک کە تازە خوێندنی تەواو کردووە و حەزی لە کارەکەیەتی لەو زیندانەدا دەست بەکار دەبێ. کوڕەکە لە لایەن یەکێک لە زیندانەوانەکانەوە دەستدرێژی پێی دەکرێ. ئەوە کەسێکە کە لە کاری زیندانەوانیدا زۆر زیرەکە. بە هاتنی مامۆستا، کوڕە ڕووناکاییەک دەبینێ و داوای یارمەتی لێی دەکا و پێی دەڵێ کە بەردەوام ئەو کارەی لەگەڵ دەکرێ. مامۆستاکە لەبەر دڵپاکی و ئینساندۆستی خۆی نایەوێ باوەڕ بکا کە مرۆڤ شتی وا خراپ لەوێ بکا. بۆیە دەڕوا بۆ لای زیندانەوانەکە و داوای روون کردنەوەی لێی دەکا. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە هەر ئەو شەوە کوڕەکە ون دەبێ و نازانرێ کوژراوە، یان خۆی کوشتووە؟ هەموو شتێک کپ دەکرێ، وەکوو کە ئەو کوڕە قەت لەوێ نەبووبێ. مامۆستاکە هەست بە هەڵەی خۆی دەکا، دەنگۆ بڵاو دەبێتەوە، بەڵام ئازار و ئەشکەنجەی کوڕە لاوەکان بەردەوامە و دەبێتە هۆی ڕاپەڕین و بەرەنگاری. سەربازی هێزی دەریایی

دەرنێردرێ و بە توندی سەرکوتیان دەکەن. مامۆستاکە نایەوێ لەوە زیاتر لەو شێتبازییەدا بەشدار بێ و دوورگەکە بەجێ دێڵێ. کوڕێکی دیکە وەکوو پیلانگێڕی ئەو رووداوە تۆمەتبار دەکرێ و لە لایەن زیندانەوانەوە دەخرێتە ژێرخانی تاریکەوە....
ئێستا تا رادەیەک چوارچێوەکە دەرکەوت. هەرچەند هێشتاش هێندێ سەر و ژێری دیار نییە. بۆ نموونە: بەرنامە دانراوە کە چاودێرانی دەوڵەتی بێن و ئەو کوڕەش گۆرانییان بۆ بڵێی. شەوی پێشتری کوڕە ون دەکرێ و لەباتی ئەو چەند کەسی دیکە دێنن. وەکوو ئەوە کە هیچ رووی نەدابێ. ئابڕوی زیندانەکە لە مەترسی دایە و چاودێرەکان بەو دیواری پوتەمکینە (دیواری دێکۆر کە لە پشتییەوە هیچ خانوویەک نییە) رازی دەبن و دەڕۆنەوە. هەڵەی ئەم پرێمیس ە ئەوەیە کە لە راستیدا پرێمیس نییە. گەرچی هێندێ دراماتۆلۆگی ئەمریکی پێیان وایە کە پرێمیس دەبێ بەم شێوە بێ، یانێ بەڵگەیەکی بە هێز بۆ پرێمیس. بۆ من ئەمە زیاتر لە کورتەی سەناریۆ دەچێ. بۆ من پرێمیس فرموولێکی کورتە وەکوو:"دڵپاکی مرۆڤ شەڕ بڵاو دەکاتەوە". گرنگ نییە کە سەناریۆیە یان فرموولی کورت. ئەمە پرسیاری ئاکادێمییە. گرینگ ئەوەیە بۆ تۆی سەناریۆنووس یارمەتیدەرە لە نووسینەکەتدا یان نە. کە هەم سنوورەکانت دیارە و هەم ئازادییەکەت.

پلاندانان

لە درامای یۆنانی کەونارادا خوداکان و پێشکۆەکان بوون کە بە پێشکۆیی کردنی داهاتوو، راست بەرەوڕووی بینەران قسەیان دەکرد و ژیانیان وەبەر شانۆدا دەهێناوە.. لە درامای مۆدێرن و فیلمدا زۆر بە ووردەکارییەوە کار دەکرێ، بەڵام ئەودەم و ئێستاش بینەر دەزانێ راستییەکە لە چی دایە.
بڕێکی زۆری بەشی یەکەم تاڕادەیەک بەشی دووهەمیش بۆ پێکهێنانی چاوەڕوانی لای بینەر تەرخان دەکرێ. چاندنی ئەو شتەی کە دوواتر دەبێ درەو بکرێ. یانێ ئەلف دەڵێی و ب ناڵیی. بەڵێنی دەدەی دوواتر هەموو زانیارییەکە بخەیە بەردەست. پێش هەواڵێک دەدەی، بەڵام نە بە تەواوی. هەموو ئەو شتانەی کە لە بەشی یەکەمداپێناسەی دەکەی پێش هەواڵن. لە گەورەوە هەتا چووک. هەر لە دوورگە داخراوەکەوە کە زیندانی تێیدایە هەتا قژەکانی زیندانەوانەکە کە پێی ناخۆشە با- بیشێوێنێ. وەکوو جۆن کاتێک کەسێکی تازە ئاشنا لە ژێر وردبینیمان دایە. هێندێ شتی زۆر وردی رۆژانە هەیە کە بێ بایەخن،

بەڵام دەتووانن ببنە هۆی کارەسات. وەکوو ددان خاوێنکردنەوەی سەر سفرە کە دوواتر دەتووانێ ببێتە یەکێک لە هۆکانی جیابوونەوەی ژن و مێردێک. گرینگ ئەوەیە کاتێک کێشەکە دەچێنی نابێ بینەر هەستی پێی بکا. بینەر پێی خۆشە بزانێ چ پەیوەندییەک لە نێوان ووردەکارییەکاندا هەیە. بە تایبەت لە شێوەی "کێ دەیباتەوە"دا، بەڵام نابێ پێشوەخت پەی پێی ببا، دەنا هەمموو چیرۆکەکەی لێی کەشف دەبێ. هێندێ چاندن زووتر دەست پێدەکا. رەنگە لەبەر ئەوە کە بە ئاگاییەوە نیشانەیەک دانراوە کە بینەر دوواتر وەبیری بێتەوە، بەڵام زۆرتر بە پێچەوانەوەیە. شتێک زووتر دەچێندرێ بۆ ئەوە کە بینەر لەبیری بچێتەوە و دوواتر کە دێتە درەوکردن لێی ئاشکرا ببێتەوە.

نموونەیەکتان بۆ باس دەکەم لە جیرۆکی "دوورگە". من دوو سەرچاوەی دەوڵەمەندم بۆ نووسینەوەی سەناریوەکەم هەبوو. یەکەم ئەو رووداوە راستییە کە لە ۱۹۱۰ لە نۆروێژ رووی دابووە. دووهەم کتێبی "مارتا لیندسترۆم" کە ئەو رووداوەی بە چیرۆک نووسیوەتەوە. من لەو دووانە کەڵکم وەرگرتووە و بۆ خۆشم شتم لێی زیاد کردووە. بۆ من گرینگە کە باسی مرۆڤە چاکەکان بکەم و لایەنی بەهێز و بێهێزیان و ویستی چاکیان کە دەیانەوێ خراپە لابەرن نیشان بدەم.

**کەوابوو چ شتێک دەبێ لەپێشدا بچێندرێ؟**

دەوروبەر، ئەمە بۆ چیرۆکەکە گرینگە، بۆ نموونە باسی دوورگەکە دەکەین کە هەڵاتن لەوێ زۆر دژوارە. دوورگەیەکی زۆر جوانە و باوەڕ ناکرێ خراپە لەوێ جێ ببێتەوە. پرە لە کەلێن و قوژبن و خۆشاردنەوە لەوێ ئاسانە. لەوبەری دوورگەکەوە چەند ماڵە گوندی دەژین کە لە یەکیکیاندا کچێکی لاو هەیە.

یەکێک لە کاراکتیرەکان نیوی "کای"ە. هەر لە پێشەکییەکەدا دەبینین کە دنیای گەورەکان خراپ تێدەگا. بابی مردووە و زڕباب لە ماڵێ پەیدای دەبێ. "کای" لە ژووری خەوی دایکییەوە دەنگیان دەبیسێ و بەخێڵی بردن بە زڕباب بەرەو تاوانکردنی دەبا. "کای" بەتەواوی بێگونا نییە و هێندێ هێزی خراپەکردنی تێیدایە. ئەمە زانیارییەکی گرینگە کە دوواتر پێویستمان پێیە. هەروەها نیشان دەدرێ کە "کای" لە تاریکی و لە هەمموو جۆرە گەزەندەیەک دەترسێ.

کاراکتێری دیکە کە نوێنەرایەتی خراپە لەم چیرۆکەدا دەکا. "سورنسێن"ی زیندانەوانە، بەڵام ئەم رووەی لە پێشدا ئاشکرا ناکرێ. ئەو لە لایەن کارمەند و کوڕەکانەوە بە ناحەز

دەناسرێ. ئەو دەروونە بە رووالّەت بەدی ناکرێ. رق و دلّڕەشی ئەو لە قژە شێواوەکانیدا دەردەکەوێ کە بۆ "یوهانێس" مامۆستا تازەهاتووەکە زۆر سەیرە. رق و تووڕەیی سورنسن زوو دەگۆڕدرێ و رووالّەتی ئاسایی دەبێتەوە.

لە هوموو چیرۆکە باش نووسراوەکانی "کێ دەبیاتەوە"دا تۆڕێکی تەنکی چێندراو بەدی دەکرێ. کاتی زۆر دەبا هەتا ئەم تۆڕە بهۆندرێتەوە. کە سەناریوەکەت دەچێتە پێشەوە دەبێ جارجار بگەڕێیەوە بۆ پێشەکییەکە و دیسان شتی لێی زیاد و کەم بکەیەوە. هێندێ شتیش هەیە کە نابیندرێ بەڵام هەستی پێی دەکرێ.

## کێشەی سەرەکی و کێشەی لاوەکی

لە بەشی یەکەمدا سەرنج بۆ کێشەی سەرەکی رادەکێشرێ. لە "دوورگە"دا کێشەی فیزیکی هەر وەکوو باقی شتە دامەزرێنەرەکان یارمەتی بەرەوپێشچوون دەدا. کاتێک "کای" بە دەستدرێژییە سێکسییەکە پەی دەبا، دراماکە دەست پێدەکا. کێشەی سەرەکی دەردەکەوێ. شەترەنجەکە دەست پێدەکا. ئەوەی پێشتر دیتوومانە رێخۆشکەری کێشەی سەرەکی بوون. بە دەوری ئەم کێشەدایە کە کردەوە و دژ کردەوە لە نێوان کەسەکاندا روو دەدا هەتا بە ئاکام دەگا. وەکوو گوتمان بە پێی ئەم مۆدێلە کێشەی سەرەکی بەڵگەی گشتی "پرێمیس"ەکەیە.

لە بەشی یەکەمدا شیکردنەوەی کێشەی سەرەکی روو دەدا و پەیوەندی نێوان کاراکتێرەکان لە هەموو لایەنێکەوە دیاری دەدا و کێشەکە زیاتر و زیاتر خۆی دەنوێنێ.

### کێشەی لاوەکی چییە؟

ئێمەی مرۆڤ لە ژیانماندا تەنیا یەک کێشەمان نییە. لە فیلمیشدا هەر وایە. ئەگەر فیلمەکەی تۆ تەنیا یەک کێشەی تێیدا بێ، یەک لایەنە و تەخت دەبێ. کێشە لاوەکییەکان لایەنەکانی دیکەی فیلمەکەت دروست دەکەن. ئەمانە پێویستن بەڵام بڕیاردەر نین، بۆیە دەکرێ پێش تەواو بوونی فیلم کۆتاییان پێ بهێنرێ.

کێشەی لاوەکی لە "دوورگە"دا رکەبەری نێوان کوڕەکانە. لە نێوان گەورەساڵەکاندا کە بە ئەزموونترن، یان زەخت لە یەکتر کردن و خۆ بەسەردا سەپاندن. دوو سەرۆک گروپ هەن کە هەرکام دارودەستەی خۆیان هەیە و دژی یەکترن. "کای" هاوسەنگییەک لە نێوان ئەو گروپانەدا رادەگرێ، بەڵام لە کاتی راپەڕینەکەدا ئەو و چەند کوڕی دیکە گروپێک بۆ

خۆیان پێک دێنن. ئەم سێ گروپە زیاتر کۆسپ بۆ یەکتر دروست دەکەن، هەتا یارمەتی یەکتر بدەن. کێشەیەکی تر لە نێوان "یوناس" و کارمەندەکانی دیکەی زیندانەکە دایە. کاتێک یوناس دەیەوێ چارەیەک بۆ ون بوونی کوڕەکە بدۆزێتەوە، هیچیان گوێ نادەنێ. کێشەیەکی گەورەتر لە نێوان "یوناس" و زیندانەوانەکەدایە. هەروەها کێشەی "کای" و کوڕەکانی دیکە. هەموو ئەمانە پەیوەندییان لەگەڵ کێشە سەرەکییەکە هەیە. لە شێوەی "کێ دەیباتەوە"دا هەموو شتێک دەبێ بەشێک لە تەواوەتییەکە بێ. لە تیوریدا کێشە لاوەکییەکان بۆ خۆیان بەشە بەڵگەی "پرێمیس"ەکەن.

کورتە دڵدارییەکیش لە چیرۆکی دوورگەدا هەیە. ناکرێ پێی بڵێین کێشەی لاوەکی. دەکرێ نێوی بنێین هاندەری لاوەکی. کچێکی لاو کە لە دوورگەکەدا هاتووەتە دنیا. چاوبازییەک لەگەڵ "کای" دەکا، ئەو کاتەی کە کوڕەکان بۆ رێگا کێشان خەریک کاری بەردن. "کای" بە فرغوونێکەوە دەڕوا و کچە دەبینێ و رادەوەستێ. ئەم بڕکە گرینگە بۆ چیرۆکەکە. کێشە و هاندەری لاوەکی هەوا و گۆشت و پێست بۆ چیرۆکی فیلم پێک دێنن و کاراکتێرەکان دەژیێننەوە.

لە فیلمی پۆلیسی و زنجیرەدا زۆر جار دەبیندرێ کە پاڵەوانی فیلمەکە کێشەی بچوک و بێ بایەخی لە ژیانی رۆژانەدا هەیە. کێشەیەکی بچوکی سەر میزی نان خواردنی بەیانی لە ماڵێ، کێشە سەرەکییەکە زیاتر قووڵ دەکاتەوە.

وەکوو سەناریۆنووس نابێ ئیزن بدەی ئەو چیرۆکە لاوەکییانە کە بۆ رەنگ و نمای فیلمن زیاد لە ئەندازە خۆیان نیشان بدەن و پێشبڕکێ لەگەڵ چیرۆکی سەرەکیدا بکەن. جار وایە کێشە سەرەکییەکە دەکەوێتە سێبەری ئەمانی دیکەوە. دەبێ ئاگادار بی کە زیاد نەڕۆی.

کێشەی لاوەکی و ووردەچیرۆک زۆر جار لە بەشی دووهەمدا و پێش تەواوبوونی کێشە سەرەکییەکە تەواو دەبن. جاری واش هەیە دەکەونە دواترەوە.

بەشی یەکەم بەرەو کۆتایی دەڕوا. هێندێ تیوری دانەری ئەمریکی دەڵێن ئەم بەشە دەبێ سی لاپەڕە بێ، بەڵام من گومانم لەم جۆرە ژماردنانەدا هەیە.

**یەکەم خاڵی وەرچەرخان**

بە پێ ڕێسای دراماتۆلۆگی یەکەم خاڵی وەرچەرخان هاندەری دەورگرتنی چیرۆکە. کێشەی سەرەکی دەبێتە بابەتی کار و تێوەگلانی کەسەکان. یاخۆ ڕووداوێکی بەهێز دەقەومێ، وەکوو کوژرانی کەسێک، خەیانەتێک ئاشکرا دەبێ، یان کەسێک لەناکاو پارەیەکی زۆری وەچنگ دەکەوێ و هتد... جار وایە کەسی سەرەکی ئەرکێکی قورسی دەدرێتێ. ئەو دەبێ بتوانێ ئەو تەنگ وچەڵەمە لەنێو بەرێ، دەنا زۆر شت تێک دەچێ. یان شتێک پاڵ پیوەنەری کەسەکانە بۆ کەوتنە نێو زنجیرەیەک ڕووداو. بە باوەڕی من ئاسان نییە لە ڕەوتی نووسیندا دیاری بکەین خاڵی وەرچەرخان لە کوێیە. ئاشکرایە هەموو چیرۆکێک پێویستی بە گۆڕانێکی توندە کە نەوەستێ و گیر نەکا، بەڵام کەی دەقەومێ ناکرێ خاڵی زۆر دیاریکەری بۆ دەستنیشان بکەی. هێندێ چیرۆکی شێوە "کێ دەیباتەوە" بە تایبەت لە فیلمی ئاکشندا ئاسانە دیاری کەین چ کاتێک کوژرانێک ڕوو بدا، بەڵام ئەگەر بابەتی چیرۆکەکە گۆڕانی دەروونی کاراکتێرەکە بێ ئەو وەرچەرخانە خاڵێک نییە. دەکرێ چەند دیمەن بەدووی ڕووداوەکەدا هەبێ، دووایە وەرچەرخان ڕوو بدا. بۆ من کارتێکەری کەسایەتییەکە گرینگترە لە کێشە سەرەکییەکە. گۆڕانی کەسایەتی پلە بە پلە ڕوو دەدا نەک لە ناکاو. جار وایە گۆڕانی دەرەکی (ڕووداو) لەگەڵ گۆڕانی دەروونی هاوتەریب دەبێ. یەک کار لەسەر ئەوی دیکە دەکا. بۆ نموونە کاراکتێرێک ناچار دەکرێ بە کارێکی لەناکاو. یان هەڕەشەی لێی دەکرێ. یاخۆ تووشی ئەڤینێکی قووڵ دەبێ، یان لە سووچێکی تەنیایی دەخرێ. ئەمانە هەمووی وەرچەرخانی دەرەکی و دەروونی هاوپەرا دەکەن.

لە "کێ دەیباتەوە"دا دەبێ خاڵی وەرچەرخانێک هەبێ. بە ڕەوت یان لە ناکاو. دەبێتە هۆی کۆکردنەوە و دەورگرتنی چیرۆکەکە. ئەو خاڵە لە ڕەوتی کارەکەدا، لە کام چرکەدایە بڕیاردەر نییە، بەڵام ئەگەر چیرۆکەکەت پشکنینی دەروونی کاراکتێرەکەتە دەبێ گۆڕانەکە لە دەروونی کاراکتێرەکەدا ڕوو بدا . ئەگەر بنەمای جیرۆکەکە لەسەر ڕووداوی دەرەکییە ئەوە ڕووداوەکەیە کە خاڵی وەرچەرخان دیاری دەکا. لەم جۆرە چیرۆکەدا پاش ڕووداوەکە کات و جێگا بۆ قووڵبوونەوە لە ناخی کاراکتێردا نامێنێ.

دیاریکردنی خاڵی وەرچەرخان ئاسانتر لە خاڵی تەوابوونی فیلم. لێکۆڵەرەوەیەک دەتووانێ پەنجە لەسەر خاڵێک دابنێ و دیاری بکا، بەڵام هەموو کاتێک لێکدانەوەی دوواتر ئاسانترە لە لێکدانەوەلە کاتی نووسیندا.

**بەرەپێشچوون و کۆسپەکان**

وەکوو پێشتر ئاماژەم پێیدا لە بەشی دووهەمدا کە رەوتی هەڵکشانی پلێکانییە، کەسەکان دەوری خۆیان دەبینن. لەم بەشەدایە کە هەم کاراکتێرەکان و هەم هەڵخراندنەکە پێش دەکەون.

**بە چ شێوەیەک بەرەپێشچوون ساز دەکەی؟**

ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ چیرۆکە نموونەییەکەی خۆم "دوورگە"، دەورگرتنەکە کاتێک دەست پێ دەکا کە "کای" باسی دەستدرێژی بۆ مامۆستا "یوهان" دەکا. ئەویش بە نییەتی پاکەوە دەچێ بۆ لای زیندانەوان "سورنسن" کە بزانێ راستە یان درۆ. لێرە بە دوواوە یارییەکە بە راستی دەست پێ دەکا. هەموو شتێک ئامادەیە بۆ کێشەیەکی توند. بەشی هەرە ناوەکی فیلمەکە دەست پێ دەکا. یانێ بەشی دووهەم کە بە پێ تیوریدانەران دەبێ لە ٣٠ لاپەرەوە بێ هەتا ٩٠ لاپەڕە.

لەم بەشەدایە کە کردەوە و دژ کردەوە لێک دەدرێن. زیان و قازانج بۆ هەموو بەشداران. لە شێوەی "کێ دەیباتەوە"دا زۆر جار وایە کە ویستی دوو لایەن بەرانبەر یەکتر دەوەستن. کاراکتێرێک شتێکی دەوێ و ئەویتر شتێکی بە تەواوی جیاواز. کەس پشوو نادا، یەک دەبێ سەرکەوێ و ئەوی دیکە بدۆڕێ.

ئەمە لە درامای کلاسیکدا بنەڕەتییە. ئەو دوو هێزە دژ بە یەکە چیرۆکەکە دەبەنە پێشێ. هۆکان دەبێ لۆژیک بن و پێویست.، نەکرێ لێی لابدەی. بۆ نموونە لە "دوورگە"دا کاراکتێرەکان هیچ هەڵبژاردنێکیان بۆ نییە جگە لەوە کە ئەنجامی دەدەن. ئەوان ئەو کارە دەکەن کە پێیان وایە دەبێ بیکەن. هەموو شتێک لانی کەم لە دەروونییاندا لۆژیکییە. کاراکتێرەکان دوورتر نابینن، هەموو شتێک ئێستا و لێرەدا روو دەدا. هەر وەک بۆ بینەریش وایە. ناکرێ وەکوو رۆمان لاپەڕە بەرەو دووا هەڵبدرێتەوە. یاخۆ راوەستی بیر لە رووداوەکە بکەیەوە. لێرە هەر چاوتروکانێک یەیکی دیکەی بە دوواوەیە.

بەرەوپێشچوونێکی بەردەوامە. دیمەنەکان یەکتر رادەکێشن. یەکەم دەچێتە نێو

دووهەمەوە و سێهەم ساز دەبێ. لە زنجیرەی "هەڵاتن بۆ ژیان"دا کاراکتێرەکان رادەکێشرێنە نێو دراماکەوە. بیانەوێ یان نە دەبێ بڕۆن. یەکەم دەبێتە هۆی دووهەم. ئەوەی منداڵی ژنێکی پەنابەری قاچاخی وەرگرتووە ئەو شتانەی لێی دەقەومێ. چیرۆکەکە گەشە دەکا، لە ئەمەوە بۆ ئەو. هەر دیمەن هەنگاوێک کێشە سەرەکییەکە دەباتە پێشێ. بۆ کۆنترۆڵکردنی هەر دیمەنێک دەبێ جیا لە ئەوانی دیکە چاو لێ بکەین، بۆ ئەوە کە بزانین ئەو دیمەنە بە تەنێ شتێکی گرینگی بۆ پێشەوەچوون هەیە یان نە. ئەگەر نەکرێ ئەو دیمەنە بگۆڕین یان لای بەرین ئەوە چیرۆکێکی خاوێنی "کێ دەیباتەوە"مان هەیە. یەکەم میکانیسمێک کە دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی کێشە، سازکردنی کۆسپە. بێ کۆسپ دراماکە دەوەستێ. کۆسپی جۆراوجۆر بۆ کەسەکان هەیە. زۆر جار رووی لە یەک کاراکتێرە. ئەو کەسە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە کە بینەر خۆی لە ئەودا دەناسێتەوە.

زۆربەی کۆسپەکان لە جۆری کۆسپی کاریگەرن. کەس یان کەسانێک نایانەوێ پاڵەوانەکە بگاتە ویستی خۆی. جاری واش هەیە کەس نییە، بەڵکوو خولقاوێکی دیکەیە. هەر لە با و باگژەوە بگرە هەتا خەڵکی ئەستێرەکانی دیکە. ئەم دژە زۆر جار ویستێکی دیکەی هەیە کە دژ بە ویستی پاڵەوانەکەیە. بەهێز و سەربەخۆیە و کۆسپ لەسەر رێگای پاڵەوانەکە دروست دەکا. لە بەشی کاراکتێردا دەگەڕینەوە سەر ئەم باسە.

رێگرێکی تر کە بە دژواری دەست پێی دەگا، کۆسپی دەروونییە. زۆر جار بەرەنگاری دەروونی کاراکتێرە سەرەکییەکە رێگری خۆیەتی. ناتوانێ دژکردەوە بکا، هەتا ئەو رادەی کە خەریکە بدۆڕێنێ. ئەمە دەتوانێ هۆی جۆربەجۆری هەبێ. تەنیا گرژی نەفسی خۆی نییە، دەتوانێ هۆی ئایینی یان ئەخلاقی هەبێ. بۆ سەناریۆ نووس ئەمە ئەمرازێکی ئاسان و لەبەردەستان بۆ بەرەوپێشبردنی چیرۆکەکە نییە. تێکۆشانی کاراکتێرەکە بۆ ئەوە کە بتوانێ بەسەر رێگرە دەروونییەکەیدا زاڵ بێ هەتا بتوانێ ئەرکەکەی بەجێ بهێنێ، کێشی باش بۆ چیرۆک دروست دەکا. پاڵەوانەکە ئاخۆ دەتوانێ سەرەڕای نەویستنی خۆی کەسێکی خراپ بکوژێ؟ گەرچی لەبەرزایی دەترسێ، دەتوانێ لە دە قات سەرکەوێ و یەکێک لە سەربان بهێنێتە خوارەوە؟ سەرەڕای ئیمانی بەهێز بۆ حەرام بوونی خوێندان، ئاخۆ دەڕوا خوێن بدا بە منداڵێک هەتا لە مردن رزگاری بکا؟ بەرگریکەری دەروونی بۆ ئێمەی مرۆڤ بێ سنوورن. ئەم شتە دەروونییانە دەتوانن

پرسیاری گەورەی ژیان دەستنیشان بکەن. کەس مافی ئەوەی هەیە کە مرۆڤێک بکوژێ؟ هەرچۆنێک بێ سنوورەکە لە کوێیە؟

لە "دوورگە"دا "یوهانس" بە رواڵەت لەبەر دڵپاکی خۆی ئەو کارە دەکا، بەڵام لە راستیدا ئەو لە کێشە و دووبەرەکی دەترسێ. ئەمە ئەو شتەیە کە دەیەوێ تەنانەت لە خۆشی بشارێتەوە. ئەو نایەوێ راستییەکان ببینێ چوونکە دەزانێ دەبێتە هۆی کێشە. ئەمە بە گشتی لە کۆمەڵیشدا هەیە. خەڵک بۆ ئەوە تووشی کێشە نەبن چاوپۆشی لە راستییەکان دەکەن.

هەروەها ترسی "کای" لە تاریکی دەبێتە هۆی دەورگرتنی پلە بەپلەی داستانی فیلمەکە. ناتەباییە دەروونییەکان زۆربەیان بۆ بینەر ئاشنان. دژوار نییە تێی بگەیین کە ژوورێکی تاریکی داخراو بۆ منداڵێک کە لە تاریکی دەترسێ دەبێ چەندە ناخۆش بێ. ناتەبایی دەروونی دەتووانێ ئەو هێزە دژە بێ کە بەسە بۆ هەموو چیرۆکەکە، بەڵام لە "کێ دەیباتەوە"دا بە کێشەی لاوەکی لە نێو بابەتە گەورەکەدا دەژمێردرێ.

جۆری سێهەم لە رێگرەکان، کۆسپی فیزیکییە. لە دەرکەیەکی ئاسنینی داخراوەوە بگرە هەتا چۆمێک. هەروەها زمانێکی نامۆ، یاخۆ کولتوورێکی نائاشنا. کۆسپێک کە لە سەر رێگای پاڵەوانەکەیە و بۆ گەییشتن بە ئامانج دەبێ لەوە تێپەڕێ. لە فیلمی ئاکشندا جار وایە ئەو کۆسپانە بڕیار دەرن، بەڵام لە راستیدا درامای بەتاڵن. هەرچی بەردی بەسەردا بکەوێ و رێگا هەڵدێر بێ، پاڵەوانەکە هەر دەبێ لێیان رزگار بێ و سەرکەوێ. ئەمانە لای بینەر رووکارە، وەکوو راونانی هەتاهەتایی ئۆتۆمبیلەکان لە فیلمە پۆلیسییەکاندا. دەبێ کۆسپەکە لە سروشتی خودی رووداوەکە وەرگیرا بێ و پشتی بە دراماکە بەستبێ.

لە نموونەکەی مندا "دوورگە"، کۆسپی یەکەم خودی دوورگەکەیە. کوڕەکان هیچ ئیمکانێکیان بۆ هەڵاتن نییە. سنووری فیزیکی لەم جۆرە لە جێگای رووداودا، بۆ سەناریۆنووس هەلێکی باشە. بەرتەنگ بوونەوەی جوغرافیایی جێگاکە، دەبێتە هۆی تەرکیزی زیاتر و دراماکە وەگەڕ دەخا. وەکوو دەرکەیەک کە لە پشتەوە دادەخرێ و چەند کەس لە نێو ژوورێکدا گیر دەکەن و بەناچار دەبێ پێکەوە بسازن. ئەم جۆرە سنووردارکردنەی جێگا پێویست نییە لە پەیوەندی دراماییدا بهێنرێ.

نموونەیەکی سنووردارکردنی فیزیکی، کاتە. دانانی کاتێکی دیاریکراو بۆ کاراکتێرەکە دەبێتە هۆی کێش لە دیمەنەکەدا. زۆر فیلم دەبینین کە چرکەچرکی بۆمبێک کاتی هەوڵدان بۆ راگرتنی، دیاری دەکا و کاراکتێرەکە دەبێ بە پەلە کۆسپەکان لابەرێ. پێویست نییە بۆ پێکهێنانی کێش هەموو کاتێک کۆسپێکی زۆر بەهێز لە فیلمدا بەکار بهێنی. ئەگەر بێدەنگییەک لە چیرۆکی فیلمەکەدا جێ کەوتبێ. هەر کۆسپێکی هەرچەند بچووک، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی دراماکە و هەستێکی بەهێز دەوروژێنێ. کەسێک لە ژوورێکی نیوە تاریکدا خۆی شاردووەتەوە و دەبێ نەجووڵی و دەنگی پێوە نەیێ هەتا پێی نەزانن. دوپشکێک لێی نزیک دەبێتەوە و ئەو نایبینێ. بینەر هەناسە رادەگرێ. پێوە دەدا؟ پێوەی نادا؟ دەیبینێ و دەقیزژێنێ، ئەگەر...

یەک لەو فیلمانە کە کار لەسەر کۆسپی بچووک دەکا "پۆستەچی"(١٩٩٤)یە چیرۆکێکی بچووک و ناسک و جوان. پۆستەچییەک کە نامەکانی "پابلۆ نێرۆدا" شاعێری گەورەی ئیسپانیایی زمان بۆی دەباتە ماڵەوە، دەیەوێ شێعر بڵێ و بینێری بۆ خۆشەویستەکەی. کۆسپەکەی ئەوەیە کە خوێندەواری کەمە و زمانەکەی هەژار و شەرمێونیشە.

شەرمێونییەکەی هەر پەیوەندی بە زمانەوە هەیە. هەموو فیلمەکە چیرۆکی زاڵبوونی ئەوە بە یارمەتی "نێرودا" بەسەر ئەو کۆسپەدا.

کۆسپی چوارەم کە من دەمەوێ نێوی بنێم "بەو شانسی" شتی پێشبینی نەکراوە. وەکوو پەنچەربوونی تەگەر، یان پێ خلیسکان. ئەمانە دەکرێ بەکار بهێنرێ، بەڵام بە دەگمەن دەبنە بڕیاردەری گۆڕانی رەوتی چیرۆک. لە فیلمی کۆمێدیدا دەتووانێ دەوری هۆنەری ببینێ. بەوشانسی بەتایبەت ئەگەر لە یەک جۆر بێ، - هەرشتێک بەربێتەوە بەسەر ئاکتەرەکەدا بکەوێ- خۆبەخۆ دەبێتە کۆمێدی بوون. بەکاربردنی شتی هەڵکەوت لە درامادا ئاسان نییە. بینەر گومانی لێیدەکا. دەبێ لۆژیک هەبێ.

**لۆژیکی دراما**

چەندین لایەنی جۆربەجۆر دەبێ کار بکەنە سەر یەکتر هەتا دەورگرتن و پێشچوونی درامایی لە شێوەی "کێ دەیباتەوە"دا پێک بێ.

- بینەر دەبێ بتوانێ لانی کەم خۆی لەگەڵ یەکێک لە کاراکتێرەکاندا پێناسە بکا. خۆی لە ئەودا ببینێتەوە.

- لە بەرەوپێشچووندا دەبێ ریتمی مونتاژ، فۆرمی ویوویژ و باقی ئامرازەکان وەکوو چەرخ دەندە پێکەوە گرێ بدرێن. وێنە بە دووای وێنەدا، گوتە بە دووی گوتەدا، دیمەن لەگەڵ دیمەن و هتد... لە سەرانسەری فیلمەکەدا.

- لە هەموو گرینگتر لۆژیکی دراماییە. یانێ دیمەنەکان پێویستییان بە یەکتر بێ. یەکێک بەردەوامی و وەڵامی ئەوی دیکە بێ و رێ خۆشکەر و یاریدەدەری ئەوەی دووایی بێ.

لە شێوەی "کێ دەیباتەوە"دا نابێ بەرەوپێشچوون دیاری بدا، دەنا ئەگەر هەستی پێی بکرێ، هەموو شتێک رادەوەستێ. ئەم راوەستانە فیلمەکە دەکوژێ. تەنانەت نێوان دانانی دیمەنەکان و پشووەکان دەبێ وەکوو لەتکە پازڵ جێ جۆیان هەبێ. ئەگەر داڕشتن و داچنینەکە بە دروستی کرابێ بەرەوپێشچوونەکە هەیە، بەڵام بە زەقی هەست پێ ناکرێ و بینەر بێ ئەوە کە بزانێ دەستی دەکێشن، لەگەڵ دەکەوێ. من کاتێک چیرۆک بۆ منداڵەکانم دەگێڕمەوە، ئەوان ئیزن نادەن زۆر باسی شتی لاوەکی بکەم، یان بەسەر هێڵە سەرەکییەکاندا باز بدەم. بە تایبەت ئەو کاتە کە چوونەتە دنیای چیرۆکەکەوە و بە تەواوی هەست و هەواسیان لە لای پاڵەوانەکەیە.

ئەمن زۆر بیرم لە دراما کردوەتەوە. بۆ من لۆژیکی دەروونی گرینگترە. ئەوە کەسە سەرەکییەکەیە کە بەردەوامی لۆژیکەکە پێک دێنێ. بینەر تێکۆشانی دەروونی کاراکتێرەکە لە هەر هەلو مەرجێکدا رەچاو دەکا. دیارە هەوڵدانە فیزیکییەکەش گرینگە، بەڵام لە رەوتی رووداوەکاندا ئەوە کەسایەتی دەروونییە کە بەرەنگاری و کردەوەکان دروست دەکا کە نەدۆڕێنێ. لە سەرکەوتنی پلە بە پلەی چیرۆکەکەدا کاراکتێری سەرەکیش پلە بە پلە دەگۆڕدرێ. لەم بۆ پێشیەوە چوونەدا ، چاک یان خراپ، دەبێ کاراکتێری سەرەکی لە گەڵ دژەکەیدا جووت بێ. لەو کردەوە و دژ کردەوانەدایە کە فێر دەبێ چۆن خەباتەکەی باشتر بکا و ببێتە بەرەنگاریکەری بە ئەزموون. ئەمەش لە پێشدا لە دەروونی ئەودا روو دەدا و من پێم وایە ئەوە بۆ بینەر سەرنجڕاکێشە.

زۆر فیلمی ئاکشێنی خراپ هەن کە لەوێ کاراکتێرەکە هەر ئەوەیە کە هەبوو و هیچ گۆڕانی بەسەردا نایێ. دیارە لە چیرۆکە کۆن و تازەکانیشدا هەیە، وەکوو رۆبین هوود کە هەر لەسەرەتاوە بێچم و بۆچوونێکیان هەیە و هەتا ئاخر هەر بەردەوامە و کردەوەکان بە یەک شێوە دووپات دەبنەوە. وەکوو میخ داکوتراون. لەم جۆرە چیرۆکانەدا رەوتی لۆژیکی زۆر پێویست نییە و پشکنینی دەروونیش ناکرێ.

من لە کاتی کارکردندا زۆر هەوڵ بۆ گەشەپێدانی دەروونی کاراکتێرەکە دەدەم. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە لە دانانی رووداوە دەرەکییەکاندا ئازادییەکی زۆرترم هەبێ. یانێ بە پێی گۆڕانی لۆژیکی دەروونی کاراکتێرەکە جووڵانەوە و شتی لەناکاو بهێنمە نێو چیرۆکەکەوە. بینەر زۆر پێی سەیر نابێ. ئەمە یارمەتی خۆشکردنی هەوای فیلمەکە دەدا. چوونکە بەردەوامی لۆژیکی بە لای کاراکتێرەکەوە دەبێ. ئەمە بە مانای ئازادی تەواو نییە. لە بیرت بێ لە شێوەی "کێ دەیباتەوە"دا ئەوە رووداوە دەرەکییەکانن کە بڕیار دەدەن. وەکوو لە نموونەی دوورگەدا هاتووە هەموو شتێک بەرەو گەشە پێدانی ئەو دوو هێزە دەڕوا کە دوواتر بەرەوڕووی یەکتر دەوەستنەوە. بەردەکە خلۆر بووەتەوە و هەرچی دەڕوا زیاتر دەور دەگرێ. ئیتر دەگاتە جێگایەک کە تۆ ئازادی هێنانی شتی لاوەکیت نامێنێ و بینەر پێی خۆش نییە لە هێڵە سەرەکییەکە دوور کەویتەوە. ئەمە هەرچی لە خاڵی لووتکەی فیلمەکە نزیک دەبینەوە زیاتر و زیاتر دەبێ.

**بەشی دووهەم، درێژترین بەش.**

لە بەشی دووهەمدا گرینگە ئەو شتانە کە چێندراون بڕوێن. رەنگە پێویست نەبێ بە هەموویاندا بچینەوە، بەڵام سەریان بدەینەوە. گەورە هەتا بچووک لە کات و جێگای دروستدا بە سەریان بکەینەوە. ئەوەی کە لە بەشی یەکەمدا چێندراوە لێرە دەبێ ئاو بدرێن و گەشە بکەن. ئەمە بۆ بەرەوپێشچوون و بەست دانی چیرۆکەکە زۆر گرینگە.

ئەگەر بچمەوە سەر چیرۆکی "دوورگە" بۆ نموونە کچەکە دەبێ دوو یان سێ جار دەرکەوێتەوە. دیارە هەر جارە و بە شێوەیەک و بە ئەرکێکی تازەوە. پەیوەندی ئەو لەگەڵ "کای" تاسە و دڵتەنگییان بۆ یەکتر قەدەغەیە. چوونکە کوڕەکان لەو دوورگەدا نابێ هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ دەوروبەر هەبێ. چوونکە ئەوان بە مەترسییەک بۆ کۆمەڵ دەناسرێن.

بە ئاکام گەییشتنی ئەم کێشە لاوەکییە لە بەشی سێهەمدا دێتە دی، کاتێک هێزی سەربازی بۆ سەرکوت هاتووە، ئەوان لە ژێر حەشارگەیەکدا یەکتر دەبینن.

بەم شێوە دەبێ کار لەسەر زۆربەی هێڵەکان بکرێ. هەنگاو بە هەنگاو و بە لۆژیکی بەردەوامەوە.

ژمارەی سێ وەکوو ژمارەی پیرۆزی لێ هاتووە و لە مێشکدا کار دەکا. بۆیە دەبێ سێ جار وەبیر بهێنرێتەوە کە "گای" لە تاریکی دەترسێ، هەتا لە مێشکی بینەردا جێ بگرێ.

لە رەوتی نووسینی سەناریۆدا، دەبێ بگەڕییەوە دواوە و پێیدا بچییەوە کە بزانی چۆن شتێکت چاندووە و دوواتر بە بیرت هێناوەتەوە. سەری هەموو پەتەکان لە سەرەتادا دانراون، تەنیا پێویستە سەری پەتەکە بەر نەدەی کە ون نەبێ. جار وایە لێک دەهاڵێن و لەکاتی نووسیندا دژوارە لێکیان جوێ بکەیەوە. دەبێ دوواتر بە شێنەیی کاری لەسەر بکەی و هەرکام لە جێ خۆی دابنێی.

لە بەشی دووهەمدایە کە خۆڕاگری و جێکەوتوویی چیرۆک دیاری دەکا. ئاخۆ بە ئەندازەی پێویست بەرزو نزمی و هاوپەرایی لە داڕشتن و کاراکتێرەکاندا بەدی دەکرێ؟ بەشی دووهەم مەیلی وایە کە بە خێرایی بەرەو ئامانج بڕوا. سەناریۆنووس تاقەتی نامێنێ کە ئەو هەموو ژیاندنەوەی لە چیرۆکەکەیدا راگرێ. هەموو شتێک باش داڕێژراوە بەڵام بەشی دووهەم دەبێتە کەرەسەی هاتووچۆ. لە کاتی وادا زانیاری درامایی دەبێتە لەعنەت. هەموو شتێک باشە بەڵام چیرۆکەکە وەک بەردی بن گۆمی لێی هاتووە. هەڵگەڕاندنەوەی ئاساییە، بەڵام دەبێتە هۆی تێکچوونی ساختمانەکە. ئەمەش دەتووانێ چەند هۆی هەبێ. ئەمن کاتێک لە رەوتی نووسیندا کۆنترۆلم لە دەست دەردەچێ زیاتر لەبەر ئەوەیە کە بە تەواوی نازانم چیرۆکەکە سەبارەت بە چییە. بیری سەرەکی هێزی خۆی لەدەست داوە یا خۆ قەت ئەو هێزەی نەبووە. هەڵەکە لە چۆنیەتی داڕشتندا نییە بەڵکوو لە ئایدیاکەدایە. ئاسانە تاوانەکە بخەینە ئەستۆی داڕشتن. کە وات زانی دەکەوییە نێو بازنەی هەڵوەشاندنەوە و کار لەسەرکردنەوە. یارمەتی لە درامازانەکان دەخوازی. کەسانی بە ئەزمون و بێ ئەزمون دەکەونە گیان سەناریوەکە. سەرپەتەکان دەگرنەوە کە داڕشتنی شیاو بۆ چیرۆکەکە ببیننەوە. ئەوڕۆ زۆر کەس بەم ئیشە دەژین. یانێ تەکنیککاری سەناریۆن. پێم وایە ئەمانە لە سەناریۆنووسەکان زیاترن. کێ ئارەزووی ئەوە ناکا ، کە لەکاتی گیرکردندا، یەکێک سەناریوەکەی بۆ چاک بکا. من پێم وایە لەکاتی وادا وتووێژ لە سەر سەناریوەکە رێگا چارەیەکی باشە. ئەوە خاوەن ئایدیاکەیە کە دەبێ بڕیار بدا. ئەگەر ئەو نووسیویەتەوە و ئایدیاکەی لێ بزر بووە ئەوە داڕشتنەوەی درامایی وەکوو خانوو لەسەر خیز دروست کردنە. یان ئەوەندە سەری پەتەکان دەکێشن کە دەپچڕێن. ئەم جۆرە دراماتۆلۆگانە زۆر جار نشتەرگەری باشن و بەشی دەروونییەکە لەبیر دەکەن.

کە وابوو بەرلەوە کە سەری پەتەکان بکێشی لە ئایدیا سەرەکییەکەت وورد بەوە. ئەگەر مردووە و ناکرێ بەخەبەری بهێنییەوە، ئەوە پرۆژەکەت وەلا بنێ و سەرەڕای هەر شتێک لە نێو بازنەی دووبارەکاری مەکەوە! هیچی لێی شین نابێ و هیچ قازانجی لێناکەی.
کۆلێک خاڵی وەرچەرخانی بچووک لە بەشی دووهەمدا هەیە. وەکوو یاری شەترەنج هەر جووڵانەوەیەک یارییەکە دەخاتە قۆناخێکی تازەوە.
نموونە: یەکێک بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەیەکدا سەفەر دەکا و خۆشەویستەکەشی چاوەڕوانیەتی. دەیەوێ بە پەلە بگاتە فرۆکەخانە. توند دەڕوا، تووشی پۆلیس دەبێ (ڕووداوی پێشبینی نەکراو، بەڵام لۆژیک) پۆلیس ماتڵی دەکا و کاتێک دەگاتە فرۆکەخانە کە فرۆکەکەی فڕیوە.(ئاکامی لۆژیک) بە فڕۆکەی دووهەم دەڕوا کۆنفرانسەکەی لە دەست داوە. (وەرچەرخانی بچووک) ئاکامەکەی ئەوەیە خۆشەویستەکەی باوەڕی پیناکا و لێی دەتۆرێ. (وەرچەرخانی بچووکی دیکە). ئەمانە هەموو کار دەکەنە سەر دراماکە، بەڵام ئایدیا سەرەکییەکە ناگۆڕن. چوونکە ئەمانە بابەتی سەرەکی فیلمەکە نین.

**"کێ دەیباتەوە" - چیرۆک بەرەو کۆیایی دەڕوا**

کاتێک بەشە درێژەکە (بەشی ٢) بەرەو کۆتایی دەچێ کە چیرۆکەکە بگاتە خاڵێکی تری وەرچەرخان. یانێ خاڵی دووهەم. لە خاڵی وەرچەرخانی یەکەمدا گەشەکردنی پلێکانی و یارییە شەترەنجەکە بە جێدی دەستی پێکرد. خاڵی دووهەم ئەرکی ئەوەیە کە کۆتایی پێهاتن ئامادە بکا.
دەکرێ بەڵگەیەکی تازە بێتە گۆڕێ (بۆ نموونە نامەیەکی شاراوە ببیندرێتەوە. زانیارییەک لە ڕێگایەکی رەچاونەکراوەوە بدرێ و هتد...) کە دەبێتە هۆی گۆڕانی کردەوەی کاراکتێرەکان. سروشتییە کە کاراکتێری یەکەم ئەو شتەی پێی دەگا و ئەوسا بە ئیجبار کارێک دەکا کە نەدۆڕێنێ. دەکرێ وا بێ کە کاراکتێرەکە لە رەوتی چیرۆکەکەدا ئەوەندە ئەزموونی بەدەست هێنابێ کە ئێستا ئامادە بووە بۆ کردەوەی کۆتایی پێ هێنان. لە چیرۆکی "دوورگە"دا، ئەو کاتە کە مامۆستاکە بە تەواوی قەناعەت بەوە دێنێ کە زیندانەوانەکە نە تەنیا پیاوێکی باش نییە بەڵکوو مرۆڤکوژێکی مەترسی هێنەرە، چیرۆکەکە بەرەو کۆتایی هەنگاو دەنێ. خاڵی وەرچەرخانە. وەکوو یاری شەترەنج کە

جووڵانەوەی مۆرەیەک یارییەکە دەخاتە قۆناخێک کە بە چەند جووڵانەوەی ئیجباری(چەند کیش بە دووی یەکدا) یارییەکە تەواو دەکا.

ئەم خاڵە بە دروستی لە کوێیە؟ دژوارە جێگا و ڕێگاکەی بە دیقەت دیاری بکرێ، بەتایبەت لە "دوورگە"دا من لەگەڵ دوو ناوەند کارم کردووە. لە لایەک "کای" و لە لایەکیتر "یوهانێس" کە دەمەوێ بینەر بۆ خۆی ئەو خاڵە لە گۆڕانی ئەواندا بدۆزینەوە. ڕەنگە هێندێ تیوری دانەر بڵێن ئەمە ناموکینە، بەڵام کاری سەناریۆ زۆر جاربە شوێنی ناموکینی لەم چەشنە دەگا. سەرەڕای ئەم دوو کاراکتێرە، پشتگری خاڵی وەرچەرخانی دووهەم لە "دوورگە"دا "یوهانێس"ە.

چوونکە ئەو بیرە سەرەکییە کە من کاری لەسەر دەکەم " مرۆڤە خراپەکان مەترسیدارترین نین، مەترسیدارترین ئەو مرۆڤە چاکانەن کە بە دژی خراپەکان هیچ ناکەن" یوهانێس نوێنەرایەتی مرۆڤە چاکەکە دەکا. گۆڕانی ئەوە کە گرینگە و خاڵی وەرچەرخان پێک دێنێ.

### خاڵی کۆتایی

لە بەشی سێهەمدا ڕووداوەکان دەور دەگرن و خێراتر بەرەو کۆتایی دەڕۆن. بە بڕوای هێندی تیوری دانەر ئەم بەشە لە نێوان لاپەڕەی ٩٠و١٢٠دا دەبێ. ئەمە زیاتر لە گاڵتە دەچێ.

ئەو هەڵخڕاندن و کێشە لاوەکییانەش کە لە بەشی دووهەمدا دەوریان گرتبوو، دەبێ بەرەو کۆتایی بچن.

ئێستا تەنیا کاراکتێری سەرەکییە کە دەبێ سەرنجی بینەر ڕابگرێ. هەروەکوو چۆن لە چیرۆکی منداڵاندا، منداڵەکان دەیانەوێ، پاڵەوانەکە ئەژدیهاکە بکوژێ. ئەوان بیر دەکەنەوە، دەبێ وا بێ. زۆر خەمگین دەبن ئەگەر ئەژدیهاکە پاڵەوانەکە بکوژێ و بیخوا. ئەوەی ئەوان دەیانەوێ بزانن ئەوەیە کە چۆن و بە چ شێوەیەک ئەو ئەژدیها زەلامە دەکوژرێ. لێرە شانسێکی چکۆلە بۆ نووسەر هەیە... گەرچی منداڵەکانیش هەر وەکوو بینەرە گەورەساڵەکانی نێو سالۆنی سینەما دەزانن پاڵەوانەکە سەردەکەوێ، بەڵام هێشتاش دڵەودووان.

چیرۆکی فیلمەکە بەرەو خاڵی لووتکە دەچێ. دیارە پێویست ناکا پڕ بێ لە خوێن و هەرا و هوریا. ئەگەر چیرۆکەکە وەکوو "پۆستەچی" ئارام و زەریفە، دەهۆڵ لێدانی ناوێ. رادەی کێشەکە بڕیار دەدا کە چاوەڕوانی بینەر چەندە، ئەو شتە کە تۆ لە سەرەتادا پێکت هێناوە.

لەو فیلمانەدا کە کۆتاییەکەی لە سەرەتادا نیشان دەدرێ (کەسێک دەکوژرێ و فیلمەکە نیشان دەدا کە لەسەر چی کوژراوە.) ئاسان نییە لە کۆتاییدا لووتکەیەکی بەرز دروست بکەی. دەبێ پەنا بۆ کردەوەی درامایی و وەڵامدانەوەی پرسیارە سەرەکییەکان بەری. مەترسی ئەوەش هەیە کە چیرۆکەکە بکەوێتە نێو بەتاڵاییەوە.

لە مێلۆدرامە کۆنەکاندا هەموو کاتێک چاکە بەسەر خراپەدا زاڵ دەبوو، بەڵام لەم رۆژگارەی ئێمەدا سنوورەکانی نێوان چاک و خراپ گۆڕدراون. چاکە هەموو کاتێک چاکە نییە و خراپە، خراپ. نوێنەرەکانی جاک و خراپیش گۆڕدراون. لە شەڕی دووهەمدا، شوێنی چاک وخراپ دیار بوو، بەڵام لە شەرە نێوخۆییەکانی ئێستادا زۆر دژوارە سنووریان بە نێودا بکێشی. هەروەها سەنگ و ترازوە ئەخلاقییەکان گۆڕدراون. دیارە هەموو ئەمانە کار دەکاتە سەر چۆنیەتی گێڕانەوەی چیرۆکەکانمان. ووشەی وەکوو بەختەوەری و دنیای بێ کێشە و... چیتر بۆ زۆر کەسان جێگای باوەڕ نین.

کۆتایی هاتن بە کێشەکە، یان چارەکردنی پیویست نییە مانای لەناوچوونی بێ. فیلم دەتووانێ کۆتاییەکی کراوەی هەبێ. پرسیار بەجێ بهێڵێ. بەڵام ئەو پرسیارە کە بووەتە بابەتی فیلمەکە دەبێ بە شێوەیەک وەڵام بدرێتەوە، دەنا بینەر خۆی بە دۆڕاو دەزانێ. لە فیلمێکی "لارس مولین"دا ئەو هەوڵ دەدا نیشان نەدا بکوژەکە کێیە، تەنانەت دادوەر بڕیاری پێ نادرێ. ئەو دەیەوێ نیشان بدا کە دەرخستنی راستییەکان چەندە دژوارە. ئەمە ئەزموونێکی تازە بوو بۆ گەشەپێدانی درامای فیلم.

لە فیلمی "دوورگە"دا کێشەکە بە شێوەی زاڵمانە تەواو دەبێ، "کای" لە ژووری تاریک دەخرێ. هێزی خراپە دەیباتەوە. لەوێ ویستوومە بڵێم دڵپاکی مرۆڤ، بووتە هۆی ئەو زۆڵمە. دەکرا وای لێی بکەم کە مامۆستاکە دوورگەکە بە جێ نەهێڵێ و پاش گەڕان بە دووی "کای"دا بگەڕێتەوە بزانێ چی بەسەرهاتووە و هەوڵ بدا رزگاری بکا. ئەمە دەبووە کۆتاییەکی زۆر خۆشبینانە، گەرچی من پێم وایە مرۆڤ دەبێ وا بێ بەڵام دەزانم وا نییە.

**داکشانی کۆتایی**

کاتێک کێشەی سەرەکی گەییشتە کۆتایی "کێ دەیباتەوە" تەواو بووە. پاڵەوانەکە ماوەتەوە. ئەژدیهاکەی کوشتووە و منداڵەکان شاگەشکەن. دەبێ هێورکردنەوەیەک هەبێ. داکشانی کۆتایی وەکوو نیشتنەوەیەکی نەرمی باڵندەیە. رەنگە هێندێ کێشەی لاوەکی مابێ کە دەبێ تەواو بکرێ، ئاخر پرسیارەکان وەڵام بدرێتەوە یان پرسیار بکرێ.

پاڵەوانەکە دەبێ بگاتە خۆشەویستەکەی، کەسێکی لاوەکی کە لە شەڕەکەدا هەڵاتبووە بگیرێ و هتد...

چیرۆکی فیلمەکە تەواو بووە، بەو هیوایە کە لە مێشکی بینەردا درێژەی هەبێ کاتێک سالۆنەکە بەجێ دێڵێ.

**پاشکۆی دراماتۆلۆژی "کێ دەیباتەوە"-چیرۆک**

دەکرێ چەندین کیلومێتر لەسەر دراماتۆلۆژی "کێ دەیباتەوە" بنووسرێ. کە پێم وایە نووسراوە. من تەنها ویستم کورتە ئاماژەیەک بە چۆنیەتی سیستەمی دراما بکەم. هێندێ خراپ تێگەییشتن هەیە. بۆ نموونە: ئاسانە وابزانین کە لۆژیکی دراما یانێ لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی بە دووی یەکدا گێڕانەوە. ئەتۆ دەتووانی لە دیمەنی ئاخرەوە دەست پێی بکەی، بەڵام هەر دارشتنی شێوە نەهەنگەکەت هەبێ. پێشەکی، گەشەی پلێکانی، خاڵی وەرجەرخان و هتد... نموونەیەکی روون بۆ ئەمە فیلمی "تیک تاک" (١٩٩٧)ە. جیرۆکەکە لە کات و جێی جیاوازدا و لە نێوان کاراکتێری جیاجیا و رووداوی جۆربەجۆردایە. سەرەڕای ئەوەش دارشتنی ساختمانەکە وەکوو فیلمێکی کلاسیکی "کێ دەیباتەوە"یە. لە ئاخرەوە هەموویان بەرەو تێکەڵبوون دەچن.

بە هەڵە تێکەییشتنێکی دیکە ئەوەیە کە پێیان وایە خاڵی لووتکە دەبێ لە باری دراماییەوە زۆر توند بێ و هەرا و هوریای تێیدا بێ. لە فیلمێکدا باوکێکی پیر دوای چەند ساڵان چاوەڕوانی دیداری کچەکەیەتی و کوڕەکەی بەسەر دەریای ئارام دا تێدەپەڕێ کە بگاتە ئەم چاوپێکەوتنە. لووتکەی فیلمەکە کۆبوونەوەی ئەمانەیە لە ژووری هۆتێل. زۆر نەرم و بێ کێشە. بەڵام بەهێز و پڕ لەهەست.

لە شێوەی "کێ دەیباتەوە"دا دەکرێ دارشتنی هەر دیمەنێک هەر ساختمانی گشتی فیلمەکە (نەهەنگەکە) بێ. دیارە بێ خاڵی لووتکە و داکشانی کۆتایی. پرینسیپەکان

لەبەر چاو بگیرێ. لە زۆر زنجیرەی تلەڤزیۆنیدا ئەمە دەبیندرێ. دیمەنێک دەست پێدەکا و راست بە شێوەی نەهەنگەکە دەچێتە پێشەوە، بەڵام بەر لە گەییشتن بە کۆتایی کێشەکە دەبڕدرێ و دیمەنێکی دیکە دەست پێدەکا و بەر لەوە بگاتە خاڵی لووتکە، دیمەنێکی تر جێگای دەگرێتەوە. دیارە ئەو هەموو پێناسەکردنەی سەرەتاش پێویست نییە. چوونکە بینەر دەیناناسێ. زنجیرەکانی تلەڤزیۆن هیچ کات ناگەنە لووتکە و خاڵی کۆتایی بۆ ئەوە کە هەتا دەتووانن درێژی بکەنەوە.

مەترسی گەورەی زانیاری درامایی ئەوەیە کە زۆر تەکنیکی و ئۆتۆماتیکی بێ. رەنگە هەموو شتێک لە گەڵاڵەی دارشتندا دروست و لە جێ خۆی بێ، هێچ لەتکە پازڵێک کەم نەبێ، گیری نەکردبێ، وێنەیەکی باش لە مرۆڤ و دنیای تێیدا بێ، هەموو شتێک هەم کاراکتێر و هەم وێنەکان بە سادەیی بخوێنرێنەوە. ئەگەر وا بوو ئەوە هیچ شتێک نییە کە بینەر هەوڵی بۆ بدا و خۆی بیدۆزێتەوە. کەوابوو بەشدار نابێ. ئەگەر نموونە دراماییەکان رەچاو بکەی فیلمەکەت دەبێتە کۆپییەک لە ئەوان. فیلمەکە دەبێتە لە پێشدا بڕیاردراو و هەموو وەڵامەکان دراونەتەوە.

جار وایە بیر دەکەمەوە کە کارکردی درماتۆلۆژی خەریکە بەرەو گۆڕان دەچێ. یەکێک لە باشییەکانی فیلمی شێوەی "کێ دەیباتەوە" ئەوەیە کە کێشەیەکی تێیدا چارەسەر دەکرێ. بە پێچەوانەی ژیانی رۆژانە کە کێشەکان بەردەوامن و بەر لەوە کە بگەنە ئاکام سەری دادەپۆشرێ. لە فیلمدا کێشەیەک بە خێرایی ساز دەبێ و بە خێرایی چارەسەر دەکرێ. رەنگە هەر ئەم شتە دراماییەیە کە خەریکە دەگۆڕدرێ. تلەڤزیۆن خەریکە روانگەکانی بینەر دەگۆڕێ، دەنا زنجیرەکان ئەو هەموو بینەرەیان نەدەبوو. زۆربەیان قەت ناگەنە کۆتایی درامایی. رەنگە ئەمە وێنەیەکی راستەقینەترە لە ژیانی خێرای رۆژانەی ئەمرۆ. رەنگە کێشەکان هەتاهەتایی بن و بەرەو کۆتاییەکی دیار نەچن؟

**چەند پرسیار**

چیرۆکی "کێ دەیباتەوە" دەتووانێ رەنگ و روانگەی جۆربەجۆری هەبێ. شێوەکان زۆرن. بۆ قووڵبوونەوە و کۆنترۆڵی ساختمانی سەناریوەکەت پێویستە وەڵامی چەند پرسیار بدەیەوە.

١- فیلمەکەت لە راستیدا باسی چ دەکا؟ ئەم بیرۆکە چەند بۆ تۆ گرینگە؟ کارتێکەری لەسەر ژیانی تۆ هەیە؟

٢- بابەتی سەرەکی چیرۆکی فیلمەکە کامەیە؟ چەند بە هێزە؟ دەکرێ ببێ بە فیلم.

٣- چەند بابەتی لاوەکی هەیە؟ چەند پەیوەندییان بە تۆ و کاراکتێرە سەرەکییەکانەوە هەیە؟

٤- خاڵی وەرچەرخانی بەهێز هەیە کە هەلومەرجەکە بگۆڕێ یان بەهێزتری بکا؟

٥- ئایا چیرۆکەکەت بە گشتی لۆژیکی هەیە و لە هەمان کاتدا پێشبینی کراو نییە؟ چۆن؟

٦- کێشەکە بۆ یەک یا چەند کاراکتێر کارکردی دەروونی هەیە؟

٧- یەک یان چەند کەس هەیە کە ئێمە لەگەڵ خۆمان پێناسەی بکەین؟

٨- کاراکتێرەکان لەوانەن کە لە بیرناچنەوە؟ چۆن؟ چەند لایەنەن، یان یەک لایەنە؟

٩- دیمەنەکان لەسەر یارییەکان دارێژراون یان بە زرق و برق؟

١٠- وتوویژەکان زیندوون و یارییان پێی دەکرێ؟ گوتەی شاراوە هەیە؟

١١- ووردەکارییەکان لەبار و دەوڵەمەند و بێ هاوتان؟

١٢- شتی نموونەیی و گشتی، ئاگایانە یان نائاگا، تێیدایە؟

١٣- دەوروبەر چۆنە؟ پەیوەندی لەگەڵ کێشەکە هەیە؟

١٤- کات چ دەورێکی لە چیرۆکەکەدا هەیە؟

١٥- دەنگ دەوری هەیە؟ موزیک؟ رووناکی؟

١٦- زمانی وێنەی زیندوو بەکار هێنراوە؟ پردی نێوان دیمەنەکان کاری لەسەر کراوە؟دیمەنەکان هەناسە و ریتمی زیندوویان هەیە؟

١٧- سەرئەنجام بە ئاواتی ئەم سەناریوە چ بدا بە بینەر؟

@@@@

### ٦- سەفەر

**ڕێگای سەفەر**

ژیان بۆ خۆی بە دەگمەن بەو ڕێگا ڕاست و ڕەوانەی دراماییدا دەڕوا. ژیان بە ڕواڵەت لە هەڵاتن دایە، یان بە تەواوی ڕاوەستاوە، یان ڕووداوەکان جیا لە یەکتر هەر کام بۆ خۆیانن. سەرەڕای ئەمە، هەموو کاتێک جۆرێک لە جووڵانەوەی تێیدایە. وردبینی دەوێ کە ئەو وەستان و پێچ و قەمچانەی ڕووباری ژیان ببیندرێ.

وەکوو پێشتر ئامازەم پێی داوە، هیچ جێگرێک نییە کە لە جێی درامای دابنێین. چوونکە ئێمە بە هەزاران ساڵ پێی ڕاهاتووین. ئەمە بە ئاسانی ناسڕدرێتەوە. سەرەڕای ئەمەش تاقیکردنەوە بەردەوامە و هەموو کاتێک بە دووی ئەزموونی تازە داین.

لایەن و بەرەکانی ڕێگای "سەفەر" کامانەن؟

"سەفەر" هەموو کاتێک سەرەتا و کۆتاییەکی هەیە، بەڵام دەتووانێ ئامانجی کاکێشانی بێ بن بێ. جاری واش هەیە، سەفەر بۆ خۆی ئامانجە. ڕێگا پێچ پێچ و نەناسراوەکان، هەڵە بوون و گەڕانەوە و دیتنی سەرزەوینە تازەکان، دەتووانن ئامانجی سەفەر بن. سەرەڕای هەموو ئەم جیاوازییانە دەمەوێ گەڵاڵەیەکی گشتی دەربێنم. لەباسی گێڕانەوە بە پێ کات هەتا شێوە ئەزموونییەکان. یانێ ئەو شتە کە بۆ هەموو هونەرەکان سەرچاوەی داهێنانە نوێیەکانە.

**فیلمی مێژوویی.**

ئەم جۆرە فیلمە لە گێڕانەوەدا بەش بەشە. زۆر خەمی شێوەگێڕانەوە و کات و جێگای نییە، بەڵکوو خۆی لە بەندی کات و شوێن و بیر کردنەوە ڕزگار دەکا. ئەم شێوە لە چیرۆکە نووسراوەکانیشدا هەیە. هەر ئەمەیە کە دەبێتە هۆی هێنانەوەی شتی سەیر و لاوەکی و گرێدانیان پێکەوە و لەم کارەدا ئازادی تەواوی هەیە. ئەمە بەو مانایە کە لەم شێوە فیلمەدا دەورەیەکی زەمانی یان چارەنووسێک بە درێژی شی دەکرێتەوە. نموونەی ئەم فیلمانە یەکێک "کۆچ بۆ دەرەوە"یە (١٩٧١). [چیرۆکی کۆچی بنەماڵەیەکی سویدییە بۆ ئەمریا لە ساڵانی برسییەتیدا- ئەم فیلمە سێ بەشە و هەر بەشێک ٢کاتژمێرە] و یەیکیتر "١٩٠٠"ی "بێرتۆلۆچی"یە (١٩٧٦).[ئەم فیلمە دوو بەشە و هەر بەشێک

[3]کاتژمێره] لەم فیلمانەدا ڕووداوەکان پێکەوە گرێ دەدرێن، بەڵام پێویست نییە دیمەنەکان ئاکام و تەواوکەری یەکتر بن. هەر دیمەن بەشێکی سەربەخۆیە و لە هەمان کاتدا بەشێکە لە تەواوەتی ساختمانەکە. ئامانج دیاریکراو نییە و سەفەرەکە کاتێکی زۆر دەگرێ.

زۆربەی ئەم فیلمانە لەسەر ڕووداوێکی ڕاستەقینە یان کەسێک لە کاتێکی مێژووییدا، ساز دەکرێن. دەتوانێ چیرۆکی بنەماڵەیەک بێ، یان درامای کۆچێک بێ کە هەم باسی کاتەکەی دەکا هەم کەسەکە، یان ڕەوتی ژیانی گوندێک لە کاتی شەڕی دووهەمدا بێ. لە "کۆچ بۆ دەرەوە"دا چەند کەس بە ناچار وڵاتەکەی خۆیان بەجێ دەهێڵن و لەو دنیا تازەیەدا دەبێ زەوینێک بۆ ژیان بدۆزنەوە.

دەکرێ لەدووی چەند کاراکتێری دیارکراو بکەوین، یان تەنها بەسەرهاتی یەک کەس بگێڕینەوە کە نموونەی هەموو ئەوانی دیکە بێ. لە فیلمی ۱۹۰۰دا دوو کەسی سەرەکی هەن کە لە ڕێی ژیانی ئەوانەوە، هەر لە منداڵییەوە هەتا پیری، ڕەوتی گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری ئیتالیا پیشان دەدرێ. هاوتەریب بوونی گۆڕانی مێژوویی و تاکەکەس. زۆربەی ڕووداوەکان لە پرسیارە سەرەکییەکە وەرگیراون. دیارە پێویست نییە ئەتۆ وەکوو سەناریۆنووس هەموو شتەکانی دەورەیەکی مێژوویی بگێڕییەوە. دەتوانی هەڵبژاردنێک بکەی کە بەو پێیە پرسیارە سەرەکییەکە دابنێی، لەگەڵ هێندێ وردە پرسیاری دیکە. ئەگەر لە هەڵبژاردنەکەت زۆر دڵنیا نیت، دەبێ بگەڕێی بە دووی ئەو شتانەدا کە بە تەواوی سەرنجت ڕادەکێشن. دیمەنەکان بە دووی ئەم پرسیارەدا دەخولێنەوە. بە واتایەکی دیکە پێویست نییە دیمەنەکان لەبەر هۆی دراماییی لەدووی یەکتر بکەون، بەڵکوو لە ڕوانگەی جۆربەجۆرەوە بابەتی پرسیارەکە دەخەنە بەر لێکۆڵینەوە و لێی نزیک دەبنەوە.

بۆ نموونە: دەکرێ بڵێین پرسیاری "کۆچ بۆ دەرەوە" ئەمەیە: خاکی خۆ بەجێ هێشتن و خاکێکی نامۆ دۆزینەوە چۆنە؟

لەم شێوە فیلمەدا پێویست نییە بەسەرهاتی هەموو بەشدارەکان بگێڕییەوە، گەرچی یەک دوو کەس دەبنە کەسی ناوەندی بەڵام دەکرێ بەجێیان بهێڵی و بە هۆی ڕووداوێکەوە لە دووی دوو کەسی دیکە بکەوی کە لایەنێکی دیکەی پرسیارەکە چاو لێ بکەی. دوایە

بییەوە لای کەسە سەرەکییەکان. گرینگ ئەوەیە فیلمەکە ئاوێنەی ژیان و بیر و بۆچوونی ئەو دەورە و زەمانە بێ کە تۆ باسی دەکەی.

بەرەوپێشچوونی ئەم شێوە فیلمە بڵاوترە، هێواشترە و لە شێوەی "کێ دەیباتەوە"کەمتر ئامانج دیاریکراوە.

لە تاکە دیمەنەکاندا و لە سێکانسە درێژەکاندا دەکرێ ساختمانی درامایی "کێ دەیباتەوە" دارێژرێ. بە کورتی فیلمی مێژوویی وەکوو "کێ دەیباتەوە"، گرێدراوی ساختمانی درامایی نییە زۆر جار شتی ناوئاخن دێ. بینەر هاوکات لەگەڵ گۆڕانی زەماندا گەشە و گۆڕانی چەندین کاراکتێر دەبینێ. بۆیە زۆربەی ئەم جۆرە فیلمانە زۆر درێژن.

**ئایا رەوتی نووسینی فیلمی مێژوویی جیاوازی هەیە؟**

نموونەیەکی تاڕادەیەک تازە دێنمەوە:

پێویستە کۆکردنەوەیەکمان لە کاتی ئەو سەردەمە هەبی کە دەمانەوێ کاری تێیدا بکەین. لەم نموونەدا تەواوی سەدەی بیستەم لەبەرچاوە. سەدەیەک لە زۆر خەونی تێیدا لەدایک بوون، هاتنە دی و لەنێوچوون. من و سەناریۆنووس "شارلۆتا ئیلین" ئەرکێکمان پێ ئەسپێردرا کە پشکنین سەبارەت بە پێکهاتن و مێژووی بنیاتە هاوپارییەکان (کئۆپراتیو) لە سوید بکەین. [ئەم بنیاتانە جووڵانەوەیەکی خەڵکی بوون کە خەڵک لە هەموو کارێکدا هاوکاری یەکتریان دەکرد. چ لە بەرهەمهێناندا، چ لە فرۆش و کڕیندا و چ لە خوێندن و فێرکردندا]. بیری سفارشکەر ئەوە بوو کە زنجیرەیەکی تلەڤزیۆنی لەم جووڵامەوە خەڵکییە دروست بکرێ. دەکرا زۆر خۆش بێ ئەگەر نەمانویستبا لێی بکۆڵینەوە کە بزانین بەڕاستی لەو سەردەمەدا چ روویداوە. ئاخۆ چۆن دەکرێ لە چەند کاتژمێردا نیشان بدەی هەژاری و سەرشۆڕی چۆن بووەتە هۆی بەخەبەرهاتنی ئاواتی خەڵک و بەدی هێنانی و دووایە لە گۆڕکردنی. رەوتێک کە لە راستیدا سەد ساڵی خایاند بگوشرێتە نێو چەند کاتژمێر. چ دەکەی؟ چۆن بیر دەکەیەوە؟

یەکەم شتی گرینگ بۆ ئێمە ئەوە بوو کە دەرکەیەکی چوونە ژوورەوە بۆ نێو بابەتەکە بۆ خۆمان بدۆزینەوە. جارێ ئەمەیان نامومکێن بوو، چوونکە ئەوەندەی ئێمە دەمانزانی لە رووکارە گشتییەکان تێ نەدەپەڕی. بۆیە دەبوا دێکومێنت کۆ بکەینەوە کە بزانین دەمانەوێ چ بڵێین.

لە رووەی دەرەوە دەستمان پێی کرد و چەند نووسراوەی بێتام و ماندووکەرەی ئێداریمان سەبارەت بە رابردووی ئەم کۆمەڵانە خوێندەوە. زانیاری گشتی پێویست بوو، گەرچی هیچ شتێکی سەبارەت بە ژیانی مرۆڤەکانی پشتەوەی ئەو رووداوانە تێیدا نەبوو. هیچ وردەکارییەک و هیچ وێنەیەکی تایبەتی. یانێ ئەو شتانەی کە چیرۆکی دەورانێک دروست دەکا، لەوێ نەبوو.

هەر زوو زانیمان کە دنیای گەورەپیاوان نییە کە ئێمە بەدوویدا دەگەڕێین، بەلکوو دەمانەوێ سەرچاوە خەڵکییەکە پەیدا کەین. سەبارەت بەمانە هیچ نووسراوەیەک نەبوو. دەبووا بچینە نێو پرۆتۆکۆڵ(یادداشتی کۆبوونەوە)کانی ئەم کۆمەڵانە لە ئارشیوە زەلامەکاندا. ئەمە وەکوو ئەوە بوو کە لە کادێندا لە دووی دەرزیلە بگەڕێی. شانسمان یاری کرد هێندێ دێکومێنتی نەخوێندراومان دیتەوە کە لەوێ باس کرابوو کە چۆن خەڵکی نەخوێندەوار لە سەرانسەری وولاتدا لە دەوری یەک کۆبوونەوە و ئەم بنیاتانەیان دروست کردووە. هەموو شتێک، لە رووداوە هەرە چکۆلەکانەوە هەتا بەرەنگارییە دراماییەکانی تێیدا بوو. تەنانەت کورتە باسی کۆمەڵەی ژنانی تێدا بوو کە چۆن لە شتێکی زۆر بچووکەوە دەستیان پێکردووە و لە چەند ساڵدا گەشاوەتەوە و دووایە داڕماوە. دوای ئەو هەموو ماندووبوونە ئاخری کانە زێڕەکەمان دیتەوە.

ئەم چیرۆکەم بۆ ئەوە گێڕاوە کە بزانی ئەگەر دەتەوێ پشکنینێکی بەربڵاو وەکوو ئەوەی ئێمە بکەی، پێویستیت بە دێکومێنتی دەوڵەمەند و راست هەیە. بە سەختی دەتووانی سەبارەت بە چۆنیەتی ژیانی سەد ساڵ لەمەوبەر دێکومێنت بدۆزییەوە. زۆر جار راستییەکان بە شێوەیەکن کە باوەڕکردنیان دژوارە و لە فیلمدا وەکوو دەستکرد دەنوێنن. بەر لە هەر شتێک ویستمان بزانین بە چ شێوەیەک دەتووانین چیرۆکی سەد ساڵ بە سێ کاتژمێر بگێڕینەوە. ئێستا دەکرا سنوورەکان دیاری بکەین.

بۆ پێکهێنانی روانگەیەکی گشتی، دەمانەویست نیشان بدەین کە چۆن خەونەکان ئاوەژوو بوونەوە و وەکوو بەردی بن گۆمیان لێکراوە. چۆن بووە؟ پێمان وانەبوو نییەتی خراپی پیاوە خاوەن دەسەڵاتەکان ئەوەی بەسەر هێنابێتن. بە رواڵەت وابوو، بەڵام لە بنەوە چ هەیە؟ بۆ هەموو خەونە بەکۆمەڵەکانی سەدەی بیستەم کە لە نێو خەڵکدا هەڵقوڵان بە هەڵە دەرچوون؟ رەنگە ئەمە لە سروشتی دەورانەکەدا بووە؟ ئێمە دەمانەویست لە سەناریوەکەماندا وەڵامی ئەم پرسیارانە بە وورد و دروشتەوە بدەینەوە.

لە هەنگاوی دوواییدا دەبووا کاراکتێر بدۆزینەوە کە یارمەتیمان بدەن. بڕیارماندا لە کارگەیەکی شوشەسازییەوە دەست پێ بکەین، کە لەوێ جیاوازییەکان زۆر روون بن. هەروەها دنیایەکی سەرنج ڕاکێشە. لە ئارشیوەکەدا هێندێ چیرۆکی تایبەتیمان دیتەوە. بۆ نموونە خاوەنکارێکی ئەوەندە لیبراڵ کە ویستوویەتی بۆ خۆی لە دروستکردنی سەندیکای کرێکارەکاندا لەگەڵ بێ. هەموو شتێک باش رویشتبووە هەتا گەییشتبووە یەکەم کۆبوونەوەی سەندیکاکە، لەوێ ئەو وەکوو سەرپشکی کۆبوونەوە نەیویستبووە باسی زیادکردنی مووچە بکرێ. ئەم خاوەنکارە بوو بە سەرچاوەی کاراکتێری خاوەنکاری سەناریوەکەی ئێمە. لەرێگای وردە یادداشتەکانەوە کاراکتێر بە دووی کاراکتێردا دەهاتن. بەرەبەرە دوو کاراکتێر خۆیان نوواند کە دەکرا وەکوو نموونەی رێگا جیاوازەکانی خەونی بنیاتە هاوبارییەکان، دیارییان بکەین. هەردووکیان ئیدەئالیست بوون و ئایدیاکانیان هەتا کۆتایی لەگەڵ خۆیان بردبوو. هەر دووکیان دەگەنە پایتەخت. یەکەم "ئەدوین" پیاوێکە کە زۆر بە حەزەوە کۆمەڵەیەک لە کارگەی شیشەگەریدا بەرێ دەخا و دووایە ناچار دەبێ کۆی کاتەوە و بیباتە ستۆکهۆڵم. ئەویتر کچە مامۆستایە، مەکتەبی هاویاری منداڵان دادەمەزرێنێ و لەئاخرەوە بە بیانووی ئەوە کە بڕوانامەکەی کۆن بووە و بەکار نایێ جێگای پێ چۆڵ دەکەن و دەچێتە ستۆکهۆڵم. لەوێش هەوڵ دەدا و کۆمەڵەی ژنان پێک دێنێ کە کاری دەستی دەکەن و دەیفرۆشن. سەرئەنجام بایکۆت دەکرێن و کار دەگاتە شەڕی نێو شەقامان. ئەگەر ژنان لەم شێوە ئازادییانە وەرگرن، دەبێتە هۆی هەڵخڕانی پیاوان!

دەبووا سنوورەکەمان لە شوێنێک دابنێین. نەدەکرا لە ئەلفەوە هەتا یێ سەدەی بیستەم بە سێ کاتژمێر بگێڕینەوە. زۆر بڕکە بڕکە دەبوو. گەرچی دەمانەویست هەموو ئەم سەدەیەی تێیدا بێ. چۆنیەتی هاتنەدی خەونەکان و راگرتنیان.

پرسیار ئەمە بوو: ئایا دەتوانین دەورەیەکی کورتتر لەبەر چاو بگرین و هەموو تایبەتیەکانی تێیدا بێ. پاش لێکۆڵینەوە، دیتمان لە ١٩٠٠هەتا ١٩٢٥ دەکرێ هاتنە کایە و گەشەکردنی کۆمەڵەکان و دووایە راوەستان و بە دوکانداربوونیانی تێیدا بەدی بکەین. چوارچێوەکە بۆ چیرۆکێکی مێژوویی پان و بەرین دیاری کرابوو. "ئدوین و ئاگنێس" دەبووا بۆ ئەو هەموو شتە ئینسانی، سیاسی و کۆمەڵایەتی و کۆلتوورییە، لەگەڵدا بن.

ساختمانی چەند شێوەیی،

فیلمی چەند بەش Episod film

فیلمی ڕێگا Road movis

ساختمانی چەند شێوەیی کاتێک بەکار دەبرێ کە چەند بابەتمان هەبێ و بابەتەکان پەیوەندییان بە یەکترەوە نەبێ، جگە لە جێگای هاوبەش یان کاتی هاوبەش. ساختمانی چەند شێوەیی دەکرێ هەستی فیلمی مێژوویی تێیدا بێ. بۆ نموونە باسی کەسانێک بکا کە هەموو لە شوێنێک دەژین، یان لە پاپۆڕێکدا تووشی لێقەومان بوون. هەر کەسە چیرۆکی خۆی هەیە، بەڵام بە هۆی جێگایانەوە لە پاڵ یەکدان. یان فیلمەکە باسی کات دەکا. بۆ وێنە شەوێک و یەک زنجیرە چارەنووسی جیا جیا. کە ئەمەیان زیاتر فیلمی چەند بەشە. چەند چیرۆکی کورت بە پێ پەیوەندییەک لە یەک ساختمانی هاوبەشدا لە پاڵ یەکتر دەخرێن کە لەباری ناوەرۆکەوە تەواوکەری یەکترن. یان هەموویان دێکومێنتی یەک پرێمیس دەبن. فیلمی "شەوی سەرزەوین " نموونەیەکی باشی ئەم شێوە بەش بەشییەیە. ئەم فیلمە باسی سەفەری پێنج شۆفێر تاکسی دەکا لە پێنج وڵاتی جیاواز لە دنیادا و لە شەوێکدا. چیرۆکی جیاواز لە پاریس، نیویورک، لوس ئەنجلێس و هێلسینگ فۆرش. کورتە فیلمی خۆش و ناخۆش، شاد و خەمگین. ئەو شتە کە پێکەوە گرێیان دەدا کاتە و بەشێوەیەک پەیوەندی بە شۆفێر تاکسییەوە هەیە. دەکرێ هەر بەشێک دەرهێنەرێک کاری لەسەر بکا. گەرچی دژوارە هاودەنگییەکی هۆنەری لەم جۆرە فیلمانەدا ببیندرێ.[لەم دواییانەدا چەند فیلمی لەم شێوە لەسەر بابەت دروست کراوە. بۆ نموونە سەد فیلم لە لایەن سەد دەرهێنەرەوە - هەر کام دوو خولەک- بە بۆنەی سەد ساڵەی سینەماوە چی کرا. یان لەسەر ڕووداوی ١١ی سێپتامبەر ١١فیلم لە لایەن یازدە دەرهێنەری ١١ وڵاتەوە دروست کرا.]

زنجیرە تلەڤزیۆنییەکان نموونەیەکن بۆ ساختمانی چەند شێوەیی کە لەوێ هەرکام لە بەشە سەربەخوەکان یەک فیلمی شێوە "کێ دەیباتەوە"ن. هەر کاراکتێرێک گەشەکردنێکی درامایی بە هێزی هەیە، بەڵام بێ کۆتایی و بێ ئامانجن و کێشەکان قەت دووایییان نایێ.

لە شێوەی فیلمی ڕێگا دا زۆر جار خودی سەفەرەکە گرینگترە لە ئامانجەکەی. لوژیکی درامایی پێویست نییە و بەپێچەوانەوە هەر ڕووداو و چاوپێکەوتنێک دەبێ بە هەڵکەوت

بێ. ڕێگاکان، کۆسپەکان، ڕووداوەکان و مرۆڤەکان، تەنیا ئەمانە و هیچیتر. لەناکاو و بە هەڵکەوت بوون گرینگترین شتی فیلمی ڕێگایە. مرۆڤ و ڕووداوەکان ئاوێنەی کاتی سەفەرەکەن. لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەم کاتە نیشان دەدرێ و کاراکتێرەکان نابنە تاکە کەس. بەڵکوو نموونەیەک بۆ مرۆڤی کاتی سەفەرەکەن. یەکێک لە جووانترین فیلمەکانی ئەم شێوە فیلمی "بیرەوەری مۆتۆرسیکلێت"ە لە دەرهێنانی واڵتر سالز.

سالز چیرۆکی فیلمەکەی لە بیرەوەرییەکانی دەورەی لاوەتی ئێرنێستۆ چ.گوارا (کە بە نێوی "بیرەوەرییەکانی ماتۆرسیکلێت" بڵاو بوەتەوە) و بیرەوەرییەکانی دەستە براکەی، ئالبێرتۆ گرانادو دەرهێناوە. کە لەوێ



ئێرنێستۆی ٢٣ساڵە بە هاورێیەتی ئالبێرتۆ بە ماتۆرسیکلێتێکی کۆن سەفەرێکی دوور بۆ نێو قارەی ئەمریکای لاتین، لە ئارژانتینەوە هەتا وێنێزوئێلا، وەبەر خۆ دەدەن.

بیرەوەرییەکانی ماتۆرسیکلێت فیلمێکی (Road Movie) جوان و شاعێرانەیە کە لە شێوەی فیلمەکانی ئەمریکایی شەستەکان (وەکوو ئیزی رایدر- کاری دێنیس هارپر) چێ کراوە،

لە ماوەی ئەم سەفەرە دورەدا، کەسایەتی پاڵەوانی فیلمەکەی سالز لە لاوێکی هەوەسباز و ناسکەوە کە لە بنەماڵەیێکی دەوڵەمەندی ئارژانتینیە، دەگۆڕدرێ بە مرۆڤێکی بەرپرس و ئاگادار بە ژان و ئازارەکانی خەڵکی ئەمریکای لاتین و زانستێکی تازە لە خۆی و دنیای دەوروبەری پەیدا دەکا.

فیلمەکە، بە شێوەی فیلمە جادەییەکان پڕە لە موسیقا و ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو کە دێتە ڕێ کەسەکانی فیلمەکە. لە ڕێدا لەگەڵ کاریگەر و کانچییە مارکسیستە شیلییاییەکان ئاشنا دەبن کە بۆ مافی لەدەست چوویان خەبات دەکەن. لە بەرزاییەکانی ماچوپیچو لە پڕو دا دەگەنە سووڕپێستەکانی ئەمریکای لاتین و پاشماوەکانی هۆزی "ئینکا" کە شارستانییەت و کولتورە کۆنەکەیان لەلایەن ئیستعمارەوە چەپاو کراوە و لەنێو چووە. دوای بەرەوڕو بوونەوە لەگەڵ ئەم دیمەنانەدایە کە چ.گوارا لە نامەیەکدا بۆ

دایکی دەنووسێ : "ئەم دەزانی دنیای دەوروبەری ئێمەیە کە خەریکە دەگۆڕدرێ یان شتێک لە درونی ئێمەدا"

لەوێ نەتەنیا ئەم شتانە دەبیندرێن بەڵکوو سروشتی ئامریکای لاتین نیشان دەدرێ.

**چیرۆکی شاعێرانە.**

شێعر چییە؟ نووسەری چۆنە؟ "ئێلیزابت رینێل"ی نووسەر گوتەیەکی هەیە دەڵێ: ژێربینای نووسەری رەنگە لە نووسینی یادداشتی رۆژانەوە لە لاوەتیدا دەست پێی دەکا و پرە لە دێڕی لەم چەشنە: "من خەمگینم. زۆر...." و هێندێ شتی راستەوخۆ لەسەر خەمی ژیان. رۆژێک دێ کە ئەو نووسەرەی داهاتوو لە باتی ئەو دێڕەی سەرەوە دەنووسێ: " من دەچمە نێو جەنگەڵێکی تاریکەوە...." لێرە هەستەکە بوو بە وێنەیەک.

ئەو هەستە کە نووسەر دەیەوێ بیکا بە وێنەیەک، پێویست نییە چیرۆکێک بێ بەرەوپێش بچێ. دەکرێ یەک ئان بێ، هەڵکەوتێکی وەستاو کە پێویستی بە جووڵانەوەی دەروونی هەیە هەتا بتوانێ ببێ بە وێنە. لەم گەڕان بە دووی چووڵانەوەی دەروونییەدا ئیدامەکاری یا بە دوو کەوتن هەتا کۆتایی پێویست نییە. بە بێ ئەوەکە خەمی چوونەپێشەوەی رواڵەتی بخۆی، کات بۆ وەستان و لێی قووڵبوونەوە هەیە. کاتێکە بۆ سەفەر و پیاسەیەکی دەروونی. ئەم سەفەرە هەموو کاتێک ناگاتە تێگەییشتن، رەنگە نەکرێ بە ووشەی ئاسایی مانا بکرێتەوە. ناکرێ موزیکی "باخ" شی بکرێتەوە. موزیک هەوایەک پێک دێنێ کە هەستەکانت بەخەبەر دێنێ و بە ئازادی وەری دەگرێ.

چرکەیەک راوەستان لە ئێستای ئێستادا دەتووانێ ناخۆش و بێ مانا بێت. بازنەدان و قووڵبوونەوە لە چاوتروکانێکدا، لە وێنەیەکدا، دەتووانێ تەوژمێک پێک بێنێ وەکوو شێعراندنێک کە کۆمەڵێک هەست و بیر بە خەبەر دێنێ. یاخۆ دامرکانێک دروست بکا. زۆرن ئەو فیلمە ژاپۆنیانە کە دەوێرن بوەستن و لە چاوتروکانێکدا روو بچن. بینەر ئەسیری ئەو وێنە دەبێ. شتێک نەگۆڕاوە، بەڵام بینەر سەفەری دەروونی کردووە.

لەبیرمان نەچێ لە هەر ئانێکی "ئێستا و لێرە"دا هەم رابردوو هەیە، هەم داهاتوو. لە فیلمەکانی بێرگمەن و تارکۆفسکی و ئالین تانێر"دا ئەم شێوە گونجاوە.

ئایا دراماتۆلۆژی بۆ ئەم کورتە کاتانە هەیە؟ نە، بەڵام هێندێ بیری جێکەوتوو هەیە. فۆرمەکە خۆبەخۆ لە ناوەرۆک دەکۆڵێتەوە. فۆرم و ناوەرۆک دەبێ یەکگرتنێکی بێ

وێنەیان هەبێ. لە فیلمی شاعێرانەدا گەڵاڵەی گێڕانەوە زیاتر خۆ دەنوێنێ. ئەتۆ وەکوو سەناریۆنووس دەبێ زۆر ئاگاداری شێوەی گێڕانەوەکەت بی. دەبێ وێنە و دەنگ و رووناکی لەهەر دیمەنێکدا و رەنگە لە هەر وێنەیەکدا بناسی و هەستەکەیان وەربگری. لێرە، شنەبایەکی نێو گەڵاکان، یان تیشکە رووناکییەک هەموو ماناکە دەگۆڕێ. کەوابوو ئەتۆ دەبێ زانینی زۆرت لەسەر ئیمکان و تووانایيەکانی هونەری فیلم هەبێ.


ئەگەر بزانی سەناریوەکەت بۆ کام دەرهێنەر دەنووسی کارەکەت ئاسانتر دەبێ. ئەم جۆرە سەناریوە دەرهێنەری تایبەتی خۆی دەوێ کە بیەوێ بەڕاستی ئەوشێوە کار بکا کە تۆ هەڵت بژاردووە. دەبێ کەسێک بێ کە شارەزایی باشی لە کاری فۆرمدا هەبێ. پێکەوە هاوکاریکردن چ لە پێش و چ لە کاتی تۆمارکردندا ئاکامی باش دەدات. زۆربەی ئەم فیلمانە کاری تاکە کەسین، یانێ دەرهێنەر و سەناریۆنووس یەک کەسە. چوونکە پەیوەندی بە هەستی دەروونی ئەو کەسەوە هەیە.

لۆژیکی شێعر لە سەر عەقل بینا ناکرێ. پێویست نییە هەموو پازڵەکە تەواو بێ و بگاتە ئامانجی کۆتای، بەڵکوو کات بۆ روانینی هەمەلایەنە بە رووداوەکەدا هەیە. زیاتر هۆش بدە بەوە کە چۆن دەکرێ نەک چۆن گەشە دەکا. زیاتر پێداهەڵگوتنە هەتا گەڕان بە دووی هۆکارە بنەڕەتییەکاندا. بەرەوپێشچوونەکە دەتووانێ لە گۆماو وباخچەی جیا جیا پێک بێ کە هەرکامیان بەتەنێ سەربەخۆیە و لەهەمان کاتدا یەک دەگرن و وێنەیەکی گشتی پێک دێنن. کێشە و دووبەرەکی نییە کە بەرەوپێشچوونی فیلمەکە ساز دەکا. بینەر پێویستی بەوە نییە لەگەڵ یان دژی شتێک یان کەسێک بێ. بەڵکوو بەگشتی ژیانی خۆی لەگەڵ دیمەنەکانی سەر شاشە هەڵدەسەنگێنێ. بیر دەیباتەوە، وەکوو خوێندنەوەی شێعرێک.

نووسینی ئەم شێوە سەناریوە ئاسانە، بەڵام بەدی هێنانی وەکوو شێعر لەکاردا ئاسان نییە. "تارکۆفسکی" فیلمی "ئاوێنە"(١٩٧٤)ی بەم شێوە ساز کردووە و تێیدا سەرکەوتووە. هەر دیمەن دەکرێ بە چەند شێوە مانا بکرێتەوە. چیرۆکی فیلمەکە لە ١٩٣٠ ەوە هەتا دەورەی مۆدێرن دەگێڕێتەوە. بە هێنانەوەی چەند سیمبۆڵ لە رووداوە گرینگەکان (وەکوو بۆمبارانی ئەتۆمی) کات تێدەپەڕێنێ. بینەر کاتی هەیە کە گوێ بدا و ببینێ و بیر بکاتەوە.

**یاری خەون و چیرۆکە پێکەوە گرێدراوەکان.**

کات ئەو شتەیە کە ئێمە بەکاری دێنین. لە سەرەتای هۆنەری فیلمدا، بۆ بینەر دژوار بوو کە تێ بگا کەسێک کە لە شان ئەسپەکەی راوەستاوە لە وێنەی دووابیدا سوارە و بەرەو شوێنێک دەڕوا. دەبووا ببینێ کە سوار دەبێ، دەنا دەیپرسی چۆن گەییشتە ئێرە؟ ئەوڕۆ ئێمە بە زمانی فیلم راهاتووین. کات



تێپەڕاندن و ناوبەین دانانی زۆر پێشکەوتوو تێدەگەین.

لە فیلمدا دەکرێ کات ئازاد بکرێ و لەسەر شاشە ببێتە کاتی ئێستا. کات ئەوەیە کە ئێمەی فیلمساز دیاری دەکەین. ژمارەیەکی بێ سنوور لە ئیمکان لەبەر دەست دایە کە کاتیان پێ دیاری دەکەین. هەموو جۆرە کاتێک لە پاڵ یەکتر دادەنێین و بە بێ ئەوە کە هەست پێ بکرێ لە یەیکیانەوە باز دەدەینە ئەویتریان.

سەرنجڕاکێشە لە پێش چاوی بینەر بە نێو زەماندا پیاسە بکەی و لە رابردووەوە بیتە ئێستا و تەنانەت بچیتە داهاتوو.

هەموو زەمانەکان هاوکات لە دەروونی مرۆڤدا هەن. ئێمە بیرەوەرییەکانمان لەگەڵ خۆمان دەگێڕین. شتێک، کەسێک یان رووداوێک بە بیر شتێکمان دەخاتەوە. بیرەوەری بە شێوەی وێنەی بڕکە بڕکەن. پێکەوەبەستراو و بەردەوام بە بیرمان نایتەوە. بە بێ کات و جێ، بە بێ پێش و پاش، هەموو کاتەکان وەکوو یەک راستن.

فیلمێک بۆ من زۆر بەنرخ بووە. فیلمێک کە لە شانۆی " خاتوو ژوولی" نووسراوی "ئیسترینبرگ" (١٩٥١) دروست کراوە. من وەکوو لاوێکی تازەکاری سینەما، بۆ یەکەمجار دەمدیت کە ئەم هونەرە بۆ ئازادکردنی زەمان و مەکان چ ئیمکانێک دەدا. زیاتر لە هەمووان سێکانسێک هەیە کە لەوێ خاتوو ژوولی باسی منداڵی خۆی بۆ "جین" دەکا. لە سەرەتادا گێڕانەوەکە زۆر ئاساییە. بە هۆی وێنەیەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ لە دایکبوونی،

بەڵام کامێرا بەرە بەرە زیاتر سەربەخۆیی وەردەگرێ و رابردوو دێتە کاتی ئێستاوە. لە کۆتاییدا ژوولی منداڵ لەگەڵ دایکی بە نێو دیمەنەکەدا تێدەپەڕن و هەر لەو کاتەدا ژوولی گەورە هەر لەو دیمەنەدا دانیشتووە و باسی ئەوان دەکا. کاتێک نۆبەی کارەساتی رابردوو دەگا، دیمەنەکەی ئێستا پڕ دەبێ لە دەنگی با و تۆفان. کات و جێ لێرە و لە ئێستادایە.

کەسانێک لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئێمەی مرۆڤ بە بێ خەون دیتن ناتووانین بژین. (ئاژەڵیش خەون دەبینێ) ئێمە لە خەوندا ژیانی پەرێشانی رۆژانەمان دووپات دەکەینەوە. رەنگە وا بێ. هەرچۆنێک بێ هەموومان ئەزموونی خەونەکانمان هەیە و زۆر کەس هەوڵ دەدا ئەم وێنە ئاشۆ پاشۆانە مانا بکاتەوە. هەوڵ دەدەین پەیوەندیەک لە نێوان خەون و ژیانی رۆژانەی خۆماندا پەیدا بکەین. وا دەزانین ئەوانە پەیامێکن لە دەروونمانەوە دێن.

من هەموو شەوێک فیلمێکی درێژ لە خەوندا دەبینم. یا خۆ وا هەست پێ دەکەم. پاش شەوێکی پڕ لە خەون، لەگەڵ کۆڵێک وێنەی بڕکە بڕکە و دەوڵەمەند، هەوڵ دەدەم خەیاتییان بکەم و پێکیانەوە بدروێم و سیستەمیان بۆ دانێم و پشکنینیان تێیدا بکەم. جار وایە هەوڵ دەدەم ساغیان بکەمەوە و تێگەییشتنیان ئاسان بکەمەوە. بەڵام هەر چۆنێک دەکەم هێشتاش هەر چەند جۆر مانا دەکرێنەوە.

ئایا درماتۆلۆژی لێکگرێدان هەیە؟ نە. بەڵام لۆژیک هەیە. یەکێک لەوان دەبێتە هۆی ئازادکردنی ئەوانی دیکە. شانۆی "یاری خەونەکان"ی " سترینبرگ" لە خوێندنەوەی یەکەمدا شتێکی شێتانە دێتە بەرچاو. بەڵام هەموو ساختمانی لێکگرێدانی ئازاد لە دەروونی مرۆڤەوە، لە رووباری ناخیەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەتۆ وەکوو نووسەر دەتووانی لە چیرۆکەکەتدا بازدەی بۆ پێشەوە، باز دەی بۆ دوواوە، تەسک یان بەربڵاوی بکەیەوە. دیمەنەکان پێویست نییە لێک جوێ بن. دەتووانن بخرێنە نێو یەکترەوە. بەم شێوە دەتووانی سەفەرێکی درێژ بە نێو زەمان و مەکاندا بکەی و لە ماوەیەکی کورتدا دەورانێکی مێژوویی نیشان بدەی. لێرە جێگا هەم بۆ شێعر هەیە هەم بۆ دراما. نەتەنیا بۆ یەک کەسی سەرەکی. تەک دیمەن و سێکانسی درێژیش دەکرێ وەکوو شێوەی "کێ دەیباتەوە" دارێژرا بێ.

دیارە دەبێ کەسێک هەموو ئەمانە پێکەوە گرێ بدا و پرسیارە ناوەکییەکە دێتە کۆڕێ. مەبەستت لەم چیرۆکە چییە؟ لە رێگای ئەم پرسیارەوەیە کە بازدانەکەت مانا دەکەیەوە. وەکوو پێشتر ئاماژەی پێیدرا هەموو شتێک بە دەوری ئەم پرسیارە ناوەکییەدا دەخولێتەوە. لەم ناوەندەوەیە کە پێچەکان دروست دەبن، زۆر جار بە رووالّەت نابیندرێن، جار وایە دووپاتکردنەوەیەکی جوان پێویستە. ئەمانە پشت قایمی و قووڵبوونەوە لە پرسیارە سەرەکییەکەدا پێک دێنن. بەرەوپێشچوون لەم شێوە چیرۆکەدا ئەوەیە کە پرسیارەکە پاڵی پیوە دەنێ، رای دەکێشێ و شوێنی لە هەموو بەشەکاندا هەیە و بێچمێکی چەند تۆ دروست دەکا.

لە فیلمێکی فێنلاندیدا کە سەبارەت بە "مونک"ی نگارکێش دروست کراوە، لە رێگای ژیانی ئەوەوە هەموو چۆنیەتی و ناتەباییەکانی ئەو کۆمەڵە کە ئەوی تێیدا ژیاوە نیشان دەدرێ. باوکی کە دەوڵەمەند بووە، زوو مردووە. خۆشکی بە نەخۆشین تیاچووە. وێنەکان لە دەروونی نگارەکانی "مونک"ەوە دەبنە ژیان و دەگەڕێنەوە. کاتێک خۆشەویستی دەکا، دەنگی ئاوازی کلیسا لە مردنی خۆشکیدا دەبیسێ. کاتێک لەگەڵ لاوەکان هەرزەکاری دەکا، بابی (کە ئێستا ئیتر نەماوە) لە سەر میزی نان خواردنەوە دەنەڕێنێ: کەس دەزانێ بەم شەوە درەنگەدا ئەو کوڕە لە دەرێ چ دەکا. بەم دیمەنانەوە باز دەداتە نێو ئەو تابلوەی کە ئیتر وێنەی بنەماڵەی تێیدا نەماوە و لێکدانەوەکانی دەروونی خۆیەتی کە لەگەڵ ئانارشیسمی ئەو کاتەی دەوروبەریدا تێکەڵ دەبێتەوە. نازانم "پێتێر وارکێس" لەم فیلمە تلەڤزیۆنییەدا دەیەوێ چ بڵێ، بەڵام بۆ من چۆنیەتی لەدایکبوونی هونەرمەندێکە. دەبینین کە چۆن ئەو شتانەی دەوروبەری کار دەکەنە سەر گەشەکردنی. هەرچی فیلمەکە دەچێتە پێشەوە زیاتر لە "مونک"ی نگارکێش نزیک دەبینەوە و دیمەنەکان زیاتر دەبنە سوبژێکتیو (دەروونی)ی کەسەکە.

لێرەدا دەتووانین هەموو شتێک لە یەک بدەین و وێنەیەکی تازە دروست بکەین. خۆشەویستی تێکەڵاوی مردن دەبێت. ئەم فیلمە لە لایەک وەکوو دێکومێنتە و لە لایەک بۆچوونەکانی دەرهێنەر لە ماناکردنەوەی هۆنەری "مونک"دا. زۆر ئاساییە کە هەموو کەسێک سوار نابێ لەم سەفەرە پڕ هەستەدا لەگەڵ بێ. ئێمە هەمووومان، هەموو کاتێک لە چەند مەیدانی جیاوازدا دەژین. مەیدانێک ئێستا و ژیانی رۆژانە، ئاواتەکان، خۆشی و ناخۆشییەکان. مەیدانێکیتر رابردووە کە بە بۆنێک یان بە ووشەیەک منداڵییەکانیشمان

بە بیر دێتەوە. شەویش هەموو ئەمانە لە خەونەکانماندا بە تێکەڵاوی دووپاتە دەبنەوە. ئێمە لەگەڵ ئەمانە دەژین. هەموو رۆژێک.

ئایا بۆ پێکهێنانی هونەری راست دەبێ لە مەرگ نزیک بییەوە؟ ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە بە دەور کەسایەتی "لۆرکا"دا ئاخڵەی دابوو، کاتێک کە من تێکستی شانۆی "لاباراکا"م نووسی. ئەم پرسیارە لە هەموو روانگە و کات و جێی ئەم چیرۆکەدا خۆی دەنواند. لە چەند جێگاش ئەم پرسیارە راستەوخۆ لە بینەر دەکرا. زیاتر لە ئاوازەکاندا. باش دەبێ ئەگەر لەم شێوە سەفەری مۆدێرنەدا پرسیارەکە بە راشکاوی بکرێ و بگوترێ دەتەوێ چ بڵێی. بۆ ئەوە کە بینەر لێی بگەرِێ، بەڵام باش نییە بینەر تێنەگەییشتوو بە جێ بهێڵێ. جار وایە دەبێ هێڵە دروستەکەیان بۆ دیاری بکەی. ئەم سادە و ئاشکرا کردنەوە بە مانای لەدەستدانی تۆتۆیی بوونی چیرۆکەکە نییە. جار وایە زۆر جوانە بە بینەر بڵێی ئەمە چیرۆکێکی سادەی ئەڤینداریيە، بەڵام چەندین پرسیاری گرینگی ژیانیشی لێی بکرێ. دەبێ بزانین مەترسی ئەوە هەیە کە چیرۆکەکە لە رادەبەدەر فەلسەفی یان شێعری زۆر بەرز بێ و پێی لە زەوی ببرِدرێ.

کەی چیرۆکەکە تەواو دەبێ؟ ئەو کاتە کە تۆی نووسەر پێت وایە هیچی دیکەت پێ نەماوە. کاتێک کە هەموو لایەنەکانی پرسیارەکە دیاری داوە.

زۆر بە دەگمەن فیلمی لەم چەشنە بینەری فراوانی دەبێ. هەر بۆیە زۆربەیان فۆرمی تێکەڵ هەڵدەبژێرن یان تەنیا پێشەکییەکە فۆرمی شآعێرانەی لێکگرێدراوی هەیە. وەکوو فیلمەکانی "برایانی تاویانی".

لە فیلمی "شەرِی سان لورنزۆ"دا دەستەیەک پارتیزان دیانەوێ بەرەوپیری هێزە ئەمریکییەکان بچن و لە رێگادا تووشی هێزی فاشیستی ئیتالیا دەبن و شەرِ دەست پێدەکا. هەموو ئەم شەرِە لە چاوی کچێکی چکۆلەوە نیشان دەدرێ. ئەمە ئازادییەک دەدا بە دەرهێنەر کە بەتەواوی لە رووداوەکەدا بەردەوامی بەکار نەبا. کچەکە لە لایەن سەربازە فاشیستەکانەوە دەبیندرێ. ئەو بە جادوی خەیاڵ رووەکەکان دەکا بە پەرژینی بەرز و خۆی ون دەکا. پیرەمێردێک بە تفەنگێکی سەرپرِی کۆن تەقەیان لێدەکا، دەبیندرێ و دەکوژرێ. لە چاوی کچەکەوە سەربازە کۆنە رۆمییەکان هەڵدەستنەوە و بە رم و کەوان فاشیستەکان دادەگرن و هەرکامیان بە دەیان تیر دەکوژرێن. ئەم دیمەنانە چیرۆکەکە دەکا بە میتۆلۆژیا و دەیەوێ بڵێ ئەم خەڵکە بە پشتیوانی کولتورەکەیان بەسەر فاشیسم

دا زاڵ دەبن. لە فیلمەکەدا دایمە دیمەنەکان لە کۆنەوە بۆ ئەو شەڕە خوێناویەی ئێستا دەگۆڕدرێ و ئاوات و فانتێزی و راستەقینە تێکەڵ دەبنەوە. ئەمە ئەو شتەیە من پێی دەڵێم باشترین فیلم.

**مەودای مێژوویی**

لە فۆرمە جۆربەجۆرەکانی فیلمی "سەفەر"دا پێش دێ مەودایەک دروست بکرێ کە بینەر بتوانێ بەچاوی رەخنە و هەڵسەنگاندنەوە تەواشای فیلمەکە بکا. لە شێوەی "کێ دەیباتەوە"دا هەوڵ دەدرێ کە بینەر هەرچی زیاتر بچێتە نێو چیرۆکەکەوە و لەگەڵ کەسەکان یەک بگرێ و کەس هەست بەوە نەکا کە یەکێک سەرپەتەکانی بەدەستەوەیە و چیرۆک دەگێڕێتەوە. بەڵام لە سەفەردا جار وایە پێویستە ئەو مەودایە ئاشکراتر بێ. تەنانەت نووسەرەکە بۆ خۆی دێتە مەیدانەوە و باس دەکا و لە نێوان شاشە و بینەردا دەوەستێ و رەوتە دراماییەکە دەپسێنێ. ئەم کارە لە شێوەی "کێ دەیباتەوە"ش دا کراوە. شەپۆلی نوێ فیلمی فەرانسەوی کە "ژان لوک گودار" لە پێشڕەوەکانیەتی ئەم دابەی داهێناوە و کەسانێک لە دونیادا هێشتا بەم شێوە کار دەکەن. بۆ نموونە "وودی ئالێن".

**چەند ووشەی کۆتایی سەبارەت بە "سەفەر"**

تیوری "کێ دەیباتەوە" بەسەر دنیای فیلمدا زاڵە، بەڵام ئەمە تەنیا رێگا نییە. کێشە ئەوەیە کە زۆربەی هەڵسەنگێنەرانی فیلم هەر تەنیا ئەم نموونە بە رێنوێن دەزانن. وەکوو یاسایەکی سروشتی لێی دەڕوانن. ئەمە وا دەکا پڕۆژەیەکی فیلم هەر لە سەناریۆدا شکست بهێنێ. رەنگە سەناریوەکە بەرەو شوێنی هەڵە بڕوا، یان لێک تێنەگەییشتن لە نێوان سەناریۆنووس و بەرهەمهێنەردا پێک بێنێ. چوونکە بە دوو زبانی جیاواز دەدوێن. گرینگ بۆ تۆ ئەوەیە دیاری بکەی سەناریوەکەت لە چ شێوەیەکە. رەنگە لەو کاتەشدا بڵێن دەبێ هەموو فیلمێک هەر چۆنێک بێ فۆرمی "کێ دەیباتەوە" پەیرەو بکا. و دوایەش بیانەوێ بە زۆر لەو فۆرمەدا لە قاڵبی بدەن. جاری واش هەیە زۆر دژوارە بزانین فیلمێک بەڕاستی لە چ شێوەیەکە. ناکرێ لە قاڵبی بدەی. لە نێوان شێوەکاندا جێگۆڕکێ دەکا و تێکەڵە. ئەمە بۆ بینەر گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە فیلمەکەی بەدڵ بێ. گرینگ ئەوەیە

ئەگەر فیلمەکەت مێژووییە یان شاعێرانە ئەوە پێویست نییە بیر لە فۆرمی "کێ دەیباتەوە" بکەیەوە. رەنگە چیرۆکەکەت تێک بدا.
جار وایە دیاریکردنی شێوە ئاسان نییە. هێندێ فیلم رووکارەکەیان فۆرمی سەفەرە، بەڵام لە ساختمانی ناوەرۆکدا شێوەی "کێ دەیباتەوە" رەچاو کردووە.
گرینگ ئەوەیە ئەتۆ هەوڵ بدەی شێوەی چیرۆکەکەت جۆرێک دیاری بکەی کە لە داوێک نەکەوی کە خۆت داتناوەتەوە.

**داوەکانی دیکە کامانەن؟**

مەترسی لەخۆبایی بوون و خۆبینی هەیە. مەترسی ئەوە هەیە فیلمەکە ببێتە هونەر بۆ هونەر. هەرچی لە شێوەی جیاواز بگەڕێی، رەنگە زیاتر لە داوی شێوە دابەکان بکەوی. بۆیە دەبێ چیرۆکەکەت هەموو کاتێک -لانی کەم بۆ خۆت- راست بێ. کەسانێک هەن کە دایمە هەر شتێکی جیاواز بە خۆبینی و خۆهەڵکێشان تۆمەتبار دەکەن، بەڵام رێگای نوێ دەبێ بە تاقی بکرێتەوە هەتا زبانی فیلم بەرەوپێش بچێ. ئەگەر هەموو کاتێک بە شێوازی کۆن بێ، ئەوە هونەری فیلم رادەوەستێ.
دەبێ وەکوو سەناریونووس، کاتێک شێوەی "سەفەر" دادەرێژی زۆر باش دەستنیشانت کردبێ. دەبێ بزانی گەڵاڵەی گێڕانەوەکەت چییە. دەبێ وێنەیەکی گشتیت لەبەرچاو بێ. رەنگە پێویست نەبێ لەسەر هەموو وردەکارییەکان کۆنترۆڵت هەبێ، بەڵام دەبێ بەسەر بەشێکی هەرە زۆریاندا، لە وێنەوە هەتا دەنگ، کۆنترۆڵت هەبێ. گەڵاڵەکەت بۆ شێوە "سەفەر"ێکی پاکتاو دەبێ زۆر رەنگاورەنگ بێ. هێچ شتێک بە بێ کارکرد نەبێ. بۆ نموونە: سیمبۆڵەکان و وێنەکان گرێدراوی گەڵاڵەی گێڕانەوە بن، دەنا وەکوو دەستکرد لەچاو دەدەن. خانووە تەپیلەیەک تەنیا خانووە نەک زیندانێک بۆ دانیشتووانەکەی، هتد... رەنگە دەبێ بینەر بۆخۆی دنیا سیمبۆلیکەکە دروست بکا. هیچ شتێک مەهێنە بەر لووتییەوە کە نیشانی بدەی.
فێلمی شاعێرانە و تێکەڵکراو پێویستی بەکاری بینەرە. لەو فیلمانە نییە کە بتوانی بچیتە دەرێ قاوە لێنی و بگەڕێیەوە، بەڵکوو پیویستی بە تێڕوانینی تەواو هەیە. بینەر دەبێ بۆ خۆی هێندێ لە وێنەکان پێکەوە بنووسێنێ و سەرەوخواریان بکاتەوە، هەتا وێنەیەکی تەواوی دەستکەوێ.

دژواره هەموو لایەنەکانی "سەفەر" دابین بکرێ. وەکوو ئەوەیە شێعری نووسراو بهێنرێتە دنیای لۆژیک و وەکوو پارووە خواردنێکی لێی بکەی. نامومکینی ناپێویست.
دووپاتی دەکەمەوە هیچ ئامانجێک لەوەدا نییە کە لەم یان لەو شێوەدا بنووسی.
"جوانتر" نییە ئەگەر جیاواز بێ، بەڵکوو هەر چیرۆکێک دەبێ ئەو فۆرمە تایبەتییەی خۆی بگرێ کە دەبێ هەیبێ و تێیدا جێ دەبێتەوە. شتێک لە هەموو فیلمێکدا هاوبەشە: بینەر دەیەوێ لە جووڵەدا بێ، بەرەوپێش یان بەرەو ناخی دەروون.

@@@@

## ٧- کاراکتێر

**چەند ووشەی سەرەکی**

کاراکتێرێک لە سیرۆکی فیلمدا دەبێ جەندە سادە یان تۆتۆ بێ؟ ئایا کاراکتێرەکان دەبێ چەندە دەروونداربن؟ چەند کاراکتێر دەبێ بەشدار بن؟... هتد

بۆ ئەوە کە فیلم ببێ بە هۆنەر، پێویست نییە کە مرۆڤی تێیدا بێ. بە پێچەوانەی شانۆ کە بینەر تاقەتی نییە سەرشانۆی بەتاڵ ببینێ. ئەمە مەرجی هونەری فیلم نییە کە دەبێ لە مرۆڤان پێک بێ. بەڵکوو ئیمکانی زۆر بەرین و بڵاوی هەیە و هێشتاس دەورانی لاوەتی ئەم هونەرەیە. ئەگەر دەتەوێ مرۆڤ لە چیرۆکی فیلمەکەتدا هەبێ، بەر لە هەر شتێک دەبێ بزانی کەسەکان لە ڕووداوەکان گرینگترن. ئەگەر کاراکتێرەکانت بۆ گرینگ نییە، هیچ ناقەومێ ئەگەر بتەقێندرێنەوە یان هەر شتێکیان بەسەر بێ. دووایەش ناساندنیان پەیوەندی بە جۆری فیلمەکەتەوە هەیە.

لە "کێ دەیباتەوە"دا زۆر بە ئاسانی پێس دێ کە کێش لە کاراکتێرەکان گرینگتر بێ. ساختمانەکە بە پێی کێشی فیلمەکە دارێژرێ و خۆی لەگەڵ ئەو شتانەدا رێک دەخا کە کارکردیان هەیە. کێش مۆتۆری پەرایی سەناریوەکانە، بەڵام ئەگەر باقی شتەکان نەبن هەرچی بکەی و هەرچی دیمەنی تەقینەوە و هەراوهوریا دابنێی هێشتاش بەکار نایێ. یانێ کاراکتێرە بێ رەنگ و بۆنەکان بە ڕووداو و بگرە وبەردە قەرەبوو ناکرێنەوە.

کاتێک دەمانەوێ کاراکتێرێک بنەخشێنین، پرسیاری باوەڕ پێکردن و دڵنیا بوون دێتە پێشەوە. بۆ نموونە دەگوترێ: دەتەوێ چ جۆرێک لە دڵنیایی دەروونی ئەو کەسە رێبەری بکا؟ زۆر کەس باوەڕی بەوەیە کە هیچ شتێکی لەقاڵبدراو نییە کە دیاری بکا، لە فیکمێکدا کاراکتێرێک دەبێ چۆن بێ. بە پێی جۆری فیلمەکە، تیپی جۆربەجۆری کاراکتێر هەیە.

**چۆن کاراکتێرێکی دڵخواز پێک دێ.**

دەکرێ کاراکتێرێک بە دوو شێوەی بە تەواوی لێک جودا پێک بێ. یەکەم ئایدیای بنەڕەتی و کێش پێک بهێنرێ و دووایە کاراکتێرەکان فۆرم بدرێن. دووهەم، کاراکتێرەکە پێک دێ و لە رێگای

ئەوەوە کێش ساز دەکرێ. کامیان باشترە؟ هیچ وەڵامێک بۆ ئەمە نییە. بەڵام بەکارهێنانی هەردوویان زۆرجار باشترینە. یەکیان پێش مەرجی ئەوی دیکە دەبێ.

بەگشتی بۆ فۆرمدانی کاراکتێری فیلم، دەیان خاڵ دەبێ رەچاو بکرێ. زۆر فیلم هەیە کە لەسەر بنەمای چۆنیەتی گێڕانەوە ساز کراوە، بۆیە بەر لە هەر شتێک ئەوە چۆنیەتی گێڕانەوەیە کە هەلومەرجەکە و کاراکتێرەکە دیاری دەکا. بەرەوڕووبوون و پەیوەندی لەگەڵ کاراکتێرەکانی دیکەدا بەهێزە؟ یانێ کاراکتێرێکی پێکهێنەرە؟ چۆنیەتی دژکردەوەی لە هەلومەرجەکاندا و لە پەیوەندییەکاندا دیاریکەرە. ئەو خاڵانەی دیکە بریتین لە: چۆنیەتی بەر و ڕوو، جل و بەرگی چۆنە، خۆنواندن لەنێو دەوروبەردا، شێوەی قسە کردن، بۆ نموونە لەنێوان گوتار و کرداردا دەوری چییە؟ سەرئەنجام تەنانەت نێوی کاراکتێرەکەش مانای خۆی هەیە.

لە سەرەتای فیلمەکەدا، بینەر دەیەوێ کاراکتێرەکە لە فیلمەکەدا ببینێ و بیناسێ. ئەوان لە رێگای رێکلامەوە زۆریان گوێ لێی بووە و بە زەوقەوە هاتوون کە یەکەم شت ئەو ببینن. لە شانۆ و سینەمادا هەزاران دەستپێک دروست کراوە. هەم بینەر و هەم ئاکتەرەکە دەزانن کە لەم یەکەم چاوپێکەوتنە دایە کە خۆش لێهاتن دروست دەبێ. لێرەیە پەیوەندی نێوان کاراکتێر و بینەر جێگیر دەبێ. دیارە دوواتر گەشە دەکا و دەگۆڕدرێ.

ئەگەر کاراکتێرەکەت بە گۆچانی کوێرانەوە لە وێنەی بڵاودا بڕوا و لە چرکەکانی دوواتردا، گۆچانەکەی کۆدەکاتەوە و سواری دووچەرخەیەکی بەرز بێ و لە سەربەوژێرێکدا لێێ بخوڕێ و لەچاو ون بێ، ئەوە تۆ وێنەیەکی تایبەتیت لە کاراکتێرەکەت دروست کردووە. ئایا دروستە و باوەڕی پێی دەکرێ یان نە، پەیوەندی بە لۆژیک و فۆرمی چیرۆکەکەتەوە هەیە. بۆ هەڵبژاردنی سەرەتایەکی دروست زانیاری فراوان لە کاراکتێرەکە و چیرۆکەکە پێویستە.

ئەو زانیارییە سەبارەت بە کاراکتێر، دەبێ چەند بێ؟ لەم بوارەدا بیری جیاواز هەیە. لەوێوە دەست پێ دەکا کە دەبێ رابردووەکەی هەتا ئەو کاتەی کە چیرۆکی ئەم فیلمە تێیدا روو دەدا، بناسی. لێرەش راست و هەڵە نییە، بەڵکوو پەیوەندی بە شتەکانی دیکەوە هەیە. بۆ نموونە هەموو کاراکتێرەکان پێویستییان بە قووڵبوونەوەی دەروونی نییە، لێرەش هەر یەکە و جۆرێکە. بۆ هێندێ چیرۆک پێویستە کە تۆش وەکوو بینەرەکان بە دەور کاراکتێرەکەدا بسووڕێیەوە و لە هەموو لایەکەوە سەیری بکەی. ئەمە پێی دەگوترێ کاراکتێری کراوە. بە پێچەوانەوە کاراکتێری داخراو ئەوەیە کە رووی جۆربەجۆری کەمە، بەڵام ئەوەی کە هەیەتی زۆر تایبەت و دیارە. لە یەک فیلمدا دەتووانێ ئەم هەردوو جۆرانە هەبن.

**ناسینی کاراکتێرەکانت.**

"هێنریک ئیبسن" کاراکتێرەکانی خۆی لە دوو پلەدا ناسیوە. پلەی یەکەم ئەوانەی لە جێگایەک دیتوویانی. بۆ نموونە لە نێوان دوو ئیزگەی قەتاردا. چاک و خۆشی لەگەڵ کردوون و بە رواڵەت ناسیویانی. دووایە یەک دوو کەسیانی بانگهێشتن کردووە بۆ لای خۆی و ناسینەکەی تەواو کردووە. من پێم وایە ئەو کورتە سەفەرەی نێو قەتار گرینگە. یەکەم بەرخوردی کاراکتێرێک چۆنە؟ یەکەم جار چ شتێک سەرنجت رادەکێشێ؟ بە تایبەت ئەو شتە کە پێت وایە ئاشنایە و تایبەتی ئەو کەسەیە. کاراکتێرەکانی چیرۆکەکەی تۆ یەکەم جار چۆن لە ئەو تێدەگەن؟ ئەمانە پرسیاری بنەڕەتین. لە یەکەم چاوپێکەوتندا رەنگە هەست بکەین خۆ بەزل زانە، رەنگە ئەمە کلیلی دەروونی ئەو کەسە بێ. دوواتر دەبێ زیاتر پێناسەی بکەین. وەکوو توێکڵ لێکردنەوەی پیوازێک. لە یەکەم پەڕە توێکڵی دەرەوە دەست پێ دەکەی. و دووایە زیاتر و زیاتر دەچییە ناوەوە. دیارە ئەمە کاتێکە کە لە چیرۆکەکەتدا پێویستیت بە کاراکتێری دەروون‌دار هەبێ. چ کەسانێک دەتوانن، ئایا دەکرێ لە سەریان بنووسی؟ ئایاکەسانێک هەن، کە دەبێ خۆتیان لێ بپارێزی؟ ئەم پرسیارانە پرسیاری دیکەیان بە دوودا دێ. سەناریۆنووسان کاراکتێرەکانیان لە کوێوە دەهێنن؟ زۆر جار لە ئەزمونەکانی خۆیانەوە. ئەو نموونانەی کە بۆ خۆیان باشیان دەناسن. هەموو ئەمانە دوواتر لە کاتی نووسینەوەدا دەگەڕێتەوە و بەرەوڕووی خودی نووسەر دەبێتەوە. ئەمە ئەو شتەیە کە لە فیلمسازێکەوە بۆ فیلمسازێکی دیکە جیاوازی پێک دێنێ. هێندێک کەس تەنیا یەک دەنگیان لە فیلمەکەدا هەیە. ئەویش دەنگی خۆیانە. هەموو کاراکتێرەکان لایەنە جیاوازەکانی خودی فیلمسازەکەن. ئەوانیتر کاراکتێرەکانیان بۆ نموونە لە دەورانی منداڵی خۆیانەوە دەیهێنن. بە یارمەتی بیرەوەری لە قەوم و خوێش و دەر و جیرانان هەیانە. هەر دووک شێوە دەتوانن سەرچاوەی هونەری فیلم بن. زۆرجار هەردووک شێوە تێکەڵ دەکرێنەوە. بۆ نموونە هێنریک ئیبسن سەبارەت بە چینی نێوەنجی جێکەوتوو نووسیویەتی. ئەوە ئەو شوێنەیە کە خۆی تێیدا دیتوەتەوە. هەموو شانوەکانی ئاوێنەی خۆیەتی و چۆنیەتی گەشەکردنی خۆی.

ئایا دەبێ لەو کاراکتێرانە کە لە خۆمان نامۆن چاوپۆشی بکەین؟ زۆر دژوارە کە بتوانی داگری لەسەر ژورنالیستێک بکەی، ئەگەر هیچ کات بۆ خۆت دایرەی رۆژنامەت نەدیبێ. کاراکتێرێک نابێ دەوری ژورنالیست ببینێ ئەگەر خۆی ژورنالیست نەبێ. ئەوە ئەرکی سەناریونووسە کە ئەم پێش مەرجە پێک بێنێ. من بۆ خۆم نەمویستووە کاراکتێری شێت و بوورسباز بنووسمەوە. چوونکە

ناتووانم خۆم لە دنیای راستەقینەی ئەواندا ببینمەوە. کاراکتێرەکان دەتوانن مەودایەکی زۆریان لە دنیای نووسەرەوە هەبێ، بەڵام هەموو کاتێک دەبێ سەرچاوەکەیان دیار بێ.
جارێک دەبووا لە سەر کاراکتێرێک کار بکەم کە دەرهێنەری شانۆی گاڵتە و رەخنەیە. من لە ژیانمدا ئەم جۆرە شانوەم نەدیبوو. کە لە ژیانی دەرهێنەرەکە ورد بوومەوە دیتم لە منداڵی و لاوەتیدا زۆر بەسەرهاتی وەکوو منداڵی و لاوەتی من بووە. بۆ نموونە ئازاری بە دەست بابێکی ئەلکولییەوە دیتووە و دڵی بە دایکی سووتاوە و ئاواتی بووە ببێتە کەسێک کە دایکی شانازی پێوە بکا. ئەمانە بوونە هۆی ئەوە کە کاراکتێرەکە لە خۆمدا بناسمەوە.
بۆ ئەوە کە بتوانی کاراکتێرێکی زیندوو بخولقێنی دەبێ هێزە بنچینەییەکانی بناسی. دەبێ نێوانێکی راستەقینەت لەگەڵیان هەبێ. دەنا دەستکرد و ئیشک دەبن. ئەمە بەو مانا نییە کە تۆ دەبێ لێیان تێ بگەیی یان پەیوەندی دەروونیت لەگەڵیان هەبێ. یانێ من و تۆی سەناریۆنووس دەتووانین سەبارەت بە رابردوو، ئێستا و داهاتووی هەر کەسێک بنووسین. تەنانەت شێت و بورسبازیش ئیمکانی هەیە....
کاتێک خۆت لە کاراکتێرێک نزیک دەکەیەوە، رەنگە زۆر شت روو بدا. کاتێک لە کاناڵی تلەڤزیۆن کارم دەکرد. سفارشێکیان سەبارەت بە رۆمانی "یادداشتەکانی ئادام". پێ دام. رۆمانەکە سەبارەت بە پیاوێکە کە ناخۆشی ئازادانی ژنانی هەیە. من لەو کاتەدا سەبارەت بە ژنان زۆر تووڕە بووم. لە ماوەیەکی کورتدا چل لاپەڕەم نووسی و لەوێ لایەنی پیاوەکەم گرتبوو. جۆرێک بەزەیی پێدا هاتنەوەی تێیدا بوو. لە دووی چارەنووسی کەوتبووم هەتا بە زیندانی درێژخایەن سزا دەدرێ. دەرهێنەرەکە بە سەرنجڕاکێشی زانی و هەستی بە هەڵخڕانێک دەکرد. لەو ماوەدا کە خەریک نووسینەوەی سەناریوەکە بووم تووشی خۆشەویستییەک بووم. سەناریوەکە بەرەبەرە گۆڕا، لایەنگریم لە هەردوو لا دەکرد و لە ئاخرەوە بوو بە پەنددانێک کە ئەو رۆژانە لە هەموو رۆژنامەکاندا هەبوو. هیچ شتێکی نوێ و بیری پاکتاوی تێیدا نەمابوو. دیارە وەلا نرا و لەبیر کرا.
پێویست نییە هەموو شتێک سەبارەت بە کاراکتێرەکەت بڵێی کە بینەر هەست بکا چاک کۆ کراوەتەوە و پڕڕەنگە. زۆربەی زانیارییەکان لە قەوارە گشتییەکەدا گرینگ نین. ئەگەرچەند خاڵی تایبەتی و سەرەکی دەستنیشان بکەی، بینەر خۆی بە پێی زانستەکانی خۆی لەم جۆرە کەسانە باقی تایبەتییەکانی بۆ دادەنێ و کاراکتێرەکە تەواو دەکا. ئێمە لە ژیانی رۆژانەشدا هەر وا دەکەین. لە رێگای زانیارییەکی کەمەوە کە لە کەسێکمان هەیە، وێنەیەکی تەواوی لێی دروست دەکەین. ئەمە بە تەواوی پێویستە، دەنا زۆر سەرقاڵمان دەکا. جار وایە لە بۆچووندا

هەڵەش دەکەین، بەڵام زۆرجاریش دروست دەردێ. ئەم پێکهاتنە لەگەڵ بینەردا، پێویستە هەتا لەو کاتە کەمەدا کە هەمانە، بتوانین هەموو شتەکانمان بڵێین.

گرچی ئەتۆ بەشێکی تایبەتی کاراکتێرەکە نیشان دەدەی، بەڵام دەبێ بۆ خۆت هەموو شتێکی لێی بزانی. پرسیار ئەوەیە چەند و چی؟ من بۆ خۆم گومانم لەوە هەیە کە بکرێ هەموو شتێک سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی و رابردوو و ئاکاری دەروونی کەسێک کۆ بکرێتەوە. زانینی ژیانی پێش ئەو فیلمە یارمەتی دەدا بە چۆنیەتی کردەوە و دژکردەوەکانی کاراکتێرەکە ناتوانێ ئەم کارە بکا و ئەوە نەکا لەبەر ئەوە کە شیاوی ئەمەیە و شیاوی ئەوە نییە، چوونکە ئەو کەسە ئاوا نییە کە ئاوا بکا. مرۆڤ زۆر لەوە پیچیدەترە. هەر کەسێکی تایبەتیش دەکرێ هێندێ کار بکا کە لێی ناوەشێتەوە. هەر ئەوەیە کە دراماکە خۆش دەکا. یان بە هەڵکەوت شتێک روو دەدا کە لە رەوتی ئاسایی دەیباتە دەرێ. دەنا کاراکتێرەکە لەباری دەروونییەوە باش نیشاندراوە، بەڵام ژیانی تێیدا نییە. شتە دەروونی و فەلسەفی و مێژوویی و ئابوورییەکان دەبێ سادە بکرێنەوە. لە فیلمە ئەمریکییەکاندا هەموو شتێک دراوەتە دەست چۆنی تاکەکەسەوە. یاسا گشتییەکان زۆر دەوریان نییە. ئەوان دەڵێن هەمووومان باشین جگە لە هێندێ شێت نەبێ.

لە فیلمە ئەوروپییەکاندا مەودایەکی زۆرتر دەدرێ بە لایەنی کۆمەڵایەتی. زۆر ئاسانە کردەوەی ناتەبای مرۆڤێک تەنیا لە رێگای تاکەکەسی و میکانیزمی دەروونییەوە نیشان بدرێ.

هێندێک دراماتۆلۆژی "کێ دەیباتەوە" دەڵێن "دراماتولۆژی دەروونگرا". لە راستیدا ئەم شێوە تا رادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای دەرونناسی کاراکتێرە سەرەکییەکە بینا دەکرێ. بەڵام کەم نین ئەو فیلمانەی کە بەشێکی هەرەچووک تاکەکەسییان تێدایە و بەشی هەرە گەورەیان کۆمەڵایەتییە. کردەوەی تاکەکەس بە هۆی کۆمەڵایەتییەوەیە کە بەو شێوە دەردێ.

لە رێگای بەکارهێنانی زمانی دەروونگراییەوە هەوڵ دەدەین کە دژوارییەکانی مرۆڤ بکەینە ووشە. من پێم وایە بۆ هەر کام لە ئێمە زۆر باشترە کە ئەخلاقی ژیان بکەینە پرسیار هەتا لە هۆی دەروونی بگەڕێین کە زۆرجار بۆ لێکدانەوەی چۆنیەتییەکان بەش ناکا. هوەکارەکان زۆر لەوە گەورەترن کە بکرێ بە زانستی کەمی دەروونناسی ئەوڕۆییەوە لێک بدرێتەوە. راست لێرەیە کە هونەر زیاترین دەوری خۆی دەبینێ. هونەر دەتوانێ زۆر شت نیشان بدا کە ناکرێ لە پەخشانێکدا بنووسرێ. ئەم وتەیەی من ئەوە ناگەیەنێ کە نابێ کاراکتێرە سەرەکییەکەت باش بناسی. ئەمە شێوەیەکە بۆ ئەوە کە کاراکتێرەکەت لەسەر هێڵی خۆی دابنێی و لە رەوتی نووسیندا بەردەوام بتوانی لە جێگای خۆی رایگری.

بۆ نووسینی کاراکتێر شیوەی جۆبەجۆر هەیە. هێندێک یەک بەیەک رابردووی کاراکتێرەکان دەنووسنەوە، تەنانەت رابردووی دایک و باوکی دەنووسنەوە کە نیشان بدەن چۆن کارتێکەرییان لەسەر بەرەی داهاتوو هەبووە. یان خۆ لیستەیەک دەنووسن کە تایبەتی هەرکەسی تێیدایە. بۆ ئەوە کە دوواتر لەبیریان نەچێ.

لێرە لیستەیەک دەنووسمەوە کە نیشان بدم چۆن پێکهاتەی کەسێک دیاری دەکەین.

١- تەمەن. چەند پرسیاری بە دوودا دێ: چۆن کاراکتێرەکە تەمەنی خۆی نیشان دەدا؟ تەمەن بۆ کاراکتێرەکە گرینگە؟

٢- ژەندەر: ژن، پیاو. "لە نێواندا" یان شتی دیکە.

٣- بالا و قورسایی.

٤- قژ و رەنگی چاو.

٥- توانایی فیزیکی، کەم ئەندام.

٦- فیزیک: بەهێز، چاخ، لەڕ، پانو پۆڕ...

٧- بەرو‌ڕوو: کراوە، شاد، ناوچاوگرژ هتد...

٨- جوولانەوەی فیزیکی: ریتم و چۆنی رۆیشتن، توند، شەلان شەلان، لەسەرەخۆ...

٩- شێوە: جوولانەوەکانی لەگەڵ کاراکتێرەکەی دەگونجێ...؟

١٠- دەنگ/ زبان: خوێندنەوە، ریتم، بەرز یان نزم، دەنگی زەلاڵ یان خەف..

١١- گوتەی سەرزار: گوتە یان ووشەیەکی پێی خۆشە و لەسەر زاریەتی، زاراوە، شێوە (شارستانی، نێوبازاڕی ...)

١٢- جل و بەرگ: ئۆتوکراو یان چرچولۆچ، کراس سپی، فانیلە...

١٣- مەیلی جێنسی: چەند کاریگەری لە ژیانیدا هەیە، چۆن نیشان دەدرێ؟

١٤- هوشیاری: رووناکبیر، گوندی، زیرەک، کورت بین...

١٥- روانگە: خۆشبین، بەدبین، شۆڕشگێڕ...

١٦- گرژی دەروون.

١٧- ناهومێدی و شکست.

١٨- نێوی خوازراو: بۆ ئەو نێوەی لەسەر نراوە؟

١٩- هەستی سەبارەت بە خۆی چییە؟ لەگەڵ چ هەستێکی ئاسایشی هەیە یان پێی ئازار دەدرێ؟

٢٠- بۆچوون بۆ ژیان: پڕکردەوە، دامرکاو...

٢١- لایەنی شاراوەی کاراکتێری: چ شتێک بە ئاگاییەوە، یان نائاگا، دەشارێتەوە؟

٢٢- بنەماڵە و رابردووی بنەماڵە: چ دەورێکی لە ژیانی کاراکتێرەکەدا هەیە؟

٢٣- دۆست و خۆشەویستی.

٢٤- هاوکار و بەرپرس: چۆن خۆی لەگەڵ بالادەست دەگونجێنێ؟

٢٥- کەسانی دیکە کە تێکەڵاوی ژیانی کاراکتێرەکەن.

٢٦- جێگای لەدایکبوون؟

٢٧- ئەخلاق، ئایین

٢٨- رادەی خوێندەواری؟

٢٩- کار: چ هەستێکی سەبارەت بە کارەکەی هەیە؟ پێی خۆشە؟..

٣٠- ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

٣١- جێگای ژیان: چۆن کارتێکەری لە ژیانی ئەدا هەیە؟

٣٢- سەرگەرمی بەردەوام: وەرزش ، سەیارە، ئاژەڵ هتد...

٣٣- سەرگەرمی جار بەجار: بۆ نموونە کۆ دەکردنەوەی شتێک ؟

٣٤- هەڵسەنگاندنی بنەڕەتی: بە گوێرەی سیاسی، ئایینی یان ئەخلاقی یە و بە چ گوتەیەک ئەوە نیشان دەدا؟

٣٥- ئاوات و چاوەڕوانی: بۆ ناسینی کاراکتێرێک رەنگە ئەمە گرینگترین بێ.

ئەگەر هەموو ئەمانە سەبارەت بە کەسێک دیاری بکرێ، نووسینەکە زۆر دەوڵەمەند و پڕ کێش دەبێ. بەومەرجە کە لە سەناریوەکەشدا رەچاو بکرێ و لەوێ رەنگ بداتەوە. دەبێ ئێمەی سەناریۆنووس بیر لە زۆر شت بکەینەوە... تەنیا ئەوەندەیە ئاگامان لێی بێ زۆر نەکەوینە لایەنی ساختمانگراییەوە و راست لە رووی لیستەکە بنووسینەوە! بەڵکوو هەموو ئەمانە لە پەیوەندیەکی لۆژیکدا خۆیان بنوێنن.

شێوەیەکی تر بۆ ناسینی کاراکتێر ئەوەیە کە شەو و رۆژێک لەگەڵی بین بزانین دنیای رۆژانەی چۆنە؟ لەگەڵ هاوکارەکانیدا کرداری چۆنە، لەماڵەوە لەگەڵ منداڵەکانیدا و... لە دەوروبەری جیاوازدا چۆن خۆی نیشان دەدا؟ ئەگەر بەرەوڕووی کێشەیەک بێتەوە چۆن چارەسەری دەکا؟ لە رێگای ئەم لایەنە بچووکانەوە دەتووانین ئەنگیزەی تایبەتی کاراکتێرەکە بدۆزینەوە.

ئەم پێناسە کە تۆ بۆ کاراکتێرەکەت داناوە، رەنگە لە لایەن دەرهێنەرو ئاکتەرەوە گرینگی پێی نەدرێ. ئەوان دەیانەوێ خۆیان تایبەتییەکانی بە وێنە و بۆچوونی خۆیانەوە، دەربهێنن. رەنگە

ئەو سەرنجەی ئەوان بۆ ڕەوتی کارەکە زۆر پێویست بێ. ئەگەر هەموو ووردەکارییەکانیان بۆ دیاری کرابێ، ڕەنگە پێش کارەکە بگرێ. ڕەنگە بیانەوێ هەموو ماددەخاوەکانت بەسەر کەنەوە. لە ڕاستیدا هیچ یاسایەک لەم بووارەدا نییە.

دەمەوێ باسی ئەو کاراکتێرە تازە بکەم کە دەتەوێ پێکی بێنی.

هەموو کاتێک دەتووانی لە خۆت بپرسی –کێ دێتە نێوەوە و چ دەکا؟ کاراکتێرەکە بەو جێگایە ئاشنایە یان نامۆیە؟ ماسییەکە لە ووشکانیدایە یان نە؟

لە دڵەوە چی دەوێ؟ چ ئاوات و ئارەزوویەکی لەوێ هەیە؟ ڕەنگە بەدووی خۆشەویستێکدا هاتووە؟ یان دەیەوێ هێورییەک لە ژیانی سەرقاڵی خۆیدا بدۆزێتەوە؟ یان شتێکی ئازاردەری ڕۆژانە لەبیر خۆی بباتەوە؟ هەموو ئەمانە ئایا بە ئاگاییەوەیە یان نە؟

لێرەدا چەند پرسیار سەبارەت بە پەیوەندی کاراکتێرەکە و چیرۆکەکە دەکرێ. ئایا کاراکتێرەکە تەنیا لە بڕێک لە چیرۆکەکەدا دەوری هەیە یان ئەوە کە دەیگێڕێتەوە؟ ئایا ئێمە لە چاوی ئەوەوە شتەکان دەبینین؟

زۆرجار ناکرێ دەستنیشان بکەین چیرۆکەکە هی کێیە. سەناریوەکە لە نێوان کەسەکاندا چێگۆڕکێ دەکا و کەسێک لە ناوەندا نییە. ئەگەر لە گۆشە نیگایەکی تایبەتەوە دەگێڕدرێتەوە پێویستە کەسێک بیگێڕێتەوە.

زۆر بە کەڵکە ئەگەر کاراکتێر و ژینگەکەیان وەکوو نائاشنا چاو لێبکرێ و هەست بکرێ هەموو شتێک تازەیە، وەکوو سەفەر لە دیارێکی نامۆدا، وەکوو ڕویشتن بۆ نێو خەڵکێکی زۆر دوورەدەست و نائاشنا.

جل و بەرگیان چۆنە؟ چۆن خۆشەویستی دەکەن؟ چۆن ڕق و تووڕەییان دەردەبڕن؟ چۆن گوێ لە موزیک دەگرن؟ ئەگەر وەکوو پشکێنەرێک تەواشایان بکەین، چ لایەنێکی بەهێزیان هەیە؟...

دۆزینەوەی شتی وورد تەنانەت لەباری درامابییەوە کار دەکا. ئەو شتانە کە زۆر دروشت و دیارن بە مانای ئەوە نین کە زیاتر کارتێکەرییان هەیە. پچەیەک دەتووانێ زیاتر لە هاوارێک کارمان تێ بکا. کاتێک بە چاوی بێگانەیەکەوە دەڕوانینە شتە ئاشناکان، شتی وا وورد و گرینگ دەبینینەوە لە لەبەرچاومان بووە و نەماندیتووە. دنیایەکی دیکە دەبینین. سەناریۆنووس دەبێ چاوی پشکێنەری هەبێ!

**پێناسەکردنی خۆ لەگەڵ کاراکتێردا**

ئاکتەری بەناوبانگی شانۆ هەن کە پێش دەستپێکردنی شانوەکە، دێنە سەر شانۆ و تاوێک خۆیان نیشانی بینەران دەدەن. ئەمە بۆ ئەوەیە کە بینەر کاتی هەبێ کە بەر لەوە دراماکە دەست پێ بکا، لەگەڵ ئاکتەرەکە ببێ بە دۆست. دیارە ئەمە بۆ ئاکتەرەکانی دیکە ناخۆشە، بەڵام بۆ بینەران کاری خۆی دەکا.

لە شێوەی "کێ دەیباتەوە"-چیرۆکدا گرینگترین شت ئەوەیە کە بینەر دەستی بگاتە کاراکتێری سەرەکی. زیاترین سەرنج و پەڕانی لایەنگری و هەست پێکردن لە نزیکەوە، دەبێ لەگەڵ کاراکتێرە سەرەکییەکە بێ. هەستی ژیانی کاراکتێرەکەیە کە بینەر خۆی لەگەڵی پێناسە دەکا. کاراکتێرەکە دەتووانێ ئاژەڵێک بێ یان فریشە و دێوێکی داستانە کۆنەکان. هەلومەرج و دەوروبەرەکە بە تەواوی بۆ بینەر نامۆ بێ. وەکوو خۆسەویستی دوو پینگوین (مەلێک کە لەنێو بەفرەکانی چەمسەری زەویدا دەژی) لە بیابانی ئەفریقادا. یان راوی شێر لە ئالاسکا. گرینگ ئەوەیە هەستەکان دەناسرێنەوە.

چەند ساڵ لەمەوبر زنجیرەیەکیان لە تلەڤزیۆنی بریتانیا نیشان دەدا کە سەبارەت بە کاپیتانەکانی فرۆکەوانی شەڕی دووهەم بوو. زنجیرەیەکی زۆر پڕخرج و پڕ لە فرۆکەی ئاورگرتوو و شەڕی ئاسمانی و هتد... منی بینەر دەبووا لە جێ خۆم هەڵبەزمەوە، پێی بکەنم، خەمگین بم و نەتوانم بە جێی بهێڵم، بەڵام ئەوەندە بێواز بوو کە تاقەتی دەویست چاوی لێبکەی. چوونکە کەسەکان لە تۆ نزیک نەدەبوونەوە. نەتدەتووانی خۆت لەگەڵیان هاوهەست بکەی. رەنگە یەک کاراکتێر بەس بوو کە من لێی نزیک بمەوە و لەگەڵی کەوم و لە شەڕەکەدا لەگەڵی بترسم، هاوار بکەم و بسووتێم.

لە چیرۆکی فیلمدا هەرچەندە دەکرێ لە کاراکتێرە سەرەکییەکە نزیک بەوە. نە تەنیا بە وێنەی نزیکی کامێرا، بەڵکوو تۆ وەکوو سەناریۆنووس دەبێ هەلومەرجێک پێک بێنی کە بینەر بە هەموو هەستییەوە لە کاراکتێرەکە نزیک بێتەوە. پێویست نییە دیمەنی دراماتیکی سەیر بێ، بەڵام ئیزن بدا لە چاوتروکانێکیشدا بێ، بینەر لەگەڵ کاراکتێرەکە تەنیا بێ. لێرەدا ئەو دەبێتە دۆستی یان رەنگە ناحەزی. بینەر فێر بکە ئاگای لە کەمترین جووڵەی سەروچاوی کاراکتێرەکە بێ کە هەستەکانی بخوێنێتەوە. بچێتە نێو دنیای شاراوەی تاکە کەسییەوە.

لە یەکێک لە سەناریوەکانمدا، دەستپێک جێژنێکی قەرەبغی نێو کۆشکێکە. کاراکتێرە سەرەکییەکەش لە نێویاندایە. دەرهێنەرەکە بەوە رازی نەبوو. پاش ماوەیەک سەرخوراندن وام

دانا کە کاراکتێرەکە بە ئۆتوبوس دەگاتە ئەوێ، بەڵام لەوبەر جادەکەوە دایدەبەزێنن. چراخانی کۆشکەکە لەوبەرەوە و لە دوورەوە دیارە. لێرە بینەر لەگەڵ ئەو تەنیا دەبێ و دووایە دەیبینێ کە چۆن راست بەرەو کۆشکەکە هەڵدێ کە بۆ دەستپێکی جێژنەکە فریاکەوێ. لێرە من ئەو دەرفەتەم داوە بە بینەر کە لەگەڵ کاراکتێرەکە تەنیا بێ.

ئەگەر فیلمێک لە دانانی نزیکبوونەوە لە کاراکتێرە سەرەکییەکەدا سەرکەوت، ئەوە بینەر هەستیار دەبێ لە ریتم و گوتە و جووڵانەوەی دموچاوی کاراکتێرەکەدا. یەک چرکە بێدەنگی وەکوو گرمەی تۆپێکە. جووڵانەوەیەکی لێو، یان چاوقرتانێک وا دەکا بینەر لە جێ خۆی راست دانیشێ. لە رەوتی نووسیندا، دەتووانێ کاراکتێرەکان وەها لە نێو ژیانی خۆیاندا بن کە هەم ئەوان و هەم تۆش وەکوو نووسەر سەرسووڕماو بن. لوژیکی درامایی و پێناسەکردنی خۆت لەگەڵ کاراکتێری سەرەکیدا بەڕاستی چیرۆکەکە خۆبەخۆ بەرەوپێش دەبا. ئەگەر کەوتییە هەلێکی وەها، نووسینەکە بەر مەدە، هەموو کاتێک کاراکتێرەکان بە رێچکەی یاسا دراماییەکاندا ناڕۆن.

### مەڵبەندێکی نائاشنا

کاراکتێر دەتووانێ خۆی توندوتۆڵ لەگەڵ تۆ و بینەردا رێک بخا. لە ئەواندا شتێکی زۆرتر لەوە هەیە کە دەبیندرێ و لێی تێدەگەین. هەوایەک کە ئیمکان دەدا بە بینەر هەستەکان، ئەنگیزە و گوتەکانی خۆی گەڵاڵە بکا. ئەتۆ دەبێ سەبارەت بە کاراکتێرەکەت زۆر شت بزانی، بەڵام نەک هەموو شتێک. ئەگەر هەموو شتێکی دیار بێ، وەکوو بەردی بێ گیانی لێدێ و سەرنج راناکێشێ. دەبێ هەموو کاتێک هەستێکی نەناسراوی تێیدا مابێ کە بینەر بۆ خۆی بە بیروبۆچوونی خۆی بیەوێ لێکی بداتەوە.

دۆست و خۆشەویستە هەرە نزیکەکانمان هەموو کاتێک لایەنی نەناسراویان هەیە کە ئێمە هیچ کات بەتەواوی سەری لێی دەرناکەین. بەڵام چۆن دەتووانم کەسێکی دیکە بناسم کاتێک کە خۆم بە تەواوی ناناسم؟ بە تایبەت لە پەیوەندییە دراماییەکاندا. چ دەکەم ئەگەر منداڵەکانم لە لایەن نائاشنایەکەوە هەڕەشەیان لێی بکرێ؟ کەسێکی بەڕاستی مرۆڤدۆست وەکوو من چ دەکا؟ رەنگە بیکوژم؟ جار وایە ئێمە لە بەرانبەر رووداوی لەناکاودا دژکردەوەیەکی بەتەواوی ناعاقڵانەمان هەیە. لە فیلمدا هەموو کاتێک ئەم رووداوە لەناکاوانە دێنە پێشەوە. ئەو شتە نەناسراوانە دەتووانێ دژکردەوەیەکی راست و ناعاقڵانە دروست بکا.

لە یەکێک لە سەناریوەکانمدا تێگەیشتم کە ناتوانم هەموو لایەنەکانی کاراکتێرەکەم بناسمەوە. ئەوەندە توێژی هەبوو کە هەموو جارێک شتێکی تازەم دەدیتەوە. هەم وەکوو بینەر و هەم وەکوو سەناریونووس پێم وایە زۆر سەرنجڕاکێش دەبێ ئەگەر کاراکتێر لایەنی شاراوەی هەبێ.

یەکێک لەو نموونە کلاسیکانە فیلمی "هێلانەی فاختە"یە. بۆ ئەو پیاوە زیرەکە -مەک مۆرفی- کە هەموو ئیمکانێکی بۆ ژیانێکی بەنرخ هەیە، خۆی دەکا بە قوربانی؟ بۆ ئەوەندە تووڕە دەبێ کە خۆی لە ژێرپێ دەنێ. ڕاستە دەکرێ کۆڵێک هۆی دەروونی بۆ بهێنینەوە، بەڵام بەش ناکا. هەرچی شی بکەیەوە هێشتاش پرسیارەکە لە جێ خۆیەتی. بۆ؟ دەکرێ کاراکتێرەکە بە شێوەی جۆربەجۆر شی بکرێتەوە و ئەمە وا لە بینەر دەکا کە پاش تەواوبوونی فیلمەکە بیری لێی بکاتەوە، بیر لە کاراکتێرەکە و گەشەکردنەکەی و چیرۆکەکە بە گشتی.

ئەو بەشە نەناسراوانە بەو مانا نین کە کاراکتێرەکە ئەنگیزەی بۆ کارەکانی نییە، بەڵام دەکرێ نائاگایانە و ناڕوون و چەند ریشەیی بێ. ئەوە بەشی نائاگای مرۆڤە، دەتوانێ کۆڵەپشتییەکی گەورە بێ و لەکاتی زەخت و ناتەباییدا هەستی ناسروشتییانەی لێی دەردێنێ.

جار وایە لێکگرێدراوی کاراکتێر و بینەر ئەوەندە بەهێز دەبێ کە ناکرێ لێکیان جوێ بکەیەوە بەڵکوو تەنیا لە دووی دەکەوێ.

ئەم جۆرە کاراکتێرە پێویستی بە داوخوازییەکی تایبەت یان ئامانج نییە. پرسیار ئەوە نییە کە بینەر دەبێ لە گەشەکردنی دەروونی کەسەکە تێبگا، مەرج ئەمە نییە. لە شێوەی " کێ دەیباتەوە"دا دەگوترێ کە کاراکتێری سەرەکی دەبێ نەگۆڕ بێ. چوونکە داوخوازییەکە دەبێتە هۆی ئەوە کە پێی لە زەوی بێ. ئەگەر کاراکتێرەکە داوخوازییەکەی بگۆڕێ لەگەڵ دراماتۆلۆژی ناگونجی.



جێ

لە "کێ دەیباتەوە"دا کاراکتێری سەرەکی کار بۆ شتێک دەکا. بۆ نموونە پارە پەیدا بکا.

کاراکتێری بێ ئامانج لەم شێوەدا زۆر نابێتەوە. گەرچی لە ژیانی ڕاستی ڕۆژانەدا و لە دراماشدا هەیە.

زۆر کەس دەیانەوێ سەبارەت بە کەسانێک بنووسن کە دەسووڕێنەوە بەڵکوو ئامانجێک بۆ ژیان پەیدا بکەن. وەکوو لە فیلمی "ژیانی تۆ لێرەدایە" (١٩٦٦)دا هەیە. لەوێ لاوێک دەسووڕێتەوە بە

بێ ئەوە کە بزانێ لە ژیانیدا دەیەوێ چ بکا و بۆ کوێ بچێ. ئەم مودێلە لە لایەن زۆربەی دەرهێنەرەکانی باکووری ئەوروپاوە دووپاتە کراوەتەوە. ئێمە لە دەورانێکدا دەژین کە دەبێ بە رووالەت سوور بی لەسەر ئامانجەکەت یان لانی کەم بەو رێگادا بڕۆی.

**بە ئورکێست کردن**

بە پێ تیوری، لە سەناریۆدا دەبێ وەکوو ئورکێستی موزیک سێمفۆنی کار بکرێ. ژمارێک سازی جیاواز و دەنگی جۆربەجۆر، بەڵام پێکەوە یەک ئاهەنگ ساز دەکەن. بە کورتی چۆن کاراکتێرەکان تێکەڵ دەکەی و رێکیان دەخەی کە هەموویان هەر یەک دەنگیان لێوە نەیێ؟ هەر کاراکتیرێک لە چیرۆکەکەدا دەبێ کارگەرێکی بە کردەوە بێ. بە ئورکێست کردن هەوڵدانێکە بۆ دروستکردنی بیرێک بۆ پێکەوە گرێدانی کاراکتێرەکان. ئەمە بۆخۆی لە روانگەی چۆنیەتی کاری ئورکێستەوە هاتووە، بەڵام موزیکی زۆریش دڵنشین هەیە کە تەک ساز لێی دەدا.

ئەم تیورییە بۆ دیاریکردنی کارکردی کاراکتێرێکە، بەڵام بە کردەوە ناکرێ سنووریان بە سەرەوە داخەین و هەرکەس بۆ خۆی کاری خۆی بکا. زۆر جار تێکەڵێکە لە چەند کردەوەی چەند کەسی. من وەکوو سەناریۆنووس بە دەگمەن دادەنیشم کاراکتێرەکانم بە شێوەی ماتەماتیکی هەڵسەنگێنم. بە پێچەوانەوە خۆ بەخۆ ئەوە دەزانم کە کات خەسارکردنە ئەگەر کاراکتێرەکان لە یەک بچن. یان یەیکیان ئەوی دیکە وەبیر بێنێتەوە. باشتر وایە ئەوانە کە لێک نزیکن تێکەڵیان بکەینەوە و لەباتی ئەوان کۆنتراست (دژ بە یەک- رەش و سپی) لە نێوانیاندا زیاد بکەین.

ئەگەر یاسای کونسێرت پەیرەو بکەی دەبێ ئەوانە کە بەشێک لە پرێمیسەکە نین بیانکوژێنیتەوە. جگە لەوە، هەر کاراکتێرێک دەبێ لانی کەم لەگەڵ یەک کەسی دیکەدا کێشەی هەبێ.

ئەگەر بتووانی بە پێ ئایدیای تیورییەکان کار بکەی، لایەنی باشی هەیە. چوارچێوە دانان و نێوزەدکردنی شتەکان روونکەرەوەیە، ئاسان کاری دروست دەکا، بەتایبەت کاتێک لەگەڵ کۆڵێک ماددەی خاوی مێژوویدا بەرەو ڕوو دەبیتەوە. ئەمە پێویستە و یارمەتیدەرە بۆ دانانی جێگا و رێگای کاراکتێرەکان.

لە رووی نموونە کار کردن هەمو کاتێک جێگای مەترسییە. کاراکتێرەکان دەبنە کرێکاری ئیش و هەر دەورەکەیان تەواو دەبێ، دەمرن. گرینگە بزانین و بە بیرمان بێتەوە کە دەکرێ چەند دەوری جیاواز بدرێ بە یەک کەس.

لە خوارەوە باسی دەوری جیاوازی کاراکتێر دەکەین.

**کاراکتێری سەرەکی:**

کاراکتێری سەرەکی ئەو کەسەیە کە لە رووداوەکاندا دەستی باڵای هەیە، هەروەها زۆر جار مرۆڤە باشەکەیە و بینەر خۆی لەگەڵی پێناسە دەکا. جار وایە ئەم پێناسەکردنە ئەوەندە بەهێزە کە تەک بەتەکی بینەران خۆیان لە جێ ئەو دادەنێن. بۆ نموونە من خۆم لەگەڵ رابین هوود پێناسە دەکرد.

ئەم کاراکتێرە ئاکتەری دەوری یەکەم، رۆڵی سەرەکی، یشی پێی دەگوترێ، بەڵام من نێوی کاراکتێرم پێ باشترە چوونکە بەشێکە لە سەناریونووسەکە.

لەم پەیوەندییەدا گرینگە وەکوو "دەوری کاراکتێر" ببیندرێ، بەتایبەت لەو شێوەی "کێ دەیناتەوە"دا کە لەسەر ئەساسی دەوری کاراکتێر بنیاد نرابێ، نەک لەسەر خودی کاراکتێرەکە. ئەرەستو دەڵێ: چۆنیەتی گێڕانەوە بۆ کاراکتێری سەرەکی بریتییە لە هۆنانەوەی چاک و خراپ، سەرکەوتن و شکست، دۆزینەوە و دووبارە دیتنەوە. هەرکام لەمانە چارەنووسی کەسەکە دەگۆڕێ. کاراکتێری سەرەکی دەبێ لە هۆی ئەمانەوە گەشە بکا.

گەشەکردن لە کورتە سەناریویەکی "کێ دەیباتەوە"دا دەکرێ بەم شێوە بێ کە کاراکتێری سەرەکی کێشەیەکی هەیە یان پێویستییەکی هەیە کە بێ ئەملا و ئەولا دەبێ جیبەجێ بکا. کاراکتێرەکە دەبێ بۆ شەڕی کۆتایی ئامادەیی پەیدا بکا. بەهێزتر یان بێهێزتر بێ.

ئەم ئامادە بوونەی کاراکتێر لە زۆر فیلمدا بەدی دەکرێ. لە دەستپێکدا کاراکتێرەکە لە هەلێکی لاوازدایە. ئەم فەلسەفەی لاوازبوونە لە داستانە کۆنەکانیشدا هەیە. بۆ نموونە، یەکێک لە هەژارییەکی تەواوەوە دەبێتە دەوڵەمەند و سەردەکەوێ. سروشتییە کە بۆ ئەم سەرکەوتنە هەل و ئامرازی تێکۆشانی پێیە. زۆر جار هیچ چاری دیکەش نییە. یان سەرکەوتن یان مردن.

هەرچی لە هەلومەرجی نالەبارتردا بێ، سەفەرەکە درێژخایەنتر دەبێ. هەتا ببێ بە خاوەنی تاج و تەخت. ئەم سفر هەتا سەد پرینسیپە، دەتووانێ دەستبەجێ لایەنگری بینەر پێک بێنێ. چوونکە ئێمەی مرۆڤ کاتێک تەواشای فیلم دەکەین زیاتر دەمانەوێ بەرگری لە لایەنە لاوازەکە

بکەین، بەڵام ئەم لایەنگرییە نەختێک درۆی تێیدایە چوونکە دەزانین کاراکتێرە سەرەکییەکە یارمەتی چاوەڕوان نەکراوی بۆ دێ و لە ئاخرەوە سەر دەکەوێ. لە لایەکیترەوە هیچکات کاراکتێرە سەرەکییەکە وەکوو کەسێکی بێ بایەخ دەست پێ ناکا، بەڵکوو توانایی گەشەکردنی تێیدا بەدی دەکرێ.

سەرکەوتنی سەدلەسەد نەختێک ئەشرافییە. باشترە دەسپێکردنی گۆڕانێکی تازە بێ. یەکەم هەنگاو بۆ ئازادی یان چوونە زیندانەوە... یەکەم پلە بۆ گۆڕانێکی –دوواتر- تەواو.

لە شێوەی "کێ دەیباتەوە"دا ئاسانترە ئەگەر کاراکتێری سەرەکی ئامانجێکی دیاریکراو و روونی هەبێ. زۆربەی ئامانجەکان بریتین لە بەرگریکردن و راگرتنی شتە بەنرخەکان کە کەوتوونەتە بەر هەڕەشەوە. کاراکتێری سەرەکی دەبێ زەمان هەڵگێڕێتەوە و بیباتەوە جێ خۆی. لە دەورانی "هاملت" ەوە هەتا دەورانی ئێمە کە بە پاپۆڕی ئاسمانی بۆ کاکێشان دەچین، هەمووی هەر سەبارەت بە چاوەڕوانی ئێمەیە بۆ زاڵبوون بەسەر بووندا و بە ئاغا بوون. هەوڵدانی بەردەوام بۆ رێکخستنەوەی شێواوەکان و پێکهێنانەوەی هاوسەنگی، بەڵام هیچکات ناگەڕێینەوە خاڵی دەستپێک. هەموو شتێک گۆڕاوە و گەشەی کردووە. تەنانەت کاراکتێرەکە بۆ خۆشی وەک خۆی نەماوە.

لە کێشی فیلمە ساکارەکاندا کێشەی گەورە هەیە. وەکوو ژیان و مەرگ، ئازادی یان ئەسیری، چوونە پێش و شانازی یان شکستی زاڵمانە. خۆشی و ناخۆشی. وەفا و خەیانەت و هتد... لە بڕێ فیلمدا گەرچی بابەتەکە چووکە بەڵام لە بنەوە پرسیاری کۆمەڵایەتی زۆر گەورەی تێیدایە.

کاراکتێری سەرەکی بە دەگمەن گوتەی ئەخلاقی لە چیرۆکەکەدا دەڵێ، بەڵکوو هەوڵ دەدا بە کردەوە نیشان بدا. گەشەکردنی کاراکتێر بە پێی کردەوە دیاری دەکرێ نەک بە پێی گوتە. لانی کەم لە"کێ دەیباتەوە"دا کاراکتێری سەرەکی نابێ هەموو شت زان بێ، بەڵکوو زۆر جار تەنیا یەک دیوی شتەکان دەبینێ. ئەو تەنیا ئەرکی خۆی لەبەر چاوە. وەکوو ئەسپی داشقە کە بەرچاویلکەیان لێی بەستبێ، ئەملا وئەولا نابینێ، راست بەرەوپێشەوە بۆ ئامانج. ئەمە یاسای یارییەکەیە.

رێبەری ناوەندی "کێ دەیباتەوە" کێشەی سەرەکی و گەشەی کاراکتێری سەرەکییە. لە رێگای ئەمانەوەیە کە جیرۆکی فیلم بینا دەکرێ. کاراکتێرەکە دەبێ یان ناچار دەکرێ بە داوخوازێکی بەهێز کە هانی دەدا راست بەرەو ئامانج بچێ. کێشەی کاراکتێری سەرەکی ئەوەیە کە هەموو شتێک لە دەوری ئەو کۆ دەبێتەوە، ئەو کۆکەرەوەی هەموو ئەوانی دیکەیە.

زۆربەی کاراکتێرە سەرەکییەکان خۆیان بەرەوپێش چوونەکەیان هەڵنەبژاردووە. دراماکە دەیانبا یان ناچار دەکرێن بگۆڕدرێن. بۆ گەییشتن بە ئامانج دەبێ بەسەر کۆسپەکاندا سەرکەوێ. هەر کۆسپێک ئەزموونێکی تازەیە و بەو ئەزموونەوە کۆسپی دیکە لا دەبا و هتد...

لە چیرۆکی "کێ دەیباتەوە"دا هەر دیمەنێک مەیدانێکە بۆ پێکهێنانی گۆڕانێکی تازە.

لە کۆکردنەوەیەکدا گەشەکردنی کاراکتێر دەکرێ بەم شێوە بنووسینەوە: کێشەی کاراکتێر دەبێتە هۆی پێویستی، پێویستی بە نۆبەی خۆی داوخوازی ئامانج دێنێتە پیشەوە، ئەویش کاراکتێرەکە بەرەو کێشەیەک دەبا کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی خاڵی گۆڕان و چارەکردنی کێشەکە بە شێوەیەک لە شێوەکان. ئەمە لۆژیکی دراماییە کە بەرەپێشچوونی کاراکتێر دابین دەکا. ئەگەر کاراکتێرەکە دەبێ بژی ئەوە دەبێ بەرەوپێش بڕوا، ئامادە بێ و سەرئەنجام بگاتە قەراری کۆتایی.

لە "کێ دەیباتەوە"ی پاکتاودا دژوارە ڕێگای کاراکتێرەکە بگۆڕدرێ. ڕاست بە لایەنی باشدا ناڕوا. دەکرێ بەرەو هەڵدێر و مردن بڕوا. لە فیلمێکدا کاراکتێرەکە لەگەڵ شەیتان مشت و مڕ دەکا و ئاخری شەیتان دەچیتە قاڵبی کاراکتێرەکە. یانێ خۆی دەبێ بەوە کە بە دژی خەباتی دەکرد. شەیتان دەیباتەوە.

لە کاراکتێرەکانی هیچکاک دا کاراکتێری سەرەکی نایەوێ بکێشرێتە نێو ڕووداوەکەوە، ئەو دەیەوێ ژیانی ئاسایی خۆی بکا، بەڵام ناچار دەکرێ و ئەو دەیەوێ بەرگری لەخۆی بکا. دەیەوێ ئارامی ژیانەکەی بپارێزێ، بەڵام لێی ناگەڕێن. بینەر دەیەوێ درامای گەورە ببینێ، بەڵام لە سینەمادا نەک بەڕاستی. کاراکتێرەکانی هیچکاک وەکوو من وتۆی ئاسایی نین، نەختێک ترسەنۆک و ئاسایش خوازن، بەڵام ناچار دەکرێن هەستن و گەشە بکەن.

لە فیلمی "سەگەکانی ریکا" (١٩٩٤)ی "کورت والاندێز"دا کاراکتێرێک هەیە کە ئەخلاقی زۆر بەرزی هەیە. ئەو پێ ناکرێ ژیانی خۆی تەرتیب کا و ناشیەوێ ژیانی بۆ بەرگریکردن لە بێ ئەخلاقی بخاتە مەترسییەوە.

هەموو کاتێک ئەو مەترسییە هەیە کە کاراکتێرێک زیادی ئوتو کێشراو بێ، یان ببێتە نوێنەری کەسێک یان گروپێک. بۆ نموونە تیپی کارمەند یان پیرەژنی ئاوارە... جار وایە ناچارییە وای لێدێ، بەڵام کاراکتێری سەرەکی دەبێ لەوە زیاتر بێ کە سیمبۆڵی تیپێک بێ. ئەو پیویستی بە جیاوازی تایبەتی هەیە کە لە خەڵکی جوێ بکاتەوە. بۆیە ئەتۆ و بینەر دەتانەوێ باسی بکەن و بیبینن.

هەموو کاتێک ئاسان نییە لە چیرۆکێکدا دیاری بکەین کێ کاراکتێری سەرەکییە. جار وایە لە بەر ئەوەیە کە چیرۆکەکە کەسی ناوەندی نییە و نازانرێ کامیان گرینگترن. بینەر نازانێ لە دووی کامیان بکەوی. یان لە چاوی کێیەوە چیرۆکەکە ببینێ.

زۆر شت هەی کە دەتووانێ سەرلێشێواوی دروست بکا. بۆ نموونە پێویست نییە لە چاوی کاراکتێری سەرەکییەوە چیرۆکەکە بگێڕییەوە. دەکرێ یەیکی دیکە باسی ئەو بکا. یەکێک کە لێی نزیکە یان دژیەتی. بینەر لە رێگای ئەوەوە تێکۆشان و گەشەی کاراکتێرەکە دەبینێ.

دەکرێ کاراکتێری سەرەکی تاکە کەس نەبێ، بەڵکوو گروپێک بن. یان دوو کەس بن. دیارە بۆ سەناریونووس ئاسانتر چارەنووس و هەڵس و کەوتی یەک کاراکتێر رەچاو بکا. بینەریش ئاسانتر لەگەڵ یەک کەس بێ. جار وایە دوو کەس یەک چارەنووسیان هەیە و هەردووکیان لە ناوەندی چیرۆکەکە دان.

چۆن کاراکتێری سەرەکی لە فیلمدا دەناسییەوە؟ ئەو کەسە کە لە هەمووان زیاتر ئامانجی تیرە؟ نە، رەنگە ئەوە دژکاراکتێرەکە بێ.

بە زۆربەیی کاراکتێری سەرەکی ئەوانەن کە زیادترین گەشەی کەسایەتی دەکەن و باری ئەخلاقی و دانانی پرسیارەکانیان بە کۆڵەوەیە.

### کاراکتێری بەرەوپێشبەر

ئەرکی ئەم کاراکتێرە بەرەوپێشبردنە. ئەمە کردەوەیەکە کە پێویستی بە گەشەکردن نییە. کاراکتێری بەرەوپێشبەر گەردوونەی دراماکە بەڕێ دەخا و بە شێوەیەک هەرەشە لە کاراکتێری سەرەکی دەکا. هێرش دەبا و زنجیرەی رووداوەکان دەستپێدەکا. لە نموونەی "دوورگە" دا ئەوە مامۆستاکەیە کە چیرۆکەکە هەتا کۆتایی بەرەوپێس دەبا. جاری واش هەیە دووبەرەکی دەروونی کاراکتێرە سەرەکییەکەیە کە دەبێتە هۆی بەرەوپێشبردن.

بەگشتی دوو جۆر کێشە هەیە:

١- کاراکتێرێک بە دژی کاراکتێرێکی دیکە.

٢- کاراکتێرێک بە دژی خۆی و ویژدانی خۆی.

جار وایە هەردووک ئەمانە کارتێکەرییان بەرانبەر یەکتر هەیە.

لە ئۆپێرایەکی تلەڤزیۆنیدا "پۆرترێت" ئەوە شەیتانە کە هێرش بۆ کاراکتێرە سەرەکییەکە دەبا و ناچاری دەکا بێتە مەیدانی یارییەکەوە. بەڵام هەموو کاتێک گومان هەیە کە هێزێکە لە دەرەوە

یان ویژدانی ناخۆشی کاراکتێرەکەیە. ڕەنگە هەردووکیان هەر یەک شتن. بەرەوپێشخەرە پێویست نییە لەباری فیزیکییەوە مەترسیدار بێ، بەڵکوو تەنیا بوونی ببێتە هۆی پێشەوەچوونی کردەوەکان. غایب بوونی خۆشەویستەکە لە چیرۆکێکی ئەڤینداریدا -گەرچی لەوێ نییە- بەڵام بە شێوەیەکی بەهێز دەبێتە هۆی برەوپێشچوونی چیرۆکەکە.

زۆر جار ئەم کاراکتێرە هەر لە پێشەکیدا پێناسە دەکرێ یان ئیشارەتی پێ دەدرێ. بۆ نموونە لە "پۆرترێت"دا بوونی شەیتان بەدەنگی لەناکاوی با- و تێپەڕینی سێبەرێکی ڕەش پێناسە دەکرێ. چوونکە شەیتان یەکەم دژی کاراکتێری سەرەکییەکە، دەبێ هەتا خاڵی کرانەوەی کێشە لەگەڵ بێ. وەک گوتمان لەوێ کاراکتێرەکە و شەیتان دەبنە یەک کەس.

لە بنیاتدا دوو داوخوازی جیاوازن کە دژ بە یەک ڕادەوەستن. بۆیە هەردووک کاراکتێرەکە بە دژی یەکتر هەوڵ دەدەن بۆ زیندوو مانەوە و ناتوانن پێک بێن. کاراکتێری سەرەکی و دژەکەی دەبێ هێزیان وەک یەک بێ. ئەگەر یەکیان زۆر کز یان زۆر بەهێزتر لەوی دیکە بێ. یارییەکە بێ کێش دەبێ. دەبێ جار ئەم سەرکەوێ و جار ئەوی دیکە. دژ کاراکتێرەکە نابێ بە تەواوی خراپ و بێ عەقڵ بێ، لانی کەم لە سەرەتاوە، دەنا بینەر هەر لە پێشدا دەزانێ ئەوە دۆڕاوە.

لە فیلمێکدا برا بە دژی برایە. ئەوە خاڵی بەهێزە ئەگەر کاراکتێرە دژەکە لە کاراکتێری سەرەکی نزیک بێ و هەستی خوێشی، پەیوەندییان لە نێواندا پێک بێنێ. (لە" شالیر" ی "شکسپیر" دا براکان دژی یەکن و دوو برا دژی بابیان.)

زۆرجار لە شێوەی "کێ دەیباتەوە"دا کێشەی چاک و خراپ زۆر سادە کراوەتەوە و دنیاکە زۆر ئاشکرایە. پاڵەوانەکە بە دژی دێوەکە ڕاوەستاوە، یەک پاڵەوان بە تەنێ کۆمەڵگای هەرە باش لە هەڵمەتی خراپەکان کە ژمارەیانیش زۆرە، ڕزگار دەکا. ئەو کۆمەڵە هەرە باشە چیتر نەماوە و ڕەنگە هیچکاتیش نەبووبێ، ئێمەی ئەوروپیش کاوبۆیە ئەمریکییەکان نین.

ڕەنگە پێشتر دنیا سادەتر بوو؟ بۆ نموونە "باشەکان" بە دژی نازیستە "خراپەکان" شەڕیان دەکرد. نازانم، بەڵام من دەمەوێ خراپەکە لە دەروونی خۆم و ئەوانی دیکەدا بدۆزمەوە. بۆ ئەوە کە بتوانم بە دژی کاربکەم. لە شەڕێکی نێوخۆیی ئەوڕۆییدا گرینگە لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین. من هەوڵ دەدەم تێبگەم. بەرگری لە کاراکتێرە بێ لایەنگرەکان بکەم. داوخوازی کاراکتێری بەرەوپێشبەریش دەتوانێ باش بێ، لانی کەم بۆ خۆی. من پێم وایە پێویستە هەوڵبدرێ لە سەناریۆدا داوخوازی کاراکتێرە باشەکە لە ئەوانی دیکەشدا ببیندرێتەوە.

کردەوەی ئینسانەکان بە پێی ئەو شتەیە کە پێیان باشترینە. ئەوان بەرگری لە دنیای خۆیان، لە باوەر و ژیانیان، دەکەن. هەر کاراکتێرێک راستەقینەی خۆی هەیە. بە ئەخلاقی باوەڕپێکراو و جیهان بینی خۆیەوە دنیای هەڵدەسەنگێنێ. داوخوازی کاراکتێرە باشەکە، کەم یان زۆر زوڵم و ناڕەوایی دروست دەکا. بۆ نموونە: کاراکتێرێک پێی وایە خەڵکی نامۆ ترسێنەرن، بەڵام لە پشت هەموو ئەو کوتان و لێدانەوە ئینسانێکی چکۆلە هەیە کە لە دنیایەکی زۆر بەرتەنگدا دەژی.
کاراکتێری بەرەوپێشبەر هەیە کە کردەوەی باشی بۆ کاراکتێرە سەرەکییەکە هەیە، گەرچی لە بەرانبەریدا وەستاوە. یان دەتووانێ سیمبۆڵی نەناسراو بێ، وەکوو "باڵندەکان"ی هیچکاک (١٩٦٣). لەوێ ئەو لە ژمارەبەدەر باڵندە"دوژمنەکان" دەتووانن زۆر شت بکەن. پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە کە وەکوو بینەر چ شتێک لامان بایەخدارترە.

### کاراکتێرەکانی دیکە

لە فیلمێکدا ئەگەر دەورە لاوەکییەکان باش نەبن، ئەوە بەر لە هەر کەس خەتای سەناریۆنووسە. نابێ کاراکتێرەکانی دیکە بە کەم بژمێری. ژمارێک لە دەورە بچووکەکان رەنگە تەنیا چەند خولەکیان هەبێ بۆ ئەوە کە ژیانێک بخولقێنن. ئاگات لەو چەند خولەکە بێ و بزانە کە ئەو کاراکتێرە ژیانێکی لە پشت ئەو رووداوەدا هەیە کە دەبێ لەو چەند خولەکەدا نیشانی بدا.
کاتێک کاراکتێرە سەرەکییەکە دەچێ بۆ کۆبوونەوەیەکی زۆر گرینگ، شۆفێرەکەی رەنگە منداڵی نەخۆشی بەجێ هێشتبێ، یان دوکتور وەڵامی نەخۆشییەکی کوشەندەی پێی دابێتەوە. ئیشارەت بەم ووردە شتانە دراماکە بەهێز دەکا.
باشی دەوری لاوەکی ئەوەیە کە هەرکات بمانەوێ دەتووانین خۆمانی لێی رزگار بکەین. ئەوان پیویستیان بەوە نییە لە خۆیانەوە تێکەڵی چیرۆکەکە بن. ئەتۆ وەکوو سەناریۆنووس دەتووانی بە پێ پێویست بیانهێنییە نێو یارییەکەوە یان وەدەریان بنێی. پێویست نییە لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی لەگەڵ بن.
گەورەترین شاکامی من وەکوو سەناریۆنووس ئەوەیە کە بتووانم هەموو کاراکتێرە لاوەکییەکان، تەنانەت ئەگەر بەیەک دێڕیش بووە، پێناسە بکەم. بۆ نموونە: کاراکتێری سەرەکی لێی بپرسێ منداڵیت چۆن بووە؟ ئەویش زۆر کورت وەڵام بداتەوە، ئەمە زۆر شت سەبارەت بە کاراکتێرەکە روون دەکاتەوە.

ئاساییە کە دەورە لاوەکییەکان لە رەوتی نووسیندا شین ببن. ئەمە جێگای شادییە، بەڵام مەترسی ئەوەش هەیە کە جێگای زۆر داگیر بکەن یان زۆر لەچاو بدەن. ئەودەم هەموو دەوروبەرەکە دەخنکێنن. بەر لە هەر شتێک کاراکتێرە سەرەکییەکە بێڕەنگ دەبێ. ئەمە هەڵە دەبێ کە بینەر دانیشێ چاوەڕوان بێ کە کاراکتێرە لاوەکییەکە بگەڕێتەوە. رەنگە ئەتۆ وەکوو نووسەر مەرجت لەسەر ئەسپی هەڵە کردبێ.

بۆ ئاکتەرێک دژوارە لە نیوەی دیمەنێکدا بڕوا دەورێکی چووک ببینێ. چەند کاتژمێر خۆی ئامادە کردوە هەتا چووەتە قاڵبی دەورەکەوە. بۆیە دەیەوێ دەستی خۆی بوەشێنێ و هەتا دەتووانێ خۆی نیشان بدا. هیواداربین کە دەرهێنەرەکە زیرەک بێ. کاراکتێری سەرەکی ماوەیەکی زۆری هەیە کە لە دەورەکەیدا جێگیر بێ، بەڵام دەوری چووک ئەو شانسەی نییە و سەناریۆنووس دەبێ ئاگای لێی بێ. چ لە دانانی ووتارەکاندا و چ لە دانانی یارییەکەدا.

**قاڵبی پیویست**

زیاتر بۆ دەوری بچووک یان هەلومەرجێکی خێرا دەبێ. رەنگە پێویست بێ کە بە پێی شتە گشتییەکان بکرێ، تەنانەت جاربەجار لەگەڵ کاراکتێری بەرەوپێشبەریش.

لە "پۆرترێت"دا گریمان ئەوەیە کە شەیتان لە تیپی خۆی دەچێ. بۆ نموونە کچێکی ژیکەڵە بە دەنگێکی میهرەبانەوە نییە. ئەگەر وا نەبا دەبووا کاتێکی زۆر دابنێم و کار بکەم بۆ ئەوە کە بینەر تێ بگەیەنم کە ئەمە یارییەکی جیاوازە. راستە زۆر سەرنجڕاکێش دەبێ، بەڵام هوشیارییەکی فراوانی دەوێ کە خاڵە گرینگەکانی چیرۆکەکە دیاری بکەی. لە "پۆرترێت"دا گەشەکردنی کاراکتێرەکە ناوەندییە. یەک دانە شەیتان دەتووانێ زۆر خۆی نیشان بدا و چیرۆکەکە بەرەو شوێنی هەڵە ببا.

ئاسانکارییە ئەگەر خەڵکەکە لە نێو چوارچێوەی جیاوازدا دابنرێ. بۆ نموونە خەڵکی نێو شەقام بە پێی جلوبەرگ وشێوەی کردار دەستەبەندی بکەرێن. رەنگە پێویستییەکی ئینسانی بێ کە لە پێشدا بە گشتی تەواشایان بکەین. دووایە بچینە نێو قووڵایی وێنەی کەسێکەوە. بۆ نموونە یەکێک لە دوورەوە لە نێو خەڵکەکەدا بە جل و بەرگی شینەوە دەبینین و دووایە تێدەگەیین ئەوە شۆفێری ئۆتوبوسەکەیە. بە خۆشییەوە زۆر جار قاڵبەکان تەواو دەرنایەن، بەڵام چار نییە، کاتێک دەنووسی دەبێ بزانی کەی قاڵبەکە دادەنێی و کەی دەیشکێنی. چیرۆکی فیلمێکی درێژ، کات و

کارێکی زۆر دەبا و ناکرێ دانە بە دانە کار لەسەر کاراکتێرەکان بکرێ. بۆیە ئاسانترە بە پێی یان بە دژی قاڵبەکان کار بکرێ.

لە هێندێ شێوە فیلمدا باشە کە تیپی ناسراو بەکار ببەین. هەر لە دەورەی فیلمی بێدەنگەوە هێندێ تیپ دروست بوون بە تایبەت لە فیلمی کۆمێدیدا. ئەگەر دەتەوێ جۆرێک تیپی قاڵبی بەکار بەری، بەکار بەرە! بەڵام بە ئاگاییەوە نەک بە سورفە یان لاساییکردنەوە، یان بە گرینگی نەدان.

## یارپاڵەوان

ئەم کاراکتێرکردەوە بە دەگمەن وەکوو کاراکتێرێکی جیاواز بوونی هەیە، بەڵکوو لەگەڵ کاراکتێرە سەرەکییەکە کۆ کراوەتەوە. ئەمە کاراکتێرێکە کە لە رەوتی چیرۆکەکەدا پیویستی بە گەشەکردن نییە، بەڵام زۆر بە هێزەوە کردەوەکان بەرەوپێش دەبا. لەو شوێنانە کە کاراکتێرە سەرەکییەکە بە تەنێ هەموو شتێکی پێی جێبەجێ نەکرێ ئەوە کەسێک پەیدا دەبێ کە یارمەتی دەدا. کاراکتێرە سەرەکییەکە پشتیوانی و یارمەتی ئەوی پێویستە، بۆ ئەوە کە بتووانێ سەرکەوێ. دووایە یاریدەدەرەکە لە چیرۆکەکە دەچێتە دەرێ.

لە فیلمی "نۆرما ریی" دا کە فیلمێکی شێوە "کێ دەیباتەوە"ی پاکتاوە، ئەوە یارپاڵەوانەکەیە کە یەکەمجار بەگژی کاراکتێرە بەرەوپێشبەرەکەدا دەچێ و ئەوە کە کردەوەکان دەباتە پێشەوە. لەم چیرۆکەدا سەندیکایستێک لە شارێکی گەورەوە هاتووە یارمەتی "نۆرما" بدا کە ببێ ببێ بە ژنێکی خەباتگێڕی چالاک و رێبەری سەرکەوتووی سەندیکا. نۆرما کاراکتێری سەرەکییە، کاتێک سەرکەوتن بەدەست دێ یارپاڵەوانەکە دەڕوا و وون دەبێ. ئەو وەکوو کابۆیە خەڵاتگرەکان دێ، ئیشەکەی دەکا و دەڕوا. رەنگە بۆ ئیشێکی دیکە هەر لەو شێوە. کاراکتێرە سەرەکییەکە لە رەوتی چیرۆکەکەدا گەشەی کردووە، بەڵام ئەو هەر ئەوەیە کە بوو،. یارپاڵەوانەکە لە هەموو دیمەنێکدا نییە، بەڵام دەوری ئەو زۆر بە ئاشکرایی کار لە کێشەی چیرۆکەکە دەکا.

دەکرێ ئەم یارپاڵەوانە تەنیا یەک کەس نەبێ و گرووپێک بن. بۆ نموونە ئەندامانی سەندیکا، یان خەڵکی شوێنێک بن. کەمتر پێش دێ لە فیلمێکدا بەم شێوە دەوری یارپاڵەوان دیاری کرابێ. زۆرجار ئەو دەورەش کاراکتێرە سەرەکییەکە دەیگێڕێ.

**کاراکتێری سێبەر**

ئەم کاراکتێرکردەوە لەگەڵ یان ئاوێنەی کاراکتێرە سەرەکییەکەیە. لە ئەو دەچێ یان جیاوازە، بەڵام بە هەمان رێچکەی ئەودا دەڕوا. سێبەر پیویستی بە رەوتی گەشەکردن نییە.
ئەم کاراکتێرکردەوە ئاوەێنەییە، دەتوانێ بە کۆمەڵ بێ. بۆ نموونە لە "نۆرما ریی"دا کاریگەرەکانی کارخانە پاش گومانلێکردن و دەست بە دەستکردنێکی زۆر ئاخری بڕیار دەدەن کە لەگەڵ سەندیکا بکەون و هەر وەکوو کاراکتێرە سەرەکییەکە گەشە بکەن. ئەمە بۆ کاراکتێری بە کۆمەڵ زۆر نموونەییە.

**نەیار**

ئەم کاراکتێرە بە پێچەوانەی رێگای کاراکتێرە سەرەکییەکە دەڕوا. ئەم دووانە لەسەرەتادا دەکرێ وەک یەکتر بن. بەم شیوە لە ئاخرەوە جیاوازییەکی زۆر نیشان دەدرێ. ئەمە نیشانەیێکە بۆ ئەوە کە بڵێین: ئەوەی بە رێگای پاڵەوانەکەدا نەڕوا چەندە زەرەر دەکا. نموونەیەکی بە کۆمەڵ لە "نۆرما ریی"دا هەیە. ئەو کرێکارانەن کە نایانەوێ لەگەڵ سەندیکا بکەون، ئەوانەی کە دەترسن یان دەیانەوێ لە ئاسایشی خۆیاندا بمێننەوە.
زۆر کاریگەر دەبێ ئەگەر نەیار لە کاراکتێرە سەرەکییەکەوە نزیک بێ. بۆ نموونە باوکی "نۆرما" بەتەواوی دژی سەندیکایە، هەرچەند نێوانی لەگەڵ کچەکەی زۆر باشە و زۆر لە یەکتر دەچن. هەرچی "نۆرما" بەرەوپێش دەچێ مەودای نێوانیان زیاتر دەبێ. ئەمە بۆ دراماکە زۆر باشە.

**نزیکترین پەیوەندی**

ئەم کاراکتێرکردەوە زۆر دیار و روونە. کەسانێک کە لەگەڵ کاراکتێرە سەرەکییەکەن و دەکرێ بیروبۆچوونیان لەگەڵ بگۆڕێتەوە یان وتووێژیان پێکەوە هەبێ. نموونەیەکی کلاسیکی "سانچۆپانزا"یە کە لەگەڵ "دۆن کیشوت"دایە. ئەم کەسە دەتوانێ دژوارترین کێشەکان بۆ سەناریۆنووس ئاسان بکاتەوە. بۆ نموونە پێویست نییە کاراکتێرە سەرەکییەکە بە دەور خۆیدا بسووڕێتەوە و لەگەڵ خۆی بدوێ کە شتێکمان تێ بگەیەنێ. بەڵکوو لەگەڵ دوکتورەکەی یان ژنەکەیدا دەدوێ. تەنانەت پێویست نییە ئینسانێکی زیندوو بێ. دەکرێ ئاژەڵێک بێ، یان نامەنووسین بۆ دۆستێک بێ، یان لەسەر قەبر بۆ مردوو قسە بکا.

لەم کردەوەدا کاراکتێری سەرەکی بیسەرێکی دەوێ کە پێویست نییە کردەوەی هەبێ. ئەو لەو ڕێگاوە لەگەڵ بینەر دەدوێ. زۆر جار ئەم کاراکتێرکردەوە لەگەڵ یارپاڵەوانەکەدا تێکەڵ دەکەنەوە. بۆ نموونە لە "نۆرما ریی"دا پیاوە سەندیکالیستەکە باشترین پەیوەندی لەگەڵ "نۆرما" هەیە. جار وایە ئەو پشوویەک وەردەگرێ کە لەگەڵ پیاوەکە هەلومەرجەکە شی بکاتەوە و دووایە بەردەوام بێ.

ئەگەر ئەم دەورە بدرێ بەو کەسە کە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە کارکردی باشی لە دراماکەدا دەبێ. بەتایبەت کاتێک کە کاراکتێرەکە جۆرێکە کە بە دژواری بۆمان لێک دەدرێتەوە. لێرە کاراکتێرێک پێویستە کە بزانێ چ روو دەدا. ئەو دەبێتە چاوی بینەر لە چیرۆکەکەدا. ئەو بڕێک شت دەبینێ کە ئێمە نایبینین، چوونکە نیشاندانی دژوارە، یان سەرئێشە پێک دێنێ.

**چاودێر**

ئەمەش دەتووانێ کاراکتێرکردەوەیەکی زۆر بەکەڵک بێ. چاودێر کەسێکی ئاساییە وەکوو من و تۆ. بینەر بە هەستەکانییەوە خۆی لەگەڵ کاراکتێرە سەرەکییەکەدا پێناسە دەکا. چاودێر نوێنەری بینەرە بۆ پرسیار کردن و دەیەوێ بزانێ لەو دنیا سەیروسەمەرەدا کە ئەوی تێکەوتووە چ باسە. نموونەیەکی زۆر دیار لە "یاری خەونەکان"ی "ئیسترینبرگ"دایە. لەوێ کچەکەی "ئیندراس" دێ بۆ سەردان و دەیەوێ لەو دنیا تێکپرژاوە تێ بگا.

چاودێر سوپێرمەن و سوپێر ژن نییە. زۆر زیرەک یان گێل نییە، وەکوو من و تۆیە. وەکوو ئێمە دەیەوێ بزانێ چ بووە، بۆ دەستەیەک چەکدار هێرشیان کردووەتە نێو خانوویەکەوە. لە چیرۆکی ئاسایی و هەلومەرجی ئاساییدا ئەم دەورە پێویست نییە. لەوێ خۆبەخۆ ئەم دەورە هەیە.

زۆربەی چاودێرەکان لە چینی نێوەنجی هەڵدەبژێردرێن. کارمەێک، دووکاندارێک کە لە شارە گەورەکاندا دەژین. بۆ نموونە لە "نۆرما ریی"دا ئەم دەورە دراوە بە سەندیکالیستەکە. ئەو دێتە نێو شارەچکۆلەیەک و تەواشای دەوروبەر دەکا و هەر شتێکی پێی سەیر بێ دەپرسێ: ئەوە چییە و چۆنە؟ راست وەکوو ئێمەی بینەر. لە درامای ئەڤینداریدا ئەم دەورە ئەگەر بدرێ بە یارپاڵەوانەکە کارتێکەری لە دراماکەدا هەیە و شتە دەروونییەکان دەخاتە روو.

چاودێر یارمەتی بە چارەسەرکردنی کێشەکە ناکا، بەڵام ئەگەر چاودێر و کاراکتێری سەرەکی یەک کەس بن ئەوە وێنەکە دەگۆڕدرێ. هەروەک چاودێر و یارپاڵەوان، یان چاودێر و کەسی نزیک

تێکەڵ بکرێنەوە. وەک گوتمان دەکرێ چەند کاراکتێرکردەوە تێکەڵ بکرێتەوە. لە "نۆرما ریی"دا سەندیکالیستەکە دەکرێ بڵێین هەم یارپاڵەوانە، هەم کەسی نزیکە و هەم چاودێرە.

**چاودێری کاتی** دەکرێ گروپێک بن. بۆ نموونە کەسانێک لە دووی پۆلیس دزەکان دەکەون کە بزانن ج دەبێ. ئەو پرسیارانە دەکەن کە بینەر هەیەتی. لە هەمان کاتدا کێشی فیلمەکە زیاد دەکەن.

### پێنج خولەک پشوو

بڕینێک، پشوویەک، چوونەدەرەوەیەکی پێنج خولەکی لە ڕەوتی دراماکە. بینەر دەبێ خۆی کۆ کاتەوە، نەختێک پشوو بدا بەر لەوە کە دراماکە بەردەوام بێ. دەشتووانێ دراماکە بەهێزتر بکا. دەکرێ یەکێک لە کاراکتێرەکان بە پێ پێویست چیرۆکێکی خۆش بگێڕێتەوە، ڕاست لە قووڵایی دراماکەدا. پێنج خولەک پشوو زۆرجار بیرەوەری گێڕانەوەیەکی پڕڕەنگی کاراکتێرەکەیە و ئاکتەرێکی نوخبەی دەوێ.

لە "کێ دەیباتەوە"دا پەیوەندییەکی لەگەڵ کێشە سەرەکییەکەدا هەیە. یانێ بە تەواوی پەرت نییە. نموونەیەکی کلاسیکی لە "باڵندەکان"ی "هیچکاک"دایە. پاش یەکەم هێرشی باڵندەکان بۆ سەر منداڵان، خەڵک لە بارێک کۆ دەبنەوە. ژنێکی پیر کە زانای باڵندە ناسە دێتە نێو بارەکە. چیرۆکەکەی بۆ دەگێڕنەوە. ئەویش دەڵێ: باڵندە هێرش ناکا، ئەویش بە کۆمەڵ، ئەوان ئەو عەقڵەیان نییە. خوی توندیشیان نییە. یانێ گومانی لە ڕاست بوونی چیرۆکەکە هەیە.

سەرخۆشێک لەولاوە ئایەتێکی ئەنجیل دەخوێنێتەوە کە لەسەر دنیا ئاخربوونە. ژنەکە دەڵێ: سەد ملیار باڵندە هەیە. پیاوەکە وەڵام دەداتەوە کە بە ڕۆژێک دەتووانن دنیا ژێر و ژوور بکەن. ژنەکە دەڵێ: ئەوان جوانی ئەو دنیایەن. هەر لەو کاتەدا سێ مریشکی برژاو دابەش دەکرێ. ئەم دیمەنە درێژە کە نەختێک کۆمێدییە پەیوەندی لەگەڵ کێشە سەرەکییەکە هەیە، چوونکە ڕوانگەی نوێ دێنێتە پێشەوە.

### جەماوەر

ئەگەر تۆ وەک سەناریۆنووس، دەنووسی: "خەڵکێک کۆ بووەتەوە". دەبێ لێت ڕوون بێ کە چییان لێدەکەی. ئەگەر بەڕاستی هەلومەرجەکە پێویستی پێیان هەیە، بیرکەوە، ڕەنگە شێوەیەکی دیکەش هەبێ، مەیدانی چووکتر کارکردی دراماییی لە مەیدانی بەربڵاو زۆرترە.

ئەگەر دەنووسی جەماوەر هەبێ، دەبێ زۆر باش دیاری کراو بن. جەماوەر یانێ کۆ بوونەوەی تەک بە تەکی کاراکتێران. تەنیا ژمارەیان زۆرترە دەنا هەموو کاراکتێرن. ئەمە بەو مانا نییە کە دەبێ بۆ هەر کامیان پێناسەیەک دارێژی، بەڵام دەبێ دیاری بکەی دەوریان چییە. دیارە ئەوە ئەرکی دەرهێنەرە کە کردەوەیەکی زیندوویان پێی بدا. ئەمە بۆخۆی هونەرێکە کە جەماوەری دروست بۆ هەر هەلومەرجێک دابندرێ.

**چەند ووشەی کۆتایی لەسەر کاراکتێر**

من لەم بەشەدا پڕوپاگەندەم بۆ کاراکتێرەکان کرد، بەڵام دیارە دەبێ چیرۆکێکی باش هەبێ هەتا کاراکتێرەکان بتووانن تێیدا بژین. ئەمیان پێش شەرتی ئەویتریانە.

کاراکتێرێک –وەک باسم کرد- بە دوو شێوە پیک دێ. کێشی چیرۆک کاراکتێرەکە فۆرم دەدا یان کاراکتێرەکەیە کە کێش پێک دێنێ. کامیان باشترە؟ هیچ وەڵامێکی نییە.

پێکەوە تێکەڵاوکردنی کاراکتێر بێ سنوورە. هەر وەکوو چیرۆک. نووسینەوەی هەموو راستییەکان نامومکینە. هەر کەس دەبێ رێگاکەی بەرەوپێش ببا هەتا بگاتە کاراکتێرەکانی خۆی. من پێم وایە کاراکتێر و کێش دەبێ پێکەوە پێک بێن.

@@@@

٨- وتووێژ (Dialog)

**کورتە مێژوویەک**

هەر لە ١٨٩٨ەوە لە رۆژنامەکاندا دەنووسرا کە خەریکن فیلمی دەنگدار دروست دەکەن.

لە پیشانگای ١٩٠٠ی پاریسدا چەند ئەزموونی دەنگدانان بۆ فیلم نیشان درا، بەڵام چەندین ساڵی برد هەتا خەڵک دەنگی پاڵەوانەکانیان ببیسن.

ئەو کاتە کە فیلمی بێدەنگ لە لوتکەی خویدا بوو، لە ١٩٢٧دا، فیلمی دەنگدار هاتە بازاڕەوە. لەمێژ بوو دەنگ بە ڕێوە بوو و چاوەڕوان دەکرا. لە سالۆنی سینەماکاندا لەگەڵ فیلمەکە موزیک لێ دەدرا و دەنگی ئێفێکت لە پشت پەردەکەوە بڵاو دەکرایەوە. هێندێک جار ئاکتەرێک لەگەڵ فیلمەکە قسەی دەکرد. هەر لە ١٩٠٣ەوە بە یارمەتی گرامافۆن هێندێک فیلم دەنگیان لەگەڵ بڵاو دەکرایەوە، بەڵام ئەمە بە دژواری هاوپەرا دەکرا و لە ١٩١٢دا شوێنەواری نەما.

بەر لە هەر شتێک وتووێژەکان هاتنە کایەوە کە دەنووسرا و لە نێوان دیمەنەکاندا نیشان دەدرا. تێکستەکان تێکەڵاوێک بوون لە گێڕانەوە و وتووێژ. چەند ووشەیەکیش بۆ بەرەوپێش بردنی چیرۆکەکە دەنووسرا. ئەم شێوە زیاتر لە مێلۆدرامادا بەکار دەهێنرا.

هێندێ جار هێنانەوەی دەقی ئەو کتێبە بوو کە فیلمەکەی لێی دروست کرابوو.

تەکنیکی رادیۆ پێش کەوتبوو و خەڵک بە دەنگ راهاتبوون و چاوەڕوانی قسەکردنی فیلم بوون. یەکەم جار هولیوود بوو کە کاری لەسەر دەنگ کرد. ئاکتەرەکانی فیلمی بێدەنگ کەوتنە بەر هەڕەشەی بێکارییەوە. زۆر کەس دەنگی خۆش نەبوو. یەکەم کەسێک کە لەو قەیرانەدا سەرکەوت "گرێتا گاربۆ" بوو. زۆربەی فیلمسازە بەناوبانگەکان دەترسان کە فیلم ببێتە کۆپییەکی بێواز لە شانۆ، بەڵام وای لێ نەهات.

کاتێک شەریکەکانی فیلمسازی بانگەوازیان بۆ سەناریۆنووسی تازە کرد، ئەوە شانۆنووسەکان بوون کە هاتنە پێشەوە. چوونکە ئەوان لە بوواری وتووێژ نووسیندا بە ئەزموون بوون. گوتەی هاوکات (سینک) لە فیلمەکاندا، راست لە شانۆ دەچوون. تەکنیک هێشتا زۆر سەرەتایی بوو. دەنگی کامێرا دەهاتە نێو قسەکانەوە. بۆ چارەکردنی، کامێراکانیان بە وێنەگرەوە لە قەفەزێکی ئیزۆلەکراودا دادەنا. دیمەنەکان زۆر بێجووڵە و ئیشک و شانۆیی بوون. [وەکوو زنجیرەکانی

تلەڤزیۆنەکانی ئێمە] داوخوازی بینەر بۆ فیلمی باش بوو بە هۆی بەرەوپێشچوونی تەکنیک و کامێرا ئازاد کرا...

دوو دەورەی سینەمایی کارتێکەری زۆریان لەسەر وتووێژی فیلم هەبووە. سینەمای شەپۆلی نوێ فەرانسە و نیۆریالیستی ئیتالیا. ئەوان وتووێژەکانیان لە شێوەی شانۆیی دەرهێنا و لە هونەری سینەمادا بە شێوەیەکی زیندوو و مۆدێرن بەکاریان هێنا.

**کارکردی وتووێژ چییە؟**

بۆچوونێک هەیە کە دەڵێ: وتووێژی فیلم هەتا دەکرێ دەبێ کەم بێ. ئەمە زۆر جێگای باوەڕ نییە. زۆر فیلمی باشی سینەما پڕە لە قسە و گەلاڵەی گێڕانەوە لەسەر وتووێژ بینا نراوە. وتووێژ یەکێک لە ئامرازەکانی فیلمە کە بە پێ هەل و کاراکتێر فۆرم دەگرێ.

**چ شتێک لە وتووێژی فیلمدا تایبەتییە؟**

یەکەم شت نزیکبوونەوەی زۆر لە کاراکتێرەکەیە. دەتووانی دەنگێکی زۆر نزیکت هەبێ لە کاتێکدا وێنەکە بڵاوە. یان جووڵانەوەیەکی درێژی کامێرات هەبێ و هەر لەوکاتەدا کاراکتێرەکان لە سەری بدوێن. وتووێژێک لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی تر هەڵکێش بکرێ و پەیوەندییەکی قایم لە نێوان وێنەکاندا پێک بێنێ و هەستێکی تایبەت لای بینەر دروست بکا. دەتووانێ گوتەیەکی هەڵە لەسەر دیمەنێک دابنرێ و کارکردی درامایی یان کۆمێدی هەبێ. بۆ نموونە: دوو تازە پێکگەیشتووی خۆشەویست بێدەنگ لە کەنار چۆمێکدا پیاسە دەکەن و هەر لەو کاتەدا یەکەم قسە بێ بایەخەکانیان سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی کرێمی ددان ببیسین.

دەکرێ گوتەکان بە شێوەی کاتی لە لایەن دەنگێکی دیکەوە کپ بکرێ، بەڵام بینەر هەر تێدەگا چ گوتراوە. ژن و پیاوێک لە نێو شەقامێکدا دەمەقاڵەیانە، ژنەکە شەپلاخەیەک لە پیاوەکە دەدا و هەڵدێ. دەنگی لۆری ناهێڵێ بزانین چییان گوت بەڵام هەمووکەس تێگەییشتووە، گەرچی هیچ ووتەیەک تۆمار نەکراوە.

دەکرێ وێنەیەکی ریالیستی دەنگ دروست بکرێ. بۆ نموونە لە نێو کارخانەیەکدا دەنگی ماتۆر و دەزگاکان ناهێڵێ وتووێژەکان باش ببیسترێ، بەڵام ئەو کارکردەی هەیە کە چۆنیەتی جێگای ناخۆشی کاری کارگەرەکان نیشان دەدا. سەرئەنجام بێدەنگی بۆخۆی کارکردێکی تایبەتی هەیە. وتووێژ وەکوو ئاوێنەیە بۆ کاراکتێرەکان. یانێ گێڕانەوەی ژیانی دەروونی بە ووشە.

هەر وتووێژێک دەبێ مانایەکی هەبێ. شتێک بڵێ کە یەک یان چەند کارکردی هەبێ. هەر گوتەیەک دەبێ گێڕانەوەکە چ لە باری رووداو و چ لەباری دەروونییەوە هەنگاوێک بەرەوپێش بەرێ. دیارە مەترسی ئەوەش هەیە کە وتووێژەکە بەم شێوە زۆر قاڵبی و فێرکردنی دەر بچێ. وتووێژ دەتووانێ تەواوکەر بێ. بە بێ جێگاهێشتنەوە بۆ خەیاڵ و شتی ناعاقڵانە.

کاتێک من سەناریۆیەکی خۆم یان کەسێکی تر دەخوێنمەوە، دێم گوتەی کەسەکان پێکەوە دەگۆڕمەوە. ئەگەر بە بێ کێشە بکرێ ئەم کارە بکەم، ئەوە کاراکتێرەکان تەواو نین و ناکۆکی لە دارشتنەکەیان دایە. کێشەکە ئەوەیە کە زۆر لە یەکتر دەچن. هەر کاراکتێرێک دەبێ زبانی تایبەتی خۆی هەبێ.

**یەکەم گوتە (Replik)**

ئەگەر دەتەوێ کاراکتێرێک زبان و شێوەگوتنی خۆی هەبێ، ئەوە کار لەسەر یەکەم گوتەکەی بکە. گەرچی مرۆڤ زۆر جێگۆڕکێ لە ژیاندا دەکا. لە گوندەوە بۆ شار، لە هەژارییەوە بۆ دەوڵەمەندی و... بەڵام شێوەی گوتنیدا زۆر شت ئاشکرا دەکا. هەم رابردوو، هەم ئاواتی پێگەییشتن بە داهاتوو دیاری دەکا. هەر لە یەکەم وێژەدا دەتووانی دیاری بکەی ئەو کەسە کەم قسەیە یان فرەوێژە. کاراکتێرەکە قسە فرێ دەدا یان ئاگای لە زاری خۆیەتی. ئاسایی قسە دەکا یان رەسمی و ئەدیبانە.

بۆ نموونە کەسێک کە یەکەم ووتەی چەند ووشەی شاعێرانە سەبارەت بە سروشتە. بینەر کەسایەتییەکی رۆمانتیکی بۆ دادەنێ. کەسێک کە یەکەمجار باسی خراپی خەڵک دەکا بە بەدبین دادەنردرێ. ئەمانە یەکەم وێنەکان بۆ ئێمە دروست دەکەن کە دووایە بەو کەسایەتییەوە دەیانناسینەوە.

**کاردکردیی زانیاریدان**

بەشێک لە کارکردی وتووێژ ئەوەیە کە زانیاری بدا بۆ کێشی چیرۆکەکە. چ رووی داوە، دوواتر چ دەقەومێ و هەر ئێستا چ شتێک خەریکە روو دەدا.

تۆ وەکوو سەناریۆنووس جار وایە ناچار دەبی لەسەر تاکە کاراکتێرێک زانیاری بدەی. زانیاری سەبارەت بە ژیانی بەر لە چیرۆکی فیلمەکە، یان چ هەستێکیان بەرانبەر شتە جیاوازەکان هەیە. هەموو ئەمانە کاتێک پێویستن کە لە چیرۆکەکەد کارکردیان هەبێ. بۆ نموونە: ئەگەر کەسێک

دەڵێ: من ئاسنگەر بووم، دەبێ لە جێگایەک ئەو ئەزموونەی بەکار بهێنرێ، دەنا گوتنەکە پێویست نییە. زۆر سەناریۆ هەیە کە پڕن لە زانیاری، کەچی لە فیلمەکەدا هیچ دەوریان نییە. زۆر شت هەیە بینەر بۆخۆی دروستی دەکا و ئەرکی تۆ لەو پەیوەندییەدا تەنیا ئاماژە پێ کردنێکە. بۆ نموونە: کچێک لەکاتی نانی بەیانیدا بە دایکی دەڵێ: کاری شەوانە ئەوەندە من ماندوو ناکا کە خوتە و بۆڵە و منگە منگی خۆشکە چکۆلەکەم بە رۆژدا بێزارم دەکا.

لەم گوتارەدا چەند زانیاری دراوە. دایکی منداڵەکان بەرۆژدا بە جێیان دێڵێ. باوکیان نییە یان لەگەڵ ئەوان ناژی. دوو کچەکە دایم چنگەپرچێیانە. کچەکە بەشەو کار دەکا و...

ناڕوون بوون باش نییە، بەڵام زیادی ئاشکرا بوون خراپترە. هەموو سەناریویەک لە یەکەم دەوری نووسیندا پڕ دەبێ لە زانیاری بێ کەڵک. جار وایە ئەوەندە زۆرە کە تێگەییشتنی دژوارە. لە دەوری پێداهاتنەوەدا پێویستی بە شوشتنەوەیە. هەتا زیادییەکان لابردرێ. بە پێی پرینسیپی "ئیبسن" هەموو شتێک لابە، جگە لەوانە کە بەتەواوی پێویستن. ئەمە بە رادەیەکی هەرە زۆر زانیارییەکانی نێو وتووێژ دەگرێتەوە.

بەشی پێناسەکردنی هێندی سەناریۆ بار کراون لە زانیاری. ئەمە تێنەگەییشتن لە بەشی پێناسەکردنە. بەشێکی زۆر لەو زانیارییانە دەکرێ لە رەوتی فیلمەکەدا بدرێ. لە هەر شوێنێک زانیاری پێویست بەو شوێنە دەدرێ. ئەگەر هەر لە سەرەتاوە هەمووی بگوترێ بینەر لەبیری نامێنێ و باقی فیلمەکەش بەتاڵایی تێدەکەوێ. سەرەتاکەش قورس و بێ کێش دەبێ.

گرینگ ئەوەیە کە خواستی کاراکتێرە سەرکییەکە روون بکرێتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانا نییە کە راست و ئاشکرا و بە یەکجاری، بە ووشە بگوترێ.

نموونە: دووبرا لە کەنار چۆمێک دانیشتوون و بە دەم قسەکردنەوە بەردی چکۆلە فڕێ دەدەنە نێو ئاوەکەوە. یەکیان ٢٠ساڵانە و ئەویتر نزیک بە سی ساڵ. لە سەر قەبران هاتوونەتەوە:

برای بچووک گۆرانی دەڵێ

برا گەورە: *ئەرێ بۆ نەبووی بە گۆرانی بێژ، تۆ دەنگت زۆر خۆشە؟*

برا چووکە: *خۆم ئارایش بکەم و قون بادەم؟ نەخێر سپاس!*

برا گەورە: *بابم پێی خۆش بوو ئەتۆ گۆرانی بڵێی.*

برا چووکە بێدەنگە

برا گەورە: *زۆر جار کە لەگەڵ هەواڵەکانی دادەنیشتن بۆ خواردنەوە، بانگی دەکردی کە گۆرانییان بۆ بڵێی.*

برا چووکە: *ئەرێ بۆ کەیفی خۆی.*

برا گەورە: *نەت گوتبا.*

برا چووکە: دوو *چەپۆکی بەسەردا دەکێشام – بێدەنگی- دایکیشم نەیدەوێرا هیچ بڵێ.*

برا گەورە: *ئەو زاڵمە زۆری لێدەداین. من بۆیە ئەم ساڵانە نەهاتمەوە. دەمزانی لێم بدا، لێی دەدەمەوە و ناخۆش دەبێ.*

*دەزانم ئەتۆم بە تەنێ لە ژێر چەپۆکیدا بە جێ هێشت، بەڵام...*

برا چووکە: *لێگەرێ، تازە رویشت، خوا نەیبەخشێ.*

ئەم وتووێژە سادەیە چەندین زانیاری گرینگی تێیدایە.

- کردەوەی باب لەگەڵ منداڵەکانی باش نەبووە و کاری کردوەتە سەر کەسایەتی منداڵەکان.
- باب بوەتە هۆی رۆیشتنی برا گەورە.
- برا چووکە زۆر لە بابی دڵپڕە و کەسایەتییەکی تاڵ و ناوچاوگرژی هەیە.
- برا گەورە هەست بەوە دەکا کە قەرزاری براکەیەتی کە بە جێ هێشتووە.
- باب هەر لە بیری خۆشگوزەرانی خۆیدا بووە. دایکیش نەیتووانیوە دەوری پشتیوانی بۆ منداڵەکان هەبێ.

هەر کاراکتێرێک لەگەڵ هەر کەسێکدا بە شێوەیەک دەدوێ. ئەمە لایەنە جۆربەجۆرەکەی ئەو کاراکتێرە روون دەکاتەوە. لەگەڵ هاوکارە پیاوەکانی بە شێوەیەک (رەنگە زۆر بە توندی) و لەگەڵ ژنان بە شێوەیەکیتر (رەنگە بە مێهرەبانی)

ئەگەر بەرەوپێشچوونی چیرۆک پشت بە وتووێژ ببەستێ ئەوە کێشەی چۆنیەتی دارشتنی ساختمان هەیە. دەکرێ ئاوارتە هەبێ، لە هێندێ زنجیرەی پۆلیسی یان درامای دادگادا وا دەبێ. لە هێندێ دێکومێنتی مێژوویيدا گوتە زۆرە، بەڵام ئەمانە بۆ سینەما نین، بۆ تلەڤزیۆن ساز کراون. هەر گوتەیەک، هەر وتووێژێک و لەم بوارەدا کاراکتێرێک، هاوکات چەند شتی پێیە:

١- رابردوو. هەموومان رابردوومان بە کۆڵمانەوەیە و کارکردی لەسەر قسەکردنمان و کردەوەمان هەیە.

٢- ئێستا. بمانەوێ و نەمانەوێ لە کاتی ئێستا داین. زۆربەی چیرۆکەکانی فیلم لە کاتی ئێستا دان. تەنانەت ئەگەر ئەو ئێستایە لە مێژوویەکی زۆر دووردا بێ. ئێستای کاراکتێرەکەیە کە باس دەکرێ.

٣- داهاتووی نادیار. ئەوە کە دەبێ روو بدا. کێشەی چیرۆکەکە لە داهاتوویەکی نادیاردا چارەسەر دەکرێ. چ شێوەی سەفەر بێ یان کێ دەیباتەوە. ئەم داهاتووە گرێ دراوە بە چۆنیەتی بەرەوپێشچوونی چیرۆک و کاراکتێرەوە.

لەبەرچاوگرتنی ئەم سێ خاڵە دەبێتە هۆی زیندووراگرتن و دیتنی هەمە لایەنەی کاراکتێرەکە.

وتووێژی ئەو دوو برا کە باسمان کرد نیشان دەدا چۆن ئێستا و رابردوو پێکەوە گرێ دراون.

ئاماژە بە داهاتوو، چ بکرێ و چ نەکرێ، لە زەینی بینەردا هەیە. پرسیاری: داخۆ چ دەبێ؟ دەبێتە هۆی ئەوە کە بینەر دانیشێ و چاوەڕوانی کۆتایی بێ. تەواوبوونی فیلمەکەش بەردەوامییە بۆ داهاتوویەکی نادیاری دیکە.

رەچاوکردنی ئەم سێ کاتە دەبێتە هۆی ئەوە کە بزانین چ شتێک بەڕاستی پێویستە لە وتووێژدا بێت. لە رەوتی چیرۆکەکەدا بەرە بەرە هەیکەلەکە بەتەواوی ئاشکرا دەبێ.

بە کورتی هەر کەس ئەو سێ کاتە لەگەڵ خۆی دەگێڕێ. رابردوو، جا دوو کاتژمێر پێشتر بێ یان چل ساڵ لەمەوبەر. ئێستای و بەرنامە و چاوەڕوانی بۆ داهاتوو.

وتووێژ لە چ پێک دێ؟

بە گشتی وتووێژ بریتییە لە قسە و بێدەنگی. دەور و گرینگی ئەم دووانە لە چیرۆکی فیلمدا وەکوو یەکە. لە هێندێ وتووێژدا بێدەنگییەکان زیاتر دراماکە بە هێز دەکەن.

دوو شێوە قسە و بێدەنگی هەیە. یەکیان بەشی رووکار و پێویستی وتووێژەکەیە. بۆ نموونە باسی ئەوە دەکرێ کە چ شتێک رووی داوە، روو دەدا و دوواتر چ دەبێ. دووهەم وتووێژی دەروونییە. یانێ خوێندنەوەی نەنووسراوەکانە. ئەمە ئەو بەشەیە کە بینەر بەیارمەتی دەنگ و رووناکی و موزیک و جووڵانەوە و هەرشتێکی هونەری کە لە فیلمدا هەیە، تێی دەگا.

**چەند جۆر وتووێژ هەیە؟**

١- وتووێژێک کە لە نێوان دوو یان چەند کەس دایە و دەبیسترێن.

٢- گوتەی یەک کەس بێ. ئەو ووشانە کە لە هەواسپەرتیدا دەگوترێن، یان هەستێک دەردەخا (قەلسی، خۆشەویستی...) یان گوتنەوەی بیرەکانە. دەکرێ گوتەیەک بێ کە راستەوخۆ لەگەڵ بینەریەتی. جار وایە پرسیارە و جار وایە هێرشێکی رەخنەگرانەی کۆمەڵایەتییە و...

٣-وتووێژە یان گوتەیەک کە لە دەرەوەی وێنەکەیە. پێی دەگوترێ (off) پێشتر باسی دەست و پیانوەکەمان کرد کە دەنگێک لە دەرەوەی وێنەکەوە رێنوێنی دەکا، بەڵام خاوەنی دەنگەکە نابیندرێ.

٤-گوتەی دەروونی. قسەکردن لەگەڵ خۆ. ئەم شێوە هەر لە سەرەتای سینەماوە هەبووە. ئەمە بەو مانایە کە ئەو شتەی ئێمە دەیبیسین، ئەو کەسە بیری لێی دەکاتەوە. زۆربەی ئەو بیرانەن کە ناکرێ بە دەنگی بەرز بگوترێن.

لە دیمەنێکی فیلمی "ئادام و ئێوا"دا ئێمە بیری ئادام سەبارەت بە ئێوا دەبیسین. ئەو بیر دەکاتەوە کە هەر ئێستا ئێوا چ دەکا و چ دەڵێ.

**دیمەنی ٧: ژوورێ، چێشتخانەی ماڵی ئادام و ئێوا، بەیانی**

**ئادام و ئێوا – هاوین**

لە چێشتخانەیەکی ئاسایی ماڵێکدا ئادام و ئێوا دانیشتوون. ئادام بە جلی نێوماڵەوەیە و ژێرکراسی لەبەر دایە. وورکە نان دەخوا. هاوینە. نووسراوێک دێ: "چوار ساڵ دووایە" هەر هەمان دیمەن. ئێوا بە جلی نێوماڵەوە دێتە ژوورێ. ئادام بە ماندوویەوە چاو لە رۆژنامەکەی هەڵدەگرێ و تەواشای ئێوا دەکا و چاو لە دووی دەخا.

ئادام (off)

*دەبێ هەتا دەمرین هەر بەم فۆرمە بێ؟*

ئێوا باوێشک دەدا و دەڕوا بۆ لای میزی قاپ و قاچاخەکان.

ئادام (off)

*چای لێنێ... نانەکەش گەرم بکەوە...*

ئادام هەموو جارێک پێشتر دەیڵێ و ئێوا دووایە ئەو کارە دەکا.

ئێوا قوتوی چایەکە دێنێ و پاروە نانێک لە دەزگای نان گەرم کردنەوە دادەنێ.

ئادام (off)

*بەڵام ئەورۆ زۆر لەسەر دەماخ نییە و چای سەوز دادەنێ.*

ئێوا قوتوی چایە ئاساییەکە دادەنێتەوە و قوتوی چای سەوز هەڵدەگرێ.

ئادام (off)

*ویتامینەکان... پەنجەرەکە بکەوە... رادیوەکە بکوژێنەوە کە من تازە هەڵم کردووە...*

ئێوا کارەکان راست بەو شێوە دەکا کە ئادام لەبەرخۆیەوە بیری لێی دەکاتەوە. ئادام چاو لە نانە برژاوەکە دەکا.

ئادام (off)

*... ئاها دیسان نانەکەی لەبیر چوو...*

ئادام چاو لە دوو پارەوە نانی سووتاو دەکا کە لە دەزگاکە دەردەچێ.

ئێوا

*ئەهـ دیسان*

ئێوا نانە سووتاوەکە دەتاشێ. ئادام جگەرەیەک دەردێنێ و بەر لەوە کە دایگیرسێنێ چرکەیەک دەوەستێ.

ئادام (off) بە زاراوەی ئێوا

*دەبێ ئەو دووکەڵە بکەی؟*

ئێوا

*تکایە ئادام... دەبێ ئەو دووکەڵە بکەی؟*

ئادام جگەرەکەی دادەگیرسێنێ و لە رۆژنامە خوێندنەوەدا بەردەوام دەبێ.

ئادام (off)

*..ئەگەر منداڵمان بێ...*

ئێوا ئەگەر منداڵمان بێ، هەرچۆنێک بێ دەبێ تەرکی بکەیی!

ئادام (off)

*خۆ چاک دەزانی*

ئێوا

*خۆ چاک دەزانی؟*

ئادام جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە. ئێوا ئاوی چایەکە تێدەکا و لە پەنجەرەوە تەواشای دەرەوە دەکا.

ئادام (off)

*ئەگەر بەس تووانیبای شتێک بڵێ یان کارێک بکا کە جیاواز بێ. شتێک کە چاوەڕوان نەکراو بێ...*

ئێوا

*یاخۆ جیا بینەوە؟*

ئادام زۆری پێ سەیرە، سەرهەڵدێنێ. ئێوا بە لاچاوێکەوە دەڕوانێتە ئادام کە نازانێ چ بڵێ.
ئەم جۆرە تەک گوتنە بۆ کۆمێدی زۆر دەست دەدا. شتێک کە "وودی ئالێن" بە فراوانی کەڵکی لێی وەرگرتووە.

**چ پەیامگەلێکی جیاواز دەتووانێ لە وتووێژدا هەبێ؟**

**١. پەیامی راستەوخۆ.**

ئێمە لە ژیانی رۆژانە و فیلمدا زۆر بە دەگمەن بە تەواوی راستییەکان دەڵێین. رۆژێک بچوە دەرێ و بەڵێن بە خۆت بدە کە تووشی هەر کەس بووی هەموو شتێکی لەگەڵ راست و راستەوخۆ بڵێی. رەنگە رۆژێکی زۆر دراماییت هەبێ. چ لە ژیانی خۆتدا و چ لە کارەکەتدا. رەنگە هەم لە کار دەرت کەن و هەم کارت بگاتە تەلاق کێشی. هەلاواردە لەم بووارەشدا هەیە. چوونکە جار وایە راستییەکەش دەڵێین و رەنگە زۆر لە گێرانەوەدا کارکردی هەبێ.
لە فیلمێکی "بێرگمەن"دا ژن و پیاوێکی لاو دەچنە ماڵی دایکی کوڕەکە. دایک زۆر بە گەرمی بەرەوڕوویان دەبێتەوە و میوانداریيان دەکا. شەو لە کاتی نووستندا بە تەنێ لەگەڵ کوڕەکەی دەدوێ و باسی خراپی کچەکە دەکا. دیمەنی دوایی لە بەیانیدایە. ئێمە بە چاوێکی دیکە تەواشای کچەکە دەکەین. بەم شێوە پەیامی راستەوخۆ کار لەسەر قووڵبوونەوە لە دیمەندا دەکا.

**٢- وتووێژی ناڕاستەوخۆی ئامارەیی.**

ئەمە چەکێکە بۆ بەگەڕخستنی بینەری بێواز. بینەر دەبێ سەرنج بدا بۆ ئەوە کە تێ بگا.
زۆربەی ئێمە ئەزموونی رۆژانەمان هەیە. هێندێ شتمان ئەوەندە بیستووەتەوە کە پێی راهاتووین و گوێ نادەین. بۆ نموونە: منداڵ دەڵێ ماندوو نیم، کە بەرنامەی تلەڤزیۆنەکە تەواشا بکا. یان پێی دەڵێی دەستەکانت بشۆ! دەڵێ دووایە... یان دایە ئەوەندە بۆڵەی بە سەردا کردوون کە چیتر گوێ نادەنێ...

**٣- پەیامی شاراوە.**

یەک یان چەند کاراکتێر درۆ دەکەن، یان درۆی مەسڵەحەتی دەکەن. بینەر دەزانێ کە ئەمە پەیامێکی شاراوەی تێیدایە. یانێ بینەر راستییەکە دەزانێ و ئاکتەرەکە راستییەکە نالێ.

**٤- پەیامی ئامادە نەکراو**

ووشەیەک بە هەڵە دەگوترێ، بەڵام راستە. یان لانی کەم بەشێک لە راستی تێیدایە. لە قەلسیدا دەگوترێ کەچی راستییەکی تێیدایە. من ئەم ئەزموونەم بەسەر هاتووە و دەزانم ئەم جۆرە پەیامە لە چاوتروکانێکدا هەلومەرجەکە دەگۆڕێ.

**٥- پەیامێک کە تەنیا تایبەت بە هێندێک لە لاراکتێرەکانە.**

دەگرێ گوتەیەکی شاراوە لە نێوان چەند کاراکتێرێکدا بێ. ئەمە لە زنجیرەدا بەکار دێ. وەکوو یارییەکە لە نێو یاری فیلمەکەدا.

کاراکتێری سەرەکی دەزانێ، بەڵام دژەکەی نازانێ. زۆر جار بینەر باشتر تێ دەگا هەتا کاراکتێرە سەرەکییەکە. جاری واش هەیە وەکوو یەک تێیدەگەن. هێندی جاریش کاراکتێرە سەرەکییەکە هەنگاوێک لە پێشە. بۆ نموونە: "شرلوک هوڵمز" [کاراکتێری پۆلیسی ئینگلیسی] هەموو جارێک لە بینەر زیاتر دەزانێ. جۆرێکیتریش هەیە کە دوژمن "کاراکتێری بەرەوپێشبەر" و بینەر دەزانن، بەڵام کاراکتێری سەرەکی نازانێ. هەموو ئەم جۆرانە دەکرێ لە نێوان سێگۆشی، کاراکتێری سەرەکی، دژەکەی و بینەردا، ساز بکرێ. بێگومان هەموو ئەمانە کار دەکەنە سەر فۆرمدانی وتووێژەکە.

**سێ جۆر بێدەنگی**

بەشی سەرنجڕاکێشی زبانی فیلم فۆرمی جۆربەجۆری بێدەنگییە.

سێ جۆر بێدەنگی هەیە:

١- یەکەم بێدەنگی ئەویە کە یەک ووشە ناگوترێ، بەڵام لە رێگای بێدەنگییەوە مرۆڤ پەیوەندییەکی زۆر بە هێز پێکەوە دەگرێ.

دەکرێ نێوی بنێین وتووێژی بێدەنگ یان (ئەو بێدەنگییە کە قسە دەکا). زۆر جار ناچارین بێدەنگ بین، بەڵام دەتووانین هەستەکانمان بڵێین. (نیشان بدەین)

لەم پەیوەندییە بێ ووشانەدا ژێستێکی بچووک زیاتر لە چەندین ووشە دەگەیەنێ. تەنانەت ئەمە دەتووانێ زیاتر سروشتی و راست بێ. وتووێژ و گوتە سەرەڕای هەر شتێک داڕێژەری مرۆڤن، بۆیە زیاتر کۆنترۆڵ دەکرێ و بە هوشیارییەوە دەگوترێ و کەمتر دژ کردەوەی خۆبەخۆییە.

زبانی بێ ووشە مێژوویەکی زۆر کۆنتری لە زبانی قسە هەیە. هەر کردەوەیەک بۆ ئێمە مانای هەیە و دەستبەجێ دەیناسینەوە. لە چاوتروکاندنێکەوە بگرە هەتا خۆکشانەوە لە شتێکی ناخۆش.

شان هەڵتەکاندن. سەرلەقاندن و... هەموو ئەمانە تێ دەگەین و پەیامەکەی وەردەگرین. هەرکام لە ئێمەش وردە ژێستێکمان هەیە کە تایبەت بە خۆمانە.

بۆ سەناریۆنووسێک گرینگە کە ئەو تایبەتییە بێ ووشانەی کاراکتێەکەی بناسێ.

ئەم ئیشارەتانە دەتووانێ لەگەڵ قسەکردندا هاوکات بێ و گوتەکان بەهێز بکا. کاتێک دەڵی: بەڵێ و سەریش دادەتەکێنی بەڵێ یەکە قورستر دەبێ. ئیمە فێرین هەر ووردە راوەستانێک لە نێوان ووشەکاندا بخوێنینەوە.

لە فیلمدا وێنەی نزیک بۆ نیشاندانی ئەم زبانی ئیشارەتەی نێوان کەسەکان کارکردیی زۆری هەیە، بەڵام زۆرجار هەر بیستنی دەنگەکە بۆ تێگەییشتن بەسە.

ئەوە کاری دەرهێنەر و ئاکتەرە کە ئەم زبانە بە شێوەیەکی زیندوو دەربێنن، بەڵام لە سەناریوەکەشدا دەبێ جێگای بۆ دانرابێ و پێش بینی کرابێ. بە زۆربەیی بێدەنگییەکان دەنووسرێنەوە.

بێدەنگییەکان بینەر ناچار دەکەن زیاتر گوێ بدا بزانێ چ دەگوترێ. یان ئەگەر بێدەنگییەکە بۆ خوێندنەوەی قسە دەروونییەکان دانراوە، مەودا دەدا بە بینەر بیری لێی بکاتەوە.

٢- بێدەنگی دووهەم ئەوەیە کە پڕە لە ووشە، بەڵام مانایەکی تایبەتی نییە و بیسەر زیاتر لە بیری ئەوەدایە کە بزانێ لە پشت ئەو گوتانەوە چی هەیە. ئەو گوتانە چ دادەپۆشن. ئەوە کە ناگوترێ چییە؟

ئەم جۆرە قسانە پێی دەڵێن: گەلە وێژە، جرت و پرت، قسەی قۆڕ و...

چەند شێوە لەم بابەتە: ووشەگەلی بێ مانا- نیوە گوتە، گوتەی تەواونەکراو - قسەگۆڕین بەرلەوە کە رستەی پێشوو تەواو بێ- بڕکە بڕکە گوتن. هەموو ئەمانە هۆی دەروونی هەیە و لە کاتێکدایە کە مرۆڤ لەژێر زەختی دەروونی دایە.



نموونە: من دەمەویست... نە راوەستە کابرایەک هەبوو... دەزانی من ئەهلی دواندن نیم...

هەرکام لە ئێمە ووشەیەکمان بە سەر زارەوەیە کە دووپاتی دەکەینەوە و مانای نییە. وەکوو: دەزانی... بەڕاستی... خۆی لە خۆیدا... عەرزت دەکەم... گویت لێمە و...

هێندێک لەمانە ناوچەیین وەکوو: هین، وانێک، ئەی... ئائا، نا بەڵی.

ووشەی تایبەت بە یەک کەسیش هەیە و زیاتر پەیوەندی بە کاراکتێریانەوە هەیە.

چار وایە کەسێک هەر شتێک کە بە مێشکیدا دێ، باسی دەکا بۆ ئەوە کە شتێکی دیکە بشارێتەوە و باسی نەکا. یان سەرنجی بەرانبەرەکەی پەرت بکا. بۆ نموونە: کەسێک لە کارەکەی وەدەر نراوە، بەڵام باسی پێڵاوە تازەکانی بۆ ژنەکەی دەکا. قسەنەکردن لە بابەتەکە جۆرێک بێدەنگییە. ئەو کاتە کە شتێکی گرینگمان پێیە بە یەکتری بڵێین، بێدەنگ دەبین.

ئەم جۆرە وتووێژە/ بێدەنگییە دەبێتە هۆی هوشیاربوونەوەی بینەر و گوێدانی بە وتووێژەکانی دیکە. ئەو شتە کە هەموو کەس رۆژانە بەکاری دەبەن ئێمە کەڵکی درامایی لێی وەردەگرین.

دەکرێ کۆڵێک پەیام و وێنەی هاوکات لەگەڵ ئەم جۆرە قسەکردنەدا هەبێت. بۆ نموونە: دەیانەوێ لە فیلمێکی کۆمێدیدا دوو کەس نیشان بدەن کە قسەفرەکەرن، هەر دووکیان هاوکات پێکەوە قسە دەکەن. لە فیلمی "ترافیک"ی "ژاک تاتی"دا دوو ژنی لەم شێوە لە سەیارەیەکدان و هاوکات شیشە خاوێنکەرەکان لەباتی هاوتەریب بوون بەرەوڕووی یەکتر دەچن. دیارە ئەم شێوە بێ ناوەرۆکی کەسەکانیش دەگەیەنێ.

نموونەیەک لە قسەی بەجێ و نابەجێ لە شانۆی "یوهان ئوسبۆرنیس"

ژن: گلیف! (نێوی پیاوەکەیە)

گلیف: *مم؟... چییە؟*

ژن: *هیچ.*

گلیف: *گوتم چییە؟*

ژن: *تێدەگەیی... من زگم بڕە.*

گلیف: (پاش چرکەیەک بێدەنگی) *ئەرێ دەرزی و دروومانەکە لە کوێیە؟*

*ژن: لە وێیە؟*

گلیف: (دەڕوا بۆ لای دۆڵابەکە) *ئەی... ئەمە هەواڵێکی تازە بوو.*

یەک ووشەی بێ مانا دەتووانێ مانا شاراوەکان بخاتە رێچکەیەکی بە تەواوی تازەوە. دەشتووانێ دەستپێکی تراژێدیایەک بێ. لەو نموونەی سەرەوەدا، دەردەکەوێ کە هاتنی منداڵ پەیوەندییە سەردەکەی نێوان ژن و پیاوەکە (بە بێ ئەوە کە باسی بکرێ) چارەسەر ناکا.

٣- سێهەمین بێدەنگی، بێدەنگی بیسەرە. ئەو کەسە کە گوێ دەدا بۆ ئەوەی بزانێ گوتەکان لە کوێ یەک دەگرنەوە. بە نیشاندانی ووردە ژێستێک (وەکوو برۆ بەرز کردنەوە) کارتێکەرییەکی

گەورە لەسەر وتووێژەکە دەکا. لە دنیای سینەمادا زۆر جار ئەوە کاراکتێرە سەرەکییەکە نییە کە هونەرمەندانە قسە دەکا، بەڵکوو ئەوە بیسەرەکەیە کە بە بێدەنگی خۆی هونەرەکە دروست دەکا.
بۆ سەناریۆنووس زۆر دژوارە جۆری سێهەمی بێدەنگی بنووسێتەوە. زیاتر کاری دەرهێنەر و ئاکتەرەکەیە یان دەبێ دراماکە بۆ خۆی بە جۆرێک نووسرابێ کە ئەوە دیاری بکا و بنووسرێتەوە.
بۆ نموونە ئەگەر بنووسی: بە تووڕەییەوە گوێ دەدا –چاو بە فرمیسک –یان شاگەشکە دەبێ، زۆر سادەت کردووەتەوە و زیادی ئاشکرایە. ئاکتەر دەتووانێ خەم بە پێکەنین نیشان بدا و بینەر تێدەگا کە ئەوە کردەوەی خەمە. ئەتۆ باشتر وایە تەنیا جوولانەوەکان بنووسی! بۆ نموونە:
"راوێچکە دەکا"- "لە پەنجەرەوە تەواشای دەرێ دەکا" – "گوێی دەخورێنێ" و...
گەرچی ئەمانەش ئاشکران، بەلام بۆ دەرهێنەر و ئاکتەر بەکار دێن.
پەندێک کە بەکار دێ ئەوەیە کە یەکەم شت کە بە زەینمان دەگا بیر لە پێچەوانەکەی بکەینەوە. مرۆڤ لە کاتێکدا کە کێشەی هەیە، ناکرێ لە قاڵب بدرێ، ئێمە هەموو کاتێک ئەوە نین کە دەبووا هەباین.
هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە کە سەرنجی بینەر رابگری. ئەگەر سەناریوەکەت شیکردنەوەی راستییەکانە، هەرچی کە پێویست نییە فڕێ بدە.
ئەو مەترسییەش هەیە کە ئەگەر لەم جۆرە شیکردنەوانە زۆر بنووسی، سەناریوەکەت بۆ خوێندنەوە قورس دەبێ. ئەتۆ ئاماژەیەک بنووسە، دەرهێنەر و ئاکتەر ژێستێکی بۆ دەدۆزنوە.
ئەگەر زۆر دیاری بکەی، ئەوان گوێ نادەنێ.
جیاوازی دەنگ و بێدەنگی شتێکی نێونەتەوەییە و لە هەموو کۆلتورێکدا هەیە.

### وتووێژی ناڕاستەوخۆ (مەبەست)

وتووێژی ناڕاستەوخۆ یانێ لەسەر مەبەست کار کردن. روونکردنەوەی جۆربەجۆر لەم مانا ناڕاستەخۆیە دراوە، چەند نموونە ئەمانەن:

- خوێندنەوەی نێوان دێڕەکان.
- کردەوە و وتووێژ تەنیا لووتکەی کێوە سەهۆڵەکەن.
- بیستنی مەبەست و هەستەکان لە سپیایی نێوان ووشەکاندا.
- ووشە و بێدەنگی نیشانەی رەمزەکانی دەروونین.
- ئەوەی کە ناگوترێ، رەنگە گرینگتر بێ لەوەی کە دەگوترێ.

- لە پشتەوەی هەر گوتەیەکدا دەتووانێ چەند تۆ ناوەرۆک هەبێ.
- هتد ... هتد ...

لە زۆر چیرۆکی فیلمدا بەناچاری وتووێژی ناڕاستەوخۆیە کە یەک بە یەک کردەوە و ووتاری دیمەنەکان ڕێبەری دەکا.

گرینگی ئەم شێوە گوتنە لە چیرۆکدا پەیوەندی بە دەروونی بوونی کاراکتێرەکانەوە هەیە. کردەوە و گوتە ئاساییەکان وەکوو تۆپی پینگ پۆنگ دێن و دەچن و مەیدان دەگۆڕن، بەڵام مەبەست وەکوو تۆپی بۆڵینگ راست و قورس بەرەو ئامانج دەڕوا.

کاتێک لەگەڵ چیرۆکێکی شیوە "کێ دەیباتەوە"دا کار دەکەی و ئاکاری دەروونی تێیدایە، نووسینەوەی مەبەست زۆر یارمەتی دەدا.

بەداخەوە ئەوەندە ئاسان نییە کە هەر دیمەنێک یەک مەبەستی تێیدا بێ، زۆر جار لە نێواندا ڕێچکە دەگۆڕێ چوونکە ڕووداوەکان کاریان تێدەکەن. هەر وەکوو ژیانی ئاسایی کە گوێ دەدەی، هەلومەرجەکە لێک دەدەیەوە و خۆت لەگەڵی ڕێک دەخەی، بەڵام بەر لەوە کە بیری لێی بکەیەوە بەرەوکوێ دەچێ، دەگۆڕدرێ.

بۆ نموونە: بیر بکەوە لە رستەی "من ئەتۆم خۆش دەوێ" . ئەم سێ ووشە دەتووانێ بە پێ هەلومەرج سەدان مانای هەبێ. هەموو جارێکیش دەتووانی لێکی بدەیەوە. هەر لە مانای "تکایە قاپەکان بشۆ" هەتا "لە باوەشم کە"

کاتێک دەنووسی دەبی بزانی کام لەو مانایانە بەکار دەبەی. دەنا بەردەوامی لە نووسیندا ناموەکین دەبێ. ئەگەر "خۆشم دەوێی" بە مانای" بڕۆ گوم بە" بەکار بێ، ئەوە بێگومان کار دەکاتە سەر گوتەی دووایی. بەراوردی کەن لەگەڵ مانای "ماچێکم بدەیێ".

من لە زۆر سەناریۆدا بەر لە هەر شتێک کار لەسەر مەبەستەکان دەکەم. دووایە ئەو گوتانە دەنووسم کە دەبێ ببیسترێ. نووسەری وا هەیە کە لە پێشدا سەناریۆیەکی تەواو بەم شێوە دەنووسێتەوە. بۆ ئەوە کە بیروبۆچوونی کاراکتێرەکان دیاری بدا. دووایە گوتەکان هەڵدەبژێرێ. ئەگەر وا نەکەین، بە دەگمەن بە هوشیارییەوە مەبەستەکان دیاری دەکەین. دیارە تا رادەیەک خۆبەخۆ لە کاتی نووسینی وتووێژدا، لەبەرچاو دەگیرێ. هەر چۆنێک بێ مەبەست کار دەکاتە سەر کردەوە و وتووێژەکان.

نموونەیەکی سادە:

پیاو و ژنێک لە ژووری ئاسایی ماڵی خۆیاندان. ژنەکە دێ و دەچێ و کاری نێو ماڵ دەکا و پیاوەکە چاو لە تلەڤزیۆن دەکا.

ژن: *بەم لا خاوێنی دەکەمەوە، بەولا منداڵ پیسی دەکەنەوە* (مەبەست: ماندووم، بێتاقەتم.)

*ئەورۆ لە ماڵێی*؟ (مەبەست: بۆ یارمەتیم نادەی؟)

پیاو: *ئەورۆ پێشومان هەیە*. (مەبەست: نا، لێم گەڕێ)

ژن: *بۆ نیوەڕۆ چ ساز کەم*؟ (مەبەست: دەچی بۆ بازار؟)

پیاو: *حەمامەکە گەرمە*؟ (مەبەست: نا، ناچم)

ژن: *تەماتە و برنجمان نییە*! (مەبەست: دەبێ بچی!)

هەر ئەم وتووێژە بەراورد بکەن ئەگەر بزانین کە ژنەکە لەو کاتەدا کارێکی هەیە ئەنجامی بدا و دەبێ میردەکەی پێی نەزانێ، ئەو دەم دەبینین کە مەبەستەکان بارێکی قورستر لەخۆ دەگرن.

تەنانەت منداڵان ئەم شێوە تێدەگەن و بەکاری دەبەن. نموونە:

منداڵ: *دایە منداڵەکان لە دەرێن* (مەبەست: دەمەوێ منیش بچمە دەرێ)

دایە: *لە شان و قۆڵ کەوتم ئەوەندە چلم شوشت* (مەبەست: نا مەچۆ، جلەکانت پیس دەکەی)

منداڵ: *هیچ ناکەین، تۆپێن دەکەین* (مەبەست: جلەکانم پیس ناکەم)

هەرکەس لە ژیانی رۆژانەدا دەیان وتووێژی لەم شێوە دەبیسێ.

سەرئەنجام: لە رۆژگاری ئێمەدا قسە زۆر دەکرێ. هەرچی دەڕوا مەودای نێوان کردەوە و قسە زۆرتر دەبێ. لەم تۆفانی ووشەدا، گرینگە بزانین لەڕاستیدا چ دەگوترێ. مەبستەکان چین؟ ئەمە هەم بۆ ژیان گرینگە و هەم بۆ وتووێژی فیلم.



**چەند یاسای بنچینەیی بۆ وتووێژ**

بە رواڵەت زۆر سادەیە

- کێ چ شتێک بۆ چ کەسێک دەڵێ؟
- بە چ شێوەیەک؟
- بۆ؟
- جۆری گوتنەکەی چۆنە؟

ئەمە هەموو وتووێژەکان دەگرێتەوە، بەڵام بەو مانا نییە کە لەپێش خۆمانی دانێین و دانە دانە گوتەکان بەمە هەڵسەنگێنین. رەوتی نووسینەکە قورس دەبێ. بەڵام ئەگەر لە شوێنێک گیرت کرد و گوتەکانت بەدڵ نەبوو، ئەوە ئەم پرسیارانە بهێنە پێشەوە و لەگەڵ گوتەی کاراکتێرەکە بەراوردی بکە.

شتی سەرکی فیلم وێنەیە و گوتەکان دەبێ هەموو کاتێک لەگەڵ وێنەدا بڕوا و پێکەوە یارییەکە تەواو بکەن. ئەگەر وێنەکە نزیک بێ، کار دەکاتە سەر وتووێژەکە، جۆنیەتی وتووێژی وێنەی دوور و نزیک جیاوازییان هەیە. من پێم وایە نامومکینە وتووێژ بنووسی ئەگەر چۆنیەتی وێنەکان نەزانی. ئەمە پێویستی بەکار لەگەڵ دەرهێنەر هەیە. بەڵام دەتووانی خۆت درێژ و کورتی وێنەکان لەبەرچاو بگری، چوونکە دەبێتە هۆی کەم و زیادکردنی ووشەکان. ئایا لەو کاتەدا کە ئاکتەرەکە لەبەر دەرکەوە تێدەپەڕێ، دەتووانێ چەند ووشە بڵێ؟ ...

دیارە پێویست نییە وێنەکان لە سەناریوەکەدا بنووسییەوە، بەڵام دەزانی دەبێ چۆن پێکەوە جفت و جۆر بن.

**خەڵک چۆن قسە دەکا؟**

زمانی هەرکەس پەیوەندی بە ناوچە، تەمەن، کار، چین و ژەندەرەوە هەیە. جۆری قسەکردنی فرۆشیارێک و کرێکارێک جیاوازی هەیە. ژن و پیاو، دەوڵەمەند و هەژار، پێر و لاو ، هەرکامیان لە بەکاربردنی ووشە، توند و هێواشی، دانانی بێدەنگی و بەرز و نزمی و...دا جیاوازییان هەیە. وتووێژی فیلم زۆرتر وەکوو قسەکردنی ئاسایی خەڵکە، بەڵام نابێ درێژدادڕی و زیادی گوتنەوەی تێیدا بێ. ئەگەر پڕوێژی تێیدا بێ دەبێ بە مەبەستی نیشاندانی پڕوێژی بێ.

**کورتەیەک سەبارەت بە ئێفێکتی دەنگ و موزیک.**

دەنگی باران کە لە پشت پەنجەرەکە دەدا، کاردەکاتە سەر وتووێژی خۆشەویستی لاوەکانی نێو ژوورەکە. هەروەها کە دەنگی درێڵی کونکردنی بتۆن یان دەنگی بڵێندگۆی مەنارەکان کارتێکەری هەیە.

پێویست ناکا دەنگە گشتییەکان لە سەناریۆدا بنووسریتەوە. کەسی تایبەتی بۆ ئەو کارە هەیە، بەڵام ئەو دەنگە تایبەتییانە کە کار دەکەنە سەر دراما و دیمەن، دیارە دەبێ بنووسرێ.

ئێفێکتی دەنگ، ژینگە و کاراکتێر دەست نیشان دەکا و جێگیری دەکا. بۆ نموونە:ماڵێک لە ئوستۆدیۆ چێ کراوە، دەنگی منداڵان لە دەرەوە دێ، بە بینەر دەڵێ ئەوە ماڵێکە لەسەر شەقام و لە قاتی دەیەم نییە. هەروەها هەرای دەرێ ناهێڵێ کەسەکانی نێو ماڵەکە هەست بە تەنیایی و بێدەنگی بکەن. یاخۆ بە پێچەوانەوە توورەیان دەکا و تەنیاییەکەیان لێ دەشێوێنێ. تا مەبەست کامیان بێ.

موزیک بەشێک لە دەنگە کە دەتوانێ وەکوو ئێفێکتی یارمەتیدەر بەکار ببرێ یان وەکوو هونەرێکی سەربەخۆ. لەم شێوەی دواییدا دەکرێ بڵێین فیلمەکە بۆ ناساندنی موزیک ساز کراوە. یان مەبەستی ناساندنی موزیکەکەشە.

کارکردی سەرەکی موزیک بەهێزکردنی هەستی دیمەنەکەیە. دەکرێ بۆ بەبیرهێنانەوەی کاراکتێریش بەکار بێ. بۆ نموونە: بکوژێک لەگەڵ موزیکێکی تایبەتی بەدیار دەکەوێ، دوایە هەر کات ئەو موزیکە دەبیسین، هەست دەکەین کە بکوژەکە لەوێیە. بەم شێوە گێڕانەوەکە بەهێزتر دەبێ.

موزیک دەکرێ سیمبۆڵی هەست بێ، یان هەڵخڕاندنی کاراکتێری بە ئەستۆ بێ. کاراکتێر بۆ هاندانی ژیانی خۆی لە موزیکێکی تایبەتی کەڵک وەردەگرێ.

سەناریۆنووس دەتوانی موزیکێکی تایبەتی وەکوو بەشێکی کارکردیی لە فیلمەکەیدا بهێنی، بەڵام زانیارییەکی بەرفراوانی لە موزیک و فیلم دەوێ. دەکرێ تەنیا دەستنیشان بکەی کە چ تیپ موزیکت دەوێ و لێی گەڕی بۆ ئەوانە کە خبرەی ئەو کارەن.

@@@@

## ٩- لە ئەدەبییاتەوە بۆ فیلم

لە سەرەتادا ووشە هەبوو.

چ دەبێ- باش یان خراپ- کاتێک چیرۆکی کتێبێک لە کاتێکی بەرتەنگدا دیتە سەر شاشە؟ چۆن هونەری جیاواز لێک کۆ دەبنەوە؟ چ رێگایەک بۆ بە ئەمەک بوون بە رۆمانێک هەیە؟ یان کورتە چیرۆکێک، شێعرێک ... بە ئەمەک بوون یانێ چی؟ وەرگێڕانی زبانی ئەدەب بۆ زبانی فیلم چۆنە؟ چ شێوەیەکی تەکنیکی بۆ ئەم گۆڕینەوە هەیە؟

ئاسان نییە چەند دێڕی دەرسی لەسەر گۆڕینەوەی ئەدەبییات بۆ فیلم بنووسرێ. لێرە چەند شتێک دەڵێمەوە کە ئەزموونی خۆم و ئەوانیترە.

کێشەیەکی هەتاهەتایی لە نێوان نووسەر و فیلمسازدا هەیە، کە ئایا فیلم دەبێ ووشە بە ووشە بە رۆمانەکەدا بچێ یان وەکوو مادده خاوێک بەکاری بهێنێ. دیارە نووسەر یەکەمی بەدڵە و فیلمساز دووهەم.

"سترینبرگ" بۆچوونی سەبارەت بە سینەما باش بوو. پێی وابوو کە دیمۆکراتیکە. هەرکەس جیگایەکی هەیە و هەموو جیگاکان وەکوو یەکن و هەمووش وەک یەک پارە دەدەن.

لە ١٩١١دا پێشنیاری پێکرا کە چەند دانەیەک لە شانۆەکانی بکرێ بە فیلم. گوتی: فەرمووو! رەنگە وایەزانی لە شانوەکە فیلم دەگیرێ. "خاتو ژوولی" کرایە فیلم، هەر چۆنێک بێ بۆ خۆی لە دۆزینەوەی وێنە بۆ فیلمەکەدا،ا بەشداری کرد. ساڵی دوایە کۆچی دوایی کرد، بەڵام فیلمەکە - گەرچی لەکاتی خۆیدا لەگەڵ پێشوازی بەرەوڕوو نەبوو- هەر مایەوە.

زۆرکەس رەخنەیان لەم جۆرە فیلمانە ئەوەیە کە ووشەکان لە نووسراوەکەدا زۆر قورستر و قووڵترن هەتا لە فیلمدا. هێندێ دەرهێنەر ئایدیاکە لە رۆمانەکە وەردەگرن و کاراکتێرەکان تێک دەکەنەوە و چیرۆکەکە دەهێننە نێو زبانی سینەماوە، بەڵام نووسەرەکان پییان ناخۆشە و زیاتر دەیانەوێ ببێ بە زنجیرە، هەتا فیلمێک کە بە هۆی کەم بوونی کاتەوە، بەشێکی کوت دەکاتەوە و بەشێک لا دەبا و هێندێکی دیکەش تێکەڵاو دەکاتەوە و دەیگۆڕێ.

**جیاوازی نێوان ئەدەبییات و فیلم.**

فیلم و ئەدەبییات دوو زبانی جیاوازیان هەیە. بەرهەمی خەڵکێکی جیاواز لە دوو سیستەمی جیاوازدان.

رۆمان لە دنیای بۆرژوازی جێکەوتوودا هاتە دنیاوە. فیلم لە کاتێکدا هات کە کۆمەڵ لە جووڵانەوەیەکی تونددا بوو و شاشە کەرەسەیەک بوو بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ ئەو جەماوەرە بەرفراوان و هەمە چین و توێژەدا. ئەو جەماوەرە خۆی لە فیلمدا دەدیتەوە. سترینبرگ وەکوو مایاکۆفسکی پێی وابوو ئەمە چەکێکی تازەیە بە دەستی هونەرمەندەوە.

**چ جیاوازییەک بڕیاردەرە؟**

خوێنەر کاتی بۆ بیرکردنەوە هەیە. دەتوانێ کتێبەکە وەلا نێ و بۆخۆی لە خەیاڵدا وێنە دروست بکا. فانتێزی بە تەواوی ئازادە. خوێنەر بۆ خۆی روومەت و ژینگەکان دروست دەکا و لاپەڕەکان بە کەیفی خۆی هەڵدەداتەوە و دەتوانێ بگەڕێتە دوواوە و دووبارە بیخوێنێتەوە.

فیلم بە وێنە دەگێڕدرێتەوە. تەنیا نەختێک رووناکی زیاتر دەتوانێ چۆنیەتی ژوورێک بگۆڕێ، هەر وەکوو ووشەیەک لە رۆمانێکدا. لە فیلمیشدا هەر وەکوو رۆمان، تەکنیکی جیاواز هەیە کە جار وایە پێکەوە گرێ دەدرێن، بەڵام بە شێوەی بەتەواوی جیاواز. دەکرێ سەناریۆ وەکوو نووسراوەیەک کە کاری ئەدەبی لەسەر ناکرێ ببینین.

کتێب، کتێبە. سەناریۆ، سەناریۆیە. فیلم، فیلمە.

کتێب لەوێوە دەست پێدەکا کە شتێک لە کاتێکدا رووی داوە. تەنانەت ئەگەر لە داهاتووشدا بێ. یانێ رۆمان دووبارە گێڕانەوەی رابردووە، بەڵام فیلم سازکردنەوەی ئێستایە. بەشێک لە "وەرگێڕانی" رۆمان بۆ فیلم، گێڕانەوەی راستەوخۆیە.

زۆربەی چیرۆکەکانی کتێب لە مێشکی کەسێکەوە، لە ریگای بیرەکانییەوە دەگێڕدرێتەوە. کاری سەناریۆنووس بە یارمەتی وێنە و وتووێژ و گوتەی دەروونی، پێکهێنانی رووداوی راستەوخۆیە. وەرگەڕاندەوەی ووشە بۆ کردەوەی فیزیکی و وێنە.

لە رۆماندا دەکرێ لە رێگای بیرەکانی کاراکتێرەوە شوێنی هەڵگرین. بە وێژەی درێژ باسی هەلومەرج و خەڵکی دیکە بکەین. جاری واش هەیە بە چەند ووشە چاوپێکەوتنی دوو کەس کە دەوری بڕیاردەری هەیە، باس بکرێ و لە باری ئەدەبیشەوە تەواو بێ. لە فیلمدا دەبێ ئەم خاڵە بڕیاردەرە بە تەواوی نیشان بدرێ. کاراکتێرەکە دەبێ شوێن و هەلومەرجی روونی هەبێ و رەنگە

گوتەش دانرێ. کەسێکی بیرکەرەوەی رۆمان لە فیلمدا دەبێ بکرێ بە کەسێکی قسەکەر. کەسێکی ساکت لە فیلمدا سەیر دەبێ. وەکوو مرۆڤێک دەبێ کە پەیوەندی زیندووی لەگەڵ ئەوانیتر نییە. کەچی لە رۆماندا بەم شێوە نییە. رەنگە زیاتر لەگەڵ خوێنەر دەدوێ هەتا لەگەڵ ئەوانی نێو رۆمانەکە و خۆی بە تەنیا نازانێ. لە بیرمان نەچێ لە فیلمدا بێدەنگی زۆر بەهێزە.

کات لە فیلمدا دەورێکی زۆری هەیە و ئەگەر نەختێک زیاد بێ بینەر خەواڵو دەبێ. گرینگە لە کاتێکی کورتدا هەتا دەکرێ زیاتر بگوترێ. دەبێ لە یەک کاتژمێر و نیو یان ئەوپەڕی دوو کاتژمێردا دنیایەکی نوێ یان ژیانێکی تەواو باس بکرێ و فۆرمەکەشی رابگیرێ. رۆمان ئەم سنوورانەی نییە. لە فیلمدا هەموو کاتێک پیویستیت بە ژینگە هەیە و دەبێ باسی بکەی و ئاگاداری گۆڕانەکەشی بی. لە رۆماندا یان پێویست نییە یان یەکجار دەگوترێ و پێویستی بە دووپاتکردنەوە نییە.

لە فیلمدا دەبێ هەموو شتێک دیاری کرابێ. لە جل و بەرگەوە هەتا چۆنیەتی ژینگە و... ئەمانە لە هەموو وێنەیەکدا کار لە سەر هەستی بینەر دەکەن. رۆمان ئەم هاوتەریبییەی پێویست نییە. دەوروبەری کاراکتێرەکان داچنراوە و کار دەکاتە سەر هەڵس و کەوتییان و تەنانەت دەروونیان و لەگەڵیان دەژی. کەسێک لە شەقامێکەوە تێدەپەڕێ، دەبێ سەر بسوڕێنێ بزانێ سەیارە هەیە یان نە. ئەم سەرسوڕانە لە رۆماندا پێویست نییە بنووسرێ. بەڵام لە فیلمدا دەبێ هەبێ. دەنا وەکوو ئەوەیە کە کەسەکە ئاگای لە دەوروبەری خۆی نییە و لە بیرێکی قووڵ دایە. پاییزێکی رەنگاوڕەنگی جوان ناتووانێ کار نەکاتە سەر هەستی بینەر. لە رۆماندا پێویست نییە باسی بکەی، تەنانەت دەتووانی بنووسی پاییزێکی ناخۆش. خوێنەر بۆ خۆی وێنەکە دروست دەکا. لە رۆماندا رەنگە چەندین لاپەڕە بۆ داگری ژینگەیەک تەرخان بکرێ، لە فیلمدا چەند چرکەی بەسە کە پەیوەندی مرۆڤ و ژینگەکەی نیشان بدرێ.

لە فیلمدا هەر وێنەیەک دەبێتە هۆی وێنەیەکی دیکە. لە رۆماندا لە نیوان دوو وێنەدا دەتووانێ شیکردنەوەیەکی درێژی دەروونی جێ بگرێ. کە لە فیلمدا بە ژێستێکی کورتی ئاکتەرەکە نیشان دەدرێ.

جیاوازی هەرە گەورە، چۆنیەتی برهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی هونەرەکەیە.

کتێب بە بەراورد لەگەڵ فیلمدا، هەرزانتر دەکەوێ. نووسەر بۆ چاپی کتێبەکە تەنیا پەیوەندی لەگەڵ چەند کەس هەیە. لە فیلمدا ئەم کارە زۆر بەرفراوانە. سەرمایەدانان بۆ فیلم سیستەمێکی زۆر پیچیدەتر لە چاپی کتێبە. هەر کەس کە پارە دەدا، دەیەوێ جێ قامکی لە سەناریوەکەدا

دیار بێ و سەلێقەی ئەویشی تێیدا بێ و بەرجەوەندی ئابووریش لە هەموو زیاتر لەبەرچاو بگیرێ، تا ئەو رادەیە کە سەناریۆنووس لە خۆی و کارەکەی بێزار دەبێ. ئەمە ئەو شتەیە کە بۆ نووسەری کتێب نامۆیە. مەگەر بیەوێ چیرۆکەکەی بدا کە بکرێ بە فیلم. ئەو کاتە هەر زوو پەشیمان دەبێتەوە چوونکە ئەوەندە گۆڕانکاری تێیدا دەکەن کە بۆ خۆشی بە زۆر دەیناسێتەوە.

**چەنێکت ئازادی پیویستە؟ چەنێکت هەیە؟**

بۆ دەبێ ئەدەبییات ببێ بە فیلم؟ ئایا تەنیا لەبەر ئەوەیە کە سەناریۆنووس و دەرهێنەر بۆخۆیان بابەتیان نییە کە بیکەن بە چیرۆک؟ ئایا پێویستە کتێبێک بکەن بە ژێربینای کارەکەیان؟

ئەمە بەشێکی راستە. جار وایە لەبەر ئەوەیە کە بابەتەکە نایابە و هەموو کەسێک لێی نازانێ. ناچارن لە کتێبێک کەڵک وەرگرن کە نووسەرەکە پشکنینەکەی کردووە و پێویست نییە دیسان بە دوویدا بگەڕێن. هەموو فیلمسازێک چیرۆکبێژی باش نییە، فیلمسازی باشە. هەموو کەس هەموو زانیارییەکی بەلاوە نییە. جار وایە دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر زانیاری پیویستیان سەبارەت بە بابەتەکە نییە، بەڵام فیلمێک چێ دەکەن. ئەم پەلەکردنە لاقی هونەرەکەیان شەل دەکا.

سەناریۆنووس دەبێ لە نێو رۆمانەکەدا رۆمانی خۆی بدۆزێتەوە. دەبێ بە ئاگاداری و سەربەخۆییەوە هەڵبژێرێ. لە بیرت بێ، رەنگە چەندین فیلم هەر لەو رۆمانە کە تۆ هەڵت بژاردووە دروست بکرێ. هەر وەکوو چۆن لە شانۆیەک دەیان و سەدان ئیجرا دەکرێ و لەباری تێکەڵاوی ئاکتەرەکان و دێکۆر و رێکخستنەوە جیاوازییان پیکەوە هەیە. دەکرێ بە شیوەی جۆربەجۆر کار لەسەر رۆمانێک بکرێ و ناتووانرێ و ناکرێ بۆ رۆمانەکە بە ئەمەک بێ. دەنا دەبێ بۆ هەر خوێنەرێکی رۆمانەکە فیلمێک چێ بکرێ. هەرکەس فیلمێکی لە مێشکی خۆیدا هەیە. ئەتۆش هی خۆت کە دەتەوێ پیشانی خەڵکی دیکە بدەی. یەک کتێب، یەک کتێبە. یەک سەناریۆ یەک سەناریۆیە. فیلم، فیلمە.

دیارە ئەگەر ئیمکان هەبێ، لەگەڵ نووسەری کتێبەکەدا بیروڕا بگۆڕییەوە زۆر باشە. رەنگە بتووانن پێکەوە کار بکەن، بەڵام بە دەگمەن ئەم هاوکارییە سەر دەگرێ. چوونکە نووسەر دوور بووەتەوە لە دنیای چیرۆکەکەی. یان نایەوێ بە دەستی خۆی رۆمانەکەی پچڕ پچڕ بکا و ئەو ووشانەی کە خۆشی دەوێ بسڕێتەوە. یان سەناریۆنووسەکە نایەوێ سەربەخۆیی خۆی سنووردار بکا.

**ئەو ئازادییە هەتا کوێیە؟**

بەر لە هەموو شتێک نووسەری کتێبەکە ئەو مافەی هەیە کە ئیزن بدا یان نە. لە کاتی ئیزن دەرکردندا رەنگە نووسەرەکە بیروڕای خۆی وەکوو مەرج دابنێ. زۆربەی نووسەرەکان دەزانن بە فیلمکردنی رۆمان یانێ گۆڕانکارییەکی زۆر. یەکەم شت ئەوەیە کە هێڵی بیری رۆمانەکە نابێ بگۆڕدرێ. ژێربینا ئەخلاقییەکە نابێ دەستی لێی بدرێ. بۆ نموونە لە رۆمانێکی هۆمانیستی، فیلمێکی فاشیستی دروست بکرێ.

لە لایەکی دیکەوە دەبێ بزانی ئەو رۆمانە چەند بەناوبانگە. ئەگەر زۆر دەستکاری بکەی بینەر پەسەندی ناکا. ئەودەم گرفتەکەت چۆنیەتی کورتکردنەوەکان دەبێ، بە تایبەت لە وتار و شێعردا. ئەگەر رۆمانەکە باش نەبێ و خەڵکێکی زۆر نەیخوێندبێتەوە، کاری تۆ لە چاککردنی رۆمانێکی لاوازدا زۆر دژوار دەبێ.

ستانلی کوبریک لە رۆمانێکی زۆر بێ ناوبانگ "گەردوونەی خوداکان" فیلمێکی زۆر بەناوبانگی دروست کرد."ئۆدیسەی ٢٠٠٠" دوای بلاوبوونەوەی فیلمەکە رۆمانەکە چاپ کرایەوە و خوێنەری باشی پەیدا کرد.

**چۆن کار لەسەر رۆمانێک دەکرێ؟**

بەگشتی رەوتی نووسینەکە وەکوو سەناریۆی ئاساییە. دەبێ چۆنیەتی وەرگێڕانەوەت لە چیرۆکەکە، دیاری بکەی. وەکوو هونەرمەندێکی سەربەخۆ کە کارێکی تازەی بە دەستەوەیە کار بکەی. وەکوو کارێکی خۆت رەنگی بکەی. ناتووانی بە تەواوی رۆمانەکە داڕێژییەوە، پێویستیش نییە بە تەواو مانا بە ئەمەک بی. کارێکی بە تەواوی سەربەخۆیە.

وەرگێڕانێکی بڕیاردەر پێویستە کە رۆمانێک لە کاتێکی دیاریکراودا لە سەر شاشە نیشان بدا. لە رەوتی رۆمانەوە بۆ فیلم، فۆرمی کاراکتێرەکان دەگۆڕدرێن، چەند کاراکتێر دەبنە یەکێک. چەند وتووێژ تێکەڵ دەکرێنەوە. هەلومەرجەکان و کات و شوێن بە یارمەتی ئیمکاناتی فیلم تێک دەخرێنەوە. رەنگە ناچار بی بۆ پێشەوەچوونی وەرگێڕانەوەکەت خۆت شێعرەکانیش داڕێژییەوە. جار وایە لە رۆمانەکەدا کاراکتێر و رووداوەکان تەنیا ئاماژەیەکیان پێی کراوە. تۆ دەبێ بینایان بکەیەوە. رەنگە رستەیەکی کورت ببێ بە سێکانسێکی درێژ.

کاتێک لەسەر ئایدیا بڕیاردەرەکە کار دەکەی دەبێ کۆڵێک هەڵبژاردنی تازە بکەی، بەڵام هەموو کاتێک ئاگات لەو رۆمانە بێ کە لەبەر دەستت دایە. گۆڕانکارییەکان دەبێ لەگەڵ قەوارە

گشتییەکەدا یەک بگرن. رەنگە وەرگێڕانەکەی تۆ لایەنی بەتەواوی تازە پێک بێنێ، بەڵام هەوڵ بدە هەر لەو کاتەدا کە کردەوەکان بە خێرایی چیرۆکەکە بەرەوپێش دەبەن، رەنگ و بۆنی رۆمانەکە ڕابگری.

زۆرجار چەندین ساڵ و رەنگە بە دەیان ساڵ لە نێوان کاتی بڵاوبوونەوەی رۆمانەکە و دروستکردنی فیلمەکەدا هەیە. ئەمە کار دەکاتە سەر چۆنیەتی گێڕانەوەکە، بەڵام دەبێ ئاگادار بین کە کاتی چیرۆکەکە چ لەباری کاراکتێرەوە و چ لە باری ناوەرۆکەوە، ڕاگرین. دیارە دەکرێ لە چۆنیەتی گێڕانەوەدا وەرگێڕانی ئەورۆیی بەکار بهێنرێ. هەر وەک چۆن شانوە کۆنەکان بە شێوەی ئەورۆیی ئیجرا دەکرینەوە. هەم لەباری جل و بەرگ و زبانەوە، هەم لەباری رێکخستنەوە. بەڵام ئایدیا و ساختمانەکە لە جێ خۆیەتی. رووداوەکانی مێژوویی نێوان کاتی رۆمان و فیلمەکە فاکتەرێکە بۆ جیاواز بوونی بۆچوونەکان و شیوەی گێڕانەوە.

**سەرئەنجام: چەند رێگا نیشاندان.**

چەند جار رۆمانەکە بخوێنەوە! هەوڵ بدە دیاری بکەی بۆ ئەو رۆمانەت بە دڵە. چی بۆ تۆ و ژیانی تۆ تێیدایە؟ بیرکەوە چەند ساڵ لەگەڵ ئەو رۆمانە ژیاوی. دەبێ لەگەڵ خۆت راستگۆ بی.

ئەگەر دەتەوێ بیکەی بە بابەتی کار، راست وەکوو سەناریۆیەکی تازە کاری لەسەر بکە!

دەبێ بەش بەشی بکەیەوە. رووداو بە رووداو. وێنەکان و بیرەکان دەربێنە و کۆیان بکەوە! خۆت لە کاراکتێرەکان نزیک بکەوە! ئەم رەوتە دەبێتە هپی ئازادبوونت لە رۆمانەکە. دەبێ رۆمانەکە بکەی بە هی خۆت.

باقییەکەی وەکوو سەناریۆیەکی ئاساییە. هەموو ئەو رەوتە کە لەم کتێبەدا باسمان کرد، لەبەردەستت دایە.

سەرئەنجام بزانە کە بینەر نایەتە سالۆنی سینەما کە رۆمانەکە بخوێنێتەوە.

@@@@

**وەرگێڕان و ئامادەکردنی: تەیفور**

**پاییزی ۲۰۰۸**